نهێنییەکانی وتاردان لەبەردەم جەماوەردا

چاپی یەکەم
2013

دانپێدانانەکانی وتارێژێك

سکۆت بێرکن

لەئینگلیزییەوە: بەرهەم ناودەشتی

Scanned with CamScanner

238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

📚 پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

📩 Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_

Scanned with CamScanner

دانپێدانانەکانی وتاربێژێك

نوسینی: سکۆت بێرکن
و: بەرهەم ناودەستی

چاپی یەکەم
٢٠١٣

Scanned with CamScanner

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیرە: (٤١٧)

ناسنامەی کتێب

دانپێدانانەکانی وتاربێژێك

- ناوی نووسەر: سکۆت بێرکن
- ناوی وەرگێڕ: بەرهەم ناودەشتی
- نەخشەسازیی و بەرگ: فواد کەوڵۆسی
- شوێنی چاپ: چاپەمەنی گەنج
- ساڵی چاپ: ٢٠١٣
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە: ()ی ساڵی ٢٠١٢ی پێدراوە.

ناونیشان

سلێمانی ــــ بازاڕی سلێمانی ــــ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

Scanned with CamScanner

پێڕست

بەشی یەکەم ٥
بە رووتی ناتبینم ٥
بەشی دووەم ١٧
هێرشی مێروولەکان ١٧
بەشی سێیەم ٣٦
سی هەزار دۆلار لە سەعاتێکدا ٣٦
بەشی چوارەم ٥٤
چۆن ژوورێکی سەخت بەڕێوە ببەیت ٥٤
بەشی پێنجەم ٧٧
مایکرۆفۆنەکە مەخۆ ٧٧
بەشی شەشەم ١٠٧
زانستی بێتاقەت نەکردنی خەڵك ١٠٧
بەشی حەوتەم ١٢٩
وانەکانی پانزە خولەك لە ناوبانگم ١٢٩
بەشی هەشتەم ١٥١
ئەو شتانەی خەڵکی دەیڵێن ١٥١

Scanned with CamScanner

بەشی نۆیەم ١٧٠
کلاج هاوڕێتە ١٧٠
بەشی دەیەم ١٨٧
دانپیانانەکان ١٨٧
تێبینییەکانی پشت پەردە ١٩٥

Scanned with CamScanner

بەشی یەکەم

بە رووتی ناتبینم

من لە فڕۆکەیەکدام بە گەشتێکی ئاسمانی درێژ لە (سیاتل)ی ئەمریکاوە بەرەو (بەلجیکا) و ئەو ژنەی کە لە تەنیشتمەوە دانیشتووە دەست دەکات بە وتوێژ. وێڕای خۆشاردنەوەم لە پشت کتێبەکەمەوە، ئێستا من کەوتوومەتە دۆخێکی باو و هەندێ جار نەگبەتانەی گەشتی ئاسمانی: سەرکێشیی قسەکردن لەگەڵ غەریبەیەك کە ناتوانم لێی راکەم. هەرچەندە خۆشە کە بۆ دەمەتەقێی ناوبەناو لە نزیك کەسێکەوە دانیشیت، بەڵام گیرخواردن لە تەنیشت کەسێکەوە کە بۆ ماوەی نۆ سەعات نایبڕێتەوە وەکو دۆزەخ وێنا دەکەم. (خۆشت نازانیت چۆن دەبێ تا ئەو کاتەی کە وتوێژەکە دەست پێدەکات، واتە ئەو کاتەی کە ئیتر درەنگ بووە). لەبەرئەوەی نامەوێ بێ چاوەڕوو بم، دەڵێم سڵاو. پرسیاری ئەوەم لێدەکات کە بژێویی ژیانم لە چ دەست دەکەوێت، شتێك کە من هەڵوەستەی لەسەر دەکەم. زۆرجار کەوتوومەتە ناو ئەو وتوێژە ناخۆشانە. بزانە، دوو وەڵامم پێیە و هەردووکیان بێکەڵکن.

باشترین وەڵام کە هەمبوو، ئەوە بوو کە من نوسەرم. کتێب و وتار دەنوسم. بەڵام کە بڵێم نوسەرم خراپە، چونکە خەڵکی دەکەونە ناو جۆش و خرۆشەوە بەو بڕوایەی کە لەوانەیە من (دان براون)، (جۆن گریشام) یان (دەیڤ ئێگەرز) بم،

Scanned with CamScanner

کەسێکی بەناوبانگ کە دواتر بۆ هاوڕێکانیان بگێڕێنەوە کە بینیوویانە. کاتێك دەزانن کە من یەکێکم لەو ملیۆنان نوسەرەی کە قەت لەبارەیانەوە نەیانبیستووە- و کەسێك نیم کە رۆمانەکەی دەکرێتە فیلمێکی سینەمایی پڕبینەر- ئەوا دەکەونە جۆرێك لە نائومێدیی وەها کە خەڵکانی دامەزراو وەکو پارێزەر، لولەکێش یان تەنانەت یاریدەدەرێکی چێشتلێنەر لە (مەکدۆناڵدز) ئەزموونیان نەکردووە.

رێگەچارەکەی ترم خراپتر بوو کە دەبووایە بڵێم وتاربێژی خەڵکم. ئەگەر تۆ بە خەڵکی بڵێیت من وتاربێژی گشتی یان ناو خەڵکم، ئەوا سێ شتی خراپیان بە مێشکدا دێت:

١-تۆ وتاربێژێکی هاندانی توانا مرۆییەکانیت کە قاتی شڕ لەبەر دەکات، زۆر عەرەق دەکاتەوە و خەون بە (تۆنی رۆبنز)ەوە دەبینێ.

٢-تۆ پیاوێکی ئایینیت لەناو کۆمەڵێکدا و بەزوویی دەتەوێ بەلای خۆتدا رایانکێشیت.

٣- تۆ زگورتی و بێکاریت و لە دوورەدەستێکی نزیك رووبارەکە دەژیت.

من نامەوێ بەخۆم بڵێم وتاربێژی خەڵك. پرۆفیسۆرەکان، شارەزایان و سیاسییەکان هەموویان بەشی زۆری ژیانی پرۆفێشناڵی خۆیان بە قسەکردن لەناو خەڵکدا بەسەر دەبەن، بەڵام ئەوانیش خۆیان بە وتاربێژی خەڵك ناونابەن. و لەبەر هۆکاری باشیش ئەمە ناکەن. وتاربێژیی گشتی شێوەیەکی دەربڕینە. پێویستە لەبارەی بابەتێکەوە ئەمە ئەنجام بدەیت و بابەتەکە هەرچییەك بێت باشتر پێناسەی تۆ دەکات نەك خودی قسەکردنەکە. بەڵام من لەبارەی ئەو شتانەوە دەدوێم کە لەبارەیانەوە دەنوسم، دەشێ هەموو شتێ بگرێتەوە. ناوبردنی خۆم بە بیرمەندێکی سەربەست-بایی ئەوەندەی کە پوچ دەردەکەوێت- دروستە، بەڵام ئەگەر ئەمە بڵێم، ئەوا بە دڵنیاییەوە یەکێك دەڵێت ئەوە تەعین نەبووە، هەروەکو چۆن ئەگەر غەریبەیەکی ناو فڕۆکەیەکیش پێمی بوتایە، هەروام دەوت. لەگەڵ

Scanned with CamScanner

ئەوەشدا، بیرکردنەوەی سەربەست هۆکاری ئەوەیە کە لەناو فرۆکەکەدام. من چەند ساڵێك لەمەوبەر وازم لە ئیشە تەقلیدییەکەم هێنا، دوو کتێبی پڕفرۆشم نوسی و ئێستا گرێبەستیان لەگەڵ کردووم بچم بۆ برۆکسل بۆ قسەکردن لەسەر بیرۆکەکانی ناو ئەو کتێبانە.

من هەموو ئەو شتانە بۆ هاوڕێ تازەکەی گەشتەکەم دەگێڕمەوە. یەکەم پرسیاری ئەو، پرسیارێك کە زۆرجار لەم ساتەی وتوێژدا رووبەڕووی دەبمەوە، ئەوەیە کە: "کاتێك تۆ محازەرەیەك پێشکەش دەکەیت، ئایا هەمووانی ناو هۆڵەکە بە رووت وێنا دەکەیت؟" ئەو بە نیوە گاڵتەیەك ئەمەی وت، بەڵام بەشێوەیەکی سەیریش تەماشای دەکردم. ئەو وەڵامی دەوێت. دەمەوێ بڵێم بە راستی نەخێر. کەسیش ئەو وێنایەی نییە. تۆ قەت پێت ناوترێ لەکاتی چاوپێکەوتن بۆ ئیشەکەت یان لای دانساز لە حاڵەتی رووتبووندا وێنای خەڵکەکە بکە، و لەبەر هۆکاری باشیش ئەمەت پێ دەوترێ. رووتبوون یان وێناکردنی خەڵك بە رووت بە رۆژ، زۆربەی شتەکان ئاڵۆزتر دەکات نەك بە پێچەوانەوە، هەربۆیەش جل و بەرگمان داهێنا. سەرباری ئەوەی کە ئامۆژگارییەکی خراپە، ئەمە بە شێوەیەك لە شێوەکان تێبینییەکی جیهانیی زانراوە بۆ وتاردان لەبەردەم خەڵکدا.

من پرسیارم لە شارەزایەکی زۆر کردووە، کەس نەیزانی کێ یەکەم جار ئەم ئامۆژگارییەی داوە، هەرچەندە باشترین بۆچوون ئەوەیە ئەو کەسە وینستن چەرچڵە کە وتوویەتی وێناکردنی خەڵکی بە رووت کاریگەر بووە بۆی. بەڵام ئەو بەهەمان شێوە بەوە ناسراوە کە بوتڵێك شەمپانیا و یەکی لەسەر پێنجی بوتڵی (براندی) یان زیاتری لە رۆژێکدا خواردووەتەوە. لەوانەیە تۆ بەو هەموو ئەلکحولەوە تەنیا بۆئەوە پێویستت بە رووت وێناکردنی خەڵك بێت کە خەوت لێ نەکەوێت. بۆ ئێمە کە دەسکەلای مەرگین (چەرچڵ بەرگەگرتنێکی سەیری هەبووە بۆ کحول) تاکە شارەزایەکی وتاربێژیی گشتی نابینینەوە کە نە پێمان بڵێت خەڵکی بە رووت

Scanned with CamScanner

وێنا بکە نە پێشمان بڵێت یەك لەسەر پێنجی بوتڵە براندیەك بخۆرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر تۆ بە هاوڕێیەکت بڵێیت کە تۆ نارەحەتیت لەو وتارەی کە سبەینێ لەسەر کارەکەت پێشکەشی دەکەیت، ئەوا لە ماوەی ٣٠ چرکەدا پێشنیاری ئەوەت بۆ دەکرێ کە ئامادەبووان بە بەبێ جل ببینیت. ناتوانم رووتی بکەمەوە بۆچی. پێ دەچێت ئامۆژگارییەکی خراپ کە خۆشە باشتر بناسرێتەوە لە ئامۆژگارییەکی باش کە تاقەتپڕوکێنە- گرنگ نییە کە ئەو ئامۆژگارییە خۆشە چەند بێ کەڵکە.

لە سەدان وتار لە سەرانسەری جیهاندا، شتی ترسێنەر، تراژیدی و شەرمەزارکەری وەهام کردووە کە خەڵکی دەترسێنێت. لە بارێکی (بۆستن) خەڵکی سەرخۆش بە شێوەی ناشیرین قسەیان پێبڕیوم. لە نیویۆرك قسەم بۆ کورسییە بەتاڵەکان و فەراشێکی بێزار کردووە. لە هۆڵێك لە مۆسکۆ لاپتۆمەکەم لێ شکا، لە وتارێکی سەرەکیمدا لە سان جۆزێ، مایکرۆفۆنەکە لەئیش کەوت و لە ژوورێکی کۆنفرانس بە دەستەوسانیەوە لەکاتی وتاردانـدا تەماشای خەوبردنەوەی ئەو جێبەجێکارە پاریسییانەم کردووە کە بە گرێبەست بانگیان کردبووم. رازی هەڵکردن لەگەڵ ئەو رووداوانەدا ئەوەیە کە بزانین هەمووان پاش رووداوانی شتەکە بیریان دەچێتەوە- جگە لە یەك کەس کە منم. کەس ئەوەندە باکی پێی نییە.

کاتێك من لەوێم بۆ وتاردان، ئەو دوایین جارە بیر خۆم دێنمەوە کە لە ریزی بیست و پێنجەمیندا بووم لە هۆڵەکەدا یان لە سوچێکی ژووری ئەنجومەنی بەڕێوەبردن بووم یان لە پۆلێکی پوچی قوتابخانەی ئامادەیی بووم کە نائومێدانە هەوڵم دەدا خەیاڵم نەڕوات یان خەو نەمباتەوە. زۆربەی ئەو خەڵکانەی سەرانسەری جیهان کە هەر ئێستا گوێ لە وتار دەگرن، هیوادارن کە وتاربێژەکەیان زوو قسەکانی تەواو بکات. ئەوە هەموو ئەو شتەیە کە دەیانەوێت. ئەوان ئەوەندەی تۆ بیری لێ دەکەیەوە حوکم لەسەر شتەکان نادەن، چونکە ئەوەندەی کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە بەلایانەوە گرنگ نییە. زانینی ئەمە زۆر یارمەتیدەرە. ئەگەر جۆرە

Scanned with CamScanner

کارەساتێك رووبدات، شتێك بتەقێت یان بخزم و بکەوم، ئەوا سەرنجێکی زیاتری ئامادەبووان بەلای خۆمدا رادەکێشم بە بەراورد بە پێش ٣٠ چرکە. ئەگەریش زۆر گرنگی بەو کارەساتەم نەدەم، ئەو دەتوانم ئەو سەرنجەی کە بەدەستمهێناوە بەکاربێنم و شتێکی باشی پێبکەم– هەر شتێك کە دواتر بیلێم، ئەوا بەدڵنیاییەوە لەبیریان دەمێنێت. ئەگەر نا، تراژیدیاکەم چیرۆکێکی گاڵتەجاڕانە دەبەخشێتە ئامادەبووان کە بیگێڕنەوە. ئەو پێکەنینەی چیرۆکەکە چاکەیەکی زیاتری بۆ جیهان دەبێ لەو شتانەی کە لە وتارەکەمدا وتوومە، یان هەر شتێکی تری ئەو رۆژە کە ئەشێ بیکەم.

بەهەمان شێوە، ئەگەر لەماوەی محازەرەکەمدا لە (فیلادێلفیا)، پێڵاوەکانم پێم ئازار بدەن یان چەند پلیکانەیەکی سەکۆیەکە بکەومە خوارەوە و بەسەر دەموچاودا بکەوم، دەتوانم ئەوەی کە رووەدات بکەمە دەرفەتێك. ئێستا من لە چیرۆکێکدا رۆڵ دەبینم کە زیاتر لە هەر شتێکی ئەو مانگە کە وتوومە، باس دەکرێت. چیرۆکەکە باشتر و گاڵتەجاڕانەتر دەبێت لەکاتێکدا کە گێڕانەوەکەی درێژەی دەبێ و دواجار شتێك لەبارەی خەڵکی رووتی سەرخۆش دەگرێتەخۆ. لەهەمووی باشتر، مانی ئەوە بەدەست دێنم کە لە ئایندەدا ئەم چیرۆکە بگێڕمەوە کاتێك کارەساتێکی بچوکتر رووەدات. دەتوانم ئەوەی کە بەکارەساتێك دادەنرێ وەکو راکردنێك لە یەکێکیتریان بەکاربێنم: "پێتان وایە ئەمە شەرمەزارکەرە؟ باشە، جارێکیان لە فیلادێلفیا...." و بەمشێوەیە بەردەوام دەبم.

ئەگەر حەز بکەیت لە شتێکدا شارەزا بیت، یەکەم شت کە وێڵی بکەیت کامڵ(پێرفێکت)بوونە. هەرکاتێك هەڵدەستم و دەچمە بەردەمی ژوورەکە، دەزانم هەڵە دەکەم. ئەمەش عەیبی تیا نییە. ئەگەر تۆ پشکنینێك بکەیت بۆ ئەوەی کە رۆژانە چۆن قسە لەگەڵ ئەویتردا دەکەین، لەوانەش ئەو خەڵکانەی کە وتار ئەدەن، بۆت

Scanned with CamScanner

دەردەکەوێت کە تەنانەت باشترین وتاربێژانیش بە تەن هەڵە دەکەن. (مایکڵ ئێرارد)ی نوسەری (ئم) کە توێژینەوەیەکە لەوەی چۆن قسە دەکەین، دەڵێت:

"ئەمانە (واتە هەڵەکان) تێکڕا لە هەر دە وشەیەکدا جارێك روودەدەن...ئەگەر خەڵکی تێکڕا ١٥,٠٠٠ وشە بدرکێنن لە رۆژێکدا، دەکاتە ١٥٠٠ هەڵەی زارەکی لە رۆژێکدا. جارێکی تر کە تۆ قسە دەکەیت، بە وردی گوێت لە خۆت بگرە. زمانت تەتەڵە دەکات، وشەکانت بیر دەچێتەوە، جێگۆڕکێ بە دەنگەکان دەکەیت (کاتێکیش تایپ دەکەیت، پیتەکان پاش و پێش دەخەیت و لەوانەشە هەندێ پیت هەر لابیەیت). بارستەی ئەم هەڵانە بە بێ تێبینی کردن رەت دەبێت یان خۆی لێ دەبوێردرێت، بەڵام ئەوەندەی کە ئاخۆ بۆچی فەرامۆش دەکرێن، ئەوەندەش ئاخۆ دەبێ بۆ تێبینی بکرێن، سەرنجڕاکێشە".

ئەگەر تۆ گوێ لە (مارتن لوتەر کینگ)، (مالکۆلم ئێکس) یان (وینستن چەرچڵ) بگریت و پاشان دەقە دەستکارینەکراوەکانی وتارەکانیان بخوێنیتەوە، ئەوا هەڵەکان دەدۆزیتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمانە ئەو هەڵانەن کە زۆرجار فەرامۆشیان دەکەین، چونکە ئێمە بێ رادە لێبووردەین بەرانبەر زمانی وتراو. رستەکان بەبێ گەیشتنە کۆتایی وێڵ دەکرێن و دەستەواژەکان دووبارە دەکرێنەوە، بەڵام ئێمە هەموو جارێ لە مێشکی خۆماندا هەڵەکان راست دەکەینەوە، تەنانەت بۆ ئەو خەڵکانەش کە بە وتاربێژی نایابیش لەقەڵەم دەدرێن. تا ئەو کاتەی کە پەیامەکان ئەگەن، خەڵکی بەشێوەیەکی سروشتی زۆرشت پشتگوێ دەخەن. لینکۆلن دەنگێکی نەبرە بەرزی هەبوو. دەیل کارنێگی شێوەزارێکی باشووری هەبوو. سیسرۆ لە وتاردانـدا هەناسەبڕکێی هەبوو. (باربارا وۆڵتەر)، (چارلز داروین)، (ویسنتن چەرچڵ) و تەنانەت (موسا)ش تەتەڵەکردن، فسەزمانی و کێشەی تری زمانیان هەبووە، بەڵام ئەمە کۆتایی بە کاری هیچ کامیان نەهێنا، چونکە ئەوان پەیامی سەرنجڕاکێشیان پێبووە کە بە خەڵکی بگەیەنن. ئەوەندەی کە دەشێ

Scanned with CamScanner

قسەکردن لەبەردەم خەڵك رواڵەتی دیار بێت، مێژوو پشتڕاستی دەکاتەوە کە خەڵکی خاوەن بیرۆکەی روون و خاڵی بەهێز، ئەوانەن کە ئێمە لەبیرمانن.

دەزانم کە هەموو کاتێك هەڵەی بچوك دەکەم. پێچەوانەکەشی مەحاڵە. وێڕای ئەمەش، کاتی وتاردانەکە، کاملی بێزارکەرە. (تایلەر دوردن) کە نیمچە پاڵەوانێکی فیلمی (یانەی شەڕ)ە دەیگوت خوگرتن پە کاملبوونەوە بوەستێنە، چونکە خوگرتن پێیەوە لە گەشەکردن دەتوەستێنێت. چیتر سەرکێشی ناکەیت، کە مانای ئەوەیە لە فێربوون دەوەستیت. نامەوێ کامڵ بم. دەمەوێ بەکەڵك بم، دەمەوێ باش بم و دەمەوێ لە خۆم بچم. هەوڵدان بۆ کاملبوون لە دێتە سەر ڕێگەی هەرسێکیان. ئەگەر هەبێ، کردنی چەند هەڵەیەك یان ساتمەکردن لە چەند شوێنێك، بیر هەمووان دێنێتەوە کە لە بنەڕەتدا وەستان لەبەردەم ژوورێکدا چەندە سەختە. هەڵە ڕوودەدەن- ئەوەی کە لە هەمووی گرنگترە ئەوەیە کە چۆن هەڵەکانت لە قاڵب دەدەی و دوو شێوازیش بۆ ئەمە لەئارادایە:

١-خۆت لە هەڵەی نەکردنی هەڵە لابدە. دەبێ سەخت کار بکەی بۆ زانینی بابەتەکەت، بەڵام بەهەمان شێوە بشزانە کە کامڵ نابیت. بەم شێوەیە تۆ سەرگەردان نابیت کاتێك شتێ ڕوودەدات.

٢-بزانە کە کاردانەوەت بۆ هەڵەیەك، پێناسەی کاردانەوەی ئامادەبووان دەکات. ئەگەر بە شێوەیەك کاردانەوەم بۆ ڕشتنی ئاو بەسەر پانتۆڵەکەمدا هەبێ وەك بڵێی نقومبوونی کەشتی تایتانیکە، ئەوا ئامادەبووان، و منیش، وەکو تراژیدیایەك دەیبینن. بەڵام ئەگەر ئارام بم، یان لەوەش باشتر، بە دیمەنێکی پێکەنیناوی سەیری بکەم، ئامادەبووانیش هەمان شت دەکەن.

وەکو هەڵەیەکی شرۆڤەکردنی خۆم، لە ئازاری ٢٠٠٨دا وتارێکی سەرەکیم لەبارەی ئەفراندنەوە لە کۆنفرانسی (پێشانگەی وێب ٢,٠) پێشکەشی کۆمەڵێکی ٢٠٠٠ کەسی کرد. دە خولەکەم پێدرا کە قسە بکەم و لەبەرئەوەی کە تێکڕای هەر

Scanned with CamScanner

کەسێك لە چرکەیەکدا ٢-٣ وشە دەدرکێنێت، هەموو ئەو شتەی کە پێویستە بابەتێکی ١٥٠٠ وشەییە (٦٠٠ چرکە زەپبی ٢,٥ وشە لە هەر چرکەیەکدا). دە خولەك سەخت دیارە، بەڵام زۆرێك لە وتارە گەورەکانی مێژوو زۆر کورتتریش بوون، لەوانەش وتاری (گێتیسبێرگ)ی لینکۆڵن و ئامۆژگارییەکانی مەسیح لەسەر شاخ. ئەگەر بزانم دەمەوێ چی بڵێم ئەوا کاتێکی زۆرە. وتارەکەم ئامادە کرد، زۆرباش راهێنانم لەسەر کرد و زوو ئامادە بووم بۆئەوەی بەر لەوەی جەماوەرەکە برژێتە ناوەوە بیڵێمەوە. ستاف تەکنیکی رێنماییان کردم بەرەو سەکۆکە، مینبەرەکە و هاندێك بۆ کۆنترۆڵکردنی لاپەڕەکانی محازەرەکەم کە بە پاوەرپۆینت پیشانم ئەدا. لە خوار سەکۆیەکەوە سەعاتێکی ئەلکترۆنی هەبوو کە کاتی ماوەی منی پیشان دەدا. زۆر باشە.

ستاف تەکنیکی تەنیا لەسەر یەك راستی گومانی نەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە: هاندی کۆنترۆڵەکە تەنیا دوگمەی هەڵدانەوەی لاپەڕەی دواتری لەسەرە. ئەگەر بمویستایە بچمەوە سەر لاپەڕەی پێشتر، ئەوا دەبووایە لەسەر مایکرۆفۆنەکە داوایان لێبکەم کە دەگەڕێمەوە لاپەڕەی دواوە. پێشتر قەت ئەمەم نەبینیووە. هەموو کۆنترۆڵەکان رێگەت پێدەدەن بەرەو پێشەوە و بەرەو دواوەش بچیت- بۆچی دەبێ کەسێك لە رێگاکەی خۆی بێتە دەرەوە و دوگمەی گەڕانەوەدواوە لابیات؟ هەرگیز وەڵامەکەم دەست نەکەوت. بەڵام لەبەرئەوەی وتارەکەم زۆر کورت بوو، و هەرچۆنێك بێ بەدەگمەن پێویستم بەوە دەبوو کە بگەڕێمە دواوە، نیگەران نەبووم. لە مێشکی خۆمدا تێبینییەکم تۆمار کرد کە بە رێکەوت پەنجە بە دوگمەی کۆنترۆڵەکەدا نەنێم. پێم وابوو ئاسانە.

لەکاتێکدا کە لە پشت پەردەوە وەستابووم، گوێم لە دواین وتاربێژی پێش خۆم (ئێدوین ئۆکی) لە کۆمپانیای (ئۆول) گرتبوو، قەرەباڵغییەکی زۆرم لە تاریکیدا بەدی کرد. وێنەگرانی راگەیاندنەکان و ستافەکانی فیلم لە ریزە کورسییەکاندا

Scanned with CamScanner

دانیشتن، ئەو تیشکەی رووناکی کە لە چاوی کامێراکانیانەوە دەدرەوشایەوە، وای لێدەکردن بەئاسانی بدۆزرێنەوە.

(ئۆکی) تەواوی کرد و چەپڵەی بۆ لێدرا و (برادی فۆرێست)، لە دەستەی میوانداریی بۆنەکە هاتە سەر سەکۆیەکە بۆ ناساندنی من. لە رووی دەروونییەوە ئامادە بووم. پرۆڤەم کردبوو. بابەتەکەمم باش دەزانی. بیرۆکەی گەورەم و چیرۆکی خۆشم پێبوو. دڵنیابووم کە شتێکی گەورە دەبێ. گوێم لە ناوی خۆم بوو و خۆم کرد بە ناو ژوورەکەدا و رێك بەرەو مینبەرەکە رۆیشتم. چاوم بڕیبووە هاندی کۆنترۆڵەکە، تاکە شتێك کە پێویستم پێی بوو پێش ئەوەی بتوانم دەست پێبکەم. بە وریاییەوە پەنجەکانم خستنەسەر دیوی هاندەکە بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە بە رێکەوت پەنجەم لە دوگمەکە نەداوە. دواجار ئامادەبووم دەست پێبکەم.

مێشکم کەوتە دۆخی ئامادەییەوە روانیمە قەرەباڵغییەکە بۆ ئەوەی پێگەی خۆم جێگیر بکەم. چاوەکانم، لە گەڕانەوەیاندا بۆ ناوەندی ژوورەکە، لەسەر سەعاتە ئەلکترۆنییەکە گیرسانەوە. لەوەدا تووشی سەرسوڕمان بووم. لەبری ئەو دە خولەکەی کە چاوەڕێم دەکرد- ئەو دە خولەکەی کە پلان بۆ دادەنا، خۆم ئامادە دەکرد و پرۆڤەم بۆ دەکرد- نۆ خولەك و سی و چوار چرکەم هەبوو. بیست و شەش چرکەی گرانبەهام رۆیشتبوو.

من لێرە، لە رووبەرە ئاسودەکانی ناو ئەم کتێبەدا کە نە ئامادەبووانی تێدایە و نە فشارم لەسەرە، دان بەوەدا دەنێم کە ٢٦ چرکە هی ئەوە نییە بۆی بناڵێنیت. تەنیا کاتێکی پێویستە بۆ بەستنی قەیتانی پێڵاوەکانت. بەڵام لەوێ لەو چرکەساتەی تامەزرۆی دەستپێکردندا، من لە دۆخی نائامادەییدا بووم. نەمتوانی وێنای ئەوە بکەم کە چۆن بەبێ دەستپێکردن ئەو بیست و شەش چرکەیەم بەفیڕۆداوە. (دواتر بۆم دەردەکەوێت کە پێناساندنەکەی برادی و هاتوچوونم بەسەر سەکۆ گەورەکەدا هۆکاری ئەو ناوبڕە بووە). کاتێکیش کە هەوڵمدا لەو ژمارە

Scanned with CamScanner

سەرسوڕهێنە تێبگەم، کاتێکی زیاتر تێپەڕی. مێشکم- کە ئەوەندەی پێی وایە، ئەوەندە زیرەك نییە-سوور بوو لەسەر رۆڵبینینی وەکو لێکۆڵەر، رێك لەو شوێنەش، راستەوخۆ لەسەر تەختەی شانۆ، کە ئەمەش تەنانەت کاتێکی بەهاداری زیاتری هەڵلوشی. نازانم مێشکی من بۆ وایکرد، بەڵام مێشکم زۆر شتی فزۆلانە دەکات کە دەبێ دوایی بیانزانم.

لەهەمان کاتدا، ناهاوسەنگم. تازەگەری وا ئەفراندن وا. من لە ژیانی واقیعیمدا کەسێکی زۆربلێ نیم، بەڵام بۆ ماوەی ١٥ چرکە دەتوانم لەبارەی بابەتێکەوە کە باش لەبارەیەوە دەزانم بە شێوەیەك زۆر بڵێم کە زۆربلێ دەرنەکەوم. کردنی ئەمە، ئەوەندە کاتی پێویستی بۆ گێڕامەوە کە مێشکم لێکۆڵینەوەی پوچ لەوەی کە رووبدا بوەستێنێت. دواجار کە تەرکیزم لەنگەری گرت، دەبێ تەنانەت کاتێکی زیاتریش ببەمەسەر بە بەڕێوەبردنی گواستنەوە لە ناهاوسەنگییەکەمەوە بۆ یەکەم خاڵی بابەتە ئامادەکراوەکەم. بە گەڕانەوەیەکی ئاسودەم بۆ سەر سکە، سەرباری رۆیشتنی خولەکێکی تەواو، پەنجەم نا بە هاندەکەدا تا لاپەڕەیەك هەڵدەمەوە. بەڵام کاتێك ئەمەم کرد، پەنجەم زۆر لەسەر هێشتەوە و دوو لاپەڕە لەسەریەك هەڵدرانەوە.

ئێمە هەموومان تەنکییەکی یەدەکمان هەیە بۆ هێزمان کە یارمەتیدەرە بۆ خۆگونجاندنمان ئەو کاتەی کە شتێ رووەدات، بەڵام ئەوەی من لەم ساتەدا بەتاڵ بوو. ئازایەتیی ئەوەم نەبوو کە وتارەکەم بوەستێنم، لەبەردەم مایکرۆفۆنەکەوە داوا لە تەکنیکییەکان بکەم- وەکو بڵێی داوا لە فریشتەکانی ئاسمان دەکەم- بگەڕێنەوە، لەکاتێکدا کە هەروا لەسەر سەکۆیەکە وەستابووم، دەستەوستان چاوەڕێ بووم لەکاتێکدا کە سەعاتەکە تەنانەت چرکەی بەهاداری زیاتری لێبردم. بۆیە، خۆم گرت، ئەوپەڕی هەوڵی خۆمم خستەگەڕ و پاش تەواوبوونی ١٠ خولەکەکە تەختەی شانۆم جێ هێشت.

Scanned with CamScanner

ئەمە بۆ من کارەساتێك بوو. هەرگیز نەمتوانی هاوسەنگی خۆم بەدەست بێنمەوە و نەمتوانی بەشێکی زۆری ئەوەی کە رووبدا بیر خۆم بێنمەوە. بەڵام لەکاتێکدا کە قسەم لەگەڵ ئەو کەسانە کرد کە لەناو ئامادەبوواندا دەمناسین، شتێکی خۆشترم بۆ دەرکەوت. نەك تەنیا کەس گرنگی پێنەدا، بەڵکو کەس تێبینیشی نەکرد. دراماکە بەشی زۆری لەمێشکمدا بوو. هەروەکو دەیل کارنێگی لە (وتاربێژی بۆ سەرکەوتن)دا نوسیوویەتی:

"وتاربێژە باشەکان کاتێك تەواو دەبن زۆرجار بۆیان دەردەکەوێت کە وتارەکەیان لە بنەڕەتدا چوار وێنە (نسخە)ی هەبووە: ئەوەی کە بە راستی پێشکەشیان کردووە، ئەوەی کە ئامادەیان کردووە، ئەوەی کە رۆژنامەکان وتوویانە پێشکەشی کردووە و ئەوەی کە هیوادار بوون پێشکەشی بکەن".

تۆ دەتوانی ڤیدیۆی قسەکردنە دە خولەکییەکە لە (http://www.blip.tv/file/856263) تەماشا بکەیت و خۆت بیبینیت. وتارێکی بێ وێنە نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یەکجار خراپ نییە. هەر هەڵەیەك یان ناتەواوییەك کە دروست دەبێ، لە مێشکی مندا گەورەترە وەك لە هی ئێوەدا. ئەو تەقەلایەی من لەسەر سەکۆیەکە لەو شەوەدا وانەیەکی فێر کردم: هەرگیز پلانی ئەوە دامەنێ کە تەواوی کاتە پێدراوەکە بەکاربهێنیت. ئەگەر پلانم دابنایە لەبری ١٠ خولەك ٩ خولەك بەکاربێنم، باکم بەوە نەدەبوو سەعاتەکە چی دەڵێت، هاندی کۆنترۆڵەکە چەند سەیرە یان چەندی خایاندووە بۆم تا لەمسەرەوە بۆ ئەوسەرەی سەکۆیەکە بڕۆم.

زۆرجاریش وا هەڵدەکەوێت کە ئەو شتانەی وتاربێژێك خەمیەتی پێچەوانەی ئەو شتانەیە کە ئامادەبووان بەلایانەوە گرنگە. ئەوان دەیانەوێ سەریان گەرم بکرێت. دەیانەوێ فێر بن. لەهەمووشی زیاتر، ئەوەیان لە تۆ دەوێ کە ئەدائت باش بێت. زۆرێك لەو هەڵانەی کە دەشێ لە کاتی نواندنی ئەدائەکەتدا بیانکەیت رێگر نابن لە

Scanned with CamScanner

رووداني ئەوانە. ئەوە ئەو هەڵانەی تەنانەت پێش دەربڕینی وشەیەکن کە لەهەمووی گرنگترن. لەوانەش نەبوونی ڕایەکی سەرنجڕاکێش، روون بێرنەکردنەوە لەبارەی بۆچوونەکانت و دانەڕشتنی ڕێگاگەلێك بۆ گونجاندنی ئەو بۆچوونانە لەگەڵ خەڵکەکەتدا. ئەمانە ئەو شتانەن کە جیاوازییەکە دروست دەکەن. ئەگەر تۆ بتوانیت بزانیت ئەمانە چۆن جێبەجێ بکەی، هیچی تری وەها گرنگ نییە.

Scanned with CamScanner

بەشی دووەم

هێرشی مێروولەکان

"باشترین وتاربێژەکان بایی ئەوەندە دەزانن کە بترسن...تاکە جیاوازیی نێوان بەئەزموونەکان و تازەکان ئەوەیە کە بەئەزموونەکان بەشێوەیەك مێروولەکانیان راهێناوە کە بەشێوەیەکی رێکخراو هێرش بکەن".

-ئێدوارد. ر مورۆ

لەکاتێکدا کە هۆکاری باش هەیە بۆئەوەی کە بۆچی خەڵکی لە وتاردانی بەردەم خەڵکی دەترسن، تا ئەو کاتەی کە دەبینم کەسێك لە ناوەراستی وتاردانەکەیدا لە مینبەرەکە رادەکات، لەپێناو ژیانیدا بە دەرچەی قوتاربوون لە ئاگر را دەکات، ناتوانین بڵێین وتاربێژی لە مەرگ تۆقێنەرترە. ئەم راستییە باوە، کە بە شێوەیەکی گشتی وا دەردەبڕدرێت " ئایا دەزانی خەڵکی پێیان باشە بمرن نەك لەبەردەم خەڵك قسە بکەن؟"، حاڵەتێکی کلاسیکی ئەوەیە کە بۆچی دەبێ تۆ پرسیار لە خەڵك بکەیت ئاخۆ ئەو شتەی کە پێیان وایە دەیزانن چۆن دەیزانن. ئەم "راستی"یە دەلالەت لەوە دەکات کە خەڵکی، ئەگەر دەرفەتیان پێبدرێ، رود دەکەنە خۆ فڕێدان لە بینایەکانەوە یان قوتدانی کەپسولی سیانید نەك ئەوەی کە وتارێکی کورت لەبەردەم هاوکارەکانیان پێشکەش بکەن. لەبەرئەوەی ئەمە لە جیهانی واقیعیدا روونادات- تا ئێستا هیچ نامەیەکی خۆکوشتن وتاردانێکی

Scanned with CamScanner

چاوەڕوانکراوی نەگرتووەخۆ وەکو هۆکارێك بۆ جێهێشتنی ئەم جیهانە- جێی خۆیەتی پرسیار بکەین: ئەم راستییە لە کوێوە دێت؟

سەرچاوەکە بریتییە لە (کتێبی لیستەکانی دەیڤد ۆلێچینسکی و ئەوانیتر)ی ویلیام مۆرۆ، کە کتێبێکی لاوەکییە و لە ساڵی ١٩٧٧دا نوسراوە. ئەم کتێبە لیستێك دەگرێتەخۆ لەو شتانەی کە خەڵکی لێی دەترسن و وتاردان لەبەردەم خەڵکدا لە خانەی یەکەمدا دێت. ئەمەش لیستەکەیە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە "خراپترین ترسەکانی مرۆڤ":

١-قسەکردن لەبەردەم خەڵك

٢-بەرزاییەکان

٣-مێشولە

٤-کێشە داراییەکان

٥-ئاوە قوڵەکان

٦-نەخۆشی

٧-مردن

٨-گەشتی ئاسمانی

٩-تەنهایی

١٠-سەگ

١١-لێخورین و سواربوونی ئۆتۆمبێل

١٢-تاریکی

١٣-مەسعەد

١٤-قادرمەی کارەبایی

ئەو خەڵکانەی کە ئەم راستییە دەردەبڕن لیستەکەیان نەبینیووە، چونکە ئەگەر بیانبینیایە، ئەوا دەیانزانی لەوە پوچ و نامۆترە کە بە جددی وەربگیردرێت. (کتێبی

Scanned with CamScanner

لیستەکان) دەڵێت تیمێکی توێژەرانی بازاڕ پرسیارێکی سادەیان لە ٢٠٠٠ ئەمریکی کرد "ئەوەی کە لە هەموو شتێك زیاتر لێی دەترسی چییە؟"، بەڵام ڕێگەیان دا کە چەند وەڵام کە بیانەوێ بینووسن. لەبەرئەوەی هیچ لیستێك نەبووە وەڵامی لێ دەربهێنرێت، پێناچێ داتای ڕاپرسییەکە زانستی بێت. لەوەش خراپتر، هیچ زانیارییەك دابین نەکراوە لەبارەی ئەمەی کە ئەو خەڵکانە کێ بوون. ئەستەمە بزانین ئاخۆ ئەو خەڵکانە نوێنەری ئەوانیتریش بوون. دەزانم کە خۆم لە پڕکردنەوەی زۆربەی ئەو ڕاپرسییانە لا دەدەم، زۆرێك لەئێوەش هەروا دەکەن، کە ئەو پرسیارە دەوروژێنن کە بۆچی ئەوەندە باوەڕمان بە توێژینەوەی پەیوەست بە ڕاپرسی هەیە.

کاتێك تۆ سەیری لیستەکە دەکەیت، ئاسان بۆت دەربکەوێت کە خەڵکی لە بەرزاییەکان (ژمارە٢)، ئاوی قووڵ (ژمارە٥)، نەخۆشی (ژمارە٦) و گەشتی ئاسمانی (ژمارە٨) دەترسن، بەهۆی ئەگەری مردن لەو شتانەوە. کۆیان بکەرەوە و مەرگ بە ئاسانی دەچێتە خانەی یەکەمەوە. زۆرجار ڕاستییەکانی پەیوەست بە وتاردانی گشتی گومڕاکەرن، چونکە زۆرجار لەلایەن ئەو خەڵکانەوە دەخرێنەڕوو کە ئەو خزمەتگوزارییانە، وەکو کتێب، دەفرۆشن کە سوودیان لەوەدایە وتاردانی گشتی بکەنە شتێکی تۆقێنەر. تەنانەت ئەگەرچی توێژینەوەکە بە ڕێکوپێکیش بکرایە، خەڵکی ترس لەو شتە لاوەکییانەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبنەوە زیاتر دەخەنەڕوو نەك ئەزموونی ئەبستراکتی وەکو مردن.

کاتێك بیر لە شتی سەیری وەکو مردن، ڕاپرسیی سەیر و وتاردانی بەردە خەڵك دەکەینەوە، باشترین خاڵ بۆ لێوە دەستپێکردن دەرککردنە بەوەی کە کەس بە پێشکەشکردنی وتارێکی خراپ نەمردووە. باشە، لانی کەم کەسێك مردووە، سەرۆك ویلیام هێنری هاریسن، بەڵام ئەو پاش پێشکەشکردنی درێژترین وتاری دەستبەکاربوون لە مێژووی ئەمریکادا تووشی نەخۆشی سییەکان بوو. وانەی ئاسان

Scanned with CamScanner

لە بەسەرهاتەکەیەوە ئەمەیە: با کورت بێت یان لەوانەیە بمریت. ئەمە حاڵەتە ناوازەیەش بەلاوەنێ، بەهاتنی ئەو کاتەی کە تۆ بایی پێویست گرنگیت- وەکو گاندی یان لینکۆلن- بۆئەوەی کەسێك بتکوژێ، ئەوە وتاردانی گشتی نییە کە ئەمەت بەسەر بێنێت. مالکۆلم ئێکس لە دەستپێکی وتارەکەیدا لە ١٩٦٥ پێکرا، بەڵام ئەو وتاربێژێکی بێ وێنە بوو (ئەگەر شتێکیش هەبووبێ، لەبەر ئەوە کوژرا کە باش قسەی دەکرد). لینکۆلن لە حاڵەتی تەماشاکردنی خەڵك لەسەر سەکۆیەکە تیرۆر کرا. ئەو لە پشت کورسییەکەیەوە تەقەی لێکرا، کە باشەیەکی گەورەی وتاردان پیشان دەدات: ئەگەری نیە بەبێ تێبینیکردن لەلایەن ئامادەبووانەوە کەسێك لە پشتەوەڕا بتکوژێت. لەسەر سەکۆبوون لە پشت مینبەرەوە، لەدوایین دەرکەوتنیدا لەعیراق پارێزگاری بۆ سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش دابین کرد کاتێك ریپۆرتەرێکی عیراقی لە رقا پێڵاوی یەکەم و دواتر پێڵاوی دووەمیشی تێگرت. بە سەرنجدان لە هێرشە توندوتیژەکە لە سەکۆیەکەوە، بوش هەلی بۆ رەخسا و بە خێرایی خۆی لە هەردووکیان لادا.

مەترسی راستەقینە هەمیشە لەناو قەرەباڵغیدایە. هاندەرانی باندەکانی مۆسیقای رۆك، وەکو (زە هو)، (پیرڵ جام) و (زە رۆلێنگ ستۆن) لەناو کورسییەکاندا کوژران. هەرچەندەش تەپڵ لێدەری (سپینالڕ تاپ) لە کاتی ئەدائەکەیدا بەشێوەیەکی رازئامێز مرد، حاڵەتێکی زۆر کەمی مردن لەسەر سەکۆ یان تەختەی شانۆ لە مێژووی جیهاندا تۆمار کراون. هەر بەهۆی مەترسی قەرەباڵغییەکانەوەیە کە هەندێ کەس پێیان باشە لە سەرەتای ریزە کورسییەکانەوە دابنیشن- دەتوانن بە خێرایی رابکەن، جا چ ئەوەی لە ئاگر رابکەن یان لە بێتاقەتی. ئەگەر تۆ لەسەر سەکۆیت، نەك تەنیا باشتر دەگەیت بە دەرچەکانی راکردن لەئاگر، بەڵکو چ ئەوەی لەهۆش خۆت بچیت، بکەویت، یان تووشی جەڵتە بیت، هەمووان لەناو ئامادەبووواندا دەستبەجێ دەزانن و بانگی ئەمبولانس دەکەن بۆت. جارێکی تر کە تۆ لە

Scanned with CamScanner

پێشەوەی ژوورێکیت بۆ پێشکەشکردنی وتارێك، دەبێ بزانیت کە، بەهەموو لۆژیکێك، پارێزراوترین کەسیت لەوێ. کێشەکە ئەوەیە ئاخۆ مێشکمان ئامادەیی تیایە بڕوا بە پێچەوانەکەی بێنێت.

سەیری ئەو وێنەیەی خوارەوە بکە: کاتێك ئەوەی لای چەپ دەبینیت، مێشکمان ئەوەی لای راست دەبینێت.

مێشکمان، بەو هەموو بێ هاوتاییەیەوە، ئەو چوار شتەی خوارەوە بە خراپ بۆ خۆگرتن دەستنیشان دەکات:

-وەستان بەتەنیا

-لە پانتاییەکی کراوەدا بەبێ هەبوونی شوێنێك بۆ خۆحەشاردان

-بەبێ چەك

-لەبەردەم قەرەباڵغییەکی گەورەی ئەو گیانلەبەرانەی کە چاویان تێبڕیوویت

لە مێژووی هەموو شتە زیندووەکاندا، هەر بارودۆخێك کە تیایدا هەموو ئەو شتانەی سەرەوە راست بووە ئەوا زۆر خراپ بووە بۆت. ئەمە بەو مانایە بووە کە مەترسییەکان ئەوەندە لە ئاستێکی بەرزدابوون کە تۆ بەزوویی هێرشت دەکرایە

Scanned with CamScanner

سەر یان بە زیندوویی دەخورایت. زۆرێك لە درندەکان بە کۆمەڵ راو دەکەن و ئاسانترین نێچیریان ئەوانەن کە بە تەنیا دەوەستن، بەبێ چەك، لەسەر زەویەکی تەختان کە سەرپۆشێکی کەمی هەیە (بۆ نموونە، سەکۆیەك). باووباپیرانمان، ئەوانەی کە زیندوو مانەوە، کاردانەوەیەکی ترسیان بەرانبەر ئەو بارودۆخانە پەیدا کرد. بۆیە، سەرباری پانزە ساڵم لە وانە وتنەوە، بەڕێوەبردنی ڤرکشۆپ و محازەرە وتنەوە، گرنگ نییە کە کاتێك لەبەردەم ژوورێکی پڕ لەخەڵکدام چەندە بڕوابەخۆ دەردەکەوم، ئەوە راستییەکی زانستییە کە مێشك و جەستەم پێش وتاردان و تەنانەت لەماوەی وتاردانیشدا جۆرێك لە ترس ئەزموون دەکەن.

دیزاینی وایەرمەنیی مێشك– بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی ئیشکردنی کە سەدان هەزار ساڵ زیاترە لە وتاربێژیی گشتی یان تەنانەت خودی قسەکردنیش بۆ ئەو مەبەستە– وەستاندنی ترس لەو شتەی کە وای دەبینێت خراپترین بارودۆخی تاکتیکییە کەسێك تێیدا بێت، ئەستەم دەکات. هێورکردنەوەی ئەستەمە، لانی کەم بەشێوەیەکی تەواو. ئەم تۆڕی وایەرە ئەوەندە بەراییە کە لە کۆنترین بەشی مێشکماندا دەژیت، وەکو زۆرێك لە کردارە گرنگەکانی تری مێشك، تەقریبەن کۆنترۆڵمان بەسەریدا نییە.

کرداری سادەی هەناسەدان بە نموونە وەربگرە. رێك لەم ساتەدا، هەوڵدە هەناسەت راگریت. تێکڕای هەر کەسێك تەنیا دەتوانێ خولەکێك یان ئەو دەوروبەرە ئەمە بکات، بەڵام کە ئازارەکە توند دەبێ– ئەو ئازارەی کۆئەندامی دەمارت بۆ وەستاندنی تۆ لە ئەنجامدانی شتی گەمژانەی وەکو خۆکوشتن بەرهەمی دەهێنێت– دواجار جەستەت زۆرت لێ دەکات مل بدەیت. مێشکت بەشێوەیەکی بێ ئومێدانە دەیەوێ بژیت و زۆر شت بەبێ داوای روخسەت دەکات لەپێناو زیندوو مانەوەتدا. تەنانەت ئەگەر تۆ بەشێوەیەکی دیاریکراو بەهێز بیت و خۆت وا لە خۆت بکەیت لەئەنجامی بێ ئۆکسجینی لەهۆش خۆت بچیت، بزانە چی روودەدات؟ هەرچۆنێ

Scanned with CamScanner

بێت دەژیت. ئەو بەشەی کە پێی دەوترێت (ئامیگدالا) و یەکێکە لە کۆنترین بەشەکانی مۆخ، زاڵ دەبێت، بەردەوام دەبێ لە ڕێکخستنی هەناسەدانت، لێدانی دڵت و هەزاران شتی تر کە تۆ هەرگیز بیرت لێ نەکردووەتەوە تا ئەو کاتەی کە دێیتەوە هۆش خۆت (بە مانای وشە یان بە شێوەی مەجازی).

بۆ ماوەی چەند ساڵێك، من نکوڵیم لە ترسەکانی وتاربێژیی بەردەم خەڵکم دەکرد. پاش بینینی قسەکردنم، کاتێك خەڵکی پرسیاریان لێکردم ئاخۆ دەشڵەژێم، هەمیشە شتێکی ڕۆح گەورانەی گەمژانەم کردووە. خەندەیەکی ساردم پیشان داوە، وەکو بڵێی دەڵێم، "کێ من؟ تەنیا مرۆڤە بێچارەکان دەشڵەژێن". لە ئاستێك لە ئاستەکاندا، من هەمیشە زانیوومە کە وەڵامەکەم پوچە، بەڵام من زانستەکەم نەدەزانی، نە تاووتوێی ئەوەشم کردبوو کە ئەوانیتر دەبێ چی بڵێن.

دەردەکەوێ کە ڕاپۆرتی تۆکمە هەن لەلایەن کەسایەتییە گشتییە بەناوبانگەکانەوە کە جەخت لەوە دەکەنەوە کە وێڕای شارەزایەتی و سەرکەوتنیان، هەمان وایەرمەنیی مێشکی ئێمەیان هەیە:

-مارك توەین کە بەشی زۆری داهاتی خۆی لە وتاردان پەیدا دەکرد، نەك نوسین، دەیوت " دوو جۆر وتاربێژ هەن: ئەوانەی کە دەشڵەژێن و ئەوانەش کە درۆزنن".

-ئێلڤیس پرێسلی دەیوت "من هەرگیز بەسەر ئەو شتەدا تێنەپەڕیووم کە پێی دەڵێن ترسی سەر تەختەی شانۆ. من لە هەر نمایشێکی مۆسیقیمدا پیایدا ڕەت دەبم".

-تۆماس جێفرسن ئەوەندە لە وتاردانی بەردەم خەڵك دەترسا کە کەسێکی تر وتاری ساڵانەی بەردەم کۆنگرێسی بۆ دەخوێندەوە (جۆرج واشنتنیش حەزی لە وتاردان نەبوو).

Scanned with CamScanner

-بۆنـۆ، ئەنـدامی باندی میـوزیکی (U2)، بانگەشـەی ئـەوە دەکـات کـ سەرلەبەیانیی هـەر یـەکێك لـەو هـەزاران نمایشە مۆسیقییەی پێشکەشی دەکات، دەشلەژێت.

-وینستن چەرچڵ، جۆن ئێف کەنەدی، مارگرێت تاتچەر، باربارا ۆلتـەرز، جۆنی کارسـن، باربـارا سترێیـساند و یـان هـۆلم هـەموویان ترسـی خۆیـان لـەبارەی بەیەکگەیشتن لەگەڵ خەڵك خستووەتەڕوو.

-ئەرستۆ، ئیسحاق نیوتن، چارلز داروین، وینستن چەرچڵ، جۆن ئەپـدایك، جاك وێڵش و ئێرل جـۆنز، هـەموویان لـەکاتێك لـە کاتـەکانی ژیانیانـدا تەتەڵـەی زمانیـان هەبووە و وتاربێژی شلەژاو بوون.

تەنانەت ئەگەر تۆ بشتوانیت ئـەم سیـستەمانەی کاردانـەوەی تـرس بـە تـەواوی بکوژێنیتەوە، کە یەکەم شتە خەڵکی ترساوی وتاردانی گـشتی دەیانـەوێ ئـەنجامی بدەن، لەبـەر دوو هۆکـار بیرۆکەیـەکی خراپـە. یەکـەم، بـوونی کـۆنترین بەشـەکانی مێشکمان لەژێر کۆنترۆڵی کاردانەوەکانی ترسماندا شتێکی باشە. ئەگەر لەشـکرێکی جەنگاوەران کە نیوەی جەستەیان شێر و نیوەکەی تریان نینجایـە لـە بنمیـچەکەوە بکەونە خوارەوە و دەورەت بدەن- بە تاکە مەبەسـتی کردنـی گۆشـتی ناسـکت بـە لەفەیـەکی چـەوری ئامـادە- ئایـا دەتـەوێ قورسـایی ئـەوەت بکەوێتـە سـەر بـە شێوەیەکی ئاگایانە بڕیار بدەیت کـە خێرایـی دڵـت چـەندە زیـاد بکـەیت، یـان کـام ماسـولکەیە یەکـەم جـار ئیعـاز بـدەیت تـا قاچـەکانت بجـوڵێن بۆئـەوەی بتوانیـت هەرچۆنێ بێ رابکەیت؟ ئەقڵی ئاگایانەت ناتوانێ ئەوەندە خێرا بێـت کـە لـەو کاتـە کەمـەی کـە پێویـستە زینـدوو بمێنێتـەوە ئـەو شـتانە بکـات. شـتێکی باشـە کـە کاردانەوەکانی ترس بەهۆی بەشـی نەسـتمان کـۆنترۆڵ کـراوە، چـونکە ئەمـە تاکـە بەشێکە کـە وایـەری ئەوەنـدە خێـرای هەیـە شـتێکی بەکـەڵك ئـەنجام بـدات کاتێـك مەترسییەکی راستەقینە رووەدات.

Scanned with CamScanner

خراپییەکەی ئەوەیە کە ئەم تۆڕە وایەرەی کاردانەوەی ترس گرفت دەنێتەوە، چونکە ژیانمان لەم رۆژگارەدا زۆر بێ مەترسییە. خەڵکێکی کەم لە ئێمە لە رێگەیدا بەرەو سەر ئیش شێر راوی دەنێت یان دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ تیمساحەکاندا. سەرەنجام، هەمان ئەو کاردانەوانەی شڵەژان کە ملیۆنان ساڵ بۆ زیندوومانەوە بەکارمان هێناون، لەلایەن مێشکە تامەزرۆکانمانەوە لە بارودۆخی ناپەیوەندیدار بە زیندوومانەوە پیادە دەکرێن. تامێسکمان لێ دێت، تووشی بەرزبوونەوەی فشاری خوێن، سەرئێشە و کێشەی جەستەیی تر دەبین ئەمەش بەشێکی لەبەرئەوەیە کە سیستەمی شەڵەژانمان بە شێوەیەك دیزاین نەبووە کە مامەڵە لەگەڵ "مەترسییەکان"ی جیهانی نوێی بوێرمان بکات: شکانی کۆمپیوتەرەکان، بەڕێوەبەرە وردەکارەکان، پەیوەندییە تەلەفۆنییە فرەلایەنەکان و رێگابڕینەکان بەرەو شوێنی کار لە هاتوچۆیەکی پڕفشاردا. ئەگەر ئێمە لە رێگەدا بەرەو پێشکەشکردنی وتارێك پڵنگ راوی بنایایە، ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە وتار پێشکەشکردنەکەمان ئەوەندە بەلاوە ترسناك نەبووایە– روانگەمان لەمەڕ ئەوەی کە چ شتێ مایەی ترسە بەشێوەیەکی تازە پۆلێنبەندی دەکرایەوە.

دووەم، ترس هۆشمان چڕ دەکاتەوە. تەواوی شتە سەرنجڕاکێشە سەرگەرمکەرەکان لە ژیاندا لەگەڵ ترسدا دێن. دەتەوێ داوای پێکەوە چوونەدەرەوە لەو کچە جوانە بکەیت؟ دەتەوێ داواکاری بۆ ئەو ئیشە دڵخوازە بخەیتەڕوو؟ دەتەوێ رۆمانێك بنووسیت؟ کۆمپانیایەك دابمەزرێنیت؟ هەموو شتە باشەکان ئەگەری شکستهێنانیان لەگەڵدایە، جا رەفزکردن، بێ ئومێدی یان تەریقبوونەوە بێت و ترس لەو شکستهێنانانە زۆرێك لە خەڵکی دەجوڵێنێت بۆ کردنی کاری پێویست بۆ سەرکەوتووبوون. ئەو ترسە وزەمان پێدەدات تا بە شێوەیەکی چالاك رێگە بگرین لە رووداوی شکستەکان. دەشێ زۆر هۆکاری سایکۆلۆژیی ترس لە بارودۆخەکانی کاردا– پێپێکەنین لەلایەن هاوکارەکانتەوە یان

Scanned with CamScanner

گەمژە دەرکەوتن لەبەرانبەر بەڕێوەبەرەکەتدا- وەکو دەرفەتی خۆسەلماندنت لەقەڵەم بدرێن. سەیریشە کە، لەوانەیە جیاوازییەکی بایۆلۆژیی کەم هەبێت لەنێوان ترس لە شکست و چاوەڕوانیی سەرکەوتن. لە کتێبە نایابەکەیدا (ڕێساکانی مێشك) دکتۆر جۆن مەدینە ئاماژە بەوە دەکات کە قورسە بۆ جەستە کە حاڵەتەکانی وروژان و حاڵەتەکانی شڵەژان لێك جیابکاتەوە:

"زۆرێك لەو میکانیزمانەی کە وات لێدەکەن لە ترسی درندەیەك کرژ بیتەوە لەکاتی سێکسدا بەکار دەهێنرێن- یان تەنانەت لەکاتێکدا کە نانی جەژنت دەخۆیت. بەلای جەستەی تۆوە، پڵنگەکانی چاخی بەستەڵەك و ئۆرگازمەکان و ئاوی قەل بەشێوەیەکی تەواو هاوشێوەن. حاڵەتێکی وروژاوی جەستە، هەم تایبەتمەندی شڵەژان و هەم تایبەتمەندییەکی چێژە".

با وایدابنێین ئەو راست دەکات، بۆچی ئەمە وایە؟ لە هەردوو حاڵەتەکەدا لەبەرئەوەیە کە جەستەی تۆ، وزەی بۆت ئامادە کردووە تا بەکاربێنیت. جەستە باکی نیە ئاخۆ بۆ هۆکاری باشە یان خراپ، تەنیا دەزانێ کە دەبێ خۆی ئامادە بکات بۆ رووداني شتێك. ئەگەر تۆ وادەربیخەیت کە هیچ ترست لە وتاردان نییە لەبەردەم خەڵکدا، ئەوا نکوڵی لەو وزە سروشتییە دەکەیت کە جەستەت پێت دەدات. شڵەژان جۆرێك لە وزە دروست دەکات کە دەتوانی بەکاربێنیت، هەروەکو چۆن جۆش و خرۆش دروستی دەکات. (یان تایسن) کە ئەکتەرێکی کۆمیدی و وتاربێژێکی هاندانە، ئەم ئامۆژگارییەی خستووەتەڕوو: "کاردانەوەی ترس و جۆش و خرۆشی جەستە هەریەکەن...بۆیە دەبێتە بڕیارێکی ئەقڵی: ئایا دەترسم یان کەوتومەتە جۆش و خرۆش؟" ئەگەر جەستە نەتوانێ جیاوازییەکە دیاری بکات، ئەوا دەکەوێتە سەر خۆت تا غەریزەکانت بەکاربێنیت بۆئەوەی یارمەتیت بدەن نەك ئازار. باشترین ڕێگە بۆ کردنی ئەمە، پلاندانانە بەر لە وتاردان. کاتێك تۆ لە واقیعدا وتارێك پێشکەش دەکەیت، زۆر پێوەر لەدەرەوەی کۆنترۆڵی تۆدا هەن- ئاساییە

Scanned with CamScanner

کە کەمێك ترست لێیان هەبێت. بەڵام لەرۆژان و سەعاتی پێش ئەمە، تۆ دەتوانیت زۆر شت بکەیت بۆ خۆئامادەکرنت و کۆنترۆڵکردنی ئەو فاکتەرانەی کە دەتوانیت شتێکیان لەبارەوە بکەیت.

چی بکەیت بەر لە دەستکردن بە قسە

ئەو ئەفزەڵیەتە سەرەکییەی کە وتاربێژ لەبەردەمیدایە لەبەرانبەر ئامادەبوواندا ، زانینی ئەوەیە کە دواتر چی دێت. کۆمیدییەکان- کە باشترین وتاربێژی گشتین- بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی ئەوەوە ئەوەی کە دەیانەوێ بەدی دێنن چونکە تۆ دەرچوونی توانجەکان نابینیت. بۆ دروستکردنی خاڵێکی ئیجابیی وەها، من، وەکو جۆرج کارلین یان کریس رۆك، پرۆڤەی بابەتەکەم دەکەم. ئەمە تاکە ڕێگەیە بۆئەوەی کە بزانم چۆن لە خاڵێکەوە دەچمە خاڵێکی تر، یان هەر بەسەرهاتێك یان راستییەك لەباشترین شێوازدا دەربڕم بۆ بونیادنانی ئەوەی دواتریان. کاتێکیش کە دەڵێم پرۆڤە دەکەم، مەبەستم ئەوەیە کە لەلای مێزەکەمەوە دەوەستم، وێنای خەڵکێك دەکەم لە دەوروبەرمەوە و رێك وەها وتاردەدەم وەك بڵێی شتێکی راستەقینەیە. ئەگەر پلانی ئەوەم هەبێ لە وتارەکەمدا شتێ بکەم، ئەوا پرۆڤەی لەسەر دەکەم. بەڵام بۆ کاملبوون پرۆڤە ناکەم و دەرخیش ناکەم. ئەگەر هەرکامێکیانم کرد، ئەوا وەکو رۆبۆتێك دەردەکەوم، یان خراپتریش، وەکو کەسێك دەردەکەوم کە سەخت هەوڵ دەدات شتەکان لە ستایلێکی کتومت، دیاریکراو و تەواو ناسروشتیدا بەیان بکات، کە خەڵکی لە دووری کیلۆمەترێکەوە دەتوانن بەدی بکەن. نیازی من، تەنیا ئەوەیە بابەتەکەم ئەوەندە بەباشی بزانم کە پێی ئاسودە بم. بڕوابەخۆبوون، نەك کاملی، ئامانجەکەیە.

دەتوانی بزانی ئەو کەسانەی کە لەبارەی وتاردانەکانیانەوە نیگەرانن، ئامادە نین چ شتێك بکەن؟ پرۆڤە. کاتێك داوام لێدەکرێت بۆ وتاردانەکەی مەشق بە کەسێك بکەم و بابەتەکەیم بۆ دەنێرێت، دەزانی یەکەم پرسیار چیە کە دەیکەم؟"

Scanned with CamScanner

"پرۆڤەت کردووە؟" زۆرجار دەڵێ نا، پێی سەیر دەبێ کە ئەوەندە گرنگە. وەك بڵێی نمایشکەرانی وەکو باندە مۆسیقییەکانی رۆك و ئەکتەرە شەیکسپیرییەکان پێویستیان بە راهێنان نییە بۆئەوەی بابەتەکانیان بگەیەنن. بابەتەکان یان لاپەڕەکانی پاوەرپۆینت، بریتی نین لە ئەدا: تۆ، وتاربێژەکە، ئەدائەکەیت. واش دەردەچێ کە زۆربەی ئەو ئامۆژگارییانەی کە تۆ لە هەموو کتێبە گەورەکاندا لەبارەی وتاردانی بەردەم خەڵك بەدی دەکەیت، لەوانەش ئامۆژگاری لەبارەی لاپەڕەکانی بابەتەکەت، پیادەکردنی قورسە ئەگەر تۆ پرۆڤە نەکەیت. هۆکاری هەرە کرداری بۆ پرۆڤەکردن ئەوەیە کە بێ مەترسی رێگەم پێدەدات هەڵە بکەم و بەر لەوەی تاکە کەسێك بیبینێت راستی بکەمەوە. لەوانەیە من وتاربێژێکی گشتیی باشتر نەبم لە کەسێکی تر- من تەنیا لە بەدیکردنی کێشەکان و چارەسەرکردنیان باشترم.

کاتێك پرۆڤە دەکەم، بەتایبەت بە رەشنوسێکی نوێوە، بە کۆمەڵێکدا پرسدا دێم و دەچم. کاتێکیش ساتمە دەکەم یان سەرم لێ دەشێوێت، دەوەستم و بڕیارێك دەدەم:

-ئایا دەتوانم لەمەدا سەرکەوتوو بم ئەگەر هەوڵێکی تر بدەمەوە؟

-ئایا ئەم لاپەڕەیە یان لاپەڕەی پێشوو پێویستیان بە گۆڕانکاری هەیە؟

-ئایا وێنەیەك و بەسەرهاتێك دەتوانن جێگەی تەواوی ئەم تێکستە بگرنەوە؟

-ئایا دەروازەیەکی باشتر هەیە بۆ دەرچوون لە خاڵی پێشووەوە بۆ ناو ئەم خاڵە؟

-ئایا شتەکان باشتر دەبن ئەگەر من تەنیا ئەو خاڵە/لاپەڕەیە/بیرۆکەیە بەتەواوی لابیبەم؟

ئەم پرۆسەیە دووبارە دەکەمەوە تا ئەوەی کە بەبێ ئەنجامدانی هەڵەی گەورە تەواوی وتارەکە تەواو دەکەم. لەبەرئەوەی کە زیاتر لە پێشکەشکردنی وتارێکی

Scanned with CamScanner

زۆر خراپ دەترسم نەك پرۆڤەكردن بۆ چەند سەعاتێك، پرۆڤە براوەیە. وزەی ترسانم لە شكستهێنان و گەمژە دەركەوتن لەبەردەم جەماوەردا، هانم دەدات زیاتر خۆم ماندوو بكەم بۆ رێگرتن لە رووداني ئەمە. هەروا سادەیە.

ئێستا، لەكاتێكدا كە هەركەسێك ئازادە لە پرۆڤەكردن- پێویستی بە زانینی تایبەت یان هێزە جادوویيەكان نییە- زۆربەی خەڵكی نایكەن، چونكە:

-خۆش نییە

-كاتی دەوێ

-لەكاتی كردنیدا، هەست بە پوچی دەكەن

-پێیان وایە كەسی تر نایكات

-ترسیان لە وتاردان دەبێتەهۆی تەمبەڵیكردن، دروستكردنی پێشبینییەكی دڵخۆشكەر لە نەگبەتی

دەزانم كە بە پرۆڤەكردن لەسەر وتارەكەم لەماڵەوە و بە جلی ژێرەوە لە ژوورێكی وێناكراوی خەڵك، وەكو گەمژە دەردەكەوم. كاتێك لە ژوورەكانی هۆتێل پرۆڤە دەكەم، زۆرجاریش ئەمە دەكەم، نیگەرانی ئەوەم كە هەر كاتێك بێ كارگوزارە ژنەكە لە ناوەڕاستی قسەكانمدا خۆی بكات بە ژوورەكەدا و دەبێ من هەوڵی ئەوە بدەم روونی بكەمەوە بۆچی بە جلی ژێرەوەمەوە خەریكی موحازەرەدانم. بەڵام وام پێباشترە كە لە پێگەی ئاسودەبەخشی ژوورەكەمدا روبەڕووی ئەو ترسانە ببمەوە- بە باڕە بچوكەكەمەوە، لەكاتی خۆمدا و ئەوەندەی حەزیش بكەم- نەك لەبەردەم قەرەباڵغیدا، قەرەباڵغییەك كە لەوانەیە ئەدائەكەم وێنەبگرێت و بخاتەسەر ئێم پی سری، بۆ تاهەتایە ئەوە تۆمار بكات گە دەیكەم. كاتێك تۆ شتە راستەقینەكە دەكەیت دووبارەكردنەوەی بۆ نییە.

بەماتنی ئەو كاتەی كە من لەبەردەم خەڵكی راستەقینەدا وتار دەدەم، ئەمە بە راستی یەكەم جار نابێت. لە راستیدا، بە پرۆڤەكردنی سێیەم و چوارەم جار لەسەر

Scanned with CamScanner

وتارێك، دەتوانم شتێكی باش بەبێ هەبوون لاپەرەكانیش ئەنجام بدەم، هەروەكو چۆن فێر بووم كە خاڵە سەرەكییەكان لە یادەوەریمەوە دەربێرم. ئەو بڕوابەخۆبوونەی كە لە پرۆژەكردنەوە دێت، دەست بۆ هەموو شتێ بردن و كاردانەوە بەرانبەر شتە چاوەڕواننەكراوەكان–وەكو قسەپێبڕەكان، پرسیارە قورسەكان، ئامادەبووانی بێزار، یان كەرەستە ئیش نەكەرەكان– ئاسان دەكات. ئەگەر من پرۆژەم نەكردایە، ئەوا ئەوەندە نیگەرانی بابەتەكەم دەبووم كە نەمدەتوانی هۆشی بدەمە هیچ شتێكی تر، كەمتر چاوەڕێی ئەو شتانەم دەكرد كە لەلایەن ئامادەبووانەوە ئاراستە دەكرێن. دان بەوەدا دەنێم كە تەنانەت بەو هەموو پرۆژەیەشمەوە لەوانەیە كارێكی خراپ ئەنجام بدەم، هەڵە بكەم، یان ئامادەبووان بێ ئومێد بكەم، بەڵام دەتوانم دڵنیابم لەوەی كە هۆكارەكە ئەوە نابێت كە لێی دەترسام، یان سەری لێدەشێواندم، لاپەڕەكانی بابەتەكەم. گەردوونێك لە ترس و هەڵە، تەنیا بە بڕوابەخۆبوون لەبەرانبەر بابەتەكەتدا دەڕەوێتەوە.

بەڵام تەنانەت بەو هەموو پرۆژەیەشەوە لە جیهاندا، جەستەم، وەكو هی ئێوە، هێشتا خۆی بڕیار دەدات چ كاتێك بترسێت. بۆ نموونە، جیهانی سەیری لەپە دەستە ئارەقاوییەكان لەبەرچاو بگرە. بۆچی لەپە دەستە ئارەقاوییەكان لەبارودۆخەكانی ژیان–یان–مەرگ دا بەسوودن؟ من تەنیا یەك جار لەپە دەستەكانم عەرەقیان كردەوە، ئەمەش رێك پێش ئەوەی رووبەڕووی كامێرای كەناڵی (سی ئێن بی سی) ببمەوە. لە سەرەتای وێنەگرتنەكەدا، بە دانیشتن لەسەر قەنەفەیەكی پەمەیی ناخۆش، بە هەوڵدان بۆ هێمنبوون لەبەرانبەر رووناكییە درەوشاوەكان و هەوای سارد دا، هەستم بە سوكییەكی سەیر كرد لە دەستەكانمدا لەكاتێكدا كە كامێراكان دەسوڕێنرانەوە، دەستەكانم هەڵبڕین بۆئەوەی بزانم چ باسە. دەبووایە دەستیان لێبدەم بۆئەوەی بزانم عەرەق دەكەنەوە. لەكاتێكدا كە ئەو دۆخەم سەیر بوو، پێكەنینم پێی هات كە بە رێكەوتیش، هەندێ لە شڵەژانەكەی نەهێشتم.

Scanned with CamScanner

باشترین تیۆرە لەلایەن زاناکانەوە ئەوەیە کە ئەو گیانلەبەرە بەرابیانەی بەسەر شتەکاندا سەر دەکەون، لێهاتوویەکی باشتریان هەیە ئەگەر دەستیان شێدار بێت. هەربۆیەشە پەنجەت لە زمانت دەدەیت پێش ئەوەی لاپەڕەی رۆژنامەیەك هەڵدەیتەوە. مەبەستم ئەوەیە کە چەند بەشێکی جەستەت بە شێوازە کۆنەکان کاردانەوەی هەیە بەرانبەر شڵەژان، گرنگیش نییە چەندە خۆت ئامادە کردووە. ئەمەش ئاساییە.

ئەمە بەو مانایە نییە کە تۆ سەیریت یان ترسنۆکیت، بەڵکو تەنیا بەو مانایەیە کە جەست سەخت هەوڵ دەدات ژیانت رزگار بکات. وەکو چۆن سەگێك بەلایەوە خۆشە کە لە سمۆرەکان بتپارێزێت، بەهەمان شێوە بەلای جەستەشتەوە خۆشە کە ئەمە بکات. قورسە سەگێك لەبەرانبەر رەفتارە غەریزییەکەی سەرزەنشت بکەیت و هەمان تێگەیشتن بەسەر مێشکت پیادە دەبێت.

لەبەرئەوەی من رێز لە کاردانەوەی ترسی نەوەستاوی جەستەم دەگرم، دەبێ لە رێگەی خۆم بچمە دەرەوە بۆ ئارام بوونەوە بەر لەوەی وتارەکە پێشکەش بکەم. دەمەوێ ئەوەندەی بکرێ جەستەم هێور بکەمەوە و ئەوەندەی بکرێ لە سەرەتای رۆژدا وزەی فیزیکی دەربدەم. وەکو رێسایەك، سەر لەبەیانی پێش ئەوەی بچمە سەر سەکۆ، دەچمە هۆڵی وەرزشی. ئەمە تاکە رێگەیە کە بۆم دەرکەوتووە بە شێوەیەکی سروشتی ئەو کاردانەوانەی ترس دادەمرکێنێتەوە و ئەو ئاستی ئەو مەترسییانە دادەبەزێنن کە ئیعازی دەدەن. رێگاکانی تری کەمکردنەوەی فشاری جەستەیی بریتین لە:

-زوو ئامادەبوون لە هۆڵەکەدا بۆئەوەی هەست بە تەنگەتاوی نەکەیت

-پرۆڤە لەسەر مەسائیلی تەکنیکی و دەنگ لە کاتێکی زۆری پێش دەستپێکردندا

Scanned with CamScanner

-هاتن و چوون بەسەر سەکۆیەکەدا بۆئەوەی جەستەت هەست بە ئارامی بکات لە هۆڵەکەدا

-دانیشتن لەناو ئامادەبوواندا بۆئەوەی هەستێکی فیزیکیت هەبێ لەمەڕ ئەوەی کە ئەوان چی دەبینن

-نان خواردن لەکاتێکی گونجاودا بۆئەوەی برسیت نەبێ، بەڵام نەك رێك پێش ئەوەی وتارەکەت دەست پێبکات

-قسەکردن لەگەڵ هەندێ خەڵکی ناو ئامادەبووان پێش ئەوەی دەست پێبکەیت (ئەگەر بۆت گونجاو بێ)، بۆئەوەی چیتر لە خەڵکی نامۆ پێکنەهاتبن (ئەگەری کەمترە کە هاوڕێکان بتخۆن)

هەموو ئەو شتانە یارمەتیت دەدەن تا لەگەڵ ئەو ژینگە فیزیکییەی تیایدا وتار دەدەیت، رابێیت، کە دەبێ هەستی ترسی جەستەت کەم بکەنەوە. پشکنینێکی دەنگ وا لە گوێکانت دەکات ئەوە ببیستن کە چۆن لە کاتی وتاردانداقسە دەکەیت، هەروەکو چۆن پیاسەیەك بەسەر سەکۆیەکەدا یارمەتی جەستەت دەدات هەست بکات شوێنەکە ئاشنایە. لەوانەیە ئەمانە وەکو شتی بچوك دەربکەون، بەڵام پێویستە تۆ هەموو ئەو فاکتەرانەی کە دەتوانیت، کۆنترۆڵیان بکەیت بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوانەی کە گەورەن، ئەوانەی کە لە کاتی وتاردانداا دەردەکەون و ناتوانیت کۆنترۆڵیان بکەیت. ئەو وتاربێژانەی کە درەنگ دەگەن، لە دواین ساتدا لاپەڕەکانیان دەگۆڕن، یان قەت ناچنە سەر سەکۆیەکە تا نۆرەی قسەکردنیان نەیەت و پاشان لەبارەی شڵەژانەوە سکاڵا دەکەن، تەنیا دەبێ سەرزەنشتی خۆیان بکەن. ئەوە خودی وتاردانەکە نییە کە کێشەیە، ئەوان ناتوانن بەرپرسیارێتیی کاردانەوەی فشاری نەگۆڕی جەستەیان هەڵبگرن.

هەروەها هۆکاری دەروونیش هەن کە بۆچی وتاردانی گشتی ترسناکە. هۆکارەکانیش ئەم ترسانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

Scanned with CamScanner

-حوکم لەسەردان، رەخنەلێگیران، یان پێ پێکەنین
-کردنی شتێکی شەرمەزارکەر لەبەردەم خەڵکانی تردا
-وتنی شتێکی پوچ کە خەڵکەکە بیریان نەچێتەوە
-پڕوکاندنی خەڵك تا ئاستی خەوبردنەوە، تەنانەت ئەو کاتەش کە باشترین بیرۆکەت دەردەبڕیت

دەتوانین لە ڕێگەی دەرك کردن بەوەی کە ئێمە هەموو کاتێ لەنا خەڵکدا قسە دەکەین، زۆربەی ئەو ترسانە بچوك بکەینەوە. تۆ هەنوکە لە وتاردانی بەردەم خەڵکدا باشیت- تێکڕای هەر کەسێك ١٥,٠٠٠ وشە لە ڕۆژێکدا دەردەبڕێت. ئەگەر تۆ ئەم قسانە لە سوچێکی تەنیاییدا نەخوێنیتەوە، زۆربەی ئەو وشانەی کە دەریدەبڕیت، بۆ خەڵکانی تر دەردەبڕدرێن. ئەگەر تۆ ژیانێکی کۆمەڵایەتیت هەبێت و لە شەوانی هەینیدا بچیتە دەرەوە، لەوانەیە لە یەك کاتدا قسە بۆ دوو، سێ یان تەنانەت ١١ کەس بکەیت. پیرۆزە، تۆ ئێستا وتاربێژێکی گشتیی کرداریی سەرکەوتوویت. تۆ لەگەڵ هاوکارەکانت، خێزانەکەت و هاوڕێکانتدا دەدوێیت. تۆ ئیمەیڵ و وێب بەکاردێنیت، کەواتە تۆ ئەو شتانە دەنوسیت کە ڕۆژانە لەلایەن سەدان کەسەوە دەبینرێن. ئەگەر تۆ ئاوڕێك بدەیتەوە لە لیستی ترسەکان، ئەوانەش هەمووی لەو بارودۆخانەدا پیادە دەبن.

لە ڕاستیدا، ئەگەری زیاترە کە لەلایەن ئەو خەڵکانەوە حوکمت لەسەر بدرێت کە دەیانناسیت، چونکە لەو شتانە ورد دەبنەوە کە دەیڵێیت. ئەوان هۆکاریان هەیە بۆ مشتومڕکردن و ناکۆك بوون، چونکە ئەوەی کە دەیکەیت بە چەند شێوازێك کاردەکاتە سەریان کە وتاربێژێکی گشتی قەت نایتوانێ. هۆڵێك لە ئامادەبووانی نامۆ کەمتر ورد دەبنەوە و لە خراپترین حاڵەتدا، خەواڵو دەبن یان خەو دەیانباتەوە کە وایان لێدەکات نەتوانن هیچ هەڵەیەك بەدی بکەین کە دەیکەیت. لەکاتێکدا کە ڕاستە زۆرێك لە ترسەکان نائەقڵانین و ناکرێ تەنیا بە لۆژیك بەتاڵ بکرێنەوە،

Scanned with CamScanner

ئەگەر تەنیا بتوانیت بەشێوەیەکی ئاسودە لەگەڵ ئەو خەڵکەدا قسە بکەیت کە دەیانناسیت، ئەوا ئەو شارەزایەتییانەت هەیە کە پێویستن بۆ قسەکردن لەبەردەم ئەو خەڵکانەی کە نایانناسیت. جارێکی تر کە گوێ لە وتاربێژێکی گشتیی باش دەگریت وردبەرەوە. لەوانەیە وتاربێژەکە سروشتی و ئاسودە بێت، وات لێبکات کە هەست بکەیت قسە بۆ گروپێکی بچوکی خەڵکی دەکات، وێڕای ئەو هەموو خەڵکە زۆرەی کە لەوێن.

هەبوونی هەستێکی کۆنترۆڵ، تەنانەت ئەگەرچی لە هۆشیشتدا بێ، بۆ زۆرێك لە کەسانی سەر تەختەی شانۆ گرنگە. ئەگەر تۆ بڕوانیتە مۆسیقار و وەرزشەوانەکان، ئەو خەڵکانەی کە شەوانە لەبەردەم جەماوەری زۆردا نمایش دەکەن، هەموویان سروتی پێش نمایشیان هەیە. (لوبرۆن جەیمز) و (مایك بیبی)، کە یاریزانی باسکەن، بەشێوەیەکی خوراق پێش یاری و لەماوەی یارییەکەیاندا نینۆکیان دەجوون. مایکڵ جۆردن لە هەر یارییەکدا، لەژێر شۆرتی (رێکخراوی باسکەی نیشتمانی)یەکەیدا، شۆرتە کۆنەکەی زانکۆی کارۆلایناى باکووری لەبەر دەکرد. (واین گرێتسکی) تی شێرتە خورییەکەی دەخستە ناو پانتۆڵی یاریی هۆکییەکەی، شتێك کە لە منالیدا فێر ببوو دەیکرد. (وەید بۆگز) پێش هەر یارییەك مریشکی دەخوارد. ئەم کردارە بچوکانەی کۆنترۆڵ، چەندە بەلامانەوە سەیر یان رەمەکی (عشوائی) دیار بن، یارمەتیدەریان بوون تا بڕوابەخۆبوونی پێویست بەدەست بێنن بۆ رووبەڕبوونەوە لەگەڵ واقیعی کۆنترۆڵنەکراوی کارەکانیان. کارەکانیشیان زۆر قورسترە لەوەی کە وتاربێژە گشتییەکان دەیکەن. بۆ هەر خاڵێك کە مایکڵ جۆردن تاوەکو ئێستا تۆماری کردووە، تیمی وەرزشەوان، یان وەرزشەوانێکی پرۆفێشنالی داهات زۆری تر هەبووە کە هەوڵیداوە لەو کردارەی خاڵ تۆمارکردن بیوەستێنێت.

کەواتە، ئەگەر تیرۆریستانی وتاردان لە گەرمەی قسەکردنتدا مایکرۆفۆنەکەت نەدزن یان پرۆجێکتەری خۆیان دابنێن و دەست بکەن بە پیشاندانی لاپەڕەکانی

Scanned with CamScanner

خۆیان– کە بەشێوەیەکی دیاریکراو بۆ دژەیەکبوون لەگەڵ یەك بەیەکی بیرۆکەکانی تۆ دیزاین کرابێ– ئەوا تۆ لە دەرەوەی ئەو فشارانەیت کە نمایشکەران شەوانە رووبەڕووی دەبنەوە. تێبینیکردنی بچوکی وەکو ئەمە ئاسانی دەکات کە گاڵتەت بە شڵەژان بێت، تەنانەت ئەگەرچی نەشڕوات.

Scanned with CamScanner

بەشی سێیەم

سی هەزار دۆلار لە سەعاتێکدا

کات ٧:٤٧ خولەکی سەر لە بەیانییە لە (فیشەرمانس وارف) لە سان فرانسیسکۆ، خۆر تازە دەردەکەوێ. بۆ هەر نوسەرێك کە لە دەرەوە بێ کات و شوێنێکی زۆر ناخۆشە. نوسەران، خەڵکانی باش خۆگونجێنەر نین، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە ئامرازە دڵخوازەکانی کارلێکمان لەگەڵ شارستانیەت بریتییە لە هەڵدانی پەرەگراف شێوە بۆمب بەسەر خەڵکدا لە پشت پەناگەی لاپتۆپەکانمانەوە. نوسەری کەم دەناسم کە حەزیان لە بەیانییانە و دەرگاوانی هۆتێلەکەشم- کە جلی یەکپۆشیی شینی درەوشاوەی لەبەرە- بە ئاشکرا لایەنگری منە. ئەو تەکسیم بۆ رادەگرێت و لەژێر چاوە ماندووەکانیەوە نیوە خەندەیەکم تێ دەگرێت، خەندەیەك کە دەڵێ "ئەرێ ئیشکردن بەم سبەینە زووە ناخۆش نییە؟" هەر کەسێك کە شیفتی شەو بە هەستێکی گاڵتەوگپەوە تەواو دەکات لە راستیدا پیاوێکی باشە. یان لەوانەیە من ئەم بەیانییە وەکو زبڵ دەربکەوم و ئەویش روخساری من بە پێکەنیناوی بزانێ. لەوانەشە هەردووکیان بێ.

خەڵك بەشێوەیەك باس لە خۆرهەڵاتن دەکەن وەك بڵێی شتێکی سیحراوییە. لەگەڵ ئەوەشدا، لێرە لە (فیشەرمانس وارف)تەمی بەرەبەیان، توێژاڵێکی پرتەقاڵیی شکۆمەندانە بەدەوری خۆرهەڵاتی درەنگانی زستاندا دروست دەکات، کەس جگە لە دەرگاوانەکە، شۆفێری تەکسییەکە و من بێدار و لە دەرەوە نین.

Scanned with CamScanner

دەزانی بۆ؟ خەڵکی تەمبەڵن. تەنانەت ئەگەرچی لە ٧:٤٧ی بەیانیدا خۆر وەکو تابلۆی بێ وێنە و رۆح بەجۆشهێنەری (جەی ئێم دەبلیو تێرنەر) هەڵبێت، خۆرهەڵاتێك کە کاغەزی ١٠٠ دۆلاری و ژمارەکانی یانسیبی سبەینێ ببەخشێ، خەڵکێکی کەم لە ئێمە بۆ بینینی لە دەرەوە دەبن. زۆربەی ئەو شتانەی کە دەیڵێین ئەوەندە بێ هاوتا و سەرسوڕهێنن کە بەبێ شەڕ تەسلیمی سەعاتێکی زیادەی خەو دەکرێن. ئێمە لە خەو هەڵدەسین، کەمێك رادەمێنین و دەچینەوە ناو ئاسودەیی خەونەکانمان. کەمخەوی، نەفرەتێکی سەردەمی مۆدێرنە، کێشەیەك کە لە شتە تەکنۆلۆژییەکانمانەوە دەرقولاوە. پێش گڵۆپەکەی ئەدیسۆن، ئێمە تێکڕا ١٠ سەعات لە شەوێکدا دەخەوتین، لە ساڵی ٢٠٠٩دا ئێمە نزیکەی نیوەی ئەوە دەخەوین. ئەمەش بەو مانایەیە کە تا ئەو شوێنەی پەیوەندی بە خۆرهەڵاتنەوە هەیە، بەوەی کە دەیکەن حوکم لەسەر خەڵك بدە نەك ئەوەی کە دەیڵێن.

لەم بەرەبەیانەدا، خۆر لە نمایشێکی تەواودایە، بەڵام کوان ئەوانەی کە ئارەزوومەندی خۆرهەڵاتن؟ ئەوان لە دەرەوە لەسەر شەقامەکە لەگەڵ من نین. ئەوان خەوتوون، وەکو من ئەگەر بمتوانیایە. راستییەکە ئەوەیە، وتاربێژانی گشتی لە هەموو شوێنێك، بە بێدارهێشتنەوەی ئامادەبووانیان کاتێکی باشتریان بەسەر دەبرد ئەگەر خەڵکێکی زیاتر شەوی پێشوو باشتر بخەوتنایە. ئەگەر دەرکەوتنی نزیکترین ئەستێرەمان– سەرچاوەی هەموو وزە و ژیان لەسەر زەوی، رەمزی گەردوونیی بۆ هەموو ئەو شتانەی کە باشن، خۆشن و ئومێدبەخشن– نەتوانێ خەڵکی لە پێخەفەکانیان بێنێتە دەرەوە، دەبێ وتاربێژێك چ دەرفەتێکی هەبێ؟

بەوپەڕی راستگۆییەوە دەڵێم، حەزم لە خۆرهەڵاتە...رقم لە خەوهەڵسانە بۆ بینینی. خۆرهەڵاتەکان ناوازەن کاتێ لە پەنجەرەی هۆتێلێکەوە دەبینرێن، لە پێخەفێکی ئاسودەوە کاتێك قەرار وانییە بۆ چەند سەعاتێك هیچ شتێك بۆ هیچ کەسێ بکەم. گرفتی پرۆفێشنالم ئەوەیە کە وتاردانی گشتی زۆرجار سەدان خولەك

Scanned with CamScanner

لە کاتێکی هەڵەی نیوەڕۆدا دیاری دەکرێ. لەو ڕۆژانەشدا کە ئەوەندە خۆشبەختم بۆ وتارێ زیاترین پارەم دەست دەکەوێ، چاکەیەکی تریشم بە نسیب دەبێ: وتاری سەرەکی بەو مانایەیە کە من ریتمی ڕۆژەکە دیاری بکەم، تەحەدییەك کە- بە لەبەرچاوگرتنی تێگەیشتنی سنووردارمان لە بۆشایی و کات- پێم دەڵێت دەبێ پێش هەر کەسێکی تر وتار بدەم. هەموو ئەم شتانە ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی لە ٧:٤٨ بەیانیی سێشەممەدا، خۆم شتووە، پاك کردووەتەوە، تراشم کردووە، مەکینەم لە قژم داوە، نانم خواردووە و بۆنم لەخۆم داوە، قەمیسێکی وتوکراوم لەبەرکردووە و پێڵاوی بۆیاخکراوم لەپێ کردووە و لە تەکسییەکەمدام بەرەو ناوچەی دەریایی سان فرانسیسکۆ . وەکو ئەو ڕووناکییە جوانەی کە هێشتا ڕووبەری هەورەکانی سەر کەناراوی سان فرانسیسکۆی گرتووە، ئەم بەیانییە هەم بێ هاوتا و هەم خەمناکە، دڵڕفێن و پڕوکێنەرە. ئەمە ڕێگەیەکی بێ وێنەیە کە بە پارەی بیرکردنەوە و فێربوون و ئاڵوگۆڕی ئایدیاکان، بژیت- واتە هەموو ئەو شتانەی کە حەز لێیانە. بەڵام لە ماڵەوە دوورم، بۆ شوێنێکی نامۆ دەچم و قسە بۆ خەڵکی نەناس دەکەم، سێ ڕاستیی شڵەژێنەر کە بەو مانایەن دەشێ هەر شتێ ڕووبدات، بەتایبەت لەبەرئەوەی کە خراپترین کاتە بۆ مێشکی من- بەرەبەیان.

خۆکردن بە هۆڵەکەدا یەکەم تەحەدییە کە ڕووبەڕووی وتاربێژێکی گرێبەست دەبێتەوە و با پێتان بڵێم، زۆرجار تەحەدییەکی گەورەترە لە خودی وتاردانەکە. وتارەکە باش دەزانم، چونکە خۆم دروستم کردووە. سەرزەنشتی کەس ناکەم ئەگەر خراپ بێ. کاتێکش دواجار دەگەمە ئەو ژوورەی کە قسەی تیا دەکەم- تەنانەت ئەگەرچی خراپترین ژوور بێ لە جیهاندا- دەتوانم لەگەڵ هەر کێشەیەکدا بگونجێم کە هەیەتی. بەڵام تا ئەو کاتەی کە دەگەمە ژوورەکە، تا ئەو کاتەی کە لە فڕۆکەخانەکان، شارێکان، شارەکان، سەنتەرەکانی کۆنفرانس، بینایەکانی ئۆفیس و شوێنەکانی پارکینگ، ڕەت دەبم ناتوانم دەست بکەم بە ئامادەبوون. لە ڕووی

Scanned with CamScanner

سایکۆلۆژییەوە، لە حاڵەتی ڕۆیشتندا بوون، وەکو ئەوە وایە لەسەر پەتی پەڕینەوە(ی نزیك) بیت بۆ ئەوێ. بە پێچەوانەی وتاردانەوە، کە تیایدا هەست بە کۆنترۆڵ دەکەم، ئەوە ئەو شتانەن کە ناتوانم کۆنترۆڵیان بکەم کە شڵەژان دروست دەکەن– وەکو سەرگەردان بوونی شۆفێری تەکسییەکە، قەرەباڵغی ترافیك چەند کیلۆمەترێك پێش ئەو شوێنەی کە پێویستە لێی بم و ئەو کۆمپانیا و کۆلێژانەی کە بۆ سەردانکەرانی وەکو من دۆزینەوەیان قورسە. (کێ چوزانێ بینایەی ١١ لە تەنیشت بینایەی ٢٤ە لە کەمپی سەرەکیی مایکرۆسۆفتدا، یان هۆڵی کرێسج لە پشت هۆڵی بێکسلی لە ئینستیتۆی ماساشوسێتس خۆی حەشارداوە؟) لە ئەزموونی خۆمەوە، دەزانم کە هیچ شتێك لەوە خراپتر نییە کە لە پانتاییەکی نامۆی زۆر نزیك و لەهەمان کاتدا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن دوور بیت.

کاتێك دەگەمە کۆمەڵە بینایەی (قەڵای مەیسن)، کە دەبێتە شوێنی وتاردانی ئەم سێشەممە تایبەتییە، تەکسییەکەش دەردەپەڕێت و دەڕوات، بۆم دەردەکەوێت کە لەو شوێنەوە زۆر دوورم کە پێویستە لێیبم. (قەڵای مەیسن) بنکەیەکی سەربازیی سەردەمی شەڕی ناوخۆیە، بەم دواییانەش بووەتە سەنتەرێکی کۆمەڵ. وشەی کۆمەڵە بینایە گونجاوە. ڕێنماییەکانم دەڵێن بینایەی (ئەی) بدۆزمەوە، بەڵام هیچ تابلۆیەك لە ئارادا نییە و لەهەمووشی گرنگتر و هیچ بینایەیەکی ئاسایی بەدی ناکرێ و ئەوەی کە هەیە ریزێك مەقەڕی سەربازی،بورج و گەراجی بەرتەسکن هاوشێوەی بێ کۆتایین.

Scanned with CamScanner

سەنتەری (قەڵای مەیسن) یەك کەموکوڕیی گەورەی هەیە: خۆی لە گۆڕین بواردووە. هێشتا وەکو شوێنێك دەردەکەوێ کە بڵێی بۆ کوشتنی تۆیە، نەك پێشوازی لێکردنت بۆ چالاکییە سەرگەرمکەرە کۆمەڵایەتییەکان. پەرژین، دەروازە، بەربەست، تەلبەند و دیواری بەردینی بەرز هەن کە سوچی تیژیان هەیە. بۆ بەراوردکردن، مۆزەخانەیەکی سەربازی لە (کیێڤ) هەیە کە دوو تانکی لەکارخراوی دووەم جەنگی جیهانی لە دەروازەی سەرەکی هەیە کە بە هێڵی کەوانەیی پەلکە زێڕینە بۆیە کراون. ئێستا ئەمە گۆڕینێکە: ڕۆژێك لە ڕۆژان ماشێنێکی مەرگ بوو، ئەمڕۆش کەرەستەیەکی یاریی پوچی خۆشیبەخشە. لەلایەکی ترەوە، قەڵای مەیسن بە شوێنێك دەچێت کە لەوانەیە (سپارتا)کان بیانوتایە زۆر سپارتانە(پێداویستی بنچینەیی کەمە). ئەوان داوای ریزێك دەوەن و بۆیاخێکی نوێیان دەکرد بەرلەوەی بێنە ناوی.

Scanned with CamScanner



لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگاکەمدا، لە دەروازەی پێشەوەدا دەوەستم- هەر ئەو شتەی کە بەشێوەیەکی غەریزی لە دەروازەکاندا دەیکەم لە نزیك ئەو شتانەی لە بنکەی سەربازی دەچن- و تەنیا پاش چەند ساتێك وەستان وەکو گەمژە، دەرك بەوە دەکەم کە دەتوانم بچمە ناوەوە. هیچ پێناس و ئاڵای سپی پێویست نییە. دەروازەکە بۆ ئۆتۆمبێلەکانە بۆیە دەریشدەکەوێ هۆکاری روخساری نامۆی پاسەوانەکان چییە: من لە تەواوی ئەو کاتەدا لە ڕێڕەوی ئۆتۆمبێلدا وەستاوم. بەناو کۆمەڵە بینایەکەدا بێ مەبەست دەخولێمەوە، تووشی چەند بنبەستێك، پێچی هەڵە و گەراجی بێ تابلۆ دەبم، هەوڵ دەدەم وێنای قەناسەکان نەکەم لە بورجەکاندا، تا ئەوەی کە (بینایەی ئەی) دەدۆزمەوە و بەخۆشحاڵییەوە دەچمە ناوەوە.

Scanned with CamScanner

کۆڕەکە لە قەڵای مەیسن لەلایەن (ئەداپتیف پاس) بەڕێوە دەبرا کە کۆمپانیایەکی راوێژکاریی دیزاینی ناسراوە لە (بەی ئێریە)ی سان فرانسیسکۆ و من ئەو کەسانە باش دەناسم. ئەوان پێشتر گرێبەستیان لەگەڵ ئەنجامدابووم و سڵاوم لە دەموچاوە ئاشناکان دەکەم. بە زوویی چاوم بە (جولی) دەکەوێ کە یەکێکە لە رێکخەرانی کۆڕەکە و پاش دەمەتەقێیەکی کورت نامەیەکم دەداتێ. دەزانم کە چەکێکی (٥,٠٠٠)دۆلاری لەناودایە حەقی خزمەتگوزارییەکەم. دەمەوێ بیکەمەوە و سەیری بکەم. لە سۆنگەی پارەوە مێشکم هێشتا وەکو هی منداڵێك بیر دەکاتەوە کە ١٠٠ دۆلار چەند تەنێکە و ٥٠٠ دۆلار بێ وێنەیە. هەرشتێکی لەوە زیاتر لەو بەشە پانزە ساڵانەیەی جەستەمدا بوونی نییە. دەمەوێ بڕوانمە ناوەوە، نەك لەبەرئەوەی متمانە بە جولی ناکەم، بەڵکو متمانەم بەخۆم نییە.

من سەرم لەوە سوڕماوە کە چۆن کەسانی پێگەیشتوو ئەو هەموو پارەیە دەدەنە پێگەیشتووانی تر لەبەرانبەر ئەنجامدانی شتی پێگەیشتووانە، سەلامەت و پڕوکێنەر. هاوڕێی منداڵیم (دۆگ)، ئۆتۆمبێلە کادیلاکەکەی دایکی بەسەر گردێکی گەورەدا لە رۆنگسایدی دەروازەی سەنتەری شۆپینگی (وایتستۆن) بە خێرایی ٦٠ مایڵ لە سەعاتێکدا بە خۆڕایی لێدەخوڕێ–ئێمەش لە کوشنەکانی دواوە بووین و دەمانقیژاند. ئەو بەبێ هیچ حەقدەستێك سەرکێشی بە ژیانی هەموومانەوە کرد جگە لە چێژە پەتا ئاسا شێتانەکەی خۆی. لەهەمان کاتدا، خاوەن بانك و بەڕێوەبەرانی سندوقی سەرمایەگوزاری بە یاریکردن بە لاپەڕەکانی (ئێگزڵ) ملیۆنان بەدەست دەهێنن، چالاکییەك کە هیچ بوارێکی زیانی جەستەیی تێدا نییە، خۆیان لە ئێشی دەماریی دەست دەپارێزن. ئەوان لە ساڵێکدا زیاتر لەوەی کە ئەوانەی سەقفی خانووەکەمیان دانا، رێگاکەیان داڕشت، یان وەکو ئاگرکوژێنەوە و پۆلیس بۆ پارێزگاریلێکردنی کار دەکەن لە تەواوی تەمەنیاندا بەدەستی دێنن، پارە پەیدا

Scanned with CamScanner

دەکەن. ئەوە راستیی سەیری وەکو ئەمانەن کە دەبێ رووونیان بکەینەوە کاتێك فەزاییەکان لەسەر زەوی دەنیشنەوە.

لە فیلمە سینەماییەکاندا، مافیاکان هەمیشە جانتاکانیان دەکەنەوە و پارە دەژمێرن، بەڵام لە ژیانی راستەقینەدا، کەس ئەمە ناکات. ئەمە سەیر و نامۆیە. پارە بەلای ئەمریکییەکانەوە، کەلتوورێك کە لەلایەن رەگوریشەی پرۆتستانتی پایەدارەوە نەفرەتی لێکراوە، پڕە لە شەهوەت و شەرمەزاری. لەگەڵ ئەوەشدا، کەلتووری بەکاربەری مۆدێرنمان لەسەروو هەموو شتێکی ترەوە کەڵەکەکردنی سامانی دارایی بەرز دەنرخێنێت، سەرباری ئەو دێڕەی کتێبی پیرۆز (بۆ وشترێك ئاسانترە بچێت بە کونی دەرزیا نەك ئەمەی دەوڵەمەنێك بچێتە مەملەکەتی خودا) کە دەڵێ ئەمە بۆ ئیماندار بیرۆکەیەکی خراپە. ئەو هاودژییەی کە دروست دەبێ، هۆکاری بەشی زۆری ئەوەیە کە خۆش و خەمناکە لەبارەی ئەمریکاوە. وای بۆدەچم کە زۆرێك لە ئێوە رێك خۆی هەڵدابێتە ناو ئەم بەشەوە بەهۆی ناونیشانەکەیەوە، یان کاتێك سەیری پێڕستی بابەتەکانتان کردووە، یەکەم جار تێبینیتان کردووە. نەك لەبەرئەوەی ئێوە خراپن، بەڵکو لەبەرئەوەی ئێمە هاوکات بە پارە سەرسام دەبین و تێکیشدەچین، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئیشێکی وەکو وتاربێژیی گشتی کە پێدەچێ رووکەش بێت. دەزانم من پارە لەبەرانبەر شتێك وەردەگرم کە، لە چوارچێوە گەورەکەدا، کار نییە. ئەمە کارێکە بە (ك)ێیەکی بچوکەوە، بەڵام هەڵوگێڕکردنی خەڵوز، خانوودروستکردن، یان شەڕ کردن نییە لەبەرەی جەنگدا، کە (ك)ێیە گەورەکەیان بەر دەکەوێ. من هەرگیز پشتم پێوە نایەشێت، سییەکانم تێکناچن یان فیشەکم بەر ناکەوێ (مەگەر ئەوەی کە لە نزیك شەڕێکی مافیایی لە برۆنکسی باشوور محازەرە بدەم). سەرباری ئەو پرسیارە زۆرانەش کە بە مێشکدا دێن کاتێك جولی ئەو چەکەم دەداتێ، دەیئاخنمە تەنگەی گیرفانمەوە و بەرەو مینبەرەکە دەکەومەی رێ بۆ چوونەسەر کار.

Scanned with CamScanner

من بایی ٥,٠٠٠ دۆلارم بۆ هەر وتاردانێك و وتاربێژانی تر ٣٠,٠٠٠ دۆلار یان زیاتر وەردەگرن، لەبەر دوو هۆکار: سوڕی محازەرە و ئابووریی بازاڕ. دوای محازەرەدانەکە خەڵکی دێنە لام و پرسیار دەکەن "ئێ، کەی بوو چوویتە سوڕی محازەرە پێشکەشکردنەوە؟" منیش بە پرسیارێك وەڵامم دایەوە "دەزانی سوڕ چییە؟" و ئەوانیش هیچ بیرۆکەیەکیان نییە لەو بارەیەوە. ئەمە زاراوەیەك پێشتر بیستوویانە، وێڕای ئەوەی کە قەت روون نەکراوەتەوە و پێدەچێ بە شێوەیەك لە شێوەکان تاکە شتێکی بەجێ بێت بۆ پرسیارکردن لە وتاربێژێکی گشتی کاتێ هەوڵ دەدەیت پیشانی بدەیت بەلاتەوە گرنگە بزانی چۆن بژێوییەکەی پەیدا دەکات. باشە، ئەمە سەرەتاکەیە. وتاربێژیی گشتی یان خەڵك، وەکو چالاکییەکی پرۆفێشنالێ پێش شەڕی ناوخۆ برەوی پەیدا کرد. لە ١٨٠٠ەکاندا – چەند دەیەیەك بەر لە کارەبا، رادیۆ، فیلمی سینەمایی، تەلەڤزیۆن، ئینتەرنێت یان ئۆتۆمبێل– دۆزینەوەی سەرگەرمی قورس بوو. ئەمە دەریدەخات کە بۆچی زۆرێك لە خەڵکی لە کۆرسەکانی کڵێسەدا گۆرانیان دەوت، کتێبیان دەخوێندەوە یان لە راستیدا چەند سەعاتێك پێکەوە قسەیان دەکرد: پێشبڕکێ بوونی نەبوو.

لە ١٨٢٠کاندا، پیاوێك بەناوی (جۆسیا هۆڵبروك) بیرۆکەی زنجیرە محازەرەیەکی گەڵاڵەکرد بەناوی (لیسێیەم) کە بەناوی ئەو هۆڵی شانۆ یۆنانییەوە کرابوو کە تیایدا ئەرستۆ وتاری بۆ قوتابییەکانی دابوو (بەخۆڕایی). ئەمە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن برەوی هەبوو، بەرنامەی (ئەمێریکان ئایدڵ)ی رۆژگاری خۆی بوو. خەڵکی لە هەموو شوێنێکەوە دەیانویست بێتە شارۆچکەکەیان. بەهاتنی ساڵی ١٨٣٥، ٣,٠٠٠ دانە لەو کۆڕانە لە سەرانسەری ئەمریکادا هەبوون، بە شێوەیەکی سەرەکیش لە (نییوئینگلاند). لە ١٨٦٧دا، هەندێ گروپ کۆبوونەوە بۆ پێکهێنانی (کۆمەڵگەی ئەدەبیی یەکگرتوو) کە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر وتاربێژی بە شێوازی تاکەکەسی و دیاریکراو حیجز دەکرد. ئەمەش ئەو سوڕی موحازەرەدانە بڵاوەیە کە

Scanned with CamScanner

ئێمە هەموو کاتێ لە خەڵکییەوە دەیبیستین. لەو کاتەدا ئەمە تاکە شتێك بوو کە بتتوانیایە لەگەڵیدا بڕۆی. "بای ئازیزەکەم، من دەچمە سوڕی محازەرەدانەوە...شەشی مانگی تر دەگەڕێمەوە" شتێك بوو کە لەوانەیە وتاربێژێکی بەناوبانگ بیوتایە. ئەوەندەی پێدەچوو تا سوڕێکی محازەرەدانت لەسەرانسەری وڵاتدا بە سواری ئەسپ تەواو دەکرد و دەگەڕایتە ماڵەوە. پێش ڕۆژگاری (ڕۆلینگ ستۆنس) یان (U2)، ئەو نمایشکارانە هەبوون کە پاش گەشتی چەندەها سەعاتیش هەر خۆگربوون بەبێ پاسی دووقات، گروپە گەورەکان و ئاهەنگە درێژخایەنەکان.

لە سەرەتادا پارەیەکی کەم دەدرایە وتاربێژان. (لیسێیەم) وەکو خزمەتگوزارییەکی گشتی دامەزرا، وەکو درێژکراوەیەکی کتێبخانە خۆجێیەکەی تۆ. ئەمە بزاڤێکی خزمەگوزاری کۆمەڵ، جەماوەریی سەرگەرمکەر بوو کە ئامانجەکەی پەروەردەکردنی خەڵك و بەرەودان بە ئایدیاکان بوو. ئەم کۆڕانە زۆرجا خۆڕایی یان هەرزان بوون، بۆ نموونە ٢٥ سەنت بۆ تیکتێك یان ١,٥٠ دۆلار بۆ تەواوی وەرزێك. بەڵام بە هاتنی ١٨٥٠کان، کاتێك وتاربێژە گرانبەهاکانی وەکو (دانیەل وێبستەر)، (رالف والدۆ ئێمرسن) و مارك توەین سوڕەکەیان گرت، نرخەکانی محازەرە گەیشتە ٢٠ دۆلار بۆ هەر تیکتێك- هاوتای نزیکەی ٢٠٠ دۆلار بۆ هەر کورسییەك لە ساڵی ٢٠٠٩دا. بێگومان، محازەرەی خۆڕایی هەر بەردەوام بوو و لە داهاتووشدا هەر دەبێ، بەڵام گرانبەهاکەی بۆ کەسانی وتاردەر گەیشتە ئاستە بێ پێشینەکان. لە دوادواکانی ١٨٠٠کاندا، بوو بە شتێك کە کەسێکی ناسراو دەیتووانی زیاتر لەو پارەیە پەیدا بکات کە پێویستە بۆ بژێوییەکی ئاسودە کە ڕێك هەمان ئەو شتەش بوو زۆرێك لە نوسەرانی بەناوبانگ توانیان بیکەن.

بە زوویی بازاڕی ئازاد زاڵ بوو. گەشتی ئاسمانی، رادیۆ، تەلەفۆن و هەر شتێکی تر کە ئەمڕۆ بە ئاسایی دەیبینین، بیرۆکەی تاکە سوڕی کرد بە شتێکی نامۆ.

Scanned with CamScanner

زنجیرە محازەرەکان، کۆنفرانسەکانی راهێنان و کۆبوونەوە کۆمپانیاییەکان هەزاران بۆنە و کۆڕیان هێنایەکایەوە کە لە هەر ساڵێکدا وتاربێژی نوێی پێویست دەکرد.

هەندێ لە بۆنەکان پارە نادەنە وتاربێژ بۆ ئامادەبوون تەنانەت لەوانەیە پارەشی لێ بسەنن (هەروەکو ئەو حاڵەتەی کە شەرەفێکە بانگهێشت بکرێیت بۆ وتاردان)، بەڵام زۆرێکیان گرێبەست لەگەڵ چەند وتاربێژێك دەکەن بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە شتەکان بە باشی بەڕێوە دەچن. بۆ ماوەی چەند دەیەیەك، بایی پێویست داواکاری هەبووە بۆ وتاربێژان کە نوسینگەکانی وتاربێژ- ئاژانسەکانی بەهرە بۆ وتاربێژانی گشتی- وەکو نێوانگیر کار دەکەن، ئەو خەڵکانەی کە دەیانەوێ لە بۆنەکەیاندا وتارێك پێشکەش بکرێ لەگەڵ وتاربێژان، وەکو من کە هیوادارن بۆ وتارێك حەقدەستیان پێ بدرێت، دەگونجێنن. ئەگەر دەتەوێ بیڵ کلینتن، مادۆنا یان ستیفن کینگ لە ئاهەنگی لەدایکبوونەکەتدا قسە بکات و پارەتی نەختت پێیە، نوسینگەیەکی وتاربێژی هەیە نوێنەرایەتی هەر یەکێك لەوانە دەکات کە ئارەزوومەندە رێککەوتنێکت لەگەڵدا بکات. ئەمەش جارێکی تر دەمانگەڕێنێتەوە بۆئەوەی کە ئاخۆ من بایی ٥,٠٠٠ دۆلارم.

خشتەی ١-٣ وتاربێژە گرانبەهاکان و کرێکانیان پیشان دەدات.

وتاربێژ	کرێی محازەرەیەکی یەك
سەعاتی	
بیڵ کلینتن	+ ١٥٠,٠٠٠ دۆلار
کاتی کۆریك	+ ١٠٠,٠٠٠ دۆلار
مالکۆلم گلادوێڵ	+ ٨٠,٠٠٠ دۆلار
گاری کاسپارۆڤ	+ ٧٥,٠٠٠ دۆلار
دەیڤد ئاڵێن	٥٠,٠٠٠-٧٥,٠٠٠ دۆلار
بێن ستێین	٥٠,٠٠٠-٧٥,٠٠٠ دۆلار

Scanned with CamScanner

واین گرێتسکی	+ ٥٠,٠٠٠ دۆلار
ماجیك جۆنسن	+ ٥٠,٠٠٠ دۆلار
بۆب کۆستاس	+ ٥٠,٠٠٠ دۆلار
مایا ئەنجێلۆ	٥٠,٠٠٠ دۆلار
راچێل رەی	٥٠,٠٠٠ دۆلار
دەیڤ باڕی	٢٥,٠٠٠–٣٠,٠٠٠ دۆلار

کرێ ٥,٠٠٠ دۆلارەکەی من هیچ پەیوەندییەکی کەسی بە منەوە نییە. من لەبەر ئەوە پارەم نادرێتێ کە (سکۆت بێرکن)م. دەزانم کە تەنیا بۆ ئەو بەهایەی کە بۆ هەر کەسێك کە گرێبەستم لەگەڵ دەکات دابینی دەکەم، پارەم دەدرێتێ. ئەگەر، بۆ نموونە، خانەخوێکانم بۆ کۆڕێك ٥٠٠ دۆلار لە هەر کەسێك وەربگرن و ٥٠٠ کەس ئامادە ببێت، ئەمە دەکاتە ٢٥٠,٠٠٠ دۆلار لە داهاتی کۆتاییدا. بەشێك لەوەی کە رێگەیان بۆ خۆش دەکات ئەو هەموو پارەیەیان لێوەرگرن، و ئەو هەموو خەڵکە رابکێشن، ئەو وتاربێژانەن کە دەیانهێنن. چەندەی ناوەکان گەورەتر بن، چەندەی پێشینەیان سەنگین بێت و چەندەی وتارەکانیان سەرنجڕاکێش بێ، ئەوەندە خەڵکی زیاتر دێن و ئەوەندە زیاتر ئامادەی دانی پارە دەبن.

تەنانەت بۆ کرداری تایبەتیش– بۆنموونە، کاتێك گوگڵ یان فێراری بۆنەیەکی ساڵانە بۆ کارمەندەکانی ساز دەکات– چەند دێنێت وتاربێژێك بگریت کە دەتوانێ ستافەکەیان کەمێك زیرەکتر، باشتر یان پرچۆش و خرۆشتر بکات کاتێك دەگەڕێنەوە بۆ سەر کار؟ لەوانەیە ٣٠,٠٠٠ دۆلار یان تەنانەت ٥,٠٠٠ دۆلاریش نەهێنێت، بەڵام بەهایەکی ئابووری هەیە بۆ ئەو شتەی کە وتاربێژانی باش لەسەر بابەتە گونجاوەکان پێشکەشی خەڵکی دەکەن. ئەمە بەندە بەوەی کە خەڵکی ناو ژوورەکە چەندە بەنرخن بەلای هەرکەسێك کە بەرپرسە لە تێچوونەکە.

Scanned with CamScanner

ئەگەرچی تەنیا بۆ سەرگەرمیش بێت، یان ئەو شتە گرنگانە بیر ئامادەبووان بێنیتەوە کە بیریان چووەتەوە، وتاربێژێکی باش نرخی هەیە. بیر لەو دواین وتارە بکەرەوە کە ئامادەی بوویت: ئایا پارەیەکی ترت نەدەدایە وتاربێژەکە تا کەمتر بڵێ؟ گرەو دەکەم ئەتدا.

لەلایەکی ترەوە، زۆرێك لە کۆڕ و بۆنەکان پارە لەدەست دەدەن. تێچوونە جێگیرەکانی هۆڵ و خواردن (زۆرجار ئەوەی دواییان بەشێوەکی کاریگەر لەلایەن ئەوەی پێشوویان دیاری دەکرێت) بزنسی کۆڕ و بۆنە زۆر ئاڵۆزتر دەکەن لەوەی کە دیارە.

زۆرجار پێویستە کۆڕ رێکخەرەکان رووبەڕووی هەموو پارەکە ببنەوە و هیوادار بن ئامادەبوونەکە مایەکەی تێهەڵێنێتەوە. زۆرێك لە بۆنەکان بەهیچ شێوەیەك قازانج ناکەن و ئاسایی پارەی زۆربەی وتاربێژەکانیان نادەن، چونکە ئامانجەکە خزمەتکردنی کۆمەڵانی خەڵکە نەك پارە پەیدا کردن. ئەگەر تۆ بیرێك لەو هەموو شوێنانە بکەیتەوە کە محازەرەت تیادا داون و هەست دەکەیت تووڕەی چونکە پارەت وەرنەگرتووە، ئەوا ئەگەرەکان پۆزەتیڤن کە کەسی تر وەرینەگرتووە.

ئەو شتەی نائومێدکەرە ئەوەیە کە تەنانەت بۆ کرێ گەورەکانیش، زۆرجار وتاربێژان ئیشێکی باش ئەنجام نادەن. دواجار، ئەوان بەهۆی شارەزایەتییەکانی قسەکردنیان پارەیان نادرێتێ. بەهای ئابووریی خاوی چاوەڕوانکراو لە راکێشانی خەڵکدایە بۆ کۆڕەکە و ئەگەری ئەوەش زیاترە خەڵکی بێن بۆ کۆڕێك کە کەسێکی بەناوبانگی تێدایە–تەنانەت کەسێك کە ئەوان گومانی ئەوەشیان هەیە گوێلێگرتنی تاقەتپروکێنە– نەك ئەوەی گوێ لە باشترین وتاربێژی جیهان بگرن (ئەگەر ئەمە تاکە بانگەشەی ئەو بێت بۆ ناوبانگ). دوو لەو خراپترین محازەرانەی تیایاندا ئامادە بووم لەلایەن خەڵکی بەناوبانگەوە پێشکەش کران، دەیڤد مامێت (شانۆنامەنوس، سیناریۆنوس و دەرهێنەر) و نیکۆلاس پیلێگی (نوسەری

Scanned with CamScanner

"پیاوەژیرەکە"، ئەو ڕۆمانەی کە "هاوڵاتییە باشەکان"ی سکۆرسیزی لەسەر بونیادنرابوو). هەردوو بۆنەکە خوێندنەوەی نوسەران بوون کە بەشێوەیەکی بەدناو تاقەتپڕوکێن و گەمەی دۆڕاو بوون بۆ وتاربێژییەکی باش.

لەگەڵ ئەوەشدا، لەهەردوو حاڵەتەکەدا، هەردووکیان ژوورەکەیان زۆر بەباشی پڕ کردەوە. هەرچۆنێك بێ، گرەو ئەکەم کەس شتێکی لە گوێگرتن لێیان دەست نەکەوتووە، جگە لە مافی ئەوەی کە بڵێن کەسێکی بەناوبانگیان بینیووە کە وتاری داوە، ئەمەش لەوانەیە نرخێکی هەبێ.

تەحەدیی بەردەم کۆڕ ڕێکخەران کە بودجەی سنووردار و تەوقیتی سەختیان هەیە، بریتییە لە پێوەری بێ چەندوچونی دیاریکردنی خەڵك بۆ ئەوەی لە بۆنەکانیاندا وتاربدەن. پێویستە ئەو وتاربێژانە بدۆزنەوە کە:

١-بەناوبانگ یان جێ متمانەیە بۆ بابەتێکی پەیوەندیدار

٢-لە قسەکردندا باشە

٣-بەردەستە

زۆرجار باشترین حاڵەت بریتییە لە ئەنجامدانی دووان لەو سێیانە. شتێکی باوە وتاربێژی باش ببینیت کە شتێکی وەهای نییە بیڵێت، هەروەها ئەو شارەزایانەش کە زیرەکن، بەڵام تاقەتپڕوکێنن. بۆ بەدەستهێنانی کەسێك کە هەرسێ تایبەتمەندییەکەی تێدایە، زۆرجار پارەیەکی باشی پێویستە و سەرەنجام، من یەکێکم لەو هەزاران کەسەی خوارەوەی چالاکیی پۆلێنی کرێی گەورە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو ژمارانەی تاوەکو ئێستا لەم بەشەدا هاتوون، تێکڕای هەر کەسێك لەسەر گۆی زەوی ٨,٢٠٠ دۆلاری ئەمریکی بەدەست دێنێت لە ساڵێکدا و تێکڕای هەر ئەمریکییەك نزیکەی ٥٠,٠٠٠ دۆلار بەدەست دێنێت. کاتێك چەکی موچەکەت دەبینیت، دەزانیت کە ڕێك لە چ پێگەیەکدا وەستاویت. پێم وایە کارێکی زیرەکانە دەبێ کە کۆمپانیاکان زانیاریی وەکو ئەمە لەسەر چەکەکانیان بنووسن-

Scanned with CamScanner

ئەمە رێگر دەبێ لەوەی کە خەڵکێکی زۆر سکاڵاکان بکەن لەوەی کە نیانە. نزیکەی نیوەی دانیشتووانی جیهان ئاوی پاك، یان کارەبایەکی جێگیریان نییە، گرنگیش نییە چەندە پارەی باش وەردەگرن. لە دیدێکی هەسارەییەوە، ئەگەر تۆ ئەم کتێبە لەناو ژووردا، لەژێر رووناکیی کارەبادا، لە دوورایییەکی کەمی بەفرگرە پڕەکەوە و لەلای مێنویەکی خواردن کە دەتوانیت بە تەلەفۆن داوا بکەیت، دەخوێنیتەوە و بە دەگمەن نیگەرانی مەلاریا یان سکچونی خوێنهێنانەوە دەبیت، ئەوا حاڵت زۆر باشە. ئەگەریش هێشتا خۆشحاڵ نیت، ئەوە لەبەرچاوبگرە کە بەبەراورد بە زۆربەی هەسارەکە، شوێنێك کە لە ٩٩,٩٪ مردوو پێکهاتووە، فەزای بۆش، راستیی ئەوەی تەنانەت زیندوویت و لە فۆرمی توخمێك کە ئەوەندە گەشەت کردووە بزانیت زیندوویت و ئەوەندە خوێندەواریت ئەو کتێبانە بخوێنیتەوە کە بیرت دەهێننەوە ژیان چەندە دەگمەنە، ئەوا لەسۆنگەی فەلەکییەوە خۆشبەختت دەکات.

پێویستە لەبارەی ئەمەوە خۆشحاڵ بین، بەڵام زیاتر پێدەچێ وەها نەبین.

بەداخەوە، ئێمە ئەو ١٠٪یەی جیهان دەناسینەوە، گرنگی پێ ئەدەین، خوو پێوە دەگرین کە لە ئێمە زیاتر بەدەست دێنن، نەك ئەو ٩٠٪ەی کە کەمتر بەدەست دێنن. هەرچەندەش کە لەوانەیە تۆ کرێیەکانی وتاردانەکانی منت بەلاوە پەسەند نەبێ، منیش لە تۆ جیاواز نیم. من باش ئاگادارم لەو وتاربێژانەی کە لە من زیاتریان دەست دەکەوێ بەڵام کەمتریان پێیە و لە من خراپتر دەریدەبڕن. هیچ مەترسی نییە وێنای ئەوە بکەیت کە، گرنگ نییە لە چ پێگەیەکدا وەستاویت کەسێك هەیە کە ئەگەر لە شوێنی تۆ بووایە خۆشحاڵ دەبوو وەکو چۆن تۆ خۆشحاڵ دەبیت لە شوێنی یەکێکی تر بیت. زۆر بە باشی دەزانم کە ئەستێرەکانی مۆسیقای رۆك، ئەکتەرانی سینەمایی، جێبەجێکارانی کۆمپانیاکانی ٥٠٠ فۆرچن و وەرزشەوانانی پرۆفێشناڵ تەنیا بە دەربڕینی پاڵپشتی بۆ ئەو شتانەی هیچ پەیوەندییەکیان پێوە نییە، ساڵانە ملیۆنان پەیدا دەکەن. ئەگەر پارەی زیادەم پێ بدرێت، ئەوا لانی کەم

Scanned with CamScanner

بۆئەوەیە خزمەتگوزارییەك لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەش دەکەم کە تیایدا سەرکێشیی هوها لێکردنم دەکەم. حەقدەستی دەربڕینی پاڵپشتی بۆ کەیف پێهاتنە، یان تەنیا بۆ واپیشاندانی کەیف هاتنە بە شتێك. ئەمە بە مانای وشەکە کار نییە، چونکە ئەمە پەسەندکردنێکی تەومژاوییە بۆ کارێك کە خەڵکێك دەیکات لەوانەیە پاڵپشتکەرەکە هەر قەت نەیبینیبێتن. (تایگەر وودز) و (لوبۆرن جەیمز) ساڵی زیاتر لە ٥٠ ملیۆن دۆلاریان تەنیا لە دەربڕینی پاڵپشتییەوە دەست دەکەوێت، داهاتێکی ئەوەندە زۆر کە زیاترە لەوەی تێکڕای ئەمریکییەك بتوانێ لە دە تەمەندا بەدەستی بێنێ. ئەمە نادادپەروەرانە دیارە، و بە مانایەکی فەلسەفی، هەر دادپەروەرانە نییە. ئەوان هیچ شتێك بۆ چاکەی گەورە ناکەن. ئەوان منداڵان فێر ناکەن، یارمەتی هەژار نادەن، جەنگ ناوەستێنن یان نەخۆشییەکان چارەسەر ناکەن. لە راستیدا، پەیوەست بەو شتەی کە پاڵپشتی بۆ دەردەبڕن، لەوانەیە ئارەزوومان بۆ ئەو شتەی کە نیمانە، ناتوانین بیکڕین و لەوانەشە پێویستمان نەبێ، زیاد بکەن.

هەرچۆنێك بێت، لە روانگەیەکی ترەوە، ئێمە هەموومان دەزانین کە خەڵکی ئەوەندەی کە دەیڵێن بەدەست دێنن. ئەگەر تۆ لایەنگرێکی بازاڕی ئازادیت، پێویستە قبوڵی بکەیت کە ئەگەر هەست بکەیت پارەی کەمت دەدرێتێ، ئەکەوێتە سەر خۆت شتێ بکەیت– ئازادترین بەشی هەر بازاڕێك تۆیت. تۆ ئازادیت واز لە کارەکەت بێنیت و وەکو (هێنری داڤید سۆرە) لە دارستان بژیت یان بزنسی خۆت دەستپێبکەیت کە تیایدا خۆت بڕیار دەدەیت چەند بەدەست دێنیت. بەلای منەوە، ئەمە بەو مانایەیە کە ئەگەر قەت بمەوێ بۆ محازەرەیەك ئەوەندەی بیڵ کلینتن یان بۆب کۆستاس بەدەست بێنم، پێویستم بەوەیە زۆر بەناوبانگتر ببم لە رێگەی نوسینی کتێبی باشتر، گرتنی بریکارێکی باشتر یان هاوسەرگیریکردن لەگەڵ جێسیکا سیمپسن. بێگومان، هەموومان دەتوانین سکاڵای ئەوە بکەین کە شتەکان

Scanned with CamScanner

چەندە نادادپەروەرانەن، وەکو من لێرە. بەڵام با لەگەڵ ئەو کەسانەش دادپەروەر بین کە پارەیەکی زیاتر لەوەی کە تۆ دەڵێی پێویستە، بەدەست دێنن، لەوانەش لوبرۆن جەیمز، تایگەر ودز، یان تەنانەت منیش. گرەو ئەکەم ئەگەر تۆ تێکڕای ئەمریکییەکت بە تێکڕای کارێکەوە دیاریکرد و داوات لێیکرد زمانێکی تێکڕایی بەکاربێنێت لەمەڕ ئەوەی کە پێیباشە ١٠٠,٠٠٠ دۆلار لەبری ٥٠,٠٠٠ دۆلار وەربگرێت بۆ هەمان کار، ئەوا بە ئەگەرێکی زۆر دەڵێت بەڵێ.

تاکە بەرگرییەك کە مابێتەوە بۆ ئەو کرێیەکی وتاربێژی کە من وەریدەگرم ئەوەیە کە من باربوی هەموو ئەو شتانە دەکرێم کە هەموو کەسێ بیری دەچێتەوە پێویستە بیانکەم بۆ ئەوەی بتوانم وتاربدەم. محازەرەیەکی سەرەکی بۆ قەرەباڵغییەکی گەورە نزیکەی ٦٠ خولەك دەخایەنێ. گومانی تیا نییە ئەمە لە تەواوی هەفتەی کاری ئۆفیسی کارمەندێك زۆر شڵەژێنتر و قورسترە، بەڵام با ئەمە بەلاوە نێین. داڕشتن و پرۆڤەکردنی محازەرەیەکی نوێ دوو رۆژی ئیشی تەواوکات(فوڵ تایم)ی دەوێ. پاشان گەشتی من لەبەرچاو بگرە بەرەو هۆڵی وتاردانەکە، لەوانەش ئەو رێڕەوە ئەمنییانەی دەبێ تیایاندا چاوەڕێ بم، ئەو گەشتە ئاسمانییەی کە دەبێ حیجزی بکەم، ئەو تەکسیانەی دەبێ سواریان بم، ئەو هۆتێلانەی دەبێ تیایاندا بخەوم و هیتر.

ئێستا، زۆرێك لە خەڵکی دەتوانن محازەرە بدەن و من تەنیا بۆ قسەکردن لەبەردەم مایکرۆفۆندا پارەم نادرێتێ. من لە بەرانبەر چەند دەیەیەك ئەزموون پارەم دەدرێتێ کە لەناو سیڤیەکەمدا هاتووە کە لە تیۆرەدا، دەبێ ئەو شتە بێ قسەکانم سەرنجڕاکێش، سەرگەرمکەر، وانەبەخش، ئیلهامبەخش و هەر شتێکی تر بکات کە بەهۆیەوە خەڵکی ناوی من دێنن بۆ گرێبەستکردن بۆ بابەتی بازاڕگەڕییەکەیان. من لە وانەوتنەوە باشم، کە برەوی نییە و چەند دۆلارێك دێنێت، بەڵام دواجار فاکتەرێکی یەکلاییکەرەوە هەیە: من بۆ وتاردانێك لە هۆڵێك کرێ

Scanned with CamScanner

وەردەگرم نەك لە هۆڵێکی تر. کاتێك داوا لە خستنەڕوو قورستر دەبێت، ئەوا کرێ هەن کە دەبێ بدرێن. چەندە داوا زیاتر بێ، ئەوەندە کرێ بەرزتر دەبێ.

ئەو مەترسییە نەوتراوەی کە من تووشی دەبم ، موچەی نییە. خانەنشینیم نییە. گرێبەستێکی درێژکراوەم نییە تاهەتایە دەرفەتی محازەرەم بۆ بڕەخسێنێت. دەشێ ئەم کتێبە بتەقێتەوە یان بە رەخنەکان تیرباران بکرێت و پیشەی وتاردانم بە کۆتاییەکی نەگبەتانە و ناکاو بگات کە لە چوارچێوەی گەورەی شتەکاندا، ئاسایی دەبێ. من بە ئامانجی دەستکەوتنی ٣٠,٠٠٠ دۆلار لە سەعاتێکدا وازم لە کارەکەم نەهێنا– لەبەر ئەوە وازم هێنا تابزانم دەتوانم تەنیا سەرکەوتوو بم. ئێستاش کە لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوودا هێناومە، ئامانجم زانینی ئەوەیە کە چۆن بتوانم تەنیا و تەنیا بژێویم بە پاداشتەکانی نوسین و قسەکردن بەدەست بێنم.

Scanned with CamScanner

بەشی چوارەم

چۆن ژوورێکی سەخت بەڕێوە ببەیت



نیوەی ئەو پارەیەی کە تۆ لە ریستۆرانتێکی راقیدا ئەیدەیت، بۆ خواردنەکە نییە. تۆ پارەی کرێکەی، فەزاکەی و شێوازی گەیاندنی خزمەتەکە ئەدەیت. ئەگەر تاوەکو ئێستا دۆستەکەت بردبێت بۆ شوێنێك لە سەر بنەمای ئەوەی کە لە کوێیە، چۆنە یان چ هەستێك دەبەخشێت، ئەوا دەزانیت ئەمە راست دەردەچێت.

Scanned with CamScanner

وتاربێـژیی گـشتیش جیـاواز نییـه. فـەزا گرنگـه بـۆ ئـەزموونی هـەر یـەکێك لـه ئامادەبووان. ئەگەر بەو هەموو ژاوەژاو و بۆنه ناخۆشەی ئەو فەزایانه پێی ناسراون پێویست بووایه له بنکەیەکی میترۆی نیویۆرك گوێ له مارتن لوتەر کینگ جونیەر، یان له وینستن چەرچڵ بگریت له (دەبلیو. سی)ی وێستگەی پشووی شارێیەك، ئەوا تۆ دڵخۆش نەدەبوویت. لەم دۆخەدا، وتاری هـەرە بـەناوبانگی مـارتن لوتـەر کینگ بەمشێوەیە دەبوو: "من خه...<وەستانێك لەکاتێکدا که شەمەنەفەرێك بـه خێرایی ١١٠ دیسیبێل رەت دەبێ، ئامادەبووان گوێی خۆیان دەگرن>...ونێك...ئۆه، گوێ مەیەرێ". رەوانبێژییەکەی لەگەڵ هێزە دزێو و وێرانکەرەکانی ژینگەی دەوروبەریدا نەدەهاتـەوە. شـوێن بـۆ وتاربێـژ گرنگـه، چـونکه بـۆ ئامـادەبووان گرنگـه. هۆڵـه کۆنـەکانی شـانۆ، هۆڵـەکانی محـازەرەی زانکـۆ، تەنانـەت سـەکۆکانی پەیکـەری یادگاریی لینکۆڵن شوێنی بێهاوتان بۆ وتاردان، بەڵام زۆربـەی وتاربێـژان بەدەگمـەن داوایان لێدەکرێت له هۆڵی وا باشدا ئیشی خۆیـان بکـەن. زۆربـەی وتاردانـەکان لـه ژوورە بەرتەسکەکانی کۆنفرانس لەژێر روونـاکیی پرتەپرتکـەری فلۆرەسێنتدا، یـان لەو هۆڵانەی کۆبوونەوەدا که کۆمەڵێك شتی ناپەیوەندیداری تێدایـه، وەکـو چلـچرا، بەڕێوەدەچن.

لەکاتێکدا تـۆ لـەناو ئامادەبووانـدایت و سـەرت بـەرەو رووی سـەکۆ هـەڵبڕیووە، سەکۆیەك که بینین بۆ من ئاسان دەکـات، زۆرجـار مـن نـاتوانم هـیچ ببیـنم. هـەموو روناکییەکانی ناو هۆڵەکه رێك ئەیدەن لەدەموچاوم. خەڵکی بیریان دەچێتەوە کـه ژوورەکـه، چـەندەی خـراپ بـێ، وا رێکخـراوە کـه یارمەتیـدەر بـۆ ئامـادەبووان کـه ببینن، لەکاتێکدا که ئێمەی وتاربێژ تەنیاین. هەرکاتێك وێنەکانی کەسێکی وتاربێـژ لە دۆخی وتاردانێکی گرنگدا دەبینیت، رێك بەو شێوازەی ئەو کەسـەی لـه باشـترین شوێنی هۆڵەکه دانیشتووە، دەیبینیت. کەسی تر لەسەر سـەکۆیەکه نییـه و ئەگـەر کەسێکیش هەبێت، ئەوا نایەت و ناچێت. ئەگـەر سـەرۆك ئۆبامـا وتـاری بدایـه و دە

Scanned with CamScanner

دوانزە کەس لە پشتیەوە خەریکی خواردنی چیزبێرگەر و یاریی وشەی شاراوە بن، هەرکەسێکی ناو ئامادەبووان تەواو بێزار دەبێ. بەڵام کاتێك من دەڕوانمە ئامادەبووان، هەموو ئەو شتەی کە دەیبینم بریتییە لە هۆش پەرتکەر. دەتوانم داخران و کردنەوەی دەرگاکانی پشتەوە ببینم و ببیستم لەلایەن هەر کەسێکەوە کە درەنگ دێت یان زوو دەڕوات. درەوشانەوەی لاپتۆپەکان لە چاوە فرە ئیشەکانی خەڵکیدا دەبینم. کامێرامان و ستاف تەختەی شانۆ دەبینم کە کەرەستەی قورس دەگوازنەوە، رووناکییەکانی خۆیان دادەگیرسێنن، نوکتە دەکەن، هەمووشی لە پشت ریزەکانی پشتەوەی ئامادەبووان کە تەنیا من دەیبینم.

لەهەمووشی ناخۆشتر ئەوەیە کە، لە هەندێ رۆژدا، ئەو رۆژانەی کە بیرم دەچێ قوربانی بدەم بۆ خوداکانی وتاربێژیی گشتی، هەموو ئەو شتەی کە دەتوانم ببینم کاتێك راستەوخۆ دەڕوانم بریتییە لە تیشکی سەرگێژکەری چلچرای هۆڵی کۆنفرانس. ئەمانە هەرزانەکانن، لە کانزای سپی دروست کراوە، بە بۆیەی ئاڵتونیی درزدرز بووی توێژاڵ توێژاڵ لێبووەوە رووپۆشکراوە. لەسەروو ئامادەبووانەوە لە فەزادا هەڵواسراوە، شوێنێك کە ژمارەیەکی کەمیان تەنانەت سەیریشی دەکەن، بەڵام بەتایبەت چاوەکانی وتاربێژ دەیەوێ لەسەری بگیرسێنەوە. لە ژوورێکی باشدا، بنمیچ هیچ شتێکی هۆش پەرتکەری پێوە نییە، لە ژوورێکی خراپدا، تۆپێکی درەوشاوەی گەورە لە دەبەنگی هەڵواسراوە.

Scanned with CamScanner



هۆڵەکانی دیسکۆ لەبەر ئەوە کاریگەرن کە بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر پوچن و گاڵتە بە هەوڵە راستەقینەکانی دیکۆر دانان دەکەن، بەڵام چلچراکان، تەنانەت ئەو هەرزانانەشی کە من زۆرجار دەیانبینم، بەتەواوی جددین. سەرباری گڵۆپە شێوە بڵێسە پلاستیکییە ساختەکانی (کێ تا ئێستا بەمانە خەڵەتاوە؟) هەوڵێکی شکستخواردوون بۆ پیشاندانی هۆڵێکی راقی، جۆرە هۆڵێك کە- لە نەگبەتیی خاوەنانی ئەم هۆڵانە- بە هەڵواسینی شتێکی گەورە و دروشاوە بە بنمیچەکەدا بەدەست نایەت. من پێم وتراوە کە ئەم چلچرایانە تەنیا لەبەر یەك هۆکار لە هۆڵەکانی کۆنفرانسدا هەڵدەواسرێن: ئاهەنگەکانی ژن گواستنەوە. دەیانەوێ هۆڵەکە بۆ ئاهەنگی گواستنەوە بەکرێ بدەن- گەورەترین بۆنەی رازێنراوە لە جیهانی خۆرئاوادا- و بەشێوەیەك لە شێوەکان بەبێ هەبوونی چلچرایەکی درێو لە برۆشێرەکەدا، ترسی ئەوەیان لادروست دەبێت کە هەرگیز جارێکی تر وەکو هۆڵی ئاهەنگی گواستنەوە هەڵنەبژێردرێنەوە. جارێکی تر کە تۆ محازەرەیەك پێشکەش

Scanned with CamScanner

دەکەی، سەیرێکی بنمیچەکە بکە. ئەگەر چلچرایەکت تێبینی کرد، بزانە کە بۆ تۆ لەوێ دانەنراوە.

بۆچی گاڵتە بە کەرەستەیەکی رووناکیدەری پفدراو بکەم؟ بۆچی مجازەفەی رێ لێگیرانم لە وتاربێژی بکەم لە کۆنفرانسەکانی پیشەسازیی چلچرا لە تەواوی پاشماوەی ژیانمدا؟ با پێت بڵێم بۆ. ئەو وتاربێژانەی کە بەردەوام باس لە "ژووره سەختەکان" دەکەن، زۆرجار مەبەستیان ئامادەبوونە. ئەوان لۆمەی خەڵکەکە دەکەن لەکاتێکدا کە دەبێ یەکەم جار لۆمەی ژوورەکە بکەن. زۆرێك لە تەحەدییەکان خودی ژوورەکە دروستی دەکەن، ئەو تەحەدییانەی فەزا کە ئامادەبووانی دڵ سارد، دەگۆڕن بۆ سەرسەخت. قەت هەوڵ دەدەی ئاهەنگێکی ژن گواستنەوە لە پارکێکی سەرگەرمییەوە بگوازیتەوە بۆ گۆڕستان یان شوێنێکی ماتەمگێڕی؟ بێگومان نەخێر. رووبەڕووی شکست دەبیتەوە- مەگەر ئەوەی کە خێزانەکەت چەند دەنکە حەبێکی نەهێشتنی کەمخەوی بۆ نانی بەیانی پێبێت یان تۆ پەیوەندیت هەبێت بە (تیم بێرتن)ی دەرهێنەری فیلمەکانی تاریکی و خێو. زۆربەی هۆڵەکانی وتاردان و محازەرە لە جیهانی مۆدێرندا بۆشایی چوارگۆشەیی پروکێنەر، خەمناك، رەوێنەرەوە، کەم رووناکن. بە شێوەیەك دیزاین کراون کە تاقەتبەر بن (هەربۆیە قورسە لەماوەی محازەرەیەکدا بێدا بمێنیتەوە) بۆیە دەشێ بۆ هەر شتێك بەکاربهێنرێن. وەکو چەقۆیەکی سەربازیی سویسریش، لەهەموو شتێکدا بەکاردەهێنرێن. هۆڵی محازەرەدانی کۆمپانیا یان ژووری کۆنفرانسە تێکڕاییەکەی تۆ لەبەر توانای بۆ فرە مەبەستی، دەکڕدرێت و دەفرۆشرێت، هەرچەندە هیچیان تەنیا یەکێك لە مەبەستەکانیش بە باشی بەجێناهێنن، هەر ئەمەش کەوتنەبەری ناسروشتی و لەوانەشە کوشندەی من بۆ چلچراکان روون دەکاتەوە. چەندەی دەتەوێ لۆمەی وتاربێژان بکە- ئێمە شایەنی زۆربەی لۆمەکەین- بەڵام دەبێ بەشێکی رقهەڵگرتنەکە روو لە هەر کەسێك بکات کە

Scanned with CamScanner

ژوورێکی بێ کەڵك هەڵدەبژێرێت بۆئەوەی ئامادەبووانی تێ بئاخنێت. ئەمە هەڵبژاردنی من نییە. ئەگەر بمتوانیایە هەڵبژێرم، سەیری ئەو وێنەیەی خوارەوە بکە، منت لەوێ دەبینییەوە.



دەمویست لەو تیاترە یۆنانییە بم، ئەمەش بەشێکی لەبەرئەوەی کە بیستوومە زۆر خۆشە، بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی لەبەرئەوەی کە هۆڵێکی نموونەیی بۆ محازەرە بریتییە لە هۆڵی شانۆ. دەزانم شێتانەیە، بەڵام ئێمە نزیکەی پێش ٢٠٠٠ ساڵ زۆربەی کێشەکانی هۆڵی محازەرەمان چارەسەر کردووە. تیاترە یۆنانییەکە رێك ئامانجەکە بە دروستی دەپێکێت، بەو مەرجەی باران نەبارێت. پێویستە ژوورەکانی محازەرە نیوەبازنەیی بن، نەك چوارگۆشەیی. پێویستە سەکۆیەکە چەند پێیەك لە ریزی پێشەوە بەرزتر بێت، هەردووکیشی بۆئەوەی خەڵکی سەر سەکۆیەکە باشتر ببینن، بەڵام بەهەمان شێوە بۆئەوەش کە یارمەتیان بدەی

Scanned with CamScanner

هەست بە هێز بکەن. لەهەمووشی گرنگتر، دەبێ هەر ریزێکی شوێنەکانی دانیشتن لەوەی پێش خۆی بەرزتر بێت لە ئاستی زەوییەوە بۆئەوەی هەر کەسێك بەردەمی خۆی بە روونی ببینێت. هەموو ئەو شتانە گەرم و گوڕی و هێشتنەوەی تەرکیزی ئامادەبووان لەسەر سەکۆیەکە باشتر دەکەن، هەروەها نەبرەیەکی دەنگیی سروشتیش بۆ وتاربێژەکە دابین دەکەن.

یەکێك لەو باشترین محازەرانەی کە بەم دواییانە پێشکەشم کردووە لە زانکۆی (کارنێگی مێلەن) بەشی (ئادەمسن)، کە ژوورێکی قەبارە تیاتەری نزیك ١٢٠ نەفەری. ئەگەر بەفرگرێکی بچوکت بخستایەتە ناو مینبەرەکە و سیستەمێکی شۆکی کۆنترۆڵکراوت بۆ دابنایە کە بە دوگمەیەك کارەبای بخستایەتە سەر تاکە تاکی کورسییەکان (ئامێری دژە قسەپێبڕین)، ئەوا یەك عەیبی نەدەبوو.



Scanned with CamScanner

بێگومان پشتگوێخراوترین سوودی تیاتەرە ستایلێ یۆنانییەکان و هۆڵە باشەکانی محازەرەی زانکۆکان؟ نەبوونی چلچرا.

تیاترەکان دەگمەنن. بونیادنان و بەکرێدانیان تێچوونی زۆرە و ژمارەیەکی کەمی سەنتەرەکانی کۆنفرانس هەیانە. کاتێکیش هەیانبێ، زۆرجار وتاربێژە ناو گەورەکان حیجز دەکرێن. هەرکەسێکی تر ژوور فاشیلە چوارگۆشە کەم رووناك و پوچەکەی بەردەکەوێت. من هەمیشە لە ژوورە فاشیلەکاندا وتار دەدەم. بەڵام ئەگەر تۆ بانگهێشت کرایت تا وتار بدەیت و خۆت ژوورەکە هەڵبژێریت، داوای ئەوەیان بکە کە زیاتر لە تیاتەر دەچێت. ئەگەرچی بچوکیش بێت، تەنانەت ئەگەر دووریش بێت، ژوورەکە خاڵی زیاترت بۆ تۆمار دەکات. هەر کە دەزانم لە ژوورێکدا وتار دەدەم کە یارمەتیم دەدات لەگەڵ ئامادەبوواندا رایەڵ ببم ئەوا لە خۆشیا باڵ دەگرم. ژوورێکی بەتاڵ لە جەمسەر و ناوچەی کوێر، ژوورێکی رووناکی باش، ژوورێك کە ئەوەندە بەرگر بێت لە دەنگ کە نەتوانین ژاوەژاوی هاتوچۆی دەرەوە یان محازەرەی ژوورەکەی تر نەبیستین. ئەمە دەگمەنە، بەڵام کاتێك دەستەبەر دەبێت، ئەو خەڵکەی گریبێەستم لەگەڵ دەکەن بەهای پارەکەیان دەست دەکەوێتەوە.

لە ژوورێکی چوارگۆشەییدا، کێشەی زۆر هەن و کەمیان باسیان لێوەدەکرێت. ئەگەر تۆ لە کورسییەکی لاتەنیشەوە لەوپەڕی لای راست یان لەوپەڕی لای چەپ دانیشتبیت و رێك بڕوانیت ئەوا سەیری دیواری پێشەوە دەکەیت. بۆئەوەی بزانیت ج باسە، دەبێ سەرت یان جەستەت بەرەو سەنتەری تەختەی شانۆکە بچەمێنیتەوە. هەروەها دەبێ بەسەر سەر یان نێوان سەری ئامادەبووانی پێش خۆتدا بڕوانیت– کە ئەگەر تۆ زیاتر لە بیست ڕیز لەدواوە بیت ئەمە ئەستەم دەبێ. ئەگەر تۆ نەتوانیت وتاربێژەکە ببینیت، بۆچی لەوێیت؟ خۆ دەشتوانیت محازەرەکە لە بارێکدا لەسەر تەلەڤزیۆن ببینیت، بۆئەوەی بتوانیت گەمەی خواردنەوەی محازەرە بکەیت لەگەڵ هاوڕێکانت، وەکو "ئەمممستەر" کە لەوێ تۆ هەر کاتێك

Scanned with CamScanner

وتاربێژەکە دەڵێ "ئەمممم" پێکێك لە کۆکتێلی دڵخوازت ئەخۆیتەوە. ئەگەر لەگەڵ هەندێ لە وتاربێژان بیت، ئەوا دەستبەجێ لەهۆش خۆت دەچیت.

ئەگەر تۆ لەناو ئامادەبووواندا بیت، پێناچێت گۆشەی جەستەت و بڕی ئەو پەیوەندییە بینایییەی لەگەڵ وتاربێژدا دروستی دەکەیت کار بکاتە سەر ئەزموونەکەت، بەڵام بۆ وتاربێژ کاریگەری هەیە. کاتێك، ٥٠، ١٠٠، یان ٥٠٠٠ کەس بتوانن ١٠٪ ی هۆش و وزەی زیاتر بدەن بە تۆ– چ ئەوەی لە ڕێگەی پەیوەندیی بینایی، حاڵەت یان خەندەیان بێت– ئەمە جیاوازییە لەنێوان هەست کردن بە ئاسودەیی و هەست کردن بە دۆڕاوی. جوتێك چاوی دۆستانەی زیاتر، یان دیاربوونی سەرلەقاندنێکی پۆزەتیڤی جاروبار، هەستی وتاربێژ دەگۆڕێت. لە ژوورێکی باشیشدا– چ ئەوەی لەلای بۆردی پاوەرپۆینتەوە وەستابیت یان لە کۆنسێرتێکدا بیت– وزە بەئاسانی لەنێوان خەڵك و تەختەی شانۆدا دێت و دەچێ.

تەنانەت لە یانە خراپەکانیشدا، مۆسیقارەکان زۆر هەلی باشیان هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی وزە لە ژوورەکەدا– تەپڵە گەورەکان و گیتارە کارەباییەکان بەمانای وشە شەپۆلی وزە بڵاودەکەنەوە، وا لە خەڵکی دەکەن سەما بکەن یان بە شێوازی جیاجیا کاردانەوەیان هەبێت. بەڵام لە ژوورێکی چوارگۆشەی پروکێنەری چوارگۆشەی وەستاو لەسەرەوە و لە خوارەوە– کە تیایدا نیوەی خەڵکی بەزۆری لە ریزی قژبژەکانی بەردەمیاندا کەللەسەری کەچەڵ دەبینن و تیایدا لەبری تەپڵی گەورە، دەنگی نزمی، بۆ نموونە، ژمێریارێك دەبیستن کە لەبارەی چۆنێتی پڕکردنەوەی راپۆرتە خەرجییە نوێکان چپە چپپەتی – وزەی ناو ژوورەکە پەرتەوازە دەبێت بەر لەوەی سەکۆیەکە جێ بێڵێت. وزەکە دێت و دەچێت، دیوارەکان هەڵیدەمژن، فەرشە ئیزعاجەکە وشکی دەکاتەوە، بەهۆی روونا‌کییە لێڵەکانەوە دادەمرکێتەوە و دەمرێت. وتاربێژێك کە تەپڵی پێ نەبێ، لەسەر

Scanned with CamScanner

خۆیەتی کە کەموکورتییەکانی فەزا کۆنترۆڵ بکات. تەنانەت وتاربێژە باشەکان زووزوو لەلایەن دیاردەکانی ناو ژوورە خراپەکانەوە بە زیندوویی ئەخورێن.

خراپترین بارودۆخ، تەنانەت خراپتر لە بوون لە ژوورێکی خراپدا، بوونە لە ژوورێکی بەتاڵی خراپی گەورە. وتاردان لە ژوورێکی گەورەی چوارگۆشەیی شێوە تاریك کە ١٠٠٠ کەس دەگرێتەخۆ بایی پێویست پڕسەرکێشییە، بەڵام بە ئامادەبوونی تەنیا ١٠٠ کەس، ئەم ژوورانە وەکو کونی رەش وەهان. تەنانەت ئەگەرچی هاوار بکەیت، سەما بکەیت، چەقۆبازی بکەیت، لەوانەیە ئەوەندە وزەی بەرهەم نەهێنیت کە ئەو بەتاڵییە پڕ بکەیتەوە. جارێکیان نمایشێکی باندی (U2)م بینی لە (میداولاندن)ی نییوجێرسی کە ٦٠,٠٠٠ کەس دەگرێتەخۆ. بەهاتنی کۆتایی نمایشەکە خەڵکی بە لێشاو دەچوونە دەرەوە و گرنگ نەبوو (بۆنۆ) لەسەر تەختەی شانۆ چی کرد، ستادیۆمەکە مردبوو. هێشتا ٢٠,٠٠٠ کەسی سەماکەر لەوێ بوون، بەڵام وەکو ئیفلیجترین ٢٠,٠٠٠کەسێك لەتەواوی ژیانمدا بینیمن.

کارەساتێکی کەسیی پەیوەندیدار کاتێك رووبدا کە لە کۆنفرانسی (مایکرۆسۆفت تێك-ئێد) لە ساڵی ١٩٩٨ لە داڵاس قسەم کرد. نەشازییەکەم بەدی کرد: من لە گەورەترین ژووری تەواوی بینایە گەورەکەی سەنتەری کۆنفرانسی هۆتێڵەکەدا بووم. بنمیچەکان ئەوەندە بەرز و دیواری پشتەوە ئەوەندە دوور بوو لە تەختەی شانۆوە کە بە راستی من پرسیارم لە ستاف تەکنیکی کرد ئاخۆ ئەمە پێشتر شوێنی دانانی فڕۆکە نەبووە. دەبێ بۆ شتێکی تر جگە لە بۆنەکانی راهێنان بەکارهێنرابێت. هیچ هۆکارێك نەبوو بۆئەوەی ئەم ژوورە ئەو هەموو بۆشاییەی هەبێت، مەگەر بۆ ئازاردانی وتاربێژە گشتییەکان. ستافەکە رووی کردە بنمیچەکە کاتێك پرسیارم کرد و بەشێوەیەك لە شێوەکان سەریان سوڕمابوو کە بنمیچی لێیە. هەرگیز بیریان لەوە نەکردبووەوە کە سەریان هەڵبڕن، چونکە زۆربەی کاتی خۆیان بە هەوڵدان بۆ چارەکردنی هەموو ئەو شتە بەسەر بردبوو کە پەیوەندی بە سەر

Scanned with CamScanner

ئەرزەکەوە هەیە. دەبووایە پێیان بڵێم کە چۆن ئەستێرەکان لە ئاسمانی شەودا دەدرەوشێنەوە– ئەمە مێشکیانی دەتەقاند.

ژوورەکە کورسی بۆ زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس تێدا دانرابوو. کاتێك من ئەمەم بیست، رۆحم زل بوو: ٢٠٠٠ کەس؟ بۆ بینینی من؟ واو. دەبێ من زۆر خوێنشیرین بم. بەڵام کە کاتەکە بەرەبەرە نزیك بووەوە– ٢٠ خولەك، ١٠ خولەك، ٥– و تەواوی کاتەکە چاوم بڕیبووە دەریایەك لە کورسیی بەتاڵ، ریسوا کرام. نەمدەویست بەردەوام بوو. ئەو هەموو کورسییە بەتاڵەم تەنیا لە یەك شوێندا نەبینیبوو. ئەوە لە کوێ هەڵیانگرتبوون؟ دەبێ کۆگایەکی زۆر گەورە هەبێ تەنیا بۆ ئەو کورسییانە. چەند مایەی بەزەییە ئەو کەسەی کە پاش نیوەڕۆیەکی بە رێکخستنی هەموویان بەسەر بردووە، کەچی بەتاڵ و نەخوازراو بمێننەوە. چەندەش خەمناکە کە من ئەو کەسە بووم نەمتوانیبوو پڕیان بکەمەوە.

بە رۆیشتنی هەر خولەکێك، خەڵکێکی کەم لێرەو لەوێ دانیشتن. ژمارەیەکی تریش لە دەرگاکەی دواوە هاتنە ناوەوە، وەکو ئەوە مێرولە وردانەی کە داخڵی ژوورە گەورەکەم دەبن (تۆ هەمیشە لە دوایین ساتدا کەمێکت دەست دەکەوێ). خۆشحاڵ بووم بە بینینیان، بەڵام بە زوویی لەنێوان ریزە کورسییەکاندا بوونە تاریکییەکی شێوە ئەشکەوتبە تێپەڕینی ٢٠ چرکە، تێبینی کابرایەکم کرد لەسەرەوە، دواجار بەئاگابوو لەو تۆپەڵە دەوەنانەی خلبووەوانەی بیابان کە بەلایدا تێپەڕین، شتەکانی دەستدایە و بەرەو دەرگاکە دەرپەڕی. ئەمە هەموو شتێك بوو لەبارەی ئەوەوە. پێنج چرکەی تریش. رووناکییانەکان داگیرسێنران و لەگەڵیاندا شەپۆلە گەرمایەك بەرەو روخسار و قۆڵەکانم هات. ئێستا ئەو چەند جوتە چارەی ناو ژوورەکە هەموویان لەسەر من بوون. کاتی دەستپێکردن هاتبوو.

دەمتوانی چی بکەم؟ شتێك هەبوو بتوانرێ بکرێ؟ جەستەم کەوتە ناو ترسەوە. لەبەرئەوەی پێشتر ترسم لێنیشتووە، دەمزانی تاکە فێڵ ئەوە بوو دەستپێبکەم،

Scanned with CamScanner

چونکە ترس لە شتێکەوە دێت کە تۆ وێنا دەکەیت لەوانەیە رووبدات نەك شتێك کە بە راستی رووەدات و چەندەی زیاتر چاوەڕێ بکەیت، خراپتر دەبێ. تاکە رێگایەك بۆ لەناوبردنی ئەم گرێ شەیتانییە، کردنی ئیشەکە بوو، بۆیە زۆریم لەخۆم کرد دەستپێبکەم. و رامکێشا. بۆ ماوەی سەعاتێك رامکێشا- سەعاتێکی بێ کۆتای نەگبەتی، قسەکردن بۆ دۆڵێکی گەورە لە ژوور، هەر وشەیەك بە هێواشی بە دەریای کورسییە بەتاڵەکاندا دەپەڕییەوە. هەر وشەیەکەم دووجار گوێ لێ دەبووەوە، جارێکیان کە دەموت و دوو چرکە دواتر کە لە دیوارەکەی دواوەوە دەنگی دەدایەوە، رێگری نەکرابوو بە هێزە دەنگ هەڵمژەکانی قەرەباڵغییەکی راستەقینە. کاتێك تەواو بووم، بە سەر داخستوویییەوە بەرەو سوچێکی تاریکی باڕی هۆتێلەکە رۆیشتم، لە پشت ریزێك بیرە خۆم شاردەوە و هیوادار بووم نەبینرێم.

چارەسەری ئەمە و زۆرێك لە کێشەکانی ژوورە سەختەکانی تر، بەندە بە تیۆرەی چرپی وتاربێژیی گشتی، تیۆرەیەك کە من رۆژێکیان پاش دووبارەبوونەوەی ئەزموونی داڵاس لە شارێکی تر دۆزیمەوە، کە لەوێش کۆمەڵەیەکی بچوکی تەریقکەرەوەی خەڵك لە ژوورێکی گەورەی بێ مانادا بوون. بۆم دەرکەوت کە قەبارەی خەڵکەکە گرنگ نییە- ئەوەی کە گرنگە هەبوونی قەرەباڵغییەکی چڕە. ئەگەر جارێك لە جاران رووبەڕووی پانتایەکی پەرتەوازەی ئامادەبووان بوویتەوە، هەرچییەك پێویستە بیکە بۆئەوەی بیانهێنیتە لای یەکترییەوە. دەبێ تۆ قەرەباڵغییەکی تێکترنجاو لە ریزی پێشەوە دانراو دروست بکەیت. ئەمە لەگەڵ غەریزەکانی زۆربەی وتاربێژاندا ناکۆکە کە وایان لێدەکات کە تەنیا ئیشەکەیان بەڕێبکەن و تێبینی ئەوە نەکەن وتارەکەیان سەعات ٣ی بەرەبەیانی کریسمەس لە وێستگەی پاسی (گرەیهاوند) پێشکەش دەکەن.

ئەو خەڵکە کەمەی ئامادەبوو ئەوەندەی تۆ باش دەزانن کە ژوورەکە بەتاڵە و ئەگەر تۆ وا رەفتار بکەیت کە تێبینی ناکەیت، ئەوا بەر لەوەی پێنج خولەك قسە

Scanned with CamScanner

بکەیت دەزانن کە تۆ پوچیت. ئامادەبووان، تەنانەت کۆمەڵە بچوکەکانیش، بە راستی دەیانەوێ یارمەتیت بدەن، بەڵام کەس لەناو ئامادەبووان ناتوانێ هیچ بکات لەبەرانبەر وزەی خراپدا. تەنیا دوو کەسی ناو ژوورەکە ئەو کۆنترۆڵەیان هەیە: خانەخوێ و وتاربێژ. خانەخوێ، کەسێك کە لەوانەیە شتێکی کەم لەبارەی وتاربێژیی گشتییەوە بزانێ (کەمتریش لەبارەی تیۆرەی چڕییەوە) و لەوانەیە ٢٥ کێشەی تری کۆڕ و بۆنەکانی تری هەبێت کە لە کێشەی ژوور بەتاڵییەکەی تۆ گرنگتر بن، لەوانەیە سوودی نەبێ. ئۆه، ئەو تۆی لە ژووری مەرگێکی دیاریکراو داناوە کە لەگەڵیدا دەست پێبکەیت. کەوابوو هەموو هیواکە دەکەوێتە دەستی هەر کەسێك کە مایکرۆفۆنەکەی لایە و ئەویش تۆیت.



چل و پێنج کەس لە ژوورێکی ٢٠٠٠ کەسیدا قەرەباڵغی نییە، بەڵکو هاوتای وێرانەیەکی بۆمبی نیوترۆنە. ئەمە بەو مانایەیە کە یەکەم جوڵە پشتگوێخستنی ٢٠٠٠ کورسییەکەیە. ریزە کورسییە بەتاڵەکان و بۆشاییە کوشندەکان لەبیر بکە. وێنای ژوورێکی بچوکتر بکە لەناو دانەیەکی گەورەدا کە نزیکەی ٥٠ کەس دەگرێتەخۆ. بە داواکردن لە ئامادەبووان بەوەی کە لە پنتێکی لێکنزیکتردا گرد

Scanned with CamScanner

ببنـەوە، ژوورەکـە بکـە بـەهی خـۆت. ئەگـەر تـۆ لـە خـاکی بـێ فـەڕی کورسـییە بەتاڵەکاندا وێڵیان بکەیت، ئەوا وەکو فاشیلی تەنیا هەست دەکەن. ئەوان هەست بە شەرمەزاری دەکەن کە هاتوون تۆ ببینن لەبری ئەو هەزاران شتە ناشەرمەزارکەرەی تر کە دەیانتووانی لەو سەعاتەدا بیکەن. ئەگەر بیانترنجێنیتە پاڵ یەکتر، لانی کـەم دەزانن تاکە فاشیل نین کە بڕیاریانداوە بێن گوێت لێبگـرن. ئێستا ئـەوان فاشیلن لەگـەڵ هـاوڕێی فاشـیلدا کـە- بـە لەبەرچـاوگرتنی هـەموو شـتێك- زۆر باشـترە لـە فاشیلبوون بەبێ هاوڕێیەك. لە راسـتیدا ئـەوان فاشـیلی تـۆن، بۆیـە دەبـێ بەباشـی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت.

بەشە فێڵاوییەکە بریتییە لە هێنانەجوڵەی خـەڵك. ئێمـە تـوخمی تەمبـەڵین. مـن دەزانم کە هەر دانیشتم زۆر ئارەزوومەند نیم هەستمەوە تەنیا بۆ ئەوەی جارێکی تر دانیشمەوە. بەڵام راستییەکە ئەوەیـە، هـەموومان ئـەو شـتە دەکـەین کـە خـەڵکی بەدەسەڵات پێمان دەڵێن بیکەین، بەتایبەت هۆڵەکانی محازەرەدا. ئێمە ژیانمان لـە گـوێگرتن لـەو خەڵکانـەی پێـشەوەی ژوورە قەرەباڵغـەکان بەسـەر بـرد کـە پێیـان دەوترین هەستن، دانیشتن، گۆرانی بڵێن، چـاوتان داخـەن، یـاری "مامۆسـتا دەڵـێ" بکـەن، سـرودی نیـشتمانی بڵێنـەوە و هـەزاران شـتی پوچـی تـر کـە قـەت رازی نـەدەبووین بیکـەین ئەگـەر لەلایـەن کەسـێکی بـەردەم مایکرۆفۆنەکـە بەسـەرماندا نەسەپێنرایە. گـرنگ نییـە تـۆ لـە کوێیـت یـان خەڵکەکـە پێیـان وابێـت تـۆ چـەندە دەترسیت، ئەگەر تۆ مایکەکەت لابێت و بە خەندەیەك بارودۆخەکە روون بکەیتەوە، کاتێك تۆ بە جوانی داوایان لێدەکەیت هەست و بەرەو پێشەوە بجوڵێن، ئـەوا ئەمـە دەکەن. بیکە بە یارییەك. خەڵاتێك بخەڕوو بۆ ئەو کەسەی یەکەم جار هەڵدەستێت. پرسیار لە ئامادەبووان بکە ئاخۆ بۆ ئەمڕۆ راهێنانی تریان دەوێ و کاتێك هەموویان دەستیان بـەرز دەکەنـەوە (ئەوانـەی دەچـنە محـازەرە و کۆنفرانـسەوە هەمیـشە تامەزرۆی راهێنانن)، پێیان بڵێ کە تۆ رێك ئـەو شـتەت لایـە کـە بیکـەن. لەوانەیـە

Scanned with CamScanner

چەند خولەکێکی کاتەکەت بخۆیت، بەڵام شایەنە ئەگەر تۆ کۆڕێکی درێژخایەنت هەبێ. هەرکەسێکیش کە پاش تۆ قسە بۆ هەمان قەرەباڵغی دەکات ئەوا سوپاسگوزار دەبێ.

هەرچۆنێك بێ ئەو چەند کەسەی کە مل نادەن، دەبێ لە پشتەوەی ژوورەکە وازیان لێبهێنرێت. یاسایەك نییە کە بڵێت دەبێ تۆ بەشێوەی یەکسان مامەڵە لەگەڵ هەر کەسێکی ژوورەکەدا بکەیت. ئەولەیەوتی مامەڵەکردن بدە بەو کەسانەی کە وەڵامی داواکەت دەدەنەوە. بە جوڵاندنیان، تۆ کۆمەڵێك شتی بەسوودی ترت ئەنجامداوە. ئێستا ئەوان شتێکیان بە تۆ بە خشیووە و تۆش بۆ ماوەی لانی کەم دوو خولەکی دواتر هۆشی ئەوانت لادەبێت. تۆ راستیت وت لەبارەی سروشتی نائاسودەی ژوورەکە و خەڵکی رێزی راستگۆیی و ئامادەییت دەگرن بۆ هەنگاونان بۆ چارەکردنی. لە چاکەی خۆشت، تۆ پێشڕەوەکان و هاندەرەکانت ناسیووەتەوە: ئەمانە ئەو کەسانەن کە یەکەم جار هەستاونەتە سەر پێ. ئەمانە ئەو کەسانەن کە بایەخ بە تۆ و ئەو شتە دەدەن کە دەبێ بیڵێیت. ئەگەر لەناو قەرەباڵغییەکەدا هاوپەیمانێك هەبێ– ئەو کەسانەی کە یەکەم جار چەپڵە لێدەدەن یان پرسیار دەکەن– ئێستا دەزانیت کێن.

لەهەمووشی گرنگتر، تیۆرەی چڕی، وزەکەت زیاد دەکات. ئێمە گیانلەبەری کۆمەڵایەتین. ئەگەر پێنج کەس– یان تەنانەت سەگ، دەڵەك یان گیانەوەری کۆمەڵایەتی تر– بێنە لای یەك، دەست دەکەن بە رەفتارکردن بەشێوەیەکی هاوبەش. پێکەوە بڕیار دەدەن، پێکەوە دەجوڵێن و لەهەمووی گرنگتر، دەبنە جۆرێك لە کۆمەڵگەیەکی کورت مەودا. بە هەبوونی خەڵکێکی تەواو تێکترنجاو، ئەگەر وا لە کەسێك بکەم پێبکەنێت، سەری بلەقێنێت یان خەندە بکەوێتە سەر لێوانی، خەڵکی دەوروبەریان تێبینی ئەمە دەکەن و کەمێك ئامادەیی ئەوەیان تیادروست دەبێ هەمان شت بکەن. نمایشە کۆمیدییەکانی تەلەفزیۆن لەبەر ئەم

Scanned with CamScanner

هۆکارە پێکەنینیان بەدواوەیە: ئێمە لەبەرانبەر ئەو شتەی کە خەڵکی دەوروبەرمان دەیکەن کاردانەوەمان دەبێ. تەنانەت تەنیا گوێهەڵخستنی ژنێکی تەنیشتت بە تەواوی هۆشیەوە، فەزایەکە باشتر دەکات لە بەرانبەر دانیشتن لە تەنیشت کەسێکی بێزارکەر کە لەبەر سەرقاڵبوونی بە ئیمەیڵەکەیەوە جارێکیش سەر هەڵنابڕێت. قەبارەی ژوور یان قەرەباڵغییەکە گرنگی نامێنێ لەبەرئەوەی خەڵکی پێکەوە و تەواو نزیکن لەیەکترییەوە، لە هەمان کاتدا هەمان شت ئەزموون و ئاڵوگۆڕ دەکەن.

زۆر دەستکاری هاوشێوە هەن کە وتاربێژێك دەتوانێ لە ژوورێکدا بیانکات. گاڵوپەکان داگیرسێنە ئەگەر هەست دەکەیت لە ئەشکەوتێکدایت. داوای مایکرۆفۆنێکی وایەرلێس بکە یان دانەیەکی خۆت بێنە ئەگەر رقت لەوەیە بەسترێیتەوە بە مینبەر (منصە)ەکەوە. ئەگەر تێبینی کەسێك بکەیت کە لە پشت جەمسەرێکەوە گیری خواردووە یان لە پشتەوە وەستاوە، بەرەو کورسییەکی نزیك بەشی پێشەوە رێنمایی بکە، لەوانەیە نەیزانیبێت بەتاڵە. هەمیشە بە هاندێکی کۆنترۆڵەوە بۆ لاپتۆپەکەت سەفەر بکە بۆئەوەی بتوانیت بەرەو پنتی جیاجیای سەر سەکۆیەکە بجوڵێیت ئەگەر مینبەرەکە لە گۆشەیەکی پوچی سەکۆیەکە دانرابوو. پرسیار لە ئامادەبووان بکە ئاخۆ زۆر سەرمایانە یان زۆر گەرما و پاشان لەبەردەم مایکەکە، داوا لە رێکخەران بکە لەوبارەیەوە شتێك بکەن (ئەگەرچی نەشتوانن، تۆ گەورە دەردەکەویت لەوەدا کە تۆ تاکە وتاربێژیت خەمی هەستکردنی ئامادەبووانتە). هەمیشە شتی کەم هەیە بتوانیت بیکەیت- کە پێویستی بە بونیادنانی هۆڵی مخازەرەدانی تایبەت بەخۆت نییە- بۆ چاککردنی کەشی ناو هۆڵەکە. کاتێك تۆ مایکرۆفۆنت لایە، ئەوە ژووری تۆیە- هەرچییەکت حەز لێیە بیکە بۆ بەرجەستەکردنی ئەزموونی ئامادەبووان.

Scanned with CamScanner

ئەگەر نەتوانی شوێنەکە بکەیت بەهی خۆت، ئەوا هەڵەیەکی گەورەت کردووە کە دەشێ خەڵکێکی سەرسەختی لێ بەرهەم بێت. ئەگەر پێنج خولەك بەر لەدەستپێکردنی وتارەکە ئامادەبم، ئەوا نازانم کەشەکە چۆنە. هەر گروپێکی ئامادەبووان جیاوازە لە بەر هەزار هۆکار، هەر لەوەی کە ترافیك لەو بەیانییەدا چۆن بووە تا چ یانەیەکی وەرزشی شەوی رابردوو یارییەکەی بردووەتەوە و تا ئەوەی کە چ سیاسەتێکی گشتی رووەدات. ئەگەر رێك پێش دەستپێکردنی وتارەکەم دەرکەوم، ناتوانم بزانم ئاخۆ بە بەراورد بەو رقە گشتییەی بەرانبەر جیهان هەیە لە ئاستێکی گەورەتردا، چەنێکی پەیوەندی بە منەوە هەیە. هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی لەبەرانبەر خەڵکدا بەو مانایەیە کە ئەوەندە زوو پەیدا ببیت کە لانی کەم گوێبیستی وتاربێژی پێشوو ببیت. هەندێ جار تۆ کۆمێنتێك یان نوکتەیەك لە وتارەکەی پێشوو دەبیستیت کە دەتوانی بیقۆزیتەوە یان خۆی لێ لابدەیت، بەو پێیەی کە پێشتر وتراوە. ئەگەر وتاربێژەکە بێ هاوتا بوو، بەڵام تەنیا سەرنجی ساردی لەلایەن ئامادەبووانەوە تێبڕدرا، ئەوا دەزانیت کە شتێ هەیە لە دەرەوەی جڵەوی تۆ یان وتاربێژەکەی تردایە. بەڵام ئەگەر شتێکی باش ئەنجام بدات و وزەی زۆر و چەپڵەی بەهێز بەدەست بێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە گڕو بڵێسەوە لە سەکۆیەکە دادەبەزیت، دەزانیت ئەوە خەڵکەکە نییە– ئەوە تۆیت.

وتاردان لە وڵاتانی بیانیدا هەموو ئەمە زۆر روون دەکاتەوە. تۆ هیچ بیرۆکەیەکت نییە لەمەڕ ئەوەی کە خەڵکێکی سەرسەخت چییە تا ئەو کاتەی کە لە سوید، ژاپۆن یان ژمارەیەك لە وڵاتی تر قسە دەکەی کە تیایدا پێکەنین، نوکتە کردن و هوتافکێشانی پشتگیری لەماوەی وتاردانێکدا قەدەغەی کەلتوورین. ئەگەر بە زمانی لۆکاڵ قسە نەکەیت، ئەوا تەرجەمە دەکرێیت، کە بەو مانایەیە ئامادەبووان نازانن چیت وتووە– یان وەرگێڕ بڕیاری چی داوە لەسەر ئەوەی وتووتە– تاوەکو نزیکەی ١٠ چرکەی پاش وتنەکەت. کاتێك لە مۆسکۆ قسەم کرد، راستەوخۆ تەرجەمە کرا

Scanned with CamScanner

وەکو ئەوەی لە نەتەوە یەکگرتووەکان بم، ئامادەبووان زۆر بێ هاوتا بوون، بەڵام نەمزانی بۆچی پێدەکەنن، تا ئەوەی کە وەرگێڕەکە لە رێگەی هێدفۆنەکەمەوە روونی کردەوە. بۆ چەند چرکەساتێکی خەمناکی زۆر، ترسی ئەوەم هەبوو کە بە من پێدەکەنن یان قسەم پێدەبڕن، نەك ئەوەی پشتگیری قسەکانم بکەن. پاش چەندجارێك قسەکردن بە شێوازی وەرگێڕانی راستەوخۆ، پێشکەشکردنی وتار بە خەڵکێکی پڕژاوەژاو ئاسانە، ئەگەر بە زمانی رەسەنت قسە بکەن.

ئەگەر هەر شتێکی تر شکست بێنێ- دەزانیت کە ئامادەبووان رقیان لە تۆ و دید و بۆچوونەکەتە- سۆراخی ئەو کەسە بکە کە کەمترین رقی لێتە. هەموو ژوورەکان، گرنگ نییە چەندە سەختن، یەك کەسی تیایە کە کەمترین رقی لێتە. تەنانەت ئەگەرچی تۆ موردێکی کلێسای (دێوەزمەی مەعکەرۆنی و گۆشت) بیت و لە ڤاتیکان قسە بکەیت، ئەوا کەسێك لەو ژوورەدا کەمتر لە هەرکەسێکی تر رقی لێتە. لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە ئەو بڕوای وایە تۆ خوێن شیرینیت، یان دڵخۆش بێت بەوەی کە بوونی تۆ لەوێ چەندە پیرۆزە، بەڵام ئەو باشترین شانسی تۆیە. ئەگەر تۆ یەکەم خەندە، سەرلەقاندنی پشتگیری، یان شەپۆلێکی چەپڵەت پێبگات، ئەوا لەوەوە دەبێ. هەر کە کەسێکی وەهات دۆزییەوە، ئەوا وەکو بناغەی خۆت بەکاری بێنە. کەسی تر فەرامۆش مەکە، بەڵام بزانە لە کوێ سۆراخی پشتگیری دەکەیت. یان، ئەگەر زوو بگەیتە جێ، دەستپێشخەریی ئەوە بکە لەناو ئامادەبووواندا قسە لەگەڵ خەڵك بکەیت و هەندێ پشتیوان بدۆزیتەوە. داوایان لێبکە بێنە پێشەوە. لەبری ئەمە، لەوانەیە تۆ ئەو کەسە بەدی بکەیت کە بە راستی هۆکارێکی باشی هەیە بۆ ئەوەی رقی لێت بێ و دڵنیا بەرەوە لەوەی کە نەهێڵیت لە کاتی پرسیار و وەڵامەکاندا یەکەم پرسیار بکات.

هەندێ جار خەڵکی سەرسەخت بە تەواوی وێنا دەکرێت و دواتر لەلایەن وتاربێژەوە دروست دەکرێت کە بە پەیبردن بەوەی ئامادەبووان دوژمنن،

Scanned with CamScanner

سەرزەنشتیان دەکات. چ گەمژەیەك ئەم جۆرە شتە دەکات؟ گەمژە لە جۆری من. یەکەم محازەرەی گەورە کە پێشکەشم کرد لە ١٩٩٦دابوو. محازەرەیەکی ناوەکی بوو لە مایکرۆسۆفت بۆ نزیکەی ٢٠٠ ئەندازیار و بەڕێوەبەر. لە تەمەنی ڕۆح زلانەی ٢٤دا، ئەوەندە دڵنیا بووم لەوەی کە خەڵکەکە پارچەپارچەم دەکەن کە سوور بووم لەسەر ئەوەی دەرفەتیان پێنەدەم. من بە خێراترین تۆنی (ئەو نییویۆرکییەی دەیەوێ تێت هەڵدات)ی خۆم قسەم کرد، قەت پێنەکەنیم و نائامادەیی خۆم خستەڕوو بۆ خۆشی بینینی هیچ کەسێك لە ئامادەبووان لەو ساتەوە کە دەمم دەکەمەوە. بۆچی ئەو هەموو شتەم کرد؟ بۆچی ئاوا خوێن تاڵ هاتمە پێش؟ زۆر دەترسام. وەکو گەنجێکی ڕۆح زل و ترساویش، قینی خۆم لەبەرانبەر ئەو خەڵکە هەڵڕشت کە لە هەمووان زیاتر لێیان دەترسام. تەماشای ڤیدیۆی ئەو وتاردانەم کرد و دواتر وردوخاشم کرد. ڕەفتارم ئاوا پوچ بوو.

لە کرداری پارێزگاری لەخۆمدا لەبەرانبەر ئامادەبووانێك کە پێم وابوو دوژمنکارانە، ڕەخنەگرانە و گوماناوی دەبن، چوومە سەر ڕێڕەوێك کە ئەگەری زۆر بوو ئەو شتە بێنمەکایەوە کە هەوڵم دەدا خۆمی لێ لابدەم. دڵنیام ئەمە زۆر ڕوودەدات: ترسان لە خەڵك (پارانۆیا) بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن هەلێکی باشە بۆ هێنانەکایەی ئەوەی کە لێی دەترسین، درێژەپێدانی پارانۆیاکە. ئەگەر من دواتر ئەو ڤیدیۆیەی ئەدائەکەم نەبینیایەتەوە، ئەو ژیانەی ئێستام نەدەبوو. هەمیشە وامدەزانی کە کاردانەوە بەرانبەر ئامادەبووان دەخەمەڕوو، نەك ئەمەی کە ئەوان کاردانەوە بەرانبەر من بخەنەڕوو. هەمیشە لەوە تێدەفکریم کە بۆچی ئامادەبووانم ئاوا دڵتەنگن و دواجار وازم دەهێنا. ئێستا دەزانم دەبێ ئەو شتە بەرجەستە بکەم کە لە ئامادەبووانم دەوێ. ئەگەر بمەوێ سەریان خۆش بکەن، دەبێ سەرم خۆش بکەم. ئەگەر بمەوێ پێبکەنن، دەبێ پێبکەنم. بەڵام ئەمە دەبێ بە شێوازێك بکرێ کە بتوانن پەیوەندی لەگەڵ دروست بکەن، کە کردنی قورسە. خواردنەوەیەك بە

Scanned with CamScanner

خۆشی لە ئاهەنگێکی ژن گواستنەوەدا مایەی سەرگەرمییە بۆ کەسی خۆرەرەوە، بەڵام مایەی خەمە بۆ هەر کەسێکی تر. بەڵام وتاربێژە مەزنەکان دروستەکەری رایەڵ و پەیوەندین، بەشێکی رەسەنی خۆیان هاوبەشی پێدەکەن بۆ دروستکردنی تاکە ئەزموونێکی بەهادار بۆ ئامادەبووان.

رێگایەکی نائاسایی بۆ بیرکردنەوە لەبارەی خەڵکی سەرسەخت، ئەوەیە کە دەبێ خەڵکەکە بایەخت پێبدات بۆیە رقیان لێتە. خەڵکێکی دوژمنکارانە وزەیەکی زیاترت پێدەدات بۆ بەکارهێنان بە بەراورد بە کەسێکی بێباك. محازەرەدان لە ژوورێکی پڕ لە خەڵك کە لە بێهۆشیدان، بە مانای وشە لە پێخەفی نەخۆشخانەدان، بەو وایەرانەوە گرێ دراوە کە پڕن لە بەنج، دەرفەتی لەسەدا سفریان هەیە کە بایەخت پێ بدەن. بەڵام ئەگەر خەڵکی تورە یان پڕژاوەژاو بن، بەو مانایەیە کە گرنگی بە شتێك دەدەن. وزەیەکیان هەیە کە دەیانەوێ هاوبەشی پێبکەن، چ بە خراپ یان بە باش. ئەگەر تۆ بتوانیت بزانی ئەو شتە چییە بایەخی پێدەدەن، زووتر باشترە، مومکینە پەیوەندیان لەگەڵ دروست بکەیت. زەمینەی هاوبەش بدۆزەرەوە و لەژێر بەرەوە بیهێنە سەر بەرە. رقەکەیان بەخێرایی دەبێتە رێز، چونکە تۆ ئەو شتەت لەسەر تەختەی شانۆ وت کە ئەوان پێشتر هەرگیز لەکەسێکی وەکو تۆوە نەیانبیستووە. پاش تەماشاکردن و پێشکەشکردنی سەدان محازەرە، بۆم دەرکەوتووە کە ئەو شتەی پێدەچێ خەڵکی تورەترین بن لێی، ناراستگۆییە. لە رێگەی وتنی راستییەوە لەبارەی ئەو شتەی کە تورەیان دەکات یان تەنانەت دانپێدانانی بەشێوەیەکی هەستپێکراو لەناخی دڵەوە، سەرراستی خۆت پیشان بدە و تۆ چەند خاڵێك تۆمار دەکەیت. ئەو خەڵکەی بە شێوەیەکی بوێرانە لە مایکرۆفۆنەوە راستی دەڵێن، بەشێوەیەکی ناوازە دەگمەنن.

خەڵکێکی کەم ئەوە دەزانن کە کتێبی هەرە پڕبرەوی دەیل کارنێگی (چۆن هاوڕێ بەدەست بێنیت و کاریگەری لەسەر خەڵك دابنێیت)، کە یەکێك بوو لە

Scanned with CamScanner

پڕفرۆشـــترین کتێبەخۆڕێنوێنییـــەکان لـــە مێـــژوودا، لـــە ســـەردەمی خۆیـدا پەرچەکردارێکی بەرچاوی لەلایەن دەستەبژێری کەلتووری و راگەیاندنەکانی بەدوای خۆیدا هێنـا. کـارنێگی لـە کاریکاتێرەکـان و ستوونەکانی رۆژنامەکانـدا بـە سووك پیشان دەدرا و لە کۆلێژ و زانکۆکاندا گاڵتەی پێدەکرا لە بەرانبەر ئامۆژگاریی زیاد لە ڕادە سادەکراو و سۆزی (هـەروەکو چۆن ئەمڕۆکـە دیپـاك چـۆپرا و دکتـۆر فیل گاڵتەیان پێدەکرێ).

ئەو بانگهێشتکرا بۆ قسەکردن لە یانـەی (دوچ تـریتی) لـە شـاری نیویـۆرك، کە گـروپێکن لـە دەزگـای چـاپەمەنی، سـتووننوس و پیـاوانی ریکـلام، لـەو جـۆرە خەڵکانـەی کـە کەللـەرەق و بـەدگومان و رەخنـەگرترینن لـە بەرهەمەکـەی. وێـڕای هۆشداری لەلایـەن راوێژکارەکانیـەوە، هەرچـۆنێك بـێ بڕیاریـدا قـسە بکـات و بزانـە چیشی وتووە:

"دەزانم رەخنەگرتنێکی بەرچاو هەیە لە کتێبەکەم. خەڵکی دەڵێن من قـووڵ نیم و هیچ شتێکی تیا نییە بۆ دەروونناسی و پەیوەندییە مرۆییـەکان تـازە بێـت. ئەمە راستە. بەڕێزان، قەت بانگەشەی نەکردووە بیرۆکەیەکی نوێم پێیە. بێگومان مامەڵە لەگەڵ دیاردا دەکەم، من لەسەر دیار وتاردەدەم، جەخت دەکەمـەوە و شـکۆمەندی پێدەدەم- چونکە دیار ئەو شتەیە کە پێویستە خەڵکی پێیان بوترێت. گـەورەترین پێویستیی خـەڵکی زانـینی ئەوەیـە کـە چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ خـەڵکی تـردا بکـەن. پێویستە ئەمـە بەشـێوەیەکی سروشـتی پێیـان بگـات، بـەڵام وەهـا نییـە. من پێم دەوترێ کە ئێوە بینەرێکی دوژمنکارانەن. بەڵام من "بێگوناه"م. ئەو بیرۆکانەی کە من نوێنەرایەتیان دەکەم هی من نین. من لە سوکرات وەرمگرتوون. لـە شارۆچکەی (چێستەرفیلد) رفاندوومن، لە عیسا دزیومن و لەناو کتێبێکدا دامناون. ئەگـەر ئێوە کەیفتان بە رێساکانیان نایەت، کێ بەکاردێنن؟ خۆشحاڵ دەبم گوێم لێتان بێت".

Scanned with CamScanner

بـە گـوێرەی یـەکێك لـە راپۆرتـەکان، ئـەو رووبـەڕووی چـەپڵەرێزانێکی گـەورە بـووەوە. لەکاتێکـدا کـە مـن هانـدەرێکی گـەورەی کتێبەکـە نـیم، سەرسامی ئـەو بەسەرهاتەم. ئەو بە شێوازێکی بـوێر، زیـرەك و راستگۆیانە رووبـەڕووی خـەڵکێکی سەرسەخت بووەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێ رۆژ، گرتگ نییـە چـی دەکـەیت، هەرچـۆنێك بـێ هەنـدێ کەس رقیان لێتە. ناوبەناو، رووبەڕووی هەندێ خـەڵك دەبمـەوە کـە حـەزیان لـە رق لێبوونەوەیە، یان تەنیا هەراسانیان دەکەم لەبەر چەند هۆکارێك کـە نـاتوانم رووبـی بکەمەوە. جارێکیان لە زانکۆیەك بانگهێشت کرابووم مامۆستایەك سـێ جـار قـسەی پێبڕیم پێش ئـەوەی لاپـەڕەی یەکـەم هەڵبدەمـەوە. چـەند خولـەکێك دواتـر، پـاش سەرنجی درێژ و ئاه هەڵکێشانی بە ئەنقەست، هەستا و رۆیشت. دەکـرا شـتێکی تـر بکەم؟ پێم وانییە. هەندێ جار کەسێك تـەنیا کـەیفی پێـت نایـەت و خۆشـی لـە رق لێبوونەوەت دەبینێت. ئەگەر هەوڵم بدایە دڵی خۆش بکەم، لەوانەبوو کەسێکی تـر بەهەمان شێوە شـێتگیر بکـەم. بـاکم نییـە رقـم لـێ هـەڵبگیردرێت، چـونکە خۆشـم هەندێ شت و کـەس هـەن رقـم لێیانـە. بـەڵام کاتێـك دێتەسـەر هـۆش پـەرتکردنی ئامادەبووان، ئـەوا شـتێك تێـك دەدات کـە پێدەچـێ تـەواوی ژوورەکـە خۆشـی لـێ ببینن. هەر کە مامۆستاکە رۆیشت، تەحـەدای ئـەوەی بەسـەردا سـەپاندم کـە پێـی بڵێم یان دەمی داخات یان بڕوات، کە پێم دەوت ئەگەر بەردەوام بووایە.

لەبەرانبـەر ئـەوەدا دەبووایـە سوپاسـگوزار بم. ئاسـانە ئـەوە لـەبیر بکـەیت کـە زۆربەی خەڵکی هەست دەکەن لەسەر کورسییەکانیان گیردەخـۆن. ئەگـەر بیانـەوێ بڕۆن، ناتوانن بەرگەی ئەو سەرنجدانە بگرن کە بەهۆی هەستانە سەر پێ و رۆیشتن بەسەر ئەژنۆکانی خەڵکدا رووبەرووی دەبنەوە تا ئەوەی دەکەنـە کۆتـایی ریزەکـە. ئەگەر کەسێك دڵتەنگ بێت، دڵخۆشم ببینم کە دەڕوات نـەك ئـەوەی کـە وزەی هـەر کەسێکی تـر بـەتاڵ بکاتـەوە. هـەرگیز بـە چـاووڕووقایم سـەیری ناکـەم- ئەمـە

Scanned with CamScanner

نیعمەتێکە. کۆمەڵەیەکی ٥ کەسی ئارەزوومەند خراپ دیارە، بەڵام دۆخێکی باشترە لەو ٥٠ کەسەی کە دەیەوێ بڕوات، بەڵام ناڕوات.

ئەگەر تۆ بە راستی لەوە دەترسی لە دۆخێکی دوژمنکارانەدا بیت، لەوانەیە هەندێ جوڵەی زیاتری قاچ ترسەکانت بڕەوێنێتەوە. پرسیار لە خانەخوێکەت بکە و بزانە تا چەند خەڵك دێت و دەشێ رووبەڕووی چ پرسیارێك بیتەوە. داوای ناوی سێ کەس بکە کە نوێنەری ئەو خەڵکەن قسەیان بۆدەکەیت. بزانە ترسەکانت خەیاڵین یان راستەقینەن. پاشان، کاتێك وتارەکەت پێشکەش دەکەیت، دڵنیابەرەوە لەوەی کە دەڵێیت، "ئەمەش ئەو سێ سکاڵایەی کە لە توێژینەوەکەمدا لەگەڵ تایلەر، مارلا و کۆرنێلوس گوێبیستی بووم." دانانی ئامادەبووان لە لیستەکەدا چەندەها تەن خاڵت بۆ تۆمار دەکات. خەڵکێکی کەم ئەمە دەکەن و ئەگەر بەشەکەی تری ئامادەبووان لەگەڵ تایلەر، مارلا و کۆرنێلوس ناکۆك بن، ئەوا دەتوانن خۆیان یەکلایی بکەنەوە پاش ئەوەی تۆ دەڕۆیت.

Scanned with CamScanner

بەشی پێنجەم

مایکرۆفۆنەکە مەخۆ

لەم جیهانەدا خەڵکی گەمژەی زۆر هەن و دڵنیام تۆ چاوت پێیان کەوتووە. جۆرج کارلین، کە یەکێکە لە ئەقڵە درەوشاوەکانی ئەم سەردەمەمان، جارێکیان تێبینی ئەوەی کردبوو کە تێکڕای (معدل)ی کەسێك ئەوەندە زیرەك نییە– لەوەش خراپتر، نیوەی خەڵکی لەو تێکڕای کەسە دەبەنگترە. ئەوەی کە لەمە سەرنجڕاکێشترە، هەرکاتێك پرسیار لە ژوورێکی پڕاوپڕ لە خەڵك دەکەم "لێرە کێ پێی وایە لەسەروو تێکڕایی زیرەکییەوەیە؟" هەمیشە زیاتر لە نیوەیان دەست هەڵدەبڕن. گەر بە راستی پێت وایە لەوانەی دەوروبەرت زیرەکترین، دەبێ ئەو باڵاییەت وات لێبکات هەستێکی خۆشت هەبێ، بەڵام جارێکی تر، تەنانەت ئەو کەسەش لە ئێمە کە زیرەکە شتی پڕوپوچ ئەنجام دەدات. ئەنیشتاین لە تاقیکردنەوەکانی داخڵبوونی کۆلێژ کەوت هەروەکو چۆن جولیەس قەیسەر چەقۆ تیژەکانی ناو رۆبی هاوڕێکانی پشتگوێ خست. دڵنیاشم کە جاروبار مۆزارت قاوەی بەسەر پیانۆکەیدا رشتووە و جولیا چایلد قەلی لە جەژنی سوپاسگوزاریدا سوتاندووە. بە هەبوونی هەموو ئەو شتانە، بە لەبەرچاوگرتنی ژمارەی گەورەی خەڵکی دەبەنگ–و ئەو خەڵکە زیرەکەی کە شتی دەبەنگانەیان کردووە– لە جیهاندا، هەندێ لە وتاربێژان زیرەك دیار نابن. رێگایەکی تر نییە. هیچ بڕێکی راهێنان پیاوێك بە دوو خانەی مۆخەوە لەو گەمژەییەی تێناپەڕێنێت، چونکە کێشەکە توانای قسەکردنی نییە، بەڵکو

Scanned with CamScanner

ناتوانایيەتی لە بیرکردنەوە. بەدەگمەن ئەوە دەوترێ، بەڵام هەندێ لە خەڵکی هەرگیز نابنە وتاربێژی باش. ئەگەر کەسێك نەدۆزنەوە کە لەبری ئەوان بیر بکاتەوە، لە باشترین حاڵەتدا، نیوەی ئەو ئامرازانەیان دەبێ کە پێویستیانە.

تەنانەت بۆ زۆرێك لەو خەڵکە زیرەکەی کە ئیش لەسەر وتارێکی پاوەرپۆینت دەکات، ئەوەندە بە ستایلێ فریو دەخۆن کە بابەتەکە لەدەست دەدەن. ئەوان نیگەرانی دیزاینی ناو لاپەڕەکان، وێنەکان، فیلمەکان، فۆنتەکان، جلوبەرگەکان، قژ و شتی ترن، ئەنجامدانی کاری قورستر و گرنگتری بیرکردنەوەی قوڵیان بیر دەچێت لەبارەی ئەو بیرۆکانەی دەیانەوێ بیگەیەنن. ئاسانە ببیتە وتاربێژێکی رەوان کە لاپەڕەی جوان دادەڕێژێت و فەرهەنگۆکێکی مەزن و دەربڕینێکی تەواوی هەیە، بەبێ ئەوەی زۆر بڵێت. یان خراپتر، زۆری هەیە بیڵێ کە راست نییە، گومڕاکەرە و ناکرداری یان ناپەیوەندیدارە بە ئامادەبوونەوە. من دەقاودەق بەو خەڵکانە ناڵێم گەمژە، بەڵام گونجاوە کە بڵێین بەشی زۆری وزەی مێشکیان بە وردبوونەوە لەو کێشانە بەفێڕۆداوە کە گرنگترین نەبوون بۆ چارەسەرکردنیان. بە بۆچوونی من کێشەی زۆربەی وتارە پاوەرپۆینتە خراپەکان پێشکەشکردن، لاپەڕەکان، دیمەن و وێنەکان و ئەو شتانەی تر نیە کە خەڵکی خەمیانە. بەڵکو نەبوونی بیرکردنەوەیە.

شتی زۆر هەن کە دێنە رێگای بیرکردنەوەیەکی باش، بەڵام ئەو وتارە ئەفسانەییەی کە لینکۆلن لەسەر پشتی زەرفی نامەیەك نوسی، بەشێوەیەکی دیاریکراو لەبەر ئەو کردارە بەدناو بوو. بەسەرهاتەکە زۆرجار بلیمەتیی لینکۆلن پیشان دەدات– ئەمەی کە توانی گەورەترین وتاری هەموو سەردەمەکان لە چەند ساتێکی پشوو لە شەمەنەفەردا بەشێوەیەکی سەرپێیی بنوسێت. ئەمە چیرۆکێکە کە ئیلهام بە زۆر کەس دەدات لەپێناو گەیشتنە سەر تەختەی شانۆ و تێپەڕاندنی، خۆ ئامادە نەکەن. هەڵەیی ئەفسانەکە ئەوەیە کە وایدابنێیت تاکە ساتێك کە لینکۆلن بە بیرکردنەوە لەو بیرۆکانە بەسەری بردووە کە لە وتارەکەیدا هاتبوون،

Scanned with CamScanner

ئەو ساتە بووە کە نوسیوونی . ئەمەی کە بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەو قەت بیری لە کارەساتەکانی شەڕی ناوخۆ، گرنگیی قوربانیدانی مرۆیی و ئایندەی ئەمریکا نەکردووەتەوە جگە لەو کاتەی کە تیایدا وشەکانی خستووەتەسەر سەر پارچە کاغەزێکی ڕەمەکی. بەسەرهاتەکە ئەوەندە سەرنجڕاکێشە کە خەڵکێکی کەم ئەو ساڵانە دەبینێت کە تیایدا بە بیرکردنەوە لەبارەی ئەم پرسە ئاڵۆزانە، مشتومڕە درێژانە لەگەڵ دۆست و نەیارەکانیدا و ئەو کۆمەڵە وتار و نامانەی لەسەر ئەم بابەتانە نوسیوونی بەسەری بردووە، کە هەموویان یارمەتیدەری بوون تا بیرۆکەکانی بپاڵێوێت و مەبەستەکانی ڕوون بکاتەوە.

ئەگەر بەشێوەیەك لە شێوەکان گرنگی هەبێ، لەوانەیە بەسەرهاتی زەرڤی نامەکە ئەفسانەیەك بێت. دەیل کارنێگی کە ساڵانێکی بە توێژینەوەی لینکۆڵن بەسەر برد، لەبارەی داڕشتنی وتاری (گێتیسبێرگ) لینکۆلنەوە دەڵێت:

" ئەو (لینکۆلن) بەشی دواتری ئەو شەوەی بەوە بەسەر دەبرد کە "دەستێکی تر" بێنێت بە وتارەکەیدا. ئەو تەنانەت چووە خانوویەکی تەنیشتی کە وەزیر (سێوەرد) تیایدا دەمایەوە و وتارەکەی بە دەنگی بەرز بۆ خوێندەوە بۆ ڕەخنەگرتن. پاش نانی بەیانیی دواتر، بەردەوام بوو لەوەی کە "دەستێکی تر"ی پیا بێنێت، کاری لەسەر کرد تائەوەی کە دەنگی دەرگاکە هات و پێیان وت بێت شوێنی خۆی لەناو خەڵکەکەدا بگرێ".

تەواوی وتاردانی باش لەسەر بیرکردنەوەی تایبەت بونیاد دەگرێ. جۆن ئێف کەنەدی، بەو هەموو زیرەکییەیەوە، وتارنووسی هەبوو، کە لەوانەیە وتە بەناوبانگەکەیان بۆ نوسیبێت "پرسیاری ئەوە مەکە وڵاتەکەت دەتوانێ چیت بۆ بکات، پرسیار بکە تۆ دەتوانیت چی بۆ وڵاتەکەت بکەیت". هەمان شتیش بۆ ڕۆناڵد ریگن، باراك ئۆباما، زۆربەی بەڕێوەبەرانی جێبەجێکار و زۆرێك لە زۆربەی وتاربێژە گشتییە بەناوبانگەکانی سەرانسەری مێژوو راستە. بەشی زۆری ئەو شتەی کە ئەو

Scanned with CamScanner

وتارنوسانە دەیکەن، گۆڕینی رستێك بیرۆکەی خاوە بۆ بیرۆکەی روون. ئەمە بەر مانایەیە کە جیاوازیی نێوان تۆ و جۆن ئێف کەنەدەی یان مارتن لوتەر کینگ ئەوەندەی پەیوەندی هەیە بە توانای بیرکردنەوە و لەبێژنگدانی بیرۆکە خاوەکان بۆ بیرۆکەی روونتر، ئەوەندە پەیوەندی نییە بە توانای قسەکردن- شارەزایەتییەك کە هەموومان رۆژانە سەدان جار بەکاریدێنین. خستنەڕووی بیرۆکەیەك، وتنەوەی وانەیەك، یان گەیاندنی هەستێك بەوانیتر یەکەم جار پێویستی بە بیرکردنەوەیە، بڕێکی زۆر و زۆر بیرکردنەوە، بەر لەوەی وتاردانەکە رووبدات. بەڵام ئێمە بیرکردنەوەکە نابینین، دواجار ئەمەیان تەماشاکردنی گرنگ نییە. ئێمە تەنیا وتاردانەکە دەبینین، کە وایلێدەکات وا دیار بێ بیرکردنەوەکە خۆبەخۆ بەشێوەی جادوویی روودەدا.

گرنگ نییە جۆرە وتارەکەت چیە، تەنیا چەند هۆکارێك هەن بۆ ئامادەبوونی خەڵکی. لەکاتێکدا کە پلانی وتاردانەکەت دادەنێیت، بە ئامانجی پێکانی ئەو شتانەی خوارەوە دەستپێبکە. خەڵکی دێن چونکە ئەوان:

١-دەیانەوێ شتێك فێر بن

٢-ئاواتەخوازن ئیلهام وەرگرن

٣-هیوادارن ئیلهام وەرگرن

٤-پێویستییەکیان هەیە هیوادارن تۆ پڕی بکەیتەوە

٥-ئارەزوومەندی ئەوەن خەڵکی تر ببینن کە بایەخ بە بابەتەکە ئەدەن

٦-سۆراخی ئەزموونێکی پۆزەتیف دەکەن کە بتوانن بۆ ئەوانیتری بگێڕنەوە

٧-بە زۆر لەلایەن بەڕێوەبەر، دایك و باوك، مامۆستاکان یان هاوسەرەکانیان دەنێردرێن

٨-بۆ چەند رۆژێك نوساون بە قەنەفەکانەوە و ژوورەکانیان جێ نەهێشتووە

Scanned with CamScanner

تەنیا کەسێکی دەبەنگ دەتوانێ بۆ سەعاتێك قسە بکات و هیچ کام لەوانەی سەرەوە نەپێکێت. زۆرێك لە وتارەکان لانی کەم یەك یان دووان بە رێکەوت دەپێکێت. لەگەڵ ئەوەشدا، وتاربێژێکی هۆشمەند- وتاربێژێك بەبێ رەوانبێژییەکی سەروونئاسایی یان هێزی جادوویی بەڵام کە بە قووڵی گرنگی بدات بە بەخشینی شتێکی بەکەڵك بە ئامادەبووان- دەتوانێ بۆ ماوەی ٣٠ خولەك قسە بکات، زۆربەی شەش خاڵی یەکەم بپێکێت و زوو تەواوی بکات، هەمووان ئازاد بکات و هەمووان ئەوانەی لەوێن رازی بکات (ئەوانەش کە لەبەر هۆکاری خاڵی حەوتەم و هەشتەم لەوێن).

زۆرێك لە وتاربێژان لە کۆنفرانسەکاندا ژیاننامەگەلێك دەخەنەڕوو کە بە چڕوپڕی روونی دەکەنەوە چەندە لێهاتوون لە ئاراستەکردنی کۆمپانیاکاندا، بەڕێوەبردنی تیمەکاندا، بەدەستهێنانی بڕوانامەدا یان نووسینی کتێبدا، هەمووشی وەکو بەڵگە بۆ پشتگیریی لەو بانگشەیەی کە ئەوان باشن لە ئەنجامدانی شت بۆ خەڵکی تر. ئەگەر وتاربێژان بەو شێوەیەی کە سی ڤیەکانیان ئاماژەی پێدەکات زیرەك و بەهرەمەند بن، دەبێ پێشبینی ئەوەیان لێبکەین کە ئەو هۆکارانەی وا لە خەڵکی دەکات لە هۆڵەکە ئامادە بن بۆ گوێگرتن بە جددی وەربگرن.بەڵام لەبەرئەوەی ئەوان وتاردەدەن و مایکرۆفۆنەکەیان لەلایە، رێگە بەخۆیان دەدەن تا ببنە چەقی سەرنج و ئەوە لەبیر ببەنەوە کە دەبێ ئەولەویاتیان لە کوێ بێت.

بە دەربڕینێکی تر، کاتێك ١٠٠ کەس بۆ ماوەی سەعاتێك گوێت لێدەگرن، ئەوە ١٠٠ سەعاتی کاتی خەڵکە کە تەرخان کراوە بۆ ئەو شتەی کە دەبێ بیڵێیت. ئەگەر تۆ نەتوانیت ٥ یان ١٠ سەعات بە خۆئامادەکردن بۆیان، بیرکردنەوە لێیان و پالاوتنی بیرۆکەکانت بە باشترین شێوە بۆ گونجاندن لەگەڵ پێویستییەکانیان بەسەر نەبەیت، ئەوە چ ئاماژەیەکی هەیە لەبارەی رێزی تۆ بۆ کاتی ئامادەبووان؟ ئەمە ئاماژەیە بەوەی کە ٥ سەعاتەکەی تۆ زۆر گرنگترە لە ١٠٠ سەعاتەکەی ئەوان،

Scanned with CamScanner

کە خۆپەرستییەکی گەورەترە لە تەواوی کۆمەڵەی خۆر. گومانیشی تیا نییە کە کاتێك دەچیتە سەر تەختەی شانۆ ئەم بێ ڕێزییە ڕوون دەبێتەوە.

لە شوباتی ٢٠٠٩دا، لە کۆنفرانسێکی گەورەدا، تەماشای جێبەجێکارێکی گەورەم کرد محازەرەیەکی پێشکەشی سەدان کەس کرد. چەند خولەکێك لە وتاردانەکەی تێپەڕیبوو، کەوتە دەریایەکی بێدەنگییەوە، کاغەزەکانی ناو دەستی هێنا و برد و دواجار دانی نا بەوەی کە تێبینییەکانی خۆی سەری لێشێواندووە. ئەمەش لەبەرئەوە بوو چونکە پێش چەند خولەکێك ئیتر دەستبەرداری بەدواداچوونیان ببوو، شڵەژا و پۆزشی هێنایەوە و وتی جارێکی تر شتی واناکات. ئەو شتەی کە بۆی دەرکەوت و بۆ ئامادەبوونی ڕوون کردەوە، ئەوە بوو کە بەلایەوە سەخت بوو لەناکاو قسە بکات و لەهەمان کاتدا تێبینییەکانی بەکار بهێنێت. تەواوی وتارەکەی ٢٠ خولەك درێژ بوو، بۆیە ئەگەر لە هەفتەکانی پێش کۆڕەکەدا ٢٠ خولەکی بە پرۆڤە کردنەوە بەسەر ببردایە ئەوا دەیتوانی پەی بەوە ببات کردنی ئەمە چەندە مەحاڵ دەبوو پێش ئەوەی بچووایەتە سەر سەکۆ. ئەمە یارمەتی دەدا تا لەو بیرۆکە سەرەکییانە تێبگات کە دەیویست بیانگەیەنێت و تەواوی ئامادەبوونی پارەدەری ڕزگار دەکرد لە بەکارهێنانی کاتەکەیان لە یارمەتیدانی ئەو تا لەهەموو ئەو شتانە تێبگات.

ئامادەبووان زۆر بەخشندەن. دەیانەوێ وتاربێژ سەرکەوتوو بێ، بۆیە زۆر کێشەی ڕووکەش فەرامۆش دەکەن. بەڵام ئەگەر وتاربێژ نیازی نەبێ بە وردی بیر لە بیرۆکەکانی بکاتەوە، بە ئەنقەست بابەتەکەی پشتگوی بخات و سەرەنجام سەرگەردان ببێت، ئامادەبووان تا چەند دەتوانن لێبووردە بن؟ لە زۆربەی بارودۆخە پرۆفێشناڵەکاندا، ئەم خۆئامادەنەکردنە مایەی قبوڵ نییە. وێنای ئەوە بکە کە دکتۆرێك لە ناوەڕاستی پرۆسەی نەشتەرگەریی مۆخی تۆدا وەستا و داوای

Scanned with CamScanner

لێکردیت ئامانجی نەشتەرگەرییەکەی بیر بێنیتەوە. ئەگەر نەزانیت بۆچی لەسەر سەکۆیەکەیت، ئامادەبووان ناتوانن یارمەتیت بدەن.

لە بازرگانیی وتاربێژیدا، ئەمە بە "خواردنی مایکرۆفۆن" ناسراوە. ئەمە ئەو چرکەساتەیە کە تیایدا بەرپای ئامادەبووان بەوەی کە پێویستییەکانی وەڵام دەدرێتەوە، لەدەست دەچێ. هەمووان لە گوێگرتن دەوەستن. ئەمە قەت بەهۆی هەڵەی چاپ، لاپەڕەی خراپ یان تەنانەت وتاربێژێکی سەرگەردان بەشێوەی کاتی، روو نادات. ئەمە ئەو کاتە رووودەدات کە وتاربێژ زۆر لەو شتە دوور دەکەوێتەوە کە ئامادەبووان بایەخی پێدەدات. کاتێك ئەمە رووودەدات، هەمووان تێدەگەن کە خەواڵوویی، یاری پۆکەر لەسەر مۆبایل، یان تەنیا هەستان و رۆیشتن ئاسایین- خەڵکی دەزانن کاتەکەیان باشتر لە وتاربێژەکە بەکاربێنن.

کاتێك گەمژەیەك مایکرۆفۆن دەخوات، لەوانەیە شتێکی باش بێت. بەڵام تراژیدیایە کاتێك کەسێکی جێ سەرنجی زیرەك بەو بەسەرهاتە مەزن و تێڕامانانەی کە دەیانگێڕێتەوە، بەهۆی بیرکۆڵییەوە خەڵکێك نائومێد دەکات. ئەو رۆژە ئیمکانی هەموو شتە باشەکانی ناو ئەو لیستەی سەرەوە لە هۆڵەکەدا هەبوو- هەزار پەیوەندیی مومکینی خەڵك و ئایدیاکان و سۆزەکان- بەڵام بەفیڕۆ چوو چونکە ئامادەبووانی لەبیرچووەوە. مەبەستی من تەنانەت لەبارەی پرۆژەشەوە نیە، هەرچەندە گرنگە، بەڵام بەس نییە، چونکە هەرکەسێك دەتوانێ چەند سەعاتێك بە کێشەیەکەوە بەسەر ببات و هێشتا قەڵب بێت. ئامانجەکە بریتییە لە بەکارهێنانی کاتی خۆئامادەکردنت بۆئەوەی بیرکردنەوەت بەهێز بێت، رازیکردنی زۆریەی ئامادەبووان ئاسان بکات وێڕای هەر هەڵەیەك کە دەشێ رووبدات کاتێك دەچیتە سەر تەختەی شانۆ.

بۆ خۆئامادەکردنت بەباشی، پێویستە چوار شت بکەیت:

Scanned with CamScanner

١-له تایتڵەکەدا هەڵوێستێکی بەهێزت هەبێ. هەموو وتار و محازەرەکان دیدیان هەیە و دەبێ بزانیت ئەوەی تۆ چیە. ئەگەر تۆ بایی پێویست نەزانیت کە رەئیەك بخەیتەڕوو، ئەو کێشەیە چارەسەر بکە بەر لەوەی وتارەکەت پێشکەش بکەیت. تەنانەت وتنی "ئەوەش پێنج شت کە کەیفم پێیان دێت" هەڵوێستێکی بەهێزە، لەوەدا کە ژمارەیەکی بێ سنووری شت هەن کە هەڵتنەبژاردوون. بە هەبوونی هەڵوێستێکی لاواز، لەوانەیە وتارەکەت بەم شێوەیەی لێبێت "ئەمەش هەموو ئەو شتەی کە دەزانم دەتوانم بیئاخنمە ئەو کاتەی هەمە، بەڵام لەبەرئەوەی کە نازانم ئاخۆ گرنگی ئەدەن یان نا، یان چیم دەوت ئەگەر کاتێکی کەمترم بۆ قسەکردن هەبوایە، ئەوا رووبەڕووی زبڵێکی کرچوکاڵ سۆراخنەکراو و پێشکەشنەکراو دەبوویتەوە". هەرکاتێك وتاربێژێکی ساردوسڕ و بێزار دەبمەوە، دەمەوێ پرسیاری لێبکەم: "ئەو وتارە کامە بوو دەتویست پێشکەشی بکەیت؟" لەبەر هۆکارێك لە هۆکارەکان، پێدەچێت پێی وانەبێ کە رێگەی پێدراوە ئەو وتارە پێشکەش بکات، وتارێك کە لەوانەیە ئامادەبووان بۆ گوێبیستبوونی هاتبن.

٢-بە وریایی لەبارەی خەڵکە دیاریکراوەکەت بیر بکەرەوە. بزانە بۆچی لەوێن، پێویستییەکانیان چییە، چ باکگراوندێکی زانینیان هەیە، ئیمانیان بە کام تیۆرانە هەیە و چەندە هیوادارن جیهانەکەیان جیاواز بێت پاش ئەوەی وتارەکەت تەواو دەبێت. ئەگەر تۆ کاتت نەبێ تاووتوێی بابەتەکەت بکەیت، ئەوا لانی کەم تاووتوێی ئامادەبووانت بکە. لەوانەیە دەربکەوێت کە چەندەی کەمیش لەبابەتەکە بزانیت، زیاتر لە ئامادەبووان لەبارەیەوە بزانیت.

٣.ئەوەندەی دەکرێ بیرۆکە دیاریکراوەکانت پوخت بکەوە. ئەگەر دە خولەك بخایەنێت تا روونی دەکەیتەوە بیرۆکەکەت چیە، هەڵەت کردووە. بیرۆکەکان بانگەشەن. تۆ بەڵگاندن دەکەیت تا پشتگیریی بیرۆکەکانت بکەیت. دەبێ هەر بیرۆکەیەك بئاخنرێتە ناو تاکە رستەیەکی جێ سەرنجی ترنجاو. لەوانەیە

Scanned with CamScanner

بەڵگاندنەکان درێژ بن، بەڵام نابێ کەس سەری لێ بشێوێت لەوەی بیرۆکەکەت چیە کاتێك پاڵپشتی دەکەیت. وتارێکی مام ناوەند بیرۆکەکان ڕوون دەکاتەوە، بەڵام خەڵکی بە بەڵگاندنەکان بێزار یان سەرلێشواو دەکات. وتارێکی تەواو خراپ هەرگیز ڕوونی ناکاتەوە بیرۆکەکان چین.

٤-ئەو دژە بەڵگاندنانەی لەوانەیە لەلایەن ئامادەبووانێکی شارەزاوە یان زیرەکەوە ڕووبەڕووی ببیتەوە بزانە. ئەگەر تۆ دژەبەڵگاندنە زیرەکەکان بۆ هەر بیرۆکەیەکت نەزانیت، ئەوا ناشێ بیرۆکەکانت باش بن. بۆ نموونە، ئەگەر تۆ وتارەکەت لەبارەی ئەوەوە بێت کە بۆچی دەبێ خەڵکی پەنیری زیاتر بخۆن، دەبێ تۆ لانی کەم بزانیت بۆچی (دامەزراوەی دژەپەنیری ئەمریکا) دەڵێ دەبێ خەڵکی کەم پەنیر بخۆن.

خێراترین ڕێگە بۆ بەدەستێهنانی ئەم شتانە بریتییە لە دەستپێکردن بە تایتڵێکی بەهێز. تایتڵەکان سەرنجێکیان کەمیان لێدەدرێت، بەڵام هەمیشە یەکەم وشەکانی لاپەڕەکانتن. ئەگەر لە بۆنەیەك یان کۆنفرانسێکیش قسەت کرد، پەیوەندی بە هەڵبژاردنی خەڵکەکەوە هەیە ئاخۆ لە وتاردانەکەی تۆدا ئامادە دەبن یان نا. زۆربەی خەڵکی تایتڵی پروکێنەر، مردوو بۆ وتارەکانیان هەڵدەبژێرن. ئەمە کارەساتێکی گەورەی دەرفەتی لەدەستچووە. تایتڵ گەردوون دابەش دەکات بۆ ئەوەی کە باس لە چی دەکەیت و لەچی ناکەیت. ملیۆنان ڕێگە هەیە بۆ کردنی ئەمە، بەڵام زۆربەیان بێزارکەرن. ئەگەر تۆ ڕێگەیەکی زیرەکانە نەزانیت بۆ دابەشکردنی بابەتێك، ئەوا ئەگەرەکان لاوازن بۆ ئەمەی کە بیرۆکەی بەکەڵك بدۆزیتەوە بۆ خستنەڕوو. ئەگەر تەنانەت تاکە بیرۆکەیەکت هەبێ، چی دەبێت؟ ئەمە ئەو شتە دەبێت کە دەبێ تایتڵەکەت پەیوەندی لەگەڵدا دروست بکات.

تەنانەت ئەگەرچی تۆ پێویست بکات تایتڵێکی پرۆکێنەرت هەبێ لەبەرئەوەی بەڕێوەبەرەکەت زۆرت لێدەکات ئەمە بکەیت، لە دەستپێکدا ئەو تایتڵە پروکێنەرە

Scanned with CamScanner

بەکارمەهێنە. ئەو تایتڵە کاریگەرە بەکاربێنە کە پێت وایە ئامادەبووان بە راستی دەیانەوێ گوێببیستی بن، یان ئەوەیان کە بەشێوەیەکی کاریگەر نیشاندەری ئەو شتەیە کە دەبێ بیڵێت. وتاردان لەبارەی بارودۆخ، کە تیایدا خەڵکی هەواڵی تازەی ئیشەکەیان دەخەنەڕوو، تراژیدیان چونکە هەرکەسێك رقی لەوەیە کە کەسنەکەی تر چەندە تاقەتپڕوکێنە، بەڵام رەتی دەکاتەوە شتێکی زیرەکانەتر لە وتارەکەی خۆیدا جێبەجێ بکات. ئەگەر تۆ ئەوەی خۆت بە شتێکی وەکو "چاك، خراپ، و لەبارەیەوە چی دەکەین" ناودێر بکەیت، پوختی وتاردانەکەت و بەهای کۆبوونەوەکان بە گشتی، بەشێوەیەکی دراماتیکی باش دەبێ.

ئێستاش بڕوانە نموونەیەکی باشتر. بۆ نموونە من رازیم بەوەی محازەرەیەك پێشکەش بکەم بەناوی "ئەفرێنەرێتی بۆ دەستپێکەران". هەنوکە خۆم خستووەتە ناو داوی شکستەوە. چۆن ئەگەری هەیە بتوانم هەر شتێك بڵێم لەبارەی ئەفراندنەوە کە دەستپێکەرێك پێویستییەتی بزانێ؟ و بۆ دەبێ ئامادەبووانی گرنگی بەوە بدەن کە هەموو شتێ بزانن؟ ئەمە بێزارکەر دەبێ و تاهەتایە دەخایەنێ. محازەرە باشەکان هەرگیز گشتگیر نین، چونکە گەر وابن دارشتنێکی هەڵەیان دەبێ. لەوانەیە منیش بۆ ماوەی شەش سەعات قاموس بۆ کەسێك بخوێنمەوە– ئەمەش هەروا ناکاریگەر دەبێت. بە ڕاستی خەڵکی دەیانەوێ تێبگەن. ئەوان گۆشە نیگایەکیان دەوێ. وتاربێژ یان مامۆستایەکی باش بۆیان دەدۆزێتەوە.

تایتڵێکی باشتر بەم شێوەیە دەبێ " چۆن ئەفرێنەر بیت لە کردنی کاری تاقەتپڕوکێندا" یان "هێڵکەی سەوز و بیرلێکردنەوە: چۆن لە دکتۆر سێوسەوە فێری ئەفراندن بین". تەنانەت ئەگەرچی تایتڵێکی گشتیی سواوی وەکو "ئەفرێنەرێتیی خێرا لە پێنج خولەك لە رۆژێکدا" بەکاربێنم، هەر لەو چرکەساتەوە کە دەستم کردووە بە کارکردن لەسەر وتارەکە، زانیوومە کە بەهاکە بۆ ئامادەبووان چیە. بە رووتی پێناسەی ئەوە دەکەم کە رووماڵی چ شتێك

Scanned with CamScanner

دەکەم و چ شتێك ناکەم. ئەمە هەر وتاربێژێك لەسەر هەر بابەتێك بەرە سەرکەوتن دەبات. بە دابەشکردنی بابەتێك بەشێوازێکی دیاریکراو و جێ سەرنج، هەر بیرکردنەوەیەك کە دواتر دێ ئاسانتر، خۆشتر و ئەگەری زیاتر دەبێ پەیوەندیدار بێت بەو خەڵکەی کە ئامادە دەبن.

بەڵام وتاربێژان کەیفیان بە تایتڵە جێ سەرنجەکان نایەت، بەڵام بە راستی نازانم بۆ. بەلای هەندێکیانەوە هۆکارەکە ترسی گشتییانە لە وتاردان. ئاواتەخوازیی بۆ سەلامەتی ئەوەندە بەهێزە کە ناچارن سۆراخی هەمان ئەو رەچەتەیە بکەن کە هەزار جار دەمانخاتە خەو. ئەوان هەموو ئەو راستییە، موفرەداتی تایبەتمەند و هێڵکارییە دەخەنەناو کە دەتوانن بەڕێوەی ببەن، قەت بە راستی نیازیان نییە بە روونی هیچ شتێك بڵێن (بە هیوای رێگرتن لە کەسێك کە پرسیارێکی شایستە بکات). وتارێك لەبەرچاو بگرە کە ناونیشانەکەی بریتییە لە "بنچینەکانی بەڕێوەبردنی سەرکێشی". بۆ ئەوانەی کە کۆلێژیان لەبیرە، کۆرسەکانی پەیوەندیدار بە بنچینەکان تاقەتبەر بوون. ئەمانە زۆربەی جار بۆ ئەوە دیزاین کرابوون خەڵکی بخەنە خەو نەك ئەمەی کە بیانهێننە جۆش و خرۆش. لەوەش خراپتر، کۆرسەکانی پێناساندن لە کۆلێژدا بەشێوەیەکی گشتی لەبەرئەوە وەردەگیران چونکە پێویست بوون نەك ئەمەی کە ئارەزوویەك لەبەرانبەریاندا هەبووبێت. ناونانی وتارێك بە "بنچینەکانی ...." بە هیوای ئەوەی سەرنجڕاکێشی بکەیت، نکوڵییە لەوەی کە زۆربەی کۆرسەکانی پەیوەندیدار بە بنچینەکان لە مێژووی گەردووندا بۆ خوێندکاران بووە.

تایتڵێکی سادەی وەکو "گەورەترین پێنج پرسیار و وەڵام کە هەتە لەبارەی هین" بە نموونە وەربگرە. قەناعەتم وایە کە دەتوانی هەر کەسێکی تا رادەیەك زیرەك بدۆزیتەوە، فرێی بدەیتە هەر دامەزراوەیەك لە جیهاندا بە ئەرکی داڕشتنی ئەو وتارە، کارێکی شایستە ئەنجام بدات. تەنانەت ئەگەرچی هیچ شتێك لەبارەی

Scanned with CamScanner

هین نەزانێت، دەتوانێ لێکۆڵینەوە لە خەڵکی پەیوەندیداری ناو ئامادەبووان بکات، پرسیارەکانیان بدۆزێتەوە، سۆراخی وەڵامی باشی شارەزایان بکات لە کۆمپانیاکەدا و وتاریان بۆ بدات. هەمیشە دەشێ جۆرە توێژینەوەیەك لەسەر ئەو خەڵکە ئەنجام بدەیت کە ئەگەری هەیە بێنە کۆڕەکەوە و ئەمەش بەشێوەیەکی بەڵگەئامێز نەك پێشگۆیی کردن روونی دەکاتەوە بەرەو چ ئاراستەیەك بڕۆیت. ئەگەر تۆ وەکو جۆرە بەرهەمێك بیر لە وتارێك بکەیتەوە، لێکۆڵینەوە لە کڕیار بەجێیە. یاسایەك نییە کە بتوەستێنێت لە تاووتوێکردنی ئەو جۆرە خەڵکەی کە پێشبینی دەکەیت گوێت لێبگرن و بابەتەکە بەو لایەدا ئاراستە بکات کە ئەوان دەیانەوێ گوێبیستی بن.

تۆ دەتوانیت هەر کام لەو تایتلانەی خوارەوە بقۆزیتەوە و لە رێگاکەت بەرەو وتاردانێکی باش سەرکەوتوو بیت:

-ئەو پێنج کێشە سەرەکییەی کە لەگەڵ (شتەکە لێرە بنووسە) هەتە و چۆنێتی چارە کردنیان

-بۆچی (شتەکە لێرە بنووسە) بێ تامە و چی بکەین لەبارەیەوە

-ئەو هەڵانەی کە لە (شتەکە لێرە بنووسە)دا کردم و چی فێرکردم

-ئەو پرسیارانەی کە زۆرترین جار لەبارەی (شتەکە لێرە بنووسە) دەکرێن و وەڵامی زیرەکانە بۆیان

-راستی لەبارەی (شتەکە لێرە بنووسە) و چۆن دەتوانێ یارمەتیت بدات

-ئەو قەدبڕە زیرەکانە و فێڵە وریایانەی کە تەنیا شارەزاکان دەیزانن لەبارەی (شتەکە لێرە بنووسە)

-پێنج هۆکار لەبارەی ئەمەی کە بۆچی تۆ براوەیت بە بەخشینی (شتەکە لێرە بنووسەر) بە من

Scanned with CamScanner

-بۆچی (شتەکە لێرە بنووسە) ژیانت بۆ تاهەتایە دەگۆڕێت، بە بەلاش و هەر ئێستا

بە تایتلێکی جێ سەرنج، تەنانەت ئەوەیان کە دڵنیا نیت ئاخۆ دەتوانیت لەگەڵیدا بڕۆیت، ئیشەکە دەگاتە ئەو خاڵە مومکینانەی کە لەوانەیە تایتلەکە بپێکێت. پارچەکاغەزێك بێنە و بە ریزبەندیکردنی هەموو ئەو بیرۆکانەی لەبارەی بابەتەکەوە هەتە دەست بکە بە بیرکردنەوە، تەنانەت ئەو بیرۆکانەش کە نامۆ و نیوە خاون.

با وایدابنێین کە تایتلی "چۆن پەنیر خواردن ژیانت رزگار دەکات" هەڵدەبژێرم. (تەنانەت ئەگەرچی ئەمە بابەتێکی سەیرە، کە قەت بیرم لێ نەکردووەتەوە، ئەمە راهێنانێکی باشە بۆئەوەی پیشانی بدەیت- تەنانەت بەبێ ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی وەها- چەندە ئاسانە گەشە بە تۆوەکان بدەیت ببنە وتارێکی جێ سەرنج). لەوانەیە لیستەکەم شتێکی لەوەی خوارەوە بێت:

-تامی پەنیر خۆشە. (کێ حەزی لە پەنیر نیە؟ مامم رقی لە پەنیرە. چۆن دەتوانم بزانم چ ڕێژەیەکی سەدیی خەڵك بە هیچ شێوەیەك کەیفیان بە پەنیر نایەت؟)

-ناوی سەیر سەیری هەیە کە وات لێدەکا پێبکەنیت (هاڤارتی، مەنستەر و مانچێگۆ!).

-وتنی (چیزمۆنگەر)یش پێکەنیناویە.

-دەوڵەمەندە بە کالیسیۆم و ڤیتامینەکانی تر. (ئایا راستە؟ ئەی چەوریە زۆرەکە؟)

-خەڵکی پێویستیان بەوەیە کە خۆشی لە خۆراك و لە ژیانیان ببینن... چێژگەرایی دەشێت باش بێت. (قەت پەنیر کەسی کوشتووە؟ حاڵەتی مردن هەبووە بە پەنیر؟ بۆچی پەنیری سویسری کون کونە؟ پەنیری سویسری بە

Scanned with CamScanner

ئەسفەنج دەچێت، کە سەیرە. چی رووەدات ئەگەر هەوڵ بدەیت پەنیری سویسری لە رەندە بدەیت؟ باش نابێ. دەبێ بزانی چۆن دەبێ).

-فێربوون لەبارەی پەنیرەوە فێربوونە لەبارەی خۆراك. (ئەمە ناڕاست دیارە. کە خەڵکی بۆ یەکەم جار دەربڕینی چیزی (پەنیراوی) بە مانای ناڕاست بەکارهێنا؟)

-پەنیری ئەمریکی بێ بەهایە. کێ پەنیری ڤێلڤیتا (قەدیفەیی)ی داهێنا؟ قەدیفە و خۆراك کجار مەرحەبا؟ ئەی ئەو ماددە زەردە پلاستیکییەی کە لە هۆڵەکانی سینەمادا بە خواردنی (ناچۆس)دا ئەیڕێژن؟

-ماکارۆنی و پەنیر. بۆچی لە ئەمریکا ئەوەندە باوە؟ ئایا پێش کرافت باو بوو؟ بۆچی کەس توڕە دیار نیە لەبەرانبەر قۆرخکاریی کرافت بۆ ماکەرۆنی و پەنیر؟

- ئەی بەرگەنەگرتن لە بەرانبەر لاکتۆز دا؟ چی بەو خەڵکە بڵێم؟

-خەڵکی دەتوانن پەنیری باش بە شێوەی رەوانەکردن داوا بکەن؟ ئایا سەرچاوەی ئەنتەرنێتی هەن لەبارەی ئەوەی کە بۆچی پەنیرمان خۆش بوێت و چۆن بەدەستی بێنین؟

بە هەبوونی تایتڵێك و لیستێك لەبەردەست دا، ئێستا تۆ رووپۆشێکت هەیە: هێڵکارییەکی رەشنوسی ئەو شتەی کە لەوانەیە وتارەکەت رووماڵی بکات و ئەو بیرۆکانەی لەوانەیە بیانخاتەڕوو. پیشانی هاوکارەکانت، هاوڕێکانت یان تەنانەت ئەو کەسانەی بدە کە لەوانەیە بۆ وتارەکە ئامادە ببن و پرسیاریان لێبکە چۆن لیستەکە باشتر بکەیت. ئەگەر هیچ هاوڕێت نەبێ و هاوکارەکانیشت رقیان لێت بێ، چەند سێرچێك لەئەنتەرنێتدا بکە. بیرۆکە و پرسیاری زیاتر بخەرە سەر لیستەکەت. نیگەرانی ئەوە مەبە چۆن پاڵپشتی بیرۆکەکان بکەیت، پرسیارەکان وەڵام بدەیتەوە یان تەنانەت ئەمەی کە بە تەواوی کۆك بیت لەسەریان. تەنیا لیستێکی گەورەی درێژ، و لەهەمووی گرنگتر، جێ سەرنج ئامادە بکە. دە دوانزەیەك باشە، ١٥ نایابە و ٢٠ دەتکاتە ئەستێرەی رۆك. لە هەموو حاڵەتەکاندا، لیستەکە بەلاوە نەنێ

Scanned with CamScanner

دەستخۆشی لە خۆت بکە و بچۆ بیرەیەك بخۆرەوە. بەڵێ راستە، دوور بکەرەوە و شتێك بکە کە بەتەواوی ناپەیوەستە بە وتارەکەت یان لیستەکەت.

ئەمە پوچ دیارە، چونکە لەوانەیە لە تەواوکردنی لاپەڕەکانت دواکەوتبێتی یان زۆر چاوەڕێت کردبێت تا ئەم بەشە بخوێنیتەوە (حاڵەتێك کە تیایدا دەبێ خوێندنەوەی ئەم کتێبە بکەیت بە بیرەخواردنەوە). بەڵام ئەگەر تۆ دەتەوێ وتارەکەت باش بێت، پێویستە رێگە بدەیت لیستەکەت هەناسە بدات. کەمێك خۆت دوور بگرە بۆئەوەی کاتێك بۆی دەگەڕێیتەوە، بتوانیت رەخنە لە لیستەکە بگریت، نەك وەکو ئەو کەسەی کە شانازی بەوە دەکات تازە چەند بیرۆکەیەکی نوسیووە، بەڵکو وەکو کەمتر زیرەك و ئارام کە لەناو ئامادەبووانتدا دەبێ. چاوی پێدابخشێنەرەوە، چاکی بکە و دووبارەی بکەرەوە.

دواجار لیستەکە لە سەرەوە بۆ خوارەوە رێك بخەرەوە لە سۆنگەی ئەوەی کە هەست دەکەیت تا چ ئاستێك بەهێزیت لەبارەی هەر خاڵێکەوە. لەوانەیە بۆت دەرکەوێ کە دوانیان لەگەڵ یەکتری ناکۆکن یان یەکێکیان بە راستی بیرۆکەیەکی لاوەکیی ئەویتریانە. لەوانەیە تۆ بۆت دەرکەوێ کە تایتڵێکی باشتر هەیە لەوەی کە لێیەوە دەستت پێکردووە. باشە، بیگۆڕە. دەبێ ئێستا تۆ لەبارەی بابەتەکەوە زۆر زیاتر بزانیت بە بەراورد بەو کاتەی کە دەستت پێکردووە، بۆیە لەو رێڕەوەدا کە تایتڵەکەت دەیگرێتەبەر بیسەلمێنە.

بە هەوڵێکی پێویست، تۆ دەگەیتە لیستێکی پێنج بیرۆکەیی بەجێی جێ سەرنج، هەروەها کۆمەڵێك لە شتی نامۆ و کرچ و کاڵ. ئەگەر بەربەستێکی چۆنایەتی هەبێت لە نێوان شتی باش و شتی کرچ و کاڵدا، هێڵێك بکێشە بۆئەوەی ئەمە روون بکەیتەوە. لە نموونە سەیرەکەی مندا، لیستی من بۆ "چۆن دەشێ خواردنی پەنیر ژیانت رزگار بکات" شتێکی لەمەی خوارەوە دەبێت:

Scanned with CamScanner

١.پەنیر گەردوونییە. (٤٠٠٠ ساڵە هەیە. ئۆرگانیکە، سروشتییە. ئایا کەلتوور هەیە پەنیر نەخوات؟ هەیە شیر نەخواتەوە؟)

٢.ئەمریکا مێژوویەکی خراپی پەنیر و دژایەتی پەنیری هەیە. (پەنیرە بێ بەهاکان بریتین لە ڤیلڤیتا، پەنیری ئەمریکی و ئەو ماددە ناپەنیرییە شێوە پلاستیکییەی کە لەگەڵ (ناچۆس)دا لە هۆڵەکانی سینەمادا پێشکەش ئەکرێ. ئەمە چۆن رووویدا؟ ئایا گەلەکۆمەیەکی پەنیری خراپ لەئارادایە؟)

٣. پەنیر لەناو خواردنە هەرە خۆش و هەمەڕەنگەکاندایە (٥٠٠٠ بەکارهێنانی جیاوازی هەیە، سەدان جۆری جیاوازی هەیە، تواوە و نەتواوەی هەیە و هیتر)

٤.چیزمۆنگەرەکان شارەزایانی لۆکاڵن و دەتوانن پەنیر لەگەڵ هەر ژەمێکدا رێك بخەن. (ئەگەر کەیفیشت بە شەراب بێت ئەوا خاڵی بەلاش وەردەگریت–تەنانەت جۆری زیاتر و تامی نوێ).

٥.بزاڤی خۆراکی لەسەرخۆ: خاوکردنەوەی خواردن، فشاری دەروونی کەم دەکاتەوە و تێکڕای تەمەن درێژ دەکاتەوە. پەنیر دەتوانێ لە رووداندی ئەمەدا یارمەتیدەر بێت. ئەمە خۆراکێکە کەیفپێهاتنی ئاسانە و خواردنی خۆشە.

٦.پەنیر بەتامە! (کێن کەیفیان بە پەنیر نایەت؟ چیانە؟)

٧.ناوی سەیری هەیە کە دەهێنێتە پێکەنین (هاڤارتی، مونستەر و مانچێگۆ).

٨.فێربوون لەبارەی پەنیرەوە، فێربوونە لەبارەی خۆراك

٩.ماکارۆنی و پەنیر. بۆچی لە ئەمریکادا ئەوەندە باوە؟ ئایا پێش کرافت باو بوو؟

١٠. خەڵکی دەتوانن پەنیری باش بە شێوەی رەوانەکردن داوا بکەن؟ ئایا سەرچاوەی ئەنتەرنێتی هەن لەبارەی ئەوەی کە بۆچی پەنیرمان خۆش بوێت و چۆن بەدەستی بێنین؟

Scanned with CamScanner

بەم پوختە سادەیە، شتی باش روودەدات. ئەوە بناغەیەکی بیرۆکەکانە کە پشتگیری لە هەر شتێکی تر دەکات کە دەیکەیت. ئێستا مەحاڵە مایکرۆفۆن بخۆیت. هەر لاپەڕەیەکی پاوەرپۆینت کە دروستی بکەیت، هەر وێنەیەك کە بەکاری بێنیت یان ڤیدیۆیەك کە پیشانی بدەیت، هەمیشە بونیادێکی روون هەیە بۆ هەر شتێك کە دەیکەیت و بۆچی دەیکەیت. لەکاتێکدا کە وتارەکەت بەرەوپێش دەچێت، لەوانەیە پوختەکە گۆڕانی بەسەردا بێت، بەڵام هێشتا بیرۆکەی روونت هەن پێشکەشیان بکەیت. بۆیە، ئەگەر لەماوەی پێشکەشکردنی وتارەکەدا سەرگەردان بوویت، لاپتۆپەکەت تەقیەوە، یان تێبینییەکانت دەرك نەکران، بگەڕێرەوە سەر پوختەکە. هێشتا دەتوانیت لە رێگەی پوختەکە و خستنەڕووی بیرۆکەکانت بەهایەك بدەیت بە دەستەوە.

هەندێ خەڵك بەرەنگاریی پوختەکان دەکەن، چونکە لە سەردەمی مۆدێرنماندا وشك، ناتەکنۆلۆژی و کلاسیك دیارن و بیرۆکەکان بە هەیکەلێکی دوو ڕەهەندی سنووردار دەکەن. ئەوان پێیان وایە جوانترە فۆرمی کەمتر سنووورداری رێکخستنی وەکو هێڵکاریی خانەخانە یان پارچە کاغەزە بچوکەکان بەکاربێنیت. کتێبی باشی وەکو (پرێزنتەیشن زێن)ی گار رینۆلدز و (سلایدۆلۆجی)ی نانسی دوارت پاڵپشتی ئەو شتانە دەکەن. هەر یەکەیان بە جیا بەکاربێنە بۆئەوەی بزانیت کام پرۆسە ئەفرێنەرە بە باشترین شێوە بۆت گونجاو دەبێت.

بەڵام دەبێ پوختەیەك لەو بیرۆکانە هەبێ کە پشتگیریی هەر شتێك دەکات کە لە وتارەکەتدا دایدەنێیت لەبەر ئەم هۆکارە: هەموو وتارەکانی پاوەرپۆینت گێڕانەوەن و هەموو گێڕانەوەکان زنجیرەیەك بیرۆکەن. تەنانەت ئەگەرچی بیرۆکەکانی تۆ بە وێنە، چیرۆك یان هەر شتێکی تر ئامادەکرابن، دەبێ پێکەوە گرێ بدرێن بۆ دابینکردنی بەهایەك بۆ ئامادەبووان. دەبێ ئەو گێڕانەوەیەش رەنگدەرەوەی ئەو بەڵێنە بێت کە تایتڵەکە خستوویەتەڕوو. پوختەیەکی وەکو ئەو نموونەیەی پێشوو

Scanned with CamScanner

سادەترین بونیادی گێڕانەوەیە کە ئیشی لەسەر بکەیت. بیرهاتنەوەی ئاسانە. تەنانەت تۆ دەتوانیت ئەو پوختەیە لە لاپەڕەکانتدا بەکاربێنیت، لەکاتێکدا کە ئەڕۆیت پلانەکەت بۆ ئامادەبووان بخەیتەڕوو. تەنانەت ئەگەرچی تۆ ٢٠ سەعات بە بونیادنانی بەستەیەك لاپەڕەی سەرنجڕاکێش بەسەر ببەیت، بەڵام کەسێك لە ڕیزی پێشەوە ڕێك پاش لاپەڕەی دوو بە لاپتۆپەکەی تۆوە رابکات، دەتوانیت بچیتەوە سەر پوختەکە. زۆر باش نابێت، بەڵام تۆ سەلامەت دەبێت. قورستر دەبێ کە بگەڕێیتەوە سەر پارچە کاغەزە بچوکەکانی سەر بۆردەکە، هێڵکاریی خانەخانە یان هەر شتێکی تر، ئەگەر ئەو شێوازانەت بەکارنەهێنابێت بۆ گەیشتن بە شتێکی وەکو پوختەیەکی سادە.

من زۆرجار بە پاوەرپۆینت وتار پێشکەش دەکەم. زۆر حەزم لەوەیە کە بە بەکارهێنان وێنە و فیلم بیرۆکەکانم بخەمەڕوو، بەڵام قەت نیگەرانی ئەوە نیم ئەم شتانە سوود بن. لەبەرئەوەی بە ڕوونی بیر لە بیرۆکەکانم دەکەمەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو شێوازە دیاریکراوەش لەدەست بدەم کە هیوادار بووم بەهۆیەوە وتارەکە پێشکەش بکەم، هێشتا دەتوانم پێشکەشی ئامادەبووان بکەم. ئەگەر لە توێژینەوەکەمدا ڕەوانبێژ بم، دەتوانم بە شێوەیەکی سروشتی ئەو گێڕانەوانە بخەمەڕوو. لە کرداردا، بە ئیشکردنی زۆر لەسەر پوختەیەکی بەهێز و ڕوون، من هەنوکە سێ دانە لە وتارەکەم بونیاد ناوە: پێناسەیەك (ناونیشانەکە)، دانەیەکی پێنج خولەکی (وتنی هەر بیرۆکەیەك و کورتەیەك) و دانەیەکی تەواو (پە لاپەڕەکان، فیلمەکان و هەر شتێکی ترەوە کە هەر کام لە بیرۆکەکان بەهێز دەکەن).

سەیر نییە کە ئەو وتاربێژانەی بەبێ لاپەڕەکان ئیش دەکەن پوختەی سادە یان لیستی کورت بەکاردێنن بۆ مانەوە لەسەر بیرۆکەکانیان. مارك توەین، وینستن چەرچڵ و فرانکلین ڕۆزفێلت هەموویان پوختەیەکیان لە پێنج یان شەش بیرۆکە بەکارهێناوە- زۆرجار تەنیا بە چەند وشەیەکەوە بۆ هەر بیرۆکەیەك- بۆ

Scanned with CamScanner

یارمەتیدانی خۆیان تا لەکاتی قسەکردنیاندا وتارە یەك سەعاتییەکەیان لەبیر بێت. ئەگەر تۆ لە پێشدا بایی پێویست بیر بکەیتەوە، هەموو ئەو شتەی مێشکت پێویستیەتی بریتییە لە لیستێکی بچوك و زۆربەی وتاردانەکە خۆی ئیشەکە تەواو دەکات.

ئەمەی خوارەوە وێنەی پۆلیس نیە. کاتێك من بەبێ لاپەڕەکانی پاوەرپۆینت قسە دەکەم، هەروەکو ئەم وتارەم لە پرۆژەی (ئیگنایت سیاتل) لە ساڵی ٢٠٠٦ پێشکەش کرد، زۆرجار یەك کاغەزی بچوکی بە نوشتاوەیی بەکاردێنم کە پێنج بیرۆکەکانمی تێدایە.

لەوانەیە وا دەربچێت کە ئەگەر تۆ تایتلێکی باش هەڵبژێریت و لەو بوارەدا بێ کە زۆری لێدەزانی، ئەوا وەکو لینکۆلن، پێویست ناکات بۆ پێکانی ئامانجی تایتلەکە بۆ ئامادەبوون زۆر خۆت ماندوو بکەیت. بێگومانیش، ئەگەر تۆ وەکو لینکۆلن بیت،

Scanned with CamScanner

پێویستت بە تایتڵێکی جێ سەرنج نییە بۆ ئەنجامدانی ئیشێکی باش. وتاری (گێتسبێرگ) لەبەرئەوە پێی دەوترێت گێتسبێرگ چونکە لینکۆلن خۆی بە ناولێنانیەوە ماندوو نەکرد (لەوانەیە هەندێ لە مێژوونووسان وای بۆبچن کە "ئێ، ئەو لە شارۆچکەی گێتسبێرگ بوو و موخاتەبەی ئامادەبووانی کرد، بۆیە...").

بەڵام بیتر نەچێ، ئەو سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو و دەیتوانی هەر کاتێك بیویستایە قەرەباڵغیەك کۆ بکاتەوە. ئەگەر تۆ بایی ئەوەندە بەناوبانگ نیت کە چاوەڕێی ئەوە بکەیت خەڵك بەهۆی ناوەکەتەوە یان شێوازی کڵاو لەسەرنانەکەتەوە بێت، دەست پێبکە. چەند هەوڵ بخەیتەگەڕ بۆ رووبینی بیرۆکەکانت، ئەوەندە شتەکانی تری وتاردانی گشتی ئاسانتر دەبن.

ئەو وێنانەی کە چاوەڕێی بینینیان ناکەیت

لە سوچەکاندا شتی سەیر سەیر رووەدەن، دوور لە پنتەکانی رۆشنایی. بەڵام زۆربەی وێنەکانی وتاردانی گشتی تەرکیز دەخەنەسەر چەقی سەکۆیەکە. لەو چەند لاپەڕەیەی دواتردا، هەندێ وێنە و بەسەرهاتی شتەکان دەبینیت کە پێم وایە حەز دەکەی بیانزانیت.

Scanned with CamScanner



ئەم وێنەیە کە لە قاوەخانەی (ستاربەکس) گیراوە، پیشانی دەدات کە سەفەرکردن بۆ بۆنەیەکی وتاردان و بە درێژایی رێگەکە گیرخواردن لە شوێنە نەخوازراوەکاندا چۆنە. وەکو بوون لە باندێکی میوزیکی رۆکدا کە لە گەشتی ئامەنگەکانیدایە، رۆیشتن لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر خۆشییەکی کەمی تێدایە. نەنانت ئەگەرچی پێشکەشکردنەکە لە شوێنێکی سەرنجڕاکێشی وەکو مۆسکۆ یان تۆکیۆش بێت، بەشی زۆری کاتەکە لە چاوەڕوانیکردن لەو شوێنانەدا بەسەر دەبرێت کە تۆ پێویستە پیایدا تێپەڕیت بۆ گەیشتن بەو شوێنانەی کە جێ سەرنجن. سەفەرکردن بە تەنیا لایەنی پۆزەتیڤی کەمی هەیە و بەتەنیا چاوەڕێ کردن لە فڕۆکەخانەیەکی چۆڵ یەکێك نییە لەو لایەنانە.

ئەم ساتە، لە فڕۆکەخانەی ڤانکوڤەری نێودەوڵەتی لە سەعات ٦:٣٠ی بەیانیدا وێنەی گیراوە لەکاتێکدا کە چاوەڕێی فڕۆکەیەکی ٧:٣٠م دەکرد تا بگەڕێمەوە

Scanned with CamScanner

ماڵەوە. تەنیا قاوەخانەی ستاربەکس بەو زوویە کراوە بوو. لەکاتێکدا کە هیچ شتێکی تر لەئارادا نەبوو، هەوڵمدا هەندێ ئیش بکەم. ئەگەر بە وردی سەرنج بدەیت، دەبینیت کە هەندێ هێڵکاری تەواو بێ کەڵکم دروست کردوون.

لەگەڵ ئەوەشدا، سەفەر شتێکی نایابە بۆ دۆزینەوەی پرسیاری نوێ بۆ ئاراستە کردن، بۆیە زۆر جار لە گەشتەکانمدا شت دەنووسم. تەکنۆلۆژیای هەڵبژاردنی من، دەفتەری یادداشتی (مۆلێسکین)ە، هەروەکو لەو وێنەیەی سەرەوەدا پیشان دراوە. قەت بەبێ دانەیەك لەو دەفتەرە لە ماڵ دەرناچم و لە ماڵەوەش چەندەها بەستەی یادداشتی رۆژانە لە نزیك مێزەکەمەوە هەن کە پڕاوپڕن لە بیرۆکە. کاتێك پێم وایە هیچم نیە بیڵێم، لاپەڕەکانیان هەڵدەدەمەوە.



جێگیر بوون زۆر پڕفشارترە لە خودی وتاردانەکە. تەنیا بە دەگمەن مینبەرەکان بایی پێویست ئامادەکراون وەکو ئەوەی کەمپی سەرەکیی مایکرۆسۆفت، کە کۆنترۆڵی رووناکییەکان، مایکی یەخە و دوو مایکرۆفۆنی بۆ ئامادەبووان لەسەرە.

Scanned with CamScanner

لەسوچی خوارەوەی چەپی مینبەرەکە بەشێك هەیە کە قەڵەم، کاغەزی بچوك و شتی بەردەستی تری تێدایە کە وتاربێژان زۆرجار لە دوایین خولەکدا دەزانن کە ئیشیان پێیانە.

بەڵام تەنانەت ئەم حاڵەتەشدا، ئەگەر کابرای تەکنیکی لەو دەوروبەرە نەبێت، یان زۆر زیتەڵ نەبێ، ئەوا بە تەنیام بۆئەوەی بزانم چۆن هەموو شتێ جێبەجێ بکەم. ترسی من لەبارەی جێگیر بوون روونی دەکاتەوە کە بۆچی پێم باشە لاپتۆپی خۆم بەکاربێنم. ئەگەر لاپتۆپەکەم بتەقێتەوە، من مایەی سەرزەنشتم و پێم باشترە هەڵەکە هی خۆم بێت نەك خۆم بخەمە ژێر بەزەیی ئەو تەکنیکییەی تازە ناسیومە کە لەوانەیە هەر دوێنێی دامەزرێنرابێت و لە من باشتر نەزانێ چ باسە.

من بۆ ماوەی چەند ساڵێك، گەشتی بیناسازیانەم لە نیویۆرك ئەنجام دەدا کە تەحەدای نوێی دەخستە بەردەم وتاردانی گشتی. قسەپێبڕان لەناو ئامادەبوونتدا یەکێکن، بەڵام ئەو هۆش پەرتکەریەی تاکسییەکان، پاسەکان، دەرۆزەکەرەکان و

Scanned with CamScanner

گەشتیارانی سەرگەردان دروستی دەکەن (کە پێیان وایە لەوانەیە تۆ رێنوێنی گەشتەکەیان بیت) یارمەتیدەر بوون بۆ خۆشکردنی شوێنە ئاساییەکەی وتاردانەکە. لە گۆڕەپانی تایمز، هەروەکو لە وێنەکەدا پیشان دراوە، ئەگەر تۆ بتوانیت زیاتر لە ٣٠ چرکە هۆشی خەڵکی لەسەر خۆت بهێڵیتەوە- بەبێ پاوەرپۆینت و مایکرۆفۆن- ئەوا ئیشێکی باش ئەنجام دەدەیت. ئەگەر تۆ ژمارەی ئەوانەی کە گوێ دەگرن لە بەرانبەر ئەوانەدا کە هۆشیان پەرت بووە بژمێریت، ئەوا لەو وێنەیەدا ئیشم باش دەڕوات. ئەوەی لە ناوەڕاستە منم.



تەنانەت ئەو کاتەش کە لەناو گەمەکەدام و شتەکان بە باشی بەڕێوە دەچن، هەندێ لە خەڵکی هەمیشە خەریکی شتێکن جگە لە گوێگرتن. ناتوانم لۆمەیان بکەم، ئەمە سروشتی خەڵکە.

سەیرکە لە مەودای روئیای ئەو کابرایەدا چەند بچوکم. زۆر قورسە بۆ من کە کێبڕکی بکەم لەگەڵ ئەو سکرینەی کۆمپیوتەر کە رێك لەبەردەم روخساریەتی یان

Scanned with CamScanner

ئەو کچە جوانەی لە ریزەکەی دواترە. لەبەر ئەم هۆکارە، پێش وتارەکەت لەسەر کورسییە شرەکان دانیشە بۆئەوەی بیری خۆتی بهێنیتەوە کە چەند وزەت پێویستە بیهێنیتە بەر خۆت بۆئەوەی لەسەر سەکۆیەکە وەکو زۆمبی (مرۆڤخۆر) دەرنەکەویت.

لە ساڵی ٢٠٠٧دا لەلایەن ژنێکەوە ئیمەیڵێکم پێگەیشت کە هەندێ هەڵەی تایپی لە وتارێکی سەر وێبسایتەکەم گرتبوو. وەکو سوپاسگوزاری، پێشنیارم کردبوو دانەیەك لە یەکێك لە کتێبەکانمی بۆ بنێرم. ئەو رەتی کردەوە، وتی لە ئوسترالیا دەژیت کە زۆر دوورە. بەڵام چی! پێم وت کە مانگی ئایندە لە وڵاتە جوانەکەی دەبم بۆ پێشکەشکردنی محازەرەیەك و دەتوانم دانەیەکی بە دەست پێبگەیەنم. هەروەکو دەرکەوت، ئەو دەچووە ئەو کۆنفرانسەی کە تیایدا من وتارم پێشکەش دەکرد. کێشەکە ئەوە بوو کە شەرمن بوو دۆزینەوەی سەخت بوو. پێم وت کە نیگەران نەبێت– منَ شێوازی خۆمم هەیە.

Scanned with CamScanner

ڕێگەچارەی من؟ لەسەرەتای محازەرەکەمدا کە دەستپێکی کۆنفرانسەکە بوو ئەم بەسەرهاتەم بۆ ئامادەبووان گێڕایەوە، کە کاردانەوەکەیان تەوژمێك لە چەپڵە بوو. بە خەندەوە هاتە سەر سەکۆیەکە بۆئەوەی بتوانم کتێبەکەی بدەمێ.



بانگهێشتکرانم بۆ سەرانسەری جیهان بەو مانایەیە کە ئەبێ من زۆرجار وەکو میوانی تایبەت مامەڵەم لەگەڵدا بکرێت. هەندێ جار چاوم بە خەڵکی بەرجەستە و بەناوبانگ دەکەوێ و زۆرجار ئاهەنگی بچوك و ئێوارەخوانی تایبەت ساز دەکرێن کە تیایدا من میوانی شەرەفم. هەرچۆنێك بێ، زۆرجار ژیانی شەوم شتێکی وەکو ئەو وێنەیەی سەرەوەیە بەبێ دیمەنێك.

بەڵام لەو رۆژەی شیکاگۆدا، خواوەندەکانی سەفەر بەڕوومدا پێکەنین. پاش بەرزبوونەوە بۆ شوقەی ژمارە ٦١٤ لە هۆتێلی مۆناکۆ و محازەرەیەکی باش لە

Scanned with CamScanner

زانکۆی (دوپۆل)، بە ژەمێکی نایاب بە شەرابەوە لەگەڵ هاوڕێیەکدا بەناوی (فیتز)، خۆم لە شەوی باراناوی و ساردی شوبات شاردەوە. بە بەسەربردنی هەوراز و نشێوی ئەزموونێکی سەفەرە ڕێك لە شارێك دڵخوازدا، گۆشەیەکی باشی بەشی سێیەمم لەکاتێکدا نوسی کە لەسەر پەنجەرەی ژوورەکەم دانیشتبووم، بە شێوەیەی کە لە وێنەکەدا دیارە. بۆ سەرگەرمی، تەماشام کرد کە پۆلیسەکان لە سەعات ١:١٥ی بەیانی، دوکانبڕێکی سەرخۆشیان دەستگیر کرد لەوبەر جادەیەکەوە کە چەند سەعاتێك پێشتر من هەندێ شتم لێ کڕیبوو.



کاتێك تۆ هەموو توێکڵەکان لادەبەیت، وەکو لاپەڕەکان و کاغەزەکان، وتاردان دەبێتە شتێك ترسێنەر و واقیعی. ئەوەی دەمێنێتەوە کەسێکە بە چەند بیرۆکەیەکەوە. ئەمەش شێوازێکە کە هەزاران ساڵ ئەنجام دراوە. هۆکاری باشیش هەن کە بۆچی کۆمیدیەکان لاپەڕە یان کەرەستە بەکارناهێنن- لەوانەیە ئەم شتانە گرفت بهێننە ڕێگەی پەیوەندیکردن لەگەڵ ئامادەبوواندا. ئەمەش روونی دەکاتەوە

Scanned with CamScanner

کـه بۆچـی مـن حـەزم لـه داڕشـتنی وتـاری کورتـه وەکـو ئەوانـەی لـه پرۆژەکـانی (پێچاکوچا) و (ئیگنایت!) پێشکەش دەکرێن که تیایانـدا رێـساکان جیـاوازن: هـەر وتارێـك شـەش بـۆ پێـنج خولەکـه، و لاپـەڕەکانی پاوەرپۆینـت لەسـەر شاشـەکه بەشێوەی ئۆتۆماتیکی دەڕۆن یان هەر هـیچ لاپەڕەیـەك لـەئارادا نییـه. ئەمـه وا لـه وتاربێژان دەکات که سەرکێشی بکەن و هەستیار بن، کـه هەمیـشه شـتەکان بـەلای ئامادەبووانـەوە خۆشـتر دەکـان. هـەروەها وایـان لێـدەکات کـه بەشـی زۆری شـتی پرۆپۆچ له وتارەکانیاندا لابەن.

ئەو وێنەیەی سەرەوە له (گنۆمێدێکس ٠٨') له سیتاڵ، واشنتن گـیراوە لـەماوەی دانیشتنێکی پرۆژەی ئیگنایت! له پاش نیوەڕۆدا. ئەو رۆژە ئیشەکه باش نەڕۆیشت بەڕێوە، بەڵام ئەزموونی ئەنجامدانی داڕشتنی نائاسایی یان وتـاردان لەسـەر بابەتـه نوێکان هەمیشه وانەیەکم فێر دەکات که دەتوانم جارێکی بەکاری بێنم.

Scanned with CamScanner



ژوورە بەتاڵ و گەورەکان هێزێکی راچڵەکێنەریان هەیە. لە گۆڕستان دەچن. لەبەرئەوەی هەرگیز نازانم چەند کەس پەیدا دەبن، ژوورەکە چەند گەورە بێت، مەترسییەکان ئەوەندە زیاتر دەبن. کاتێك دەگەم، ژوورەکان هەمیشە بەتاڵن. تەنیا من و تەکنیکییەکان (تەنیا پیاون) و ئەگەر بەختم هەبێ، رێکخەرێك بۆ یارمەتیدانی جێگیربوونم لەوێین.

ئەگەری جیاوازیی دیمەن لە مینبەرەکەوە لە هۆڵێکەوە بۆ هۆڵێکی تر جێی سەرنجە- هەندێ جار لەو شوێنەوە کە لێی دەوەستم و ئەو شوێنەی کە ئامادەبووان دەستپێدەکات ٢٠ پێیە. من ئەم وێنانەتان پیشان دەدەم تا

Scanned with CamScanner

بەرچاوڕوونییەکتان پێبدەم لەوەی کاتێك لەسەر سەکۆیەکە دەوەستم بینینم چۆنە.



ئەمە هەمان ئەو شەش ژوورەی وێنەکەی پێشوون، ئێستاش بە قەرەباڵغییە واقعییەوە دەبینرێن. پێم وتن ئەگەر هەستنە سەر پێی و بە راستی دڵخۆش دەرکەون، ئەوا وێنەکەیان دەخەمە ناو کتێبەکەم. قسەکەشم بردە سەر.

Scanned with CamScanner

بەشی شەشەم

زانستی بێتاقەت نەکردنی خەڵك

لە هەر فیلمێکی سینەمایی، سەمفۆنیا و محازەرەیەکدا، رێك پێش ئەوەی بەرنامەکە دەست پێبکات ساتێك هەیە، کە تەواوی ئامادەبووان بێ دەنگ دەبن. هەموو وتوێژ و خشپەکان دەوەستن و هەر کەسە، تەقریبەن لەهەمان کاتدا دەکەوێتە چاوەڕوانی کپەوە بۆ ئەو شتەی کە خەریکە رووبدات.

ئەمە پێی دەوترێت شش کردن بەسەر قەرەباڵغیدا، بەڵام بە راستی ئەمە ئەو چرکەساتەیە کە تیایدا قەرەباڵغی خۆی بۆ یەکەم جار دروست دەبێت. ئەو ٢٠٠ کەسە ناوازەیە بە بیرۆکە و بیرکردنەوەی جیاوازەوە ئێستا دەبێتە تاکە کیانێك، بۆ یەکەمین جار دەچنە پاڵ یەکتری بۆ ئاراستەکردنی هۆشی یەکگرتوویان بەرەو پێشەوەی هۆڵەکە. ئەو بەشەی کە سەیرە ئەوەیە ئامادەبووان کۆنترۆڵی خۆی دەداتە دەست نەناسراو. ئەوان پێشتر فیلمە سینەماییەکەیان نەبینیووە. پێشتر محازەرەکەیان نەبیستووە یان شانۆییەکەیان نەبینیووە. ئەمە کردارێکی رێز و کردارێکی هیوایە– و سەیرە. لەم جیهانەدا تەنیا چەند شتێکی کەم هەن دەتوانن ژوورێکی پڕ لە خەڵك بێدەنگ بکەن، دەستپێکی ئەدائێکیش یەکێکە لەو شتانە.

Scanned with CamScanner

کاتێك ئەمە رووردەدات موچڕك بە لەشمدا دێت تەنانەت ئەگەرچی، وەکو هەڵتەی رابردوو، لە ریزی دواوەی هۆڵێکی شانۆ بم و خەریکی تەماشاکردنی (کرانك: های ڤۆڵتج) بم، کە فیلمێکی ئاکشنی بێ مانایە. رێك پاش ریکلامە بازرگانییەکان و پێش ئەوەی سەرەتاکە بێت، هەستی گوێگرتن لە ژوورێکی قەرەباڵغ کە لە هەوڵی بێدەنگبووندایە، نامۆیە و لەهەمانکاتدا جادوویشە. هەرچۆنێك بێ لەم رۆژەدا، بێدەنگییەکەم شکاند. مشتێك لە نوقڵی ئێم ئەند ئێم (M&M) لە دەستم بەربوونەوە و تەقەیان لەسەر ئەرزەکە هێنا. دەنگی هەر هەڵبەزینەوەیەك، لەکاتێکدا کە خل دەبوونەوە بەرەو ریزی پێشەوە، لە گوێچکەی غەریبە بێزارکراوەکاندا دەزرنگایەوە. دەستدرێژییە دەست و پێ سپییەکەی من، چەندەی شەرمەزارکەر بوون، ئەوەشی پیشاندا کە بێدەنگی چەند دەگمەن و تایبەت و ئاسانە بۆ شکاندن.

کاتێکیش من وتاربێژەکەم، دەزانم کە ئەو ساتە تایبەتە تاکە کاتێکە کە هۆشی تەواوی ئامادەبووانم لادەبێت. ئەگەر لەناوەراستی وتاردانەکەدا دەفرێکی فەزایی دانەبەزێتە سەر تەختەی شانۆکە، بێدەنگیی پێش دەستپێکردنم بەهێزترین ساتە کە هەمە. ئەو شتەی کە پێناسەی چۆنێتی ئەدائەکەم دەکات، بەوە دەست پێدەکات کە چۆن هێزی ئەو ساتە بەکاردێنم. هاوسەنگییەکە پەیوەست دەبێت بە پرسیارێکی گەورەتر: چۆن هۆشی خەڵکی بە جێگیری دەهێڵمەوە پاش ئەوەی ئەو ساتە تێدەپەڕێت؟ رێگایەکی ئاسان هەیە بۆ بەرقەرارکردنی نمرە: چ رێژەیەکی خەڵکی لەناو ئامادەبووواندا گوێ دەگرن؟ ٧٠٪؟ ٥٠٪، ١٪؟ تەنانەت ئەگەر ٧٠٪ی ژوورەکەش گوێ بگرن؛ کە نمرەیەکی زۆر باشە، چەندیان لەوە تێدەگەن کە دەیڵێم؟ کە چوزانێت. بەڵام بۆ ئەوانەی کە هۆشیان لە من نییە، ئەستەمە هیچ شتێك لە وتارەکەم بەدەست بێنن. بۆئەوەی من بەهایەکم هەبێت، دەبێ هۆشی زۆرترین ژمارەی مومکینی خەڵك بەرقەرار بکەم.

Scanned with CamScanner

زانستەکە روونە. کەس ناتوانێ هۆشی پەرت نەبووی خەڵکەکەی بەرقەرار بکات. بە راستی ناتوانێ. چ ئاستێکی هۆشی پەرت نەبوو لە هاوڕێیان یان هاوکارانت بەدەست دێنیت؟ یان لەوەش باشتر، چەند جار تەواوی هۆشی خۆت دەدەیتە کەسێکی تر؟ سەر لەقاندنی زوو زووت کاتێك هاوسەرەکەت بەسەرهاتی ڕۆژەکەی لەسەر کار دەگێڕێتەوە، حساب نیە ئەگەر بیر لەوە بکەیتەوە بزانی چ شتێك لەسەر تەلەڤزیۆن هەیە. ئەمڕۆکە دەگمەنە زیاتر لە چەند خولەکێکی بێ پچڕانی هۆشی ڕۆربەی خەڵکی ناو ژیانت بگریت. ئیمەیڵ، تویتەر و مۆبایل دۆخەکەیان خراپتر کردووە، بەڵام ئەمە هەمیشە کێشەیەك بووە. توخمی ئێمە بەهۆی ملیۆنان ساڵی ڕاوکردن و کارکردن ماوەتەوە بە بەکارهێنانی ماسولکە و مێشك لە سۆراخکردنی چالاکانەی شتەکاندا. دانیشتن و گوێگرتن لە کەسێك کە هەر دەیڵێت و دەیڵێت- کە بەداخەوە ئەمە حاڵی زۆرێك کە وتاردەرەکانە- کارەساتێکی هۆشە. سروشتی جینیمان دژی دیزاینی ژینگەی بنچینەیی هۆڵی محازەرەی ڕۆژانەیە.

ئەمە شتێکی سەرسوڕهێن نیە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە زۆربەی خەڵکی ئەگەر بتوانن خۆیان لە محازەرەکان بەدوور دەگرن. کەس لە سەرەمەرگیدا بە پەشیمانیەوە ناڵێت "ئاه بەس بچومایەتە محازەرەی زیاترەوە!" ئێمە دەزانین کە باشترین ڕێگە بۆ فێربوونی شتێك کردنیەتی و لە محازەرەدا تۆ قەت ئەوەندە هیچ شتێکی وەها ناکەیت جگە لە دانیشتن و سەرنجدان (دوو لەو شتانەی کە ژمارەیەکی کەم لە ئێمە پرۆڤەی لەسەر دەکەین). کەواتە ئەگەر پێویست بکات بڕۆین، لە پشتی پشتەوە دادەنیشین، شەحنێکی زۆری ڕاکردن لە خۆماندا کۆ دەکەینەوە و محازەرەکە بە گەورەترین چانسی یان سەرنجڕاکێش یان دڵخۆشکەربوون هەڵدەبژێرین. ئەوە لەبەرچاو بگرە کە محازەرەکان لەو دووسەد ساڵەی دواییدا چەند کەم گۆڕانیان بەسەردا هاتووە بە بەراورد بە گەشەکردنی زۆر خێراتری هەر شتێکی تر. ئەگەر تۆ ئامێرێکی سەفەرکردن بە زەمەندا بەکاربێنیت

Scanned with CamScanner

بۆ هێنانی ئامادەبووانی وتاری گێتیسبێرگ بۆ سەر کورسییەکانی کۆبوونەوەیەکی سالانەی دواتری کۆمپانیاکەت، تاکە پرسیارێك کە دەیانبێت ئەوەیە کە بۆچی ئەوەندە خەڵکێکی کەم کلاویان لەسەرە.

دەشێت زانستی هۆش- بابەتێك کە بەهۆی کتێبەکانی وەکو (بلینك)ی مالکۆلم گلادوێڵ برەویان پێدرا- وەکو زانستێکی بێتاقەتیش لەقەڵەم بدرێت کە رێگەیەکی بێ سنوور بەکەڵکە بۆ بیرکردنەوە لەوەی کە چۆن وتاربێژێك هەوڵ دەدات هۆشی خەڵکی لای خۆی بهێڵێتەوە. ئەگەر تۆ نەهێڵیت بێتاقەتی رووبدات، ئەوا رێك رووەو ئەو دۆخە دەچیت کە خەڵکێکی بەئاگات لەبەرانبەر بێت. پرۆفیسۆر (دۆناڵد ئەی بلای)، لەکاتێکدا کە توێژینەوەی بۆ کتێبەکەی بەناوی (کەڵکی محازەرەکان چیە؟) ئەنجام دەدا، لە چەند محازەرەیەکدا قوتابیەکانی رایەڵ کرد بە شاشەی پشکنەری دڵ و ئەوەی پێ بە پێی تێپەڕبوونی کات رووید‌ا، پێوانەی کرد. سەیر نەبوو کە لێدانەکانی دڵنیان دابەزی؟ ئەوان رێك لە سەرەتادا لە لوتکەی چرکەساتی جادوویی هۆشیاندان و بەشێوەیەکی تێکڕایی، دەست دەکات بە دابەزینێکی بەردەوام. بە هەبوونی ئەم راستییە خەمناکە، ئاسانە تێبگەیت بۆچی زۆربەی محازەرەکان گەشتی یەکسەرەی هێواشن بەرەو بێ هۆشکردن. جەستەکانمان، بەئامادەییەکی تەمبەڵانە و ئەنجامدانێکی کەم، دەچێتە دۆخی پشووەوە- و جەستەمان بۆ کوێ بچێت، مێشکیمان هەر بۆ ئەوێ دەڕوات.

Scanned with CamScanner



جۆن مەدینە، بایۆلۆژیست و بەڕێوەبەری سەنتەری مێشك لە زانکۆی سیاتڵ پاسەفیك، بڕوای وایە کە ١٠ خولەك زیاترین بڕی کاتە کە زۆربەی خەڵکی بتوانن هۆشیان بدەنە زۆربەی شتەکان. لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (ڕێساکانی مێشك)، مەدینە بەشێکی تەواو تەرخان دەکات بۆ پیادەکردنی ئەم تیۆرەیە بەسەر تەحەدییەکانی وانەوتنەوەدا- ڕێسای دە خولەك لە چەقی ئەوەدایە کە ئەو چۆن پلانی محازەرەکانی دادەنێت. ئەو هەرگیز لە دە خولەك زیاتر بە بیرۆکەیەکەوە بەسەر نابات و جەخت دەکاتەوە لەوەی کە تەواوی محازەرەکەی لەسەر ئەو زنجیرە بیرۆکەیە لەنگەر بگرێت کە دەزانێ ئامادەبووانی بایەخ بە بیستنی دەدەن. بە توێژینەوەی پێویست لەبارەی بایەخدانی ئامادەبووان و سنوورێکی زەمەنیی دە خولەکی، دەشێ بێتاقەتی بۆ ماوەی سەعاتێك دوور بخرێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، دە، ژمارەیەکی جادوویی نییە. ئەو محازەرانەی کە ٨، ١٢ یان تەنانەت ٤٥ خولەك درێژن دەشێ سیحراوی بن بەمەرجێك وتاربێژەکە بزانێ چی

Scanned with CamScanner

دەکات و تێبگات چۆن بایەخدانی خەڵك لەسەر سکە بهێڵێتەوە. بەڵام زۆربەیان ئەمە ناکەن. هۆکارێکی باش هەیە کە بۆچی سەنگینترین کۆنفرانس لە سەردەمی مۆدێرندا، واتە کۆنفرانسی تێد (تەکنۆلۆژیا، سەرگەرمی، دیزاین) ئاوێتەیەکی وتاری ٨ و ٢٠ خولەکی لە بۆنەکانیدا بەکاردێنێت. لەم کۆڕە بێ مانا باو و تەواو گرانبەهایەدا کە تەرکیزی لەسەر محازەرەدانە (تیکتەکان بە ٤,٠٠٠ دۆلار یان زیاترن) ئەقڵە بەناوبانگەکانی وەکو بیڵ گەیتس، ئال گۆر، بۆنۆ و سەدان بەرێوەبەری جێبەجێکاری تر، سەرکردەی سیاسی و بلیمەتەکانی بواری تر، لە سەرانسەری جیهانەوە دێن بۆئەوەی قسە بکەن- بەڵام بۆ ئەوپەڕی ٢٠ خولەك. ئەوان کاتی زیاتر بە نانی نیوەڕۆوە بەسەر دەبەن نەك وتاردان. ئەمەش وا لە وتاربێژان دەکات کە پەیامەکانیان کورت بکەنەوە بۆ پوختترین، پڕهەستترین و کاریگەرترین فۆرم، بۆیە تەنانەت ئەگەر نەشتوانن هۆشی خەڵك لای خۆیان بهێڵنەوە، ئەوەندە لەسەر سەکۆیەکە نامێننەوە تا کەس تاوەکو ئاستی مردن بێتاقەت بکەن. زنجیرە کۆمیدییە تەلەڤزیۆنییەکان- قاڵبێك کە بۆ ماوەی چەند دەیەیەك تاووتوێ کراوە تا تایبەتمەندییەکانی بگاتە ئاستی داگیرکردنی هۆش- بەهەمان شێوە بەسەر هەمان مەودای کاتدا دابەش کراون: ٣٠ خولەك درێژ، دابەشکراون بۆ کەرتی یەك لەسەر سێیی و هاوشانی ریکلامی بازرگانیی ٣٠ چرکەیی.

زۆربەی محازەرەکان بەبێ هۆکارێکی باش جگە لەوەی ئێمە حەزمان لەو بڕگەی رێکوپێکەی کاتە، سەعاتێك درێژن. ئەگەر تۆ پێویست بکات دایەنێك بگریت، بچۆرە شوێنی کۆڕەکە، لە لایەکی قەرەباڵغدا شوێنی پارکینێك بدۆزەرەوە، تەنیا بە گوێگرتن لە کەسێك کە تەنیا پانزە خولەك وتاردەدات، بە راستی پەست دەبیت. یان ئەمەیان ئەکەیت، یان هیچ خۆت ماندوو ناکەیت بچیت. کات رێگایەکی ئاسانە بۆ پێوانەکردنی بەها، کە ئێمە دەتوانین پیادە بکەین بەر لەوەی شتێك رووبدات.

Scanned with CamScanner

بەلای خانەخوێی کۆڕەکەشەوە، زۆر گونجاوترە کە وتاردانەکان بۆ ماوەی سەعاتێك یان ٩٠ خولەك رێکبخات. ئەمە بایی پێویست پڕ تەحەدیە دەمەقاڵێ لەگەڵ وتاربێژێکی شایستەدا بکەیت (چ جای بەرێوەبردنی کات و هێرشە تۆقێنەرەکانی)، دۆزینەوەی سێ چوار وتاربێژی تر تەنیا خەرجییە گشتییەکانی رێکخەرانی کۆڕ زیاد دەکات. زۆرجار خەڵکی سکاڵای ئەوە دەکەن کە ئەوان تەنیا چەند شتێك لەو محازەرە یەك سەعاتیەدا فێر بوون، بەڵام ئایا ئەوان ئەوەندە ئامادەییان تیادا دەبێت کە هەرگیز بچن ئەگەر وتارەکە تەنیا ١٠ خولەك بوو؟

بەداخەوە ئێمە هەمیشە محازەرەی درێژمان هەیە لەبەر هۆکارگەلێك کە هیچ پەیوەندییان بە محازەرە واقعیەکانەوە نیە. ئەمە دەستکردێکی کەلتوورە، لۆجیستیکی پێکەوەنانی کۆڕەکانە و نابەدڵیە لەو گۆڕینەی کە زۆربەی خەڵکی دڵنیا دەکاتەوە، تاوەکو کۆتایی کات، کە زیاتر لە بەرگەگرتنی ئامادەبووان محازەرە درێژ دەبێتەوە. دووڕوویی سەر ئەو پەرەگرافە لە نائومێدیەش ئەمەیە کە تەنانەت ئەگەر تۆ تێکڕای هەر وتاربێژێك سنووردار بکەیت بۆ ٢٠ خولەك یان ١٠ خولەك، گەرەنتی نیە کە کاتەکە بە باشی بەکاردەهێنێت. گەمژەیەکی راستەقینە دەتوانێ وا لە هەر بڕێکی کات بکات بە دوورودرێژ هەستی پێبکرێت.

بەڵام چارەسەرێك هەیە. وەڵام بۆ زۆربەی کێشەکانی هۆش، بریتییە لە دەسەڵات.

دەسەڵات وشەیەکی پێکەنیناویە، تەنانەت ئەو کاتە زیاتریش کە بێ بەهۆ بە پیتی گەورە بنوسرێت. خەڵکی ئەو کاتە توڕە دەبن کە دەڵێیت دەسەڵاتی زیاترم دەوێ، بەڵام من بانگەشەی ئەوە دەکەم کە دەبێ هەر وتاربێژێك سۆراخی دەسەڵاتی زیاتر بکات. دەزانم ئێمە لە ئەمریکا حەز دەکەین بڕوا بە دیموکراسی و دابەشکردنی یەکسانی دەسەڵات بێنین، بەڵام هەر خوێندکارێکی زانستی سیاسی دەزانێ کە ئەمریکا، بە شێوەیەکی تەکنیکی، کۆماریە. ئێمە بە دیزاین دەسەڵاتی

Scanned with CamScanner

به یەکسانی دابەش دەکەین، بۆ نموونە، ئێمە ١٠٠ سیناتۆر، ٥٠ حاکم و تەنیا سەرۆکێکمان هەیە و هەریەکەیان چەندەها قات دەسەڵاتی لەو هاوڵاتیانە زیاترە کە نوێنەرایەتی دەکات. دابەشکردنی نایەکسانی دەسەڵات پێویستە بۆ ئەنجامدانی شتەکان بەشێوەیەکی کارا کە رێك ئەو شتەیە تۆ پێویستتە کاتێك هەوڵ دەدەیت محازەرەیەك پێشکەش بکەیت. ئەگەر پێت وابێ ئێستا شتەکان لە ئەمریکادا گونجاو نین، لە دیموکراسیەکی راستەقینەی ٣٠٠ ملیۆن کەسیدا، نەگوجاوتریش دەبن.

سیستەمەکە بۆ وتاردانی گشتی لەسەروو کۆماریەوەیە- بە مانای زانستی سیاسیی وشەکە- بەڵکو دیکتاتۆریە. تەنیا یەك کەس لەسەر سەکۆیەکەیە، تەنیا یەك کەس ریزە چەپڵەی ناساندنی پێدەدرێت و تەنیا یەك کەس مایکرۆفۆنەکە دەسەنێت. ئەگەر گیانلەبەرە فەزاییەکان لە کۆنفرانسێکی (تێد)دا نیشتنەوە، ئەوا بە رووتی وادەزانن ئەو کابرایەی لەسەر سەکۆیەکە وەستاوە و مایکرۆفۆنی پێیە، رێبەری باڵای هەسارەکەیە. لە بەشی هەرە زۆری مێژووی شارستانیەتدا، تاکە وتاربێژەکان سەرکردە، پاشا و فیرعەون بوون. بەڵام وتاربێژی کەم هەن هێزی گەورەی ئەم دەسەڵاتە بەکاردێنن. زۆربەی وتاربێژان ئەوەندە دەترسن لەوەی شتێ لە حاڵەتی ئاسایی دروست بکەن کە رێك ئەو دەسەڵاتە بەفێڕۆ دەدەن کە ئامادەبووان ئومێدەوارن بەکاری بێنن.

دانانی ریتم

ئاسانترین رێگە بۆ بەکارهێنانی دەسەڵات بریتیە لە دانانی ریتم یان ئاواز. هەرکەسێك خەیاڵپڵاویی ئەوە دەکات کە ببێتە گۆرانیبێژ یان گیتارژەنێکی پێشەنگی باندە مۆسیقیە دڵخوازەکەی، بەڵام دەسەڵاتی راستەقینە لە بەشی رِیتمدایە. ئەمە ئەو خێراییە کۆنترۆڵ دەکات کە هەموو شتێکی لێوە رِوودەدات- زۆر خێرا، زۆر خاو، یان باشتر زۆر گونجاو. ئەم ئەرکە بەزۆری دەکەوێتە ئەستۆی

Scanned with CamScanner

تەپڵ لێدەر، ئەو کابرایەی کە هەمیشە لە پشت پەردەوە نزیکە (بەشێکی ئەمە لەبەرئەوەیە کە دەنگ بەرزترین ئامێری پێیە). لە هەر کاتێکدا بێت، دەتوانێ بە وەستاندنی تەواوی لێدانەکە یان توندترین لێدانی تەپڵەکان، شتەکان پەکبخات. لە هەر حاڵەتێکدا بێت، ئەو پارچە مۆسیقا باش رێکخراوە بەشێوەیەکی شەرمەزارکەر خێرا، کۆتایی دێت. جگە لە لێدانی بە ئامێرە مۆسیقییەکە لەسەری تەپڵ لێدەر، گیتاریستەکە قەت ناتوانێ دەسەڵاتی بەسەر ریتمی تەپڵ لێدەرەکەدا بشکێت.

تەپڵ لێدەرەکە بە راستی کەسێکی بەدەسەڵاتە، هەروەکو چۆن ئەو کەسەی لە محازەرەکەدا مایکرۆفۆنەکەی لایە وەهایە. پێویستە وتاربێژ ریتم دابنێ بۆ ئامادەبووان ئەگەر بیەوێ هۆشیان لەسەر خۆی بهێڵێتەوە. دەشێ باندێکی میوزیکی ئاسایی تۆ قەرەباڵغییەك بجوڵێنێ تەنیا لەبەرئەوەی ریتمەکەیان داناوە. خەڵکی حەزیان لە ریتمە. حەز دەکەین هەست بە هاوئاهەنگی بکەین. بەڵام تاکە کەسێك کە بتوانێ ئەو ریتمە دابنێ، ئەو کەسە بەدەسەڵاتەیە کە لە پێشەوەی ژوورەکەیە.

من لە زانکۆکان و کۆمپانیاکاندا قسەم بۆ ئەو خەڵکانە کردووە کە یەکجار زۆر لە من زیرەکتر بوون، بە درێژایی رۆژ لە من سوعبەچیتر و ئەفرێنەرتر بوون لەسەر خوانەکانی نێوەڕۆ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانم بە دابینکردنی ریتمێکی ئاسان بۆ سۆراخکردن، محازەرەیەکی باشیان پێشکەش بکەم. دەتوانم بڵێم "من نیوسەعاتم هەیە قسەتان لەگەڵ بکەم و پێنج بیرۆکەشم هەیە بیانخەمەڕوو. پێنج خولەك لەسەر هەر بیرۆکەیەك ئاراستە دەکەم و کاتی تر بۆ پرسیارکردن دەهێڵمەوە". وتنی ئەمە ١٠ چرکەی دەوێت، بەڵام بۆ ئەو نرخە کەمە بەردەوام دەبم لە گرتنەخۆی هۆشی هۆڵەکە، چونکە ئەوان پلانەکە دەزانن. ریتمەکە دەزانن. ئەگەر لە هەرکاتێکدا هۆشیان پەرت ببێت- بکەونە ناو خەوی خەڵکانی نەرم و نیانی سێکسی لە کەناراوەکانی هاوای- و لەپڕ بکەوێتەوە ناو واقیع، دەبێ بتوانن

Scanned with CamScanner

بیربکەنەوە "واو، بە تەواوی خەیاڵم رۆیشتبوو. ئەوە باسی چی دەکات؟ ئۆه، باشە، لە پێنج بیرۆکەکە لە سێیەمیانە. تێگەیشتم". تەنانەت ئامادەبووە هەرە بەئاگاکان هۆشیان دەڕوات و دەبێ من دڵنیابمەوە لەوەی کە ئاسانە بۆیان جارێکی تر بێنەوە سەر وتارەکەم کاتێك خەیاڵپڵاویەکەیان کۆتایی دێت.

هەر کە تۆ هۆشی هەمووانت لابوو، بە کورتی ئەوە بخەڕوو کە شتەکان چۆن کاریگەری دروست دەکەن. بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ١٠ خاڵ تۆمار دەکەیت. ئەوان تەنانەت ئەوەندە گرنگی نادەن بە وردەکاریی پلانەکەت، مەگەر ئەوەی کە رۆیشتن لەگەڵیدا ئاسان بێ و کاتی زۆر بە روونکردنەوەیەوە بەسەر نەبەیت. ئەگەر ٦٠ چرکە تێپەڕێت و تۆ هێشتا لەسەر بیرۆکەی یەکەمت نەبیت، ئەوا شتێ هەیە. کات بە خوێندنەوەی سی ڤیەکەت یان گێڕانەوەی چیرۆکی پێشوو بەفیڕۆ مەدە ("بۆ یەکەم جار ئەو کاتە لەبارەی هین خوێندمەوە....."). ئەوان گرنگی پێنادەن. ئەوان تەقریبەن هەرگیز پێویستیان بەوە نیە بزانن چۆن گەیشتوویتە ئەو شوێنەی کە تیایدایت. ئەگەر ئەوەیان هەڵبژاردووە کە پاش خوێندنەوەی ناونیشانی وتارەکە، باسەکە و بیۆگرافیەکەت لەناو ئامادەبووانتدا بن، ئەوا پێیان وایە تۆ زۆر مەعقولیت. بە ریتمێك دەست پێبکە. وەکو نمایشی پێش دەستپێکردنی فیلمێکی سینەمایی، بیر لە خولەکی دەستپێکردنت بکەوە: پڕی بکە لە دراما، جۆش و خرۆش و ئەو خاڵە گرنگانەی کە بۆچی دەبێ خەڵکی گوێبگرن.

ریتم وزە دروست دەکات. ریتمێکی جوڵێنەری بەردەوام هەموو فۆرمەکانی سەما روون دەکاتەوە، هەر لە هەڵپەڕکێی یەکڕیزی تا ئاهەنگی گەرەلاوژێی سەعات ٣ بەیانی. مارشە سەربازییەکان بە تەواوی پشت ئەستوورن بە ریتمەکانی تەپڵ و دەستەواژەی "چەپ، چەپ، چەپ راست چەپ" بەلام زۆربەی خەڵکی ئاراستەگیرییەکی خەمناکیان بۆ کات هەیە کاتێك نمایش دەکەن، لەوانەش هەندێ مۆسیقار و سەماکەر. ئەو تەپڵ لێدەرە دووربخەرەوە کە ریتمێکی جێگیر دابین

Scanned with CamScanner

دەکات، وزەی جوڵێنەر کە سەماکار و مۆسیقارەکان بارگاوی دەکات، بزر دەبێت. وتاربێژەکان تەپڵ لێدەریان نییە لەسەر سەکۆیەکە، نەك باندێکی میوزیکیش هەیە رێتمەکە راگیر بکات. ئەگەر تۆ هۆشت نەدەیتە ریتم، ئەوا ئامادەبووان بەزوویی ریتم لەناو مێشکیان خۆیان دەدۆزنەوە.

هەندێ وتاربێژان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ٥ خولەك بە یەکەمی پێنج بیرۆکەکە بەسەر دەبەن و پاشان ٣٠ خولەك دواتر هێشتا لەبارەی یەکەم بیرۆکەوە دەدوێن، ئاگایان نیە لەوەی ناپاکییان لەو ریتمە کردووە کە بەڵێنیان لەسەر داوە. مەهێڵە ئەمە بەسەر ئامادەبووانی نەرم و نیان و رۆح سوکی تۆدا بێت. ئاگاداریان بە. تەپڵ لێدەرەکان بە (میترۆنیم) پرۆڤە دەکەن، سنوقێکی بچوك کە کاتی تەواو دەپارێزێ. کاری تۆ زۆر ئاسانترە: پێویست ناکات دیاریکراو بیت، تەنیا پێویستە لەناو چوارچێوەکەدا بیت. بابەتەکە لەبەردەم سەعاتەکەدا پرۆڤە بکە تا ئەوەی کە کاتەکە تەواو دەبێت– ناتوانیت بزانیت کە هەر لاپەڕەیەك یان بیرۆکەیەك چەندی پێدەچێت تا پیادەی نەکەیت. هەبوونی سەعات لە ژوورەکەدا یارمەتیدەرە، بەڵام هەمیشە شتێکی لەوە زیاتر لەئارادایە کە بەپەلە هەندێ دەستکاری ئەنجام بدەیت. بیرت بێ: ئەگەر تۆ ئەوەندە تەمبەڵیت کە پرۆڤە ناکەیت، چاوەڕوانی ئەوەش بکە کە ئامادەبووانت ئەوەندە تەمەڵ دەبن کە لەگەڵتا بڕۆن.

هۆش ئاراستە بکە ("من سەیری چی دەکەم و بۆچی؟")

هەندێ شت هەن کە مێشکی مرۆڤ حەز دەکات هۆشی بداتێ، لەوانەش ئەمەی خوارەوە:

–ئەو شتانەی حەز دەکەین بیانخۆین

–ئەو شتانەی لەوانەیە بمانخۆن

–ئەو کێشانەی کە سەروکارمان لەگەڵیاندا هەیە

Scanned with CamScanner

-ئەو خەڵکانەی کە هاوخەمیمان لەگەڵیاندا هەیە

-ئەو بابەتانەی کە بایەخیان پێدەدەین

-ئەو مەتەڵانەی دەمانەوێ شیکاریان بکەین

-کەرەستە جوڵاوە درەوشاوەکان (سەیری ریکلامی ئۆتۆمبێل بکە)

-ئەو خەڵکانەی کە دەمانەوێ سێکسیان لەگەڵ بکەین (سەیری هەموو ریکلامەکان بکە)

-ئەو شتانەی کە دەتەقنەوە (پیاوان)

-ئەو شتانەی کە جوانن (ژنان)

-ئەو شتانەی کە جوانن و دەتەقنەوە (پیاوان و ژنان)

بە بەردەستبوونی ئەو لیستە، فێڵێکی ئاسان ئەوە دەبێ کە هەر پێنج شەش خولەکێك یەکێك لەم شتانە بخەیتە ناو وتاردانەکەتەوە تەنیا بۆ گەڕاندنەوەی هۆشی ئامادەبووان بۆ سەر خۆت. ئەمە کاریگەری نیە. زۆر روون و ئاشکرایە. بێگومان وەستان لەبەردەم هۆڵەکەدا و لێدانی سافیرەك لەکاتێکدا کە هەر ٦٠ چرکە جارێك پانتۆڵەکەت لێ ئەکەوێت هۆشی هەمووان لەسەرت ئەهێڵێتەوە رێك تا ئەو کاتەی رادەکەنە سەر سەکۆیەکە و تێتهەڵدەدەن. خەڵکی دەزانن ئەگەر پێیان رابوێریت. پیشاندانی کلیپێکی سینەمایی، گێڕانەوەی نوکتە، یان دانانی وێنەیەکی جوان کە هیچ پەیوەندی بە بابەتەکەتەوە نیە کاریگەرییەکی درێژخایەنی کەمی دەبێت. هیچ مانایەکی نابێ. تەنیا وێنە باش هەڵبژێردراوەکان شایستەی هەزاران وشەن و تەنانەت ئەو کاتەش، تەنیا ئەگەر تا کاتێکی زۆری پێویست بۆ ئامادەبووان خرانەڕوو کە لە ماناکەی تێبگەن، بەنرخ دەبێت. ئەگەر تۆ رێگای سروشتی بەدی بکەیت بۆ راکێشانی سەرنج بۆ ئەو شتانەی کە شرۆڤەی بیرۆکەکەت دەکەن، ئەوا بەکاریان بێنە.

Scanned with CamScanner

ئاسانترین ڕێگە بۆ کردنی ئەمە، گێڕانەوەی بەسەرهاتە. بە ڕاشکاوییەوە، هەر کە دەمت دەکەیتەوە، تۆ جۆرێك لە بەسەرهات دەگێڕیتەوە. هەر پەیوەندیکردنێك، بەسەرهاتێکی هەیە: سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی. باشترین ڕێگە بۆ ئاراستەکردنی هۆش بریتییە لە قسەکردن لەو بارودۆخانەی (وشەیەکی تر بۆ بەسەرهات) کە ئامادەبووان بەلایانەوە گرنگە. پاشان ئەوان دوو هۆکاریان هەیە بۆ ئەوەی بایەخی پێبدەن: بارودۆخەکە و ئەمەی کە بەسەر کێدا هاتووە. ئەمە شتێکە کە بڵێیت "ئەمەش دێڕی ٥ لە یاسای نوێی باج". ئەمە تەنیا ڕاستییەکی تاقەتبەرە، هۆش پەرتکەرە، خەڵکی هان دەدات تا خەیاڵیان بۆ لایەکی تر بچێت. بەڵام تەواو شتێکی جیاوازە کە بڵێیت " ٨٠٪ی ئێوە لەناو ئامادەبووانـدا دێڕی ٥ لەگەڵ دێڕی ٦ی دوایین پسوڵەی باجەکەتان لێ تێکەڵبووە کە ٥٠٠ دۆلار لەسەرتان کەوتووە. سەیر کەن بزانن چۆن خۆتان لە هەڵە لادەدەن". تەنانەت بابەتێکی گێژکەری وەکو فۆرمەکانی باج دەبێتە شتێکی جێ سەرنج ئەگەر وتاربێژ هەم خەمی کێشەکە و هەم خەمی ئەو ئامادەبووانەش بخوات کە کارتێکراو بوون. کاتێك کۆمەڵە ئامادەبوویەك بایەخ دەدەن بەو بەسەرهاتەی کە دەیگێڕیتەوە، تەقریبەن بۆ هەر شوێنێك بێت سۆراخی سەرەداوەکەت دەکەن. وتاربێژە باشەکان بەشێوەیەکی غەریزی ئەمە دەزانن. هەروەکو ئانێت سیمۆنز لە کتێبی (فاکتەری بەسەرهات)دا نوسیوویەتی:

"تۆ دەتوانیت قایلیان بکەیت، بیاجوڵێنیت، یان سەرنجیان ڕابکێشیت، بەڵام ناتوانیت وا لە هیچ کەس بکەیت گوێ لە هیچ شتێك بگرێت. لەخۆگرتنی ئەم ڕاستییە ڕێگەمان بۆ خۆش دەکات تەرکیز بخەینەسەر ئەوەی کە دەتوانین بیکەین. ئێمە دەمانەوێ بایەخدان دروست بکەین. دەمانەوێ هۆشی کەسێك بگرین و بەردەین... کاریگەری بریتییە لە کرداری گرتنی هۆشی کەسێك، ڕایەڵ بوون بەو شتەی کە ئەوان هەنوکە پێیان وایە گرنگە و ڕایەڵکردنەوەی ئەو هەستە بە هەر

Scanned with CamScanner

شتێکەوە کە دەتەوێ ببینن، بیکەن یان هەستی پێبکەن. ئەمە ئاسانترە ئەگەر بهێڵیت بەسەرهاتەکەی تۆ یەکەم جار شوێنی خۆی بگرێت و پاشان بە بەکارهێنانی ئەوەی کە لە وەڵامەکانی گوێگراندا دەیبینیت یان دەیبیستیت، بازنەی مانا/پەیوەندی بکێشە بە دەوریدا".

ئەگەر تۆش شتێکی رووکەشی وەکو وێنە، هێڵکاری یان فیلمی سینەمایی پیشان بدەیت- یان هەڵپەڕکێ لێکدراوەکان، نمایشە مۆسیقییەکان، بازدان بەناو بازنەی ئاگر یان هەر شتێکی تری شیاو بۆ راکێشانی سەرنج- ئەمە لەبەرچاو بگرە: "بۆچی ئامادەبووان تەماشای ئەمە دەکەن؟" وەڵامە خراپەکان بریتین لە: پێت وایە ئەمە شتێکی سەرنجڕاکێشە، دەتەوێ شارەزایەتییەکانت دەربخەیت، یان لەوانەشە گەورەترین گوناه، هەست بە ناچاری دەکەیت بۆ پڕکردنەوەی کاتی دیاریکراو. دەبێ تۆ شتێکی لەمە باشتر بکەیت. باشترین هۆکار ئەوەیە کە لەگەڵ ئەو بەسەرهاتەدا دێتەوە کە تۆ دەیگێڕیتەوە. بزانە بیرۆکەکە چییە و ئامادەبووان چ تێگەیشتنێك بەدەست دێنن لەو شتەی کە تۆ سەرنجیان بۆ رادەکێشت. بە تەواوی لە رێگاکەت بچۆرە دەرەوە بۆ ئەوەی لەناوەڕاستی دیمەنێکی سینەماییدا هەڵوەستە بکەیت بۆ جەختکردنەوە لەو شتە سەرەکییانەی کە وا دادەنرێ ببینرێن یان دەرك بکرێن. ئەگەر دڵنیا نیت بیرۆکەکە چیە، یان ئاخۆ بەسەر ئامادەبووانـدا پیادە دەبێ، لە بابەتەکەت لایببە. وا باشترە هۆشی هۆڵەکە بۆ ماوەی دە خولەکی تەواو بگریت و پاشان بۆ پرسیارەکان بکرێیتەوە نەك ئەمەی کە دۆخێکی مام ناوەندی دەستەوسانیدا سەعاتێك بەسەر ببەیت.

رۆڵەکە ببینە: تۆ ئەستێرەیت

خەڵکی هەمیشە چاوەڕوانییان هەیە. ئەگەر بچنە ریستۆرانتێکی راقی، ئەوا چاوەڕوانیی خزمەتگوزارییەکی بێ وێنە و لەوانەشە گەورە کارگوزارێکی وشك بکەن کە بتوانن گاڵتەی پێ بکەن. ئەگەر ئەوان فیلمێکی سینەمایی ئاکشن ببینن، ئەوا

Scanned with CamScanner

چاوەڕوانیی ئەو تەقینەوانە دەکەن کە بەرەنگاریی یاساکانی فیزیك دەکات. ئەگەر سەعاتێك لەکاتی خۆیانت پێبدەن بۆ ئەوەی قسەیان بۆ بکەیت، ئەوا چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە باوەڕبەخۆ بیت لەوەی کە دەیڵێیت و دەیکەیت. ئەگەر دەست و پێت ون بکەیت لە گەڕان بەدوای کۆنترۆڵی لاپتۆپەکەدا، لە بەرانبەر لاپەڕەکانی باوەڕپۆنتەکەتدا سەرت لێبشێوێت، یان پۆزش بهێنیتەوە لەبەرانبەر ئەوەی زۆر خۆت ئامادە نەکردووە بۆ وتاردانەکە، ئەوا روونی دەکەیتەوە کە شایستەی هۆش پێدانی ئەوان نیت. تۆ ئەو رۆڵە ناگێڕیت کە لێت چاوەڕوان دەکرێت- کە رۆڵی شارەزایەکی بڕوابەخۆ، روون، پڕجۆش و خرۆش و لەوانەشە سەرگەرمکەر بێت. پێویست ناکات کامڵ بیت، بەڵام پێویستە رۆڵەکە بگێڕیت.

بە دەربڕینێکی تر، لەوە گەورەتر بە کە هەیت. بە دەنگی بەرزتر قسە بکە، هەڵوێستی بەهێزتر دەربڕە و شێلگیرانەتر رەفتار بکە بە بەراورد بەوەی کە لە وتوێژێکی ئاساییدا دەیکەیت. ئەمانە رێساکان نواندنن. ئەمە ئەو شتەیە کە گەنجان لە ئامادەیی فێر دەکرێن کاتێك بۆ درامای ساڵانەی "ئانی چەکەکەت بێنە" پرۆژەیان پێدەکرێت. ئەمانە هەمان ئەو رێسایانەن کە کۆمیدییە دیارەکان، پرۆفیسۆرەکان و پێشکەشکارانی بەرنامەی گفتوگۆ پەیڕەوی دەکەن. بەتایبەت بۆ محازەرەکان ئەمە لەبەرچاو بگرە: ئەگەر تۆ لە پێشەوەی هۆڵەکەیت، خەڵکی ریزەکانی ناوەڕاست چەندە دوورن؟ ئێستا ئەوە بزانە کە نیوەی ئامادەبووان تەنانەت لەم دوورابیەش دوورترن. ئەو خەڵکانەی دواوە پێویستیان بە یارمەتیی زیاترە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ تۆ و پەیامەکەتدا.

ئەگەر تۆ لە رێگەی ئینتەرنێتەوە یان ڤیدیۆکۆنفرانسەوە یان بە پێچەوانەوە لە رێگەی کۆمپیوتەرەوە قسە بکەیت، ئەم بیرۆکەیە تەنانەت گرنگتریشە. لەسەر کۆمپیوتەربوون بەو مانایەیە کە تۆ بە خێرایی لە دۆخی سێ رەهەندییەوە دەکەویتە ناو دۆخی دووڕەهەندییەوە. ئەوان هێشتا دەتوانن بتبینن، بەڵام ئەمەیان

Scanned with CamScanner

وێنەیەکی بە پێکسڵ کراوی هەڵبزرکاوی تۆیە. وردەکاریی سوعبەتەکەت و وردە جیاوازییەکانی بیرۆکەکانت کاتێکی سەختتریان دەبێ بۆ وەرگیران. بۆ قەرەبوکردنەوەی ئەمە، دەبێ تۆ وزەیەکی زیاتر بەرجەستە بکەیت. کردنی ئەمە هەستێکی ناسروشتی دەدات ئەگەر تۆ لە ژوورە بچوکەکەتدا دانیشتبێتی، بەڵام ئامادەبووانی سەر شاشەکەت هەموو یەکەیەکی وزەی ئاراستەکراو لەلایەن تۆیانەوە پێویستە بۆ پاراستنی هۆشیان لە خزان.

هەڵەیەکی باو کە خەڵکی لەسەر تەختەی شانۆ دەیکات بریتییە لە ڕەوینەوە. ئەوان هەر بەشێوەیەکی ئاشکرا دەبنە کەسانی بەڕێز و وریا. بە نەرمی قسە دەکەن، بەسەرهات ناگێڕینەوە و قەت پێناکەنن. ئەوان بە شێوەیەکی کارەساتبار، بە تەواوی بێ هەست دەبن. چەندەی ئەم دۆخە سەلامەت دیارە، بەهەمان ئاستیش گۆڕستانی هۆشە. ئەمە وەکو وەرگرتنی ڕۆڵی هاملێت- کە یەکێك لە باشترین مۆنۆلۆگەکانی مێژووی مرۆڤایەتی هەیە- و بێ باکانە لەژێر لێوەوە درکاندنی رستەی بێ گیانە. من نالێم دەبێ ساختە بن. وەکو هاندەری سەرەکی یارییەك یان پێشکەشکاری پرسیار و دیاری ڕەفتار مەکە. لەبری ئەمە، ببە بە وێنەیەکی بەسۆز، بایەخدەر، تەواوی ئامادەی خۆت. هەر ئەم وێنەیەشە کە ئامادەبووان بۆ گوێبیستبوونی هاتوون.

بزانە دواتر چی ڕوودەدات

گەورەترین ئیمتیاز کە من بەسەر خەڵکەکەمدا هەمە، گرنگ نیە چەندەش زیرەك بن، ئەوەیە کە دەزانم دواتر چی ڕوودەدات. لە لاپەڕەکانی پێشووی ئەم کتێبەتەدا باسم کردووە، بەڵام شایستەی ئەوەیە جارێکی تر باس بکرێتەوە، چونکە ڕێگایەکی بەهێزە بۆ کۆنترۆڵکردنی هۆش. من قەناعەتم وایە کە من دەتوانم نیوەئەوەندەی ئامادەبووان لەسەر بابەتێك بزانم، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕێگەی هۆنینەوەی بەسەرهاتەکانم سەرسام و سەریان گەرم بکەم. ئەمە گواستنەوە لە لاپەڕەیەکەوە

Scanned with CamScanner

بۆ لاپەڕەیەکی تر تەواو گرنگ دەکات. دەبێت بزانم دواتر چی دێت و ئەوە جێگیر بکەم کە لە لاپەڕە هەنوکەییەکەدا چی دەڵێم بۆئەوەی لاپەڕەی دواتر ئاکامی هەبێ. ئەگەر ئەمە بزانم، دەتوانم لەکاتی گونجاودا هۆشی هۆڵەکە بەلای خۆمدا رابکێشم بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە کاتێك ئەو شتەی دواتر دەیڵێم سەیرە، گرنگە یان بەهێزە، هەمووان سەیرم دەکەن یان گوێم لێ دەگرن.

ئەنجامدانی ئەمە زۆر بەندە بەوەی کە چەندە پرۆڤە دەکەم. من ناتوانم گواستنەوەی نێوان بیرۆکەکان بیر خۆم بهێنمەوە یان ئەمەی کە چۆن چیرۆکێك بە باشترین شێوە رایەڵ دەبێ بەوەی دواتریانەوە مەگەر ئەوەی کە پرۆڤەم کردبێت و فێر بووبم چۆن ئەمە بکەم. زۆرجار بیرۆکەیەکی گەورە بەلاوە دەنێم، چونکە نازانم بە رێك و پێکی لە بەسەرهاتەکەی پێشوویانەوە بچمە ناویەوە، یان لەم بیرۆکە مەزنەوە بچمە ئەوەی دواتریان. هەروەها، ئیش لەسەر پرۆگرامی سۆفتوێری وەکو پاوەرپۆنیت یان کینۆت بکە کە تایبەتمەندیی وتاردانیان هەیە و رێگەت بۆ خۆش دەکەن تا لاپەڕەی دواتر تەنیا لەسەر لاپتۆپەکەت ببینیت. ئەم ئامرازە یارمەتیت دەدات خۆت ئامادە بکەیت تا گواستنەوەیەکی رێك و پێك ئەنجام بدەیت، رێك بەو شێوەیەی کە پرۆڤەت کردووە.

بێ ئۆقرەیی و هێوری

ئەگەر پێت بڵێم کەسێك ملیۆنێك دۆلار دەباتەوە پێش ئەوەی ئەم پەرەگرافە تەواو بێت، ئەوا درامایەکم هێناوەتە ناوەوە. کێ دەیباتەوە؟ بۆچی دەیباتەوە؟ لەپڕ، خوێندنەوەی پەرەگرافەکان خورپەبەخشە. درامە رێگەیەکی ئاسانە بۆ دروستکردنی بێ ئۆقرەیی. هەموو ئەزموونە گەورەکان ریتمێکی دراماتیکیی بێ ئۆقرەیی و هێورکردنەوەیان تێدایە چ ئەوەی بەرنامەیەکی جادوویی وەستایانە بێ، شەمەندەفەری تیژڕەو، یان یەکەمین ژوانی کەناری دەریا بێت لە زردەپەڕدا. لە

Scanned with CamScanner

هـەموو حاڵەتەکانیشدا، بـێ ئـۆقرەیی بـە خـستنەڕووی هێورکردنـەوەی، دروست دەبێ. ئەگەر بڵێم لەوانەیە کەسێك ملیۆنێك دۆلار بباتـەوە، یـان دەرفـەتێکی کـەم هەیە بۆئەوەی ژوان بگریت، ئەوەندە جێـی سـەرنج نابێـت. دەبـێ چـاوەڕوانییەکی بەجێ هەبێت لەمەڕ ئەوەی کـە ئاکامەکـە رووەدەدات. ئەگـەر تـۆ زیـرەك بیـت، ئـەو ئاکامە بە روونی لە تایتڵ و پێناسەی وتارەکەتدا دانراوە.

سادەترین جۆری بـێ ئۆقرەیی بۆ دروستکردن و پاشـان هێورکردنـەوە، ئەوەیانـە کـە پێـشتر دەربـڕدراوە: کێـشە و چـارە. ئەگـەر وتارەکـەت لـە ژمارەیـەك کێـشە پێکهاتووە کە گرنگن بۆ ئامادەبووان و تۆ بەڵێن دەدەیت ئەو بـێ ئۆقرەییـە هێـور بکەیتەوە کە بەهۆی ئەو کێشانە دروست بووە لەرێگـەی چـارەکردنی هەریەکـەیان، ئەوا خاڵی گەورە تۆمـار دەکـەیت. ئامـادەبووان بـە هـەر زنجیرەیـەکی دڵـەراوکێ و هێورکردنەوەدا بەدواتدا دێن. ئەگـەر بـە دەستنیـشانکردنی یەکـەم کێـشە کـارێکی گـەورە ئـەنجام بـدەیت و شـێوازێکی پراکتیکـی یـان ئیلهامبـەخش بخەیتـەڕوو بـۆ رووبەڕووبوونـەوە لەگەڵیـدا، ئـەوا بـە درێـژایی وتاردانەکـە لەگەڵتـدا دەمێننـەوە. جۆرەکانی تری بـێ ئۆقرەیی دەکرێ بـە بناغـەی وتارەکـە دروسـت بکـرێن. دەشـێ بابەتەکـەت بـریتی بێـت لـە "بۆچـی کـەس نـابێ بـچێت بـۆ قوتابخانـە". تـەواوی ئاراستەی بیرکردنەوەت جۆرێك لـە بـێ ئـۆقرەیی دروسـت دەکـات کـە لەگـەڵ هـەر راستییەك کە دەخرێتە روو و هەر بیرۆکەیەك کە دەردەبڕدرێت، هێور دەکرێتەوە.

دەشـێ رێساکانی بـێ ئـۆقرەیی و هێورکردنـەوە لـە یـەك کاتـدا بـەکاربهێنرێن بۆ بونیادنانی ریتم. لیستە دە خاڵییە سەرەکییەکە، کە لە بەرنامەی وتویژی درەنگانی شـەوی (دەیڤـد لیتـەرمان)دا سـادەکراوەتەوە، سیـستەمێکە بـۆ بەرهـەمهێنانی ریتمێکـی ئاسـان و دروسـتکردنی ئاسـتی جیاجیـای بـێ ئـۆقرەیی و هێورکردنـەوە. لەکاتێکـدا کـە لیـستەکە دەخوێنرێتـەوە و لـە ژمـارە یـەك نـزیکتر دەبێتـەوە،

Scanned with CamScanner

چاوەڕوانیی ئامادەبووان تەواوی کاتەکە لەسەر ئەوە بونیاد دەنێت کە دەبێ وەڵامەکە چی بێ.

ئامادەبووان بهێنەرە ناوەوە

لە دەستپێکی ژیانی پیشەییم وەکو وتاربێژی خەڵك، ئامادەبووانم نەهێناوەتە ناوەوە تەنیا لەبەرئەوەی کە لێیان تۆقیبووم. پێم وابوو کە ئەگەر رێگە بدەم خەڵکی لە گەرمەی وتاردانەکەمدا پرسیارم لێبکەن ئەوا دەشڵەژێم و هەرگیز ئاستی سەرەتایی بڕوابەخۆبوون بەدەست ناهێنمەوە. بۆیە، تاکە شتێکی بەجێم ئەنجامدا کە توانیم بیری لێ بکەمەوە: لە دەستپێکدا بە خەڵکی بڵێم کە تا کۆتایی هیچ پرسیارێك نەکەن. ئەمە چارەیەکی خراپ و هۆش پەرتکەر بوو. دەست بەجێ بە بیستنی ئەمەی کە سەعاتی دواتر محازەرەیەکی نەپچڕاو دەبێ (من بە بەدەستهێنانی سوچێکی دۆزەخی هۆشی تایبەت بەخۆم، زۆرجار ٨٠ خولەکم پێدەچێ) سارد دەبنەوە. هەر کۆمەڵە ئامادەبوویەك بڕێکی زۆر وزەی هەیە کە، کاتێك ئاراستە کرا، تەنانەت ئەگەرچی بە بڕی بچوکیش، ئاستەکانی هۆشیان دەهێنێتە جۆش. سەرەنجام، من هەندێ فێڵی ئاسان فێر بووم بۆ هێنانە ناوەوەی ئامادەبووان بەبێ تێکدانی ریتمەکەم:

-داوای پیشاندانێکی دەستەکان بکە. دڵنیا نیت کە ئامادەبووانت چەندە ئەزموونیان هەیە؟ پرسیاریان لێ بکە "کێ لێرە بۆ زیاتر لە پێنج ساڵ لەو پیشەیەیدا بووە کە تیایەتی؟" لەپڕ، تۆ زۆر زیاتر لە خەڵکەکە دەزانیت. ئەوان ناتوانن حوکم لەسەر وەڵامەکە بدەن، بۆیە دڵنیابەرەوە لەوەی کە ئەوەی کە دەیبینیت قسەی لەسەر بکەیت: "باشە، پێدەچێ ٧٠٪ پێکبهێنن. زۆر باشە". لە ماوەی وتاردانەکەتدا، بەهەمان شێوە دەتوانیت ئامادەبووان بەکاربهێنیت بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر ریتمەکەت. پرسیار بکە "چەند کەس لە ئێوە پێی

Scanned with CamScanner

وایه من زۆر خاوم؟" پاشان بڵێ "چەند کەس پێیان وایە زۆر خێرام؟" ئێستا تۆ داتای هاوکاتت هەیە و دەتوانی بەم پێیە هەندێ هەموارکردن ئەنجام بدەیت.

-پرسیاری لابەلا بکە و رێگە بدە خەڵکی بە هاوارکردن وەڵام بدەنەوە. پوچترین شت کە وتاربێژ پرسیاری لە ئامادەبووان بکات ئەوەیە کە بڵێت "کەس پرسیاری هەیە لەسەر ئەوەی ئێستا وتم؟" ئەمە هەڕەشەئامێز دیارە، وەك بڵێی تەحەداتان دەکات لەبەرانبەر توانا و دەسەڵاتیدا کە زۆرێك لە خەڵکی خۆیانی لە قەرە نادەن. لەبری ئەمە، بیکە بە شتێکی پۆزەتیڤ و ئاڵوگۆڕانە. بڵێ "شتێك هەیە کە بتانەوێ رووبی بکەمەوە؟" لەماوەی وتاردانەکەتدا، با ئامادەبووان یارمەتیدەرت بن لەوەی بەسەرهاتەکانت بگێڕیتەوە یان ئەوەی کە دەیزانن پیشانی بدەن: "کەس لێرە دەزانێ کێ کێك بە پەنیری داهێنا؟" پاشان خەڵات بخەرەڕوو، شتی شایستەی وەکو چەند دانەیەك لە کتێبەکەت، ئەو شتانەی کە پێت وایە بەلای ئامادەبووانەوە گرنگە، یان گەواهینامەی دە دۆلاری بۆ ساغکردنەوەی لە دوکانەکانی (ستاربەکس). ئاستی هۆشی ئامادەبووان بێ سنوور بەرز دەبێتەوە.

-مەتەڵێکیان بدەیە بە شیکاری بکەن. ئەگەر تۆ مەتەڵی پڕ تەحەدیی پەیوەندیدار بە بابەتەکە دەزانی، بیخەرە ڕووی ئامادەبووانت. مەتەڵی ئەوەندە بچوك بخەرە ڕوو کە بکرێ لە ٣٠-٦٠ چرکەدا شیکار بکرێن. بۆ محازەرەیەك لەسەر زانیاریی گەشتیاری، پرسیار بکە "چیت دەکەیت ئەگەر کەسێك لە گەشتەکەدا جزدانەکەت بدزێ؟" یان لە وتارێکدا لەبارەی چێشتلێنان، "چۆن دۆخی سوتانی پارچە گۆشتەکانت ئاسایی دەکەیتەوە کە بۆ شەش میوانی ئێوارەتە و دەبێت لە ٢٠ خولەکیشدا ئامادە بن؟" دیاریکراو، دراماتیك بە و ئەو پرسیارانە هەڵبژێرە کە وەڵامی راستەوخۆ و ڕوونیان هەیە و وەڵامت لەناو هۆڵەکەوە دەست دەکەوێت. داوایان لێبکە کە لەگەڵ ئەوانەی تەنیشتیان یان بە شێوەی گروپی بچوك کار بکەن.

Scanned with CamScanner

هەمیشە تا رادەیەك كاتی كەمتر لەوەی كە پێویستیانە فەراهەم بكە بۆ دروستكردنی جۆرێك لە فشاری بە سوعبەت.

هەر كۆمەڵە ئامادەبوویەك جیاوازە لەویتر، بۆیە دەشێ كارلێك مەترسدار بێت. كاتێك تۆ رێگە بە یەكێكی ناو ئامادەبووان دەدەیت قسە بكات، ئەوا تۆ گۆڕەپانەكەی بۆ چۆڵ دەكەیت و هەندێ لە دەسەڵاتەكەشتی ئەدەیتێ. لایەنە باشەكە ئەوەیە كە تەقریبەن هەمیشە دەسەڵاتەكەت پێ دەسپێرێتەوە. هەندێ جار، تەنانەت تەنانەت دەسەڵاتێكی زیاترت لە شێوەی هۆش و وزە پۆزەتیڤەكەیدا پێ ئەدات. تەنانەت ئەگەر كەسیش وەڵامی ئەو پرسیارانە نەداتەوە كە دەیكەیت، خەڵكێكی زیاتر گوێ بۆ كپیەكەی ناو هۆڵەكە هەڵدەخەن بە بەراورد بەو كاتەی كە تۆ هێشتا قسەت دەكرد و هۆڵەكە كپ نەببوو. تۆ، بە چاوپۆشیكردن لەوەی كە بۆچی، هۆشی ئامادەبووانت بەدەستهێناوەتەوە.

دادوەر، بڕیاردەر و جەلاد

ئەگەر تۆ داوا لە خەڵكی بكەیت كە مۆبایل بەكارنەهێنن و كەسێك لە ریزی پێشەوە وەڵامی مۆبایلەكەی بداتەوە، دەبێ چی بكەیت؟ ئەمە دەكەوێتە سەر تۆ كە یاساكانی هۆڵەكە بەكاربهێنیت، چونكە مایكەكە لەدەستی تۆدایە. یان ئەو كەسەی كە پرسیارێك دەكات و سێ خولەكی تەواوی پێدەچێت؟ چەندە رێگەی پێدەدەیت كە درێژدادڕی بكات؟ بیست چركە كاتێكی لە پێویست زیاتر بۆ پرسیارێك. پاش چل چركە، ئەمە مەنەلۆگێكە و هەركەسێك لەناو ئامادەبووان رقی لێیدەبێتەوە. تۆ رێگە دەدەیت كە هەموو وزەكە لەناو هۆڵەكە هەڵبمژرێت. ئەوان دەزانن كە ناتوانن هیچ بكەن، بەڵام دەزانن كە تۆ دەتوانی.

هەرگیز لە سەپاندنی ئەو یاسایانە مەترسە كە دەزانیت هۆڵەكە دەیەوێ بیانسەپێنیت. كاتێك گومانت هەیە، داوا لە هۆڵەكە بكە دەستەكانیان پیشان بدەن:

Scanned with CamScanner

"ئایا لەسەر ئەم بابەتە بەردەوام بین یان بچینە سەر بابەتێکی تر؟" ئەگەر دەنگ بە چوون بدەن، دەبێ هەروا بکەیت. کاتێك تۆ یاسایەکی پشتگیریکراو دەسەپێنیت، ئەوا تۆ هەر کەسێکی تر کە پشتگیری لەم یاسایەك دەکات، دەهێنیتەوە ناوەوە. تۆ دەسەلاتەکەت بەدەست دەهێنیتەوە و ڕێزی ئامادەبووان بەدەست دەهێنیت. بۆیە، ڕاڕا مەبە لە دەمکوتکردنی لوتبەرزێك، کابرا لەسەر تەلەفۆنەکەی بێدەنگ بکە و قسە بەو پێڕە ببڕە کە وتوێژێکی تایبەت بەلام هۆش پەرتکەریان هەیە. تا ئەو شوێنەی کە بەڕێز و ڕاشکاویت، ئەوا دەبیتە پاڵەوان.

هەمیشە زوو کۆتایی پێبێنە

خەڵکی دەیانەوێ زوو بڕۆن، بەلام کاتێك هەمان خەڵك مایکرۆفۆنەکە بەدەست دێنن، درەنگ تەواو دەبن. وەکو ئەوان مەبە. هەمیشە پلان دابنێ و پرۆژەی ئەوە بکە کە زوو تەواو بیت. ئەگەر پەنجەرەی ئەو دەرفەتە بکرێتەوە کە چەند خولەکێك پێش کاتی دیاریکراو تەواوی بکەیت- ئیمتیازی ئەوە بە ئامادەبووان بدەیت لە قەرەباڵغی دەرچن، بگەنە کۆبوونەوەی دواتریان یان خواردنە سەفەرییەکانیان لەناو هۆڵی کۆنفرانسەکەدا بخۆن- ئەمە بکە. کەس نایەوێ لەکاتی خۆی تێیپەڕێنیت. ئەگەر خەڵکی بە ڕاستی خۆشیان بوێیت، ئەوا زۆرجار لە شوێنی خۆیان دەمێننەوە تا زیاتر ببیستن لەو شتەی کە دەبێ بیڵێیت. بهێڵە ئەوانیتر ڕابکەن. ئیمەیڵەکەت بە ئامادەبووان بدە و جەخت بکەرەوە لەوەی کە بە خۆشحاڵیەوە بە ئیمەیڵ وەلامی پرسیارەکانی تر ئەدەیتەوە. ئەوەندەی کە حەز دەکەیت لە کاتەکەت بەخشندە بە، بەلام دڵنیا بەرەوە لەوەی کە خەڵکی لە ئیرادەی خۆیانەوەیە و ناچار ناکرێن زیاتر گوێت لێ بگرن. ئازادکەرێکی هۆش بە د ئازادیان بکە. بۆ نموونە: ئەوە ئەم بەشە تەواو بوو.

Scanned with CamScanner

بەشی حەوتەم

وانەکانی پانزە خولەك لە ناوبانگم

مانگی مایسی ساڵی ٢٠٠٨ە و من لە ستۆدیۆکانی (سی ئێن بی سی)یم و پێڵاوی رەش، پانتۆڵی رەش و چاکەتێکی رەشم لەبەردایە و سەرنجم داوەتە کامێرایەك کە روناکیی سپیی درەوشاوە دەورەی داوە. سەیرکردنی دیوارێك لە روناکی وەکو بەهەشت دیارە، تا ئەو کاتەی کە بۆت دەردەکەوێ ناتوانی هیچ ببینیت، چاوەکانت ئازاریان هەیە و کەش و هەواکەی گەرمە. بە تێپەڕبوونی هەر چرکەیەك، کەمتر روون دەبێتەوە ئاخۆ ئامانجەکە بریتییە لە وێنەگرتنی من یان بینینی ئەمەی کە چەندی پێدەچێت تا من وەکو جادووگەرەکەی (زە ویزەد ئەڤ ئۆز) دەتوێمەوە. لەوانەشە هەردووکیان بێت. لەسەر ئەرزەکە شریتێکی داپۆشەر هەیە ئەو شوێنە نیشانەدەکات کە پێویستە پێیەکانم لەسەری جێگیر ببن لەکاتێکدا کە تیمە دە کەسییەکەی وێنەگرتن بە کەرەستە جیاجیاکان، کامێراکان، فلتەرەکانی روناکی و مایکرۆفۆنەکان دەورەم دەدەن بۆزامنکردنی ئەمەی کە من زۆر باش دیارم لەکاتێکدا لەسەر تەلەڤزیۆنی نیشتمانی ئابرووی خۆم دەبەم. وێڕای ئەوەی کە قورسە بۆ ماوەیەکی زۆر بە جێگیری بمێنیتەوە، تەحەدیە راستەقینەکە ئەوەیە کە چاوەڕێی ئەوەم لێدەکرێت خراپترین جۆری هیچ شتێك ئەنجام بدەم- ئەو جۆرە هیچ شتەی کە تیایدا هیچ هۆش پەرتکەرێکم نیە، لەکاتێکدا کە هەر کەسێك سەرنجم دەدات، هانم دەدات و دنەم دەدات- لەکاتێکدا کە هەر چاوەڕوانم تا

Scanned with CamScanner

ئامادە بین بۆئەوەی دێڕەکانم بڵێم. بۆئەوەی نەهێڵم مێشکم بەهۆی دەستەوستانیی زۆری بەتەڵەوەبوونی بەردەوام لە دۆخی (خێراکە و چاوەڕێبە) بتەقێتەوە، سەرنجم ئەخەمەسەر ئەو درامایەی کە هەر چەند خولەك جارێك لە پشت تیمەکەوە لێدەدرێت، ئەو درامایەی کە تەنیا من دەتوانم بیبینم.

بەم شێوەیەیە: کارمەندانی (سی ئێن بی سی) دێنە کافێکە بۆئەوەی شتێك بخۆن بەڵام لە نێوەندی رۆیشتنەکەیاندا دەوەستن، سەریان دەسوڕمێت لە ئامادەبوونی من لە کافتریا جوانەکەیاندا، بەو هەموو پۆشاکە رەشەوە، کەوتووەتە بەر دەریایەك لە رووناکی وەکو سەرکردەیەکی فەزاییە ترسناکەکان لە فیلمێکی سینەمایی زانستی-خەیاڵیدا. بە خەمباربوون لەوەی کە ژووری خواردنەکەیان کراوەتە سەکۆیەکی گەورەی دەنگ تۆمارکردن، ئەوان ماوەیەکی زۆر بەر لەوەی روو بکەنە هۆڵەکان بۆ سۆراخکردنی خواردەمەنیی تر، سەرنج دەدەنە من. بە هەمان ئەو سوکییەوە لێم دەڕوانن کە کەسێك بە گرتنی شوێنی پارککردنەکەت بزە دەیگرێت. دەمەوێ پێیان بڵێم هەڵەی من نیە. دەمەوێ پەنجە بۆ تیمەکە رابکێشم بۆ بەشینەوەی سەرزەنشتەکە، بەڵام راکردن بوونی نیە. من لە تەواوی پاش نیوەڕۆکەدا بە رووبی ئامانجی رقی ئەوانم. بە وەستان بە تەنیا لە سەر شانۆکە، تەواوی تیمەکە بە دەورمدا دەسوڕێنەوە، دەبێ وا دەربکەوێت کە وا هەست بکەم چەقی گەردوونم، چەمکێك کە- بە لەبەرچاوگرتنی زۆرێك لەو سوڕە شەرمەزارییەی بە مێشکمدا رەت دەبێ- ناکرێ لە راستیەوە دوور بێت.

من لە کەناڵی سی ئێن بی سی-م بۆ وێنەگرتنی زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی بەناوی (بزنسی نوێسازی). ئەمە ئەمە خەڵاتێکی یەکەمی میدیایە بۆ سەربەخۆیەکی وەکو من، بۆیە ئەوەندەی بکرێ هەوڵ دەدەم تێکی نەدەم. بەڵام لەم ساتانەی یەکەم رۆژی تۆمارکردن، کە وەکو کەسایەتیی ستیف جۆبز جلم پۆشیووە (لەسەر داوای

Scanned with CamScanner

سی ئێن بی سی)، بە ڕێژەی ١٠٪ هەست بە دڵەخورپە، ٢٠٪ ترسی شەرمەزاربوون و ٧٠٪ تۆقینێکی تەواو دەکەم.

هۆش پەرتکەرێکی لەوە زیاتری لێیە کە بە ساغی خۆم ڕابگرم. یەکەم، نازانم چی دەگوزەرێ، لەگەڵ ئەوەشدا چەقی بابەتەکەم، ڕێك وەکو ئەوەی هەستت چۆن بێ کاتێك لەلایەن خێزانێك لە مرۆڤخۆرەکان بۆ نانی ئێوارە بانگهێشت کرابیت. دووەم، من ئەستێرەی بەرنامەکەم، لەگەڵ ئەوەشدا کۆنترۆڵم نیە و کەمترین خەڵکم لا نیە پێم بڵێن چی بکەم. سێیەم، من سەرم بەو هەموو شتە سوڕماوە و دەمەوێ سەدان پرسیار بخەمەڕوو، بەڵام ناتوانم چونکە بەو پرۆفێشناڵە سەرقاڵانەی فیلم دەورەم دراوە کە ئۆقرەیەکی کەمیان هەیە لە بەرانبەر ئەو سۆراخکردنەی منـدا. تەنانەت ئەگەرچی من کەسێکی نەرجسی بم، تەنانەت ئەگەرچی حەز بکەم خۆم لە فیلمدا ببینمەوە (کە وەها نیم) ئەستەمە نەترسم و بیر لەوە نەکەمەوە هەڵەیەکی گەورە و هەمیشەییم ئەنجام داوە– دواجار، هەڵەکان تاهەتایە لەسەر یوتیوب دەمێننەوە. ئەگەر هەر یەکێك لە هەڵە و دەستە پاچەییەکانم لەسەر ئەنتەرنێت پۆست بکەن، لەوانەش ئەو دیمەنەی کە تیایدا زریزەی پانتۆڵەکەم کراوەتەوە، ئەوا لە هەر شتێك کە بیکەم زیاتر دەنگدانەوەی دەبێت.

Scanned with CamScanner



لایەنە باشەکە بۆ من ئەوەیە کە یەکێکم لە پێنج شارەزا بۆ زنجیرەکە و دەزانم کە دەتوانم لە هەر کاتێکدا بێت خۆم لە پشت ئەوانیترەوە حەشار بدەم. ئێمە تیمێکی تەواو پێکدەهێنین: ڤیجای ڤایتیسواران بۆ گۆڤاری (ئیکۆنۆمیست) دەنوسێت، کەیس یاماشیتا کۆمپانیای راوێژکردنی نوێسازیی تایبەت بەخۆی بەڕێوە دەبات، رانجەی گولاتی لە زانکۆی هارڤەرد وانە دەڵێتەوە و سوزی وێڵش بۆ (بزنس ویك) وتار دەنوسێت. ماریا بارتیرمۆ کەسایەتی سەرەکیی بەرنامەکەیە کە پێشکەشکاری ئەستێرەی (سی ئێن بی سی)یە (ئەگەرچی هێمنترە، تاکە ژنێکە لە مێژوودا کە گۆرانیەکی رێزلێنانی لەلایەن جۆی رامۆن بۆ نوسرابێت). لە سەروو ئەمەشەوە، هەر ئەڵقەیەکی یەك سەعاتی، پڕ کراوە لە لیستێك ئەستێرەی بەڕێوەبەرانی جێبەجێکار، سیاسییەکان، شارەزایان و سەرمایەداران، لەوانەش جاك وێڵش(ی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پێشووی جەنەراڵ ئێلکتریك)، هەوارد

Scanned with CamScanner

شولتز (بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ستاربەکس)، مارك ئیکۆ (بلیمەتی فاشن) و محەمەد یونس (وەرگری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی ٢٠٠٦). ریزە کاریگەرەکە درێژەی هەیە تا دەگاتە بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاری (زاپۆس)، (کۆداك)، (ئێڵ جی)، (زێرۆکس)، (فێدئێکس) و سیریوس رادیۆ، هەروەها چەند جێبەجێکارێکی هارلی داڤیدسن، تیمبەرلاند، پرۆکتەر ئەند گامبڵ و هیتر. بەڵام بەو هەموو هێزە گەورەی ئەم میوانە دانراوانە، شتێك سەرت دەسوڕمێنێت: ئەوانیش ئەوەندەی من بە ئامادەبوونیان لەسەر تەلەڤزیۆن دەترسان.

سەرباری دەوروبەریان، ناوبانگیان و ئەو ئاستە پوچانەی سەرکەوتن و دەرکەوتن لە میدیادا، تەقریبەن هەموویان وەکو من بەهۆی تەلەڤزیۆنەوە سەریان لێشێواوبوو. بێگومان کەس لەبارەی ئەمەوە قسەی نەکرد. ئەمە وەکو هەست کردنە بە بێزاری لە ماتەمێکدا– زۆربەیان بێزارن، بەڵام کەس نایەوێ یەکەم جار دانی پێدا بنێت. بەڵام دەستی لەرزۆکم دەبینین، پرسیارە شڵەژاوەکانیانم دەبیست و لەگەڵ ئەم خەڵکە زۆر بەناوبانگانەدا لە زۆرێك لە کپیە درێژخایەنە، سەیر و شڵەژێنەرەکاندا دادەنیشتم. زووزوو کافین و شەکرێکی زۆر دەخورا و ژووری چاوەڕوانی پڕکرابوو لە زەخیرەی جۆرە خواردەمەنییانە. بەرهەمهێنەران دەیانزانی کە زۆرێك لە خەڵکی لە ئەعسابەوە دەکوژێنەوە و لەبەردەم کامێرادا بچوك دەبنەوە، هەروەکو چۆن هەندێ لەو جێبەجێکارانە وایان لێهات. کەواتە، بەرهەمهێنەران لەگەڵ شەڕە مشتەکۆڵەی پف دراو بە شەکر و کافینن لەگەڵ پێشکەشکەرێکی بەرنامەدا نەك ئەمەی هێورکەرەوەی قسەی ژێرلێو و شانهەڵتەکاندنی لەسەرخۆ بەکاربێنن.

بۆ هێورکردنەوەی ترسەکانیان، زۆرێك لە جێبەجێکارانی بەرجستە لەگەڵ ستاف، شارەزایانی میدیا یان بەرپرسانی پەیوەندییە گشتییەکانیان سەفەر دەکەن. ئەم خەڵکانە لە سەر شانۆکە بە دەوری بەکارهێنەری خزمەتگوزارییەکانیاندا دێن و دەچن، نێوانگیریی مشتومڕەکان دەکەن، بڕیار

Scanned with CamScanner

پەسەند دەکەن و ئامۆژگاریی تایبەتیان بەگوێدا دەچرپێنن. پێناچێ یارمەتیدەر بێت، لە راستیدا ئەو خەڵکانەی کە ستاف پەیوەندییە گشتییەکان لەگەڵ خۆیاندا دێنن ئەوانەن کە لەوانەیە شتی زیاتریان هەبێ لەبارەیەوە نیگەران بن. هێرب کێڵەهەر (دامەزرێنەری هێڵە ئاسمانییەکانی ساوزوێست) و جاك وێڵش تەنیا و تەنیا بوون و خۆش مەشرەبترین و سوعبەتچیترین کەسانێك بوون کە لەوێ قسەم لەگەڵ کردن.

بکوژی راستەقینە لەناو هەموو ئەو شتانەدا، ئەو شتەی کە نە پەیوەندییە گشتییەکان و نە ئامۆژگاریکەرێك ناتوانێ قەرەبووی بکات، چاوەڕوانییە. زۆرێك لە خەڵکی دەتوانن ئیش لەسەر ئەقڵیەتێکی دروست بکەن بۆئەوەی لەسەر تەلەڤزیۆن باش دەربکەون، بەڵام ئەوەندە پەلەکردن بۆ چاوەڕوانی لەئارادایە کە تەوقیتکردنی ئەقڵیەتەکە لەگەڵ دەرفەتی بەکارهێنانی، قورسە. تۆ ئامادە دەبیت، لە رووی دەروونییەوە ساز دەبیت و پاشان ئوە ئۆە، هۆکارێکی تر پەیدا دەبێ بۆ دە خولەکی چاوەڕوانکردن. مایەی شۆکە بۆ بەڕێوەبەرە جێبەجێکارەکان و شارەزایان کە بۆیان دەربکەوێت کاتەکەیان ئەوەندەی بۆ کۆمپانیاکانیان گرنگە بەلای کەناڵی راگەیاندنەکەوە گرنگ نیە. ناچار دەکرێن زوو بگەن، چاوەڕێ بن و زیاتریش چاوەڕێ بن بەو شێوەیەی کە پێویستە بۆ دروستکردنی بەرنامەکە.

ئەوەی کە خەڵکێکی کەم لێی تێدەگەن، ئەوەیە کە جیهانی تەلەڤزیۆنیش شوێنی خۆی هەیە لە رەوگەی (بۆشایی-کات)دا- هەر چرکەیەك بەلایانەوە لە جیهانی سەرقاڵی دەوروبەر گرنگترە. وێڕای هێزی ئەنتەرنێت، ئەوە تەلەڤزیۆنە کە هێشتا زیاترین پارەی لەبەردەمدایە بۆ هەر چرکەیەکی کاڵایەك. بۆ نموونە: لەسەر بنەمای کتێبە پڕفرۆشەکەم (ئەفسانەکانی نوێسازی)، کەناڵی سی ئێن بی سی بە سەرانسەری وڵاتدا بە سواری فڕۆکە سەفەری پێکردم بۆ چاوپێکەوتنێك بۆئەوەی لەسەر بەرنامەکەی وەکو شارەزایەك دەربکەوم. چاوپێکەوتنەکە ٣٣ خولەکی

Scanned with CamScanner

ڕێکی خایاند. بۆیە بۆ کاتی ١٠ سەعات گەشتی ئاسمانی بۆئەوەی بگەمە شاری نیویۆرك، من کەمتر لە سەعاتێکم بەسەر برد بە چاوپێکەوتن بۆ دەرکەوتن لەسەر بەرنامە تەلەڤزیۆنیەکە. ئەوان پارەی تێچوون و هۆتێلەکەیان دام، هەروەکو بەدرێژایی وێنەگرتنەکەش ئەمەیان کرد، بەڵام هەمیشە روون بوو: من ئیشم بۆیان دەکرد، نەك بە پێچەوانەوە. بەلای میوانە ئەستێرە راستەقینەکانی بەرنامەکەوە، چ ئەوانەی تیمیان لەگەڵدا بوو و چ ئەوانەش کە بە تەنیا بوون، لەوانەیە ڕێکخستنەوەی کاتی گەشتە پڕئیشەکانیان، سەفەر بە سەرانسەری وڵاتدا، گەشتی درێژی ئۆتۆمبێل بۆ گەیشتن بە سی ئێن بی سی و چاوەڕوانبوون بۆ چەند سەعاتێك پێش گەیشتن بە ستۆدیۆ تەنیا بۆ وێنەگرتنی چوار خولەك و سی چرکە (کە لەوانەیە نیوەی بە دواییەن دەستکاری پەخشەکە ڕۆیشتبێ) سەرگەردانکەر بووبێت. لەوانەیە بێ وێنەترین ئەزموونیان بووبێت لە تەواوی ئەو ساڵەدا. ئەوان هەمان نیگای ناباوەڕییان هەبوو کاتێك، لەسەر شانۆکە، پێیان وترا "ئەمە کۆتاییەکەیە، کارێکی باش بوو!" ڕێك لەو کاتەدا کە هەستیان کرد خەریکە گەرم دادێن. ئەوان پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە بە درێژایی ژیانیان هەمان هێزی ئەستێرەییان هەبێت لە تەواوی پاشماوەی ژیانیاندا، بیریان چووەوە کە درك بەوە بکەن لە جیهانی تەلەڤزیۆندا، ئەوان تەنیا بورغویەکی ترن لە مەکینەکەدا.

دەربارەی بەرهەمهێنانی بەرنامەکە، ئەو دیوارەی روونناکییەکان کە لەبەردەمیدا وەستاوم، لە وێنەکەشمدا دیارە، بۆ تۆمارکردنی ئەو شتەیە کە پێی دەوترێت (بی ڕۆڵ). کاتێك پرسیار دەکەم بی ڕۆڵ چیە، پێم دەوترێت هەموو شتێکە کە (ئەی ڕۆڵ) نیە. پرسیارێکی قاز ئاسا وەڵامێکی ڕۆح زلانەت بۆ دەستەبەر دەکات: تەنز و زاراوە لە جیهانی پڕ شڵەژانی تەلەڤزیۆندا بالادەستن. خەڵکی تەلەڤزیۆن زیرەك و پۆزەتیڤ دیارن، بەڵام هەڵچوو و بێ ئۆقرەشن. بەلای ئەوانەوە هیچ شتێك ئەوەندە خێرا روونادات. دواتر من بۆم دەردەکەوێ کە (ئەی ڕۆڵ) دیمەنە سەرەکییەکەی

Scanned with CamScanner

بەرنامەکەیە، لەکاتێکدا کە (بی رۆڵ) پێشەکییەکان، ئامادەکارەکان و شتی تری لاوەکین. کاتێك تۆ تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەیت، بی رۆڵ ئەوەیە کە لە کاتی ناوهێنانی بەرنامەسازەکان یان لەنێوان ریکلامەکاندا دەردەکەوێت، ئەو دیمەنە بچوکانەی کە هەرگیز بیریان لێناکەیتەوە. ئاسانە ئەوە لەبیر بکەیت کە کەسێك هەر تاکە چرکەیەکی تەلەڤزیۆن بەرهەم دێنێت. کاتێك تۆ دکتۆر هاوس (بەناوی بەرنامەکەیەوە) لەسەر تەلەڤزیۆن دەبینیت، تەنانەت ئەگەرچی بۆ ریکلامی بازرگانیی پرۆگرامەکەش بێت، ئەمە بەو مانایەیە کە تیمەکە چەندەها سەعاتی بە جێگیرکردنی روونا کییەکانەوە بەسەر بردووە. ئەگەر تۆ گوێت لێبێت قسە بکات، ئەمە بەو مانایەیە کە ئەندازیارانی دەنگ چەندەها سەعاتیان بە جێگیرکدنی مایکرۆفۆنەکان و ئاوێتەکردنی دەنگ بەسەر بردووە. بۆ هەر نیوەچرکەیەکی میدیای پەخش بەسەرهاتێکی بەنرخی پشت پەردە هەیە، چونکە هەر هەڵبژاردنێك پارەی تێدەچێت و لەبەر هۆکاری دیاریکراو ئەنجام دەدرێت. ئەگەر بە دروستیش ئەنجامی بدەن، تۆ قەت بیری لێ ناکەیتەوە.

ئایا تۆ قەت لە بارێکی روونا کی وەکو ئەوە بەرنامەی (چیەرن) بوویت؟ یان لە نەخۆشخانەیەکی خۆشی وەکو ئەوەی ناو بەرنامەی (سکرەبن)؟ دەزانین کە تەلەڤزیۆن واقیعی نییە، بەڵام ئەگەر بە دروستی جێبەجێ بکرێت، نەبوونیی بەردەوامی واقیع، جیهانی ئیغرای تایبەت بەخۆی دروست دەکات. ئەوان ئەمە بە (هەڵپەساردن یان دواخستنی ناباوەڕی) ناو دەبەن. تەنانەت بۆ ئەو بەرنامانەش کە دراما نین، وەکو (بزنسی نوێسازی) یان (بەرنامەی رۆژانە لەگەڵ جۆن ستیوارت)، ئەوەی کە دەیبینیت هەرگیز بە واقیعی لەکاتی وێنەگرتندا رووی نەداوە. چاککردن هەیە. ئاوێتەکردنی دەنگ هەیە. چاوەکانی کامێرا چۆنێتی دەرکەوتنی خەڵکی دەگۆڕن. سەدان هەڵبژاردنی خوازراو بۆ هۆکاری دیاریکراو هەن، کە روونی دەکەنەوە بۆچی بی رۆڵ لە کافتریا وێنەی گیراوە نەك لە ستودیۆ. ئەوان دەیانەوێ

Scanned with CamScanner

زۆر جیاواز دیاربێ لـه ئـەی رۆڵ و بـه تێـچووی ٢٠٠,٠٠٠ دۆلار روونـاکی، کەرەسـته، شته هەڵواسراوەکان و رواڵەته دروستکراوەکان، کافتریا لەبری ئەمە وەکو ژوورێکی کۆنفرانس لەسەر دەفرێکی فڕیوی بوونەوەرە فەزاییەکان دەردەکەوێت. تۆ هـەرگیز نەتدەزانی لە کوێ وێنەمان گرتووە گەر پێم نەوتیتایە، تەنانەت ئەگەرچی لە (سی ئێن بی سی)یش ئیشت بکردایە. بینەران هەرگیز نازانن هەستێکی چەندە پوچی پێ بەخشیووم تا ئەوەی کە هەر دێڕێکـی قـسەکانم بـه دروسـتی دەربـبڕم یـان تـەواوی شتەکە لەماوەی وێنەگرتندا چەندە بێ مانا بوو. تەنانەت خۆشـم بـه تەماشـاکردنی بی رۆڵ، سەخت بوو ئەوەی کە ئەزموونم کرد رایەڵ بکەمەوە بەوەی کە بە واقیعـی لەسەر تەلەڤزیۆن پیشاندرا.

ئێمە هەموو کاتێك نمایش دەکەین

وانەی گەورە لەبارەی لەسـەر تەلـەڤزیۆن بـوون ئاسـانە: ئێمـە هەمیشـە نمـایش دەکەین. هەرکاتێك کە دەمت دەکەیتەوە و چاوەڕێ دەکەیت کەسێك گوێ بگرێـت، ئەوا بەشێوازێکی جیاواز لەوەی کە بەتەنیا بوویت رەفتار دەکـەیت. داننـان بەمـەدا ناتکاتە کەسێکی ساختە– بـەڵکو دەتکاتـە کەسـێکی راسـتگۆ. ئێمـە گیانلەبـەرانی کۆمەڵایەتین و بە شێوەی جیاواز رەفتار دەکەین بۆ خۆگونجاندن لەگـەڵ بارودۆخـە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکاندا. ئەمەش نموونەیەك. بیر لـە چـیرۆکێکی گاڵتـەئامێز یـان نوکتەیەك بکەرەوە کە بەباشی لێی دەزانیت. ئێستا وێنای ئەوە بکە نوکتەکـە سـێ جاری جیاواز دەگێڕیتەوە:

–بۆ باشترین هاوڕێت

–بۆ پێنج هاوڕێ لەسەر ئێوارەخوانێکی ریستۆرانتێك

–بۆ بیست هاوکارت لە شوێنی ئیشکردن

Scanned with CamScanner

لە هەر حاڵەتێك لەو حاڵەتانەدا تۆ بۆ بەدەستهێنانی کاریگەرییەکی ئەم ئەدایە دەنوێنیت ، بەشێوەیەکی سەرەکی بۆئەوەی ئامادەبووانت بهێنیتە پێکەنین. لەوانەیە هەر بارودۆخێك لەو بارودۆخانە جیاواز بێت، بۆیە شێوازی گێڕانەوەی نوکتەکەت دەگۆڕێت. هەرکاتێك دەمیشت دەکەیتەوە بۆ قسەکردن هەمان شت راستە. تۆ هەمیشە ئامانجێکت هەیە، ئاخۆ دەربڕینی بیرۆکەیەك بێت، پرسیارکردنێك بێت یان خستنەڕووی تێبینییەك بێت. لە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجە، بەشێوەیەك لە شێوەکان، تۆ نمایش دەکەیت. ئامادەبووانیش چەندە زۆر بن، ئەوەندە پێویستە گەورەتر بیت. دەبێ دەنگەکەت بەرزتر بێ، نیشانەکانی دەستەکانت دراماتیکی بن و ریتمەکەش زۆر پۆزەتیڤ بێت. ئەمە بەتایبەت بۆ تەلەڤزیۆن راستە. لەبەرئەوەی رەنگە دەرکەوتنت لەسەر تەلەڤزیۆنێکی بچوك بێت لە ژووری دانیشتنی کەسێك یان لەسەر براوزەری کۆمپیوتەرەکەی بێت، دەبێ نواندنێکی گەورە ئەنجام بدەیت بۆئەوەی لەو دوورایییەوە خۆت باش بەرجەستە بکەیت.

بە ئەنجامدانی زۆربەی شێوەکانی وتاردانی گشتی، بۆم دەرکەوتووە کە تەلەڤزیۆن، چاوپێکەوتنە رادیۆییەکان، ڤیدیۆییەکانی یو تیوب، شانۆی قوتابخانەی ئامادەیی، ئێم پی سرییەکان و مەنەلۆگەکان تەنیا جۆری جیاجیای نواندنن. هەندێکیان لەوانەی تر بەهێزترن، وەکو دەرکەوتن لە تەلەڤزیۆنی نیشتمانییەوە، یان پرۆڤە و راهێنانی زیاتریان پێویستە، وەکو نواندن لە شانۆگەریدا، بەڵام رێسا بنچینەییەکان هەریەکەن. زۆربەی خەڵکی دەڵێن لەوە دەترسن لەبەردەم خەڵکدا رەفتار بکەن، بەڵام ئەمە قسەی پوچە. ئەگەر تۆ لە دوورگەیەکی تایبەتدا بە تەنیا نەژیت و پێداویستییەکانت بە پۆستە بۆ نەنێردرێن، هەر کاتێك کە دەمت دەکەیتەوە، ئامادەبووانێك لەبەردەمتدان. ئەگەر بتوانیت بۆ ماوەی سەعاتێك بە تەلەڤزن قسە لەگەڵ دایکت بکەیت یان شەڕێکی درێژایی شەو لەگەڵ هاوسەرەکەت

Scanned with CamScanner

بکەیت، ئەوا دەزانیت کە زۆربەی ئەو شتەت لایە کە پێویستە بۆ پەیوەندیکردن. هەنوکەش دەزانیت کە چۆن نمایش بکەیت. دەزانیت چۆن تورەیی، ترس، سۆز، خۆشی و سەرلێشێوان دەربڕیت. ئەمە تەنیا پرسی ئەنجامدانیەتی لەو ئاستە دروستەدا کە گونجاوە بۆ ئەو ژینگەیەی تیایدایت.

ئۆپرا، کۆنان ئۆبریەن و کاتی کۆریك دەزانن چۆن قسە بۆ کامێرا بکەن وەك بڵێی قسە لەگەڵ هاوڕێیەکدا دەکەن. ئەمە توانای ئەوانە بۆئەوەی جیهانی نامۆ و سەیری پەخش وەکو شتێکی ئاسایی – تەنانەت ئاسودەبەخش– دەربکەوێت کە روونی دەکاتەوە بۆچی بینەران حەز بە تەماشاکردنیان دەکەن. هاوەرد ستێرن وا قسە لەگەڵ ئامادەبووانیدا دەکات وەك بڵێی خەریکی خواردنەوەی بیرە بووە لەگەڵ هاوڕێکانیدا، بۆیە خەڵکی خۆشیان دەوێ یان رقیان لێیەتی. سەرکەوتن زۆرجار لەوە سەرچاوە دەگرێت توانای ئەوەت هەبێ ئەو نێوەندەی کە تیایدایت وەکو شتێکی سادەتر و زۆرجار کەمتر رەسمی بەرجەستە بکەیت. ئەمە هونەری کردنی ناسروشتییە بە سروشتی.

خەڵکێکی کەم تەلەڤزیۆن یان رادیۆ بە وتاردانی گشتی دەبینن کە شتێکی نامۆیە کاتێك ژمارەکان دەژمێریت. بە پێناسە، پەخشکردنت بەو مانایەیە کە تۆ لەلایەن خەڵکێکی زۆر زیاترەوە لە دۆخی ئاساییت، دەبینرێیت. کاتێك بۆ یەکەم جار لە تەلەڤزیۆنەوە دەرکەوتم ساڵی ١٩٩٧ بوو لە بەرنامەیەکی بچوکی (سی نێت تیڤی). دەرکەوتنم کۆی ١٨٠ چرکەی خایاند. تەواو ناخۆش، شەرمەزارکەر و ئیفلیجکەر بوو. من مەشقم نەبینیبوو و تەنیا بەشێوەیەکی سنووردار لە میدیاوە دەرکەوتبووم. ئەو ئەزموونە هەرچیەك بووبێت، هەستێکی وەکو وتاردانی نەبەخشی، چونکە بەشی زۆری کاتەکە لەبەر لێوەوە قسەم کرد و هەوڵم دەدات دەستەکانم لە لەرزین بخەم. بیرمە کە هەستێکی چەندە سەیرم هەبوو کە مەکیاژ بکەم (هەر کەسێك لەسەر تەلەڤزیۆن مەکیاژ دەکات) و چەند نامۆ بوو کە شەش

Scanned with CamScanner

حەوت سەرچاوەی رووناکی رێك ئاراستەی دەموچاوم کرا. بیرمە کە بیرم لە چی دەکردەوە: چۆن چاوەڕێم لێ دەکەن شتێك ببینم، بگرە شتێکیش بڵێم؟

چوونەسەر تەلەڤزیۆن یان رادیۆ، کە ملیۆنان کەس دەپرژێنەسەر بینین و/یان بیستنی تۆ، پێویستی بە ستودیۆیەکە کە بەتاڵ بێت لە ئامادەبووان. لەبری قەرەباڵغییەك لە خەڵك، بازنەیەك لە رووناکی و بەرهەمهێنەر هەن. لەبری روخساری بایەخدەر و هاوڕێیانە، کامێرای سارد و مردوو و مایکرۆفۆنی درەوشاوەی گەورە هەن. کاتێك تۆ هەواڵی شەوانە تەماشا دەکەیت، برایان ویلیامز یان کاتی کۆریك لە پشت مێزێکی جوانەوە لەسەر سەکۆیەکی دیمەن بەکێشکەر دەبینیت کە باکگراوندێکی پۆشتەی هەیە. ئەمە هەمووی رێك و پێك، راقی، نوێ و بە وریاییەوە پێکەوە دانراوە. بەڵام هیچ شتێك لەسەر کامێراکە دیار نییە، کە بەشی زۆری ئەو ژوورەیە کە کاتی و برایەن تیایدا دادەنیشن، لەوانەشە وەکو ژووری مەکینەی کەشتییەکی جەنگیی دەریایی دیار بێت.

دیواری رەشی بەرز، وایەری دەرکەوتوو، ئەلکترۆنیات و کەرەستە لەهەموو شوێنێك هەن. ئەو هێڵکاری و گرافیکە راقیەی تۆ لەودیو شانیانەوە دەیبینیت یان ئەو شریتی هەواڵەی لەمبەر بۆ ئەوبەری تەلەڤزیۆنەکەت دەیبینیت لە هیچ شوێنێکی ستودیۆکە بونیان نیە. لە شوێنەکەیان بۆشاییەکی بەتاڵ هەیە کە بۆ ئەو ئیزافاتە دیجیتاڵیە تەرخان کراون. لەسەر تەختەی ستودیۆکە لەبەردەم کاتی، یان لە حاڵەتی مندا، ماریا بارتیرۆمۆ، ئەندازیاران بە هێدسێتەکانیانەوە دێن و دەچن و بە چرپە ئەدوێن. شوێن هەن کە ئاگادار دەکرێیتەوە پیایاندا نەڕۆیت و کاتی درێژیش هەن کە ناتوانیت تاکە دەنگێکیش دەربکەیت. پەنجەرە بوونی نیە. رووەکی لێ نیە. شتێکی ئاسودەبەخش و نەرم و نیانی لێ نیە. بە کورتی، ستودیۆی تەلەڤزیۆن مەکینەیەکی گرانبەهایە بۆ بەرهەمهێنانی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی. هەر شتێك لە خزمەتی ئامادەبووانی ئەفسانەیی ئیش دەکات، بەڵام ئەو ئامادەبوونە

Scanned with CamScanner

ئامادە نین. ستودیۆ تەلەڤزیۆنییەکان ژینگەی تەواو ناخۆش و وشکن، زۆرتر وەکو ئەو پانتاییانەی ناو تاقیگە زانستییەکان وان نەك شوێنانی ئاسودبەخش، پاڵپشت و گەرم و گوڕ. تەنانەت ئەگەرچی هەموو بەرهەمێنەران و یاریدەدەرانی بەرهەمهێنان خۆش مەشرەب، زیرەك و بایەخدەریش بن، ناتوانن ریتمی نەوەستاوی پرۆسەکە کۆنترۆڵ بکەن. تەختەی شانۆکە لە (سی ئێن بی سی) بۆ بەرنامەی (بزنسی نوێسازی) تەحەدیەکی تری رواڵەتیبوونی بەشی هەرە زۆری هەبوو جگە لە شوێنی وەستان و قەنەفەکە. ئێمە لەبەردەم شاشەیەکی شیندا وێنەمان گیرا کە دواتر بەشێوەی دیجیتاڵی هەمووی پڕکرایەوە (هەردوو وێنەی پێش و پاش وێنەگرتنەکە ببینە). ئایا بەلای تۆوە ئەو قەنەفەیە ئاسودەبەخش دیارە؟



راستە کە زۆرێك لە هۆڵەکان و تەختەی شانۆکانیش خۆش نین، بەڵام بە بەراوردکردنیان لەگەڵ ستودیۆی تەلەڤزیۆندا، دەتوانم هەمیشە ببینم یان ببیستم ج باسە- کێ گوێ دەگرێت و کێ تاقەتی نەماوە. هەستەکانم لە بەرژەوەندی خۆم

Scanned with CamScanner

ئیش دەکەن. ئەگەریش ڕێك بکەوێ کە شتێکی تەواو پوچ و ناپەیوەندیدار بڵێم، بۆ نموونە بیرم بچێتەوە لە کوێم و بڵێم چەند خۆشە ئێستا لە بۆستن بیت لەکاتێکدا کە من لە واقیعدا لە شوێنێکی نیویۆرك محازەرە دەڵێمەوە، دەست بەجێ دەزانم خەڵکی لەبارەی ئەوەی کە وتم هەست بەچی دەکەن، ئەگەرچی تەنیا ئارەزووشیان بۆ کوشتنم بێت.

هەمیشە دەرفەتی ئەوەم هەیە کاردانەوەم هەبێت بۆ چۆنێتی کاردانەوەی ئامادەبووان بۆ من. بەڵام ڕێنمایی پەیوەست بە ئامادەبووان لە زۆربەی ستودیۆکانی تەلەڤزیۆندا بوونی نیە. ئەمە بەو مانایەیە کە لەوانەیە تۆ ڕێك ئەوە بڵێیت کە ئامادەبووان هیوادارن بیڵێیت، بۆ نموونە نهێنییەکانی دابەزاندنی کێش یان ئەمەی چۆن دەسبتەجێ جیهان کۆنترۆڵ بکەیت (یان ئاشتی بەرقەرار بکەیت، ئەگەر تۆ بودەڵەیەك بیت)، بەڵام تۆ کاردانەوەی هاوکات بەدەست ناهێنیت. لەبری ئەمە، ئەمە بەو مانایەیە کە دەتوانیت درۆ بکەیت، زۆر قسە بکەیت، زۆر کەم قسە

Scanned with CamScanner

بکەیت، گەمژە بیت یان زیرەك بیت و هەستێکی کەمت بۆ ئەوە هەبێ کە بە راستی چۆنیت.

ئەو وانەیەی کە من لەمەوە فێری بووم، ئەمەیە کە هەرکاتێك تۆ بە ڤیدیۆتەیپ بەشێوەی ناراستەوخۆ یان راستەوخۆ بەبێ ئامادەبووان پیشان درایت، چ ئەوەی بۆ تەلەڤزیۆن بێت یان ئەنتەرنێت، زۆر خراپترە لە ژوورێکی بەتاڵ بیت وەك لەوەی لە ژوورێکی قەرەباڵغ بیت. هەربۆیە هەندێ لە بەرنامەکان ئامادەبووانی راستەوخۆیان هەیە. ئەوان دەیانەوێ ئیمتیازی زۆری پشتگیریی و وزەی خەڵکانی واقیعی بە میوانەکانیان بدەن. بەڵام زۆربەی ستودیۆ تەلەڤزیۆنییەکان ئامادەبووانیان نیە. بۆیە، ئەگەر جارێك لە جاران بیرت کردەوە بۆچی خەڵکی لەسەر تەلەڤزیۆن ساختە، وشك، بەدمیزاج یان ناسروشتی دیارن، ئەمە بەشێکی پەیوەندی بەوەوە هەیە کە رێنماییەکی سروشتیی بۆ رەفتارەکانیان نیە. لە زۆرێك لە بەرنامە هەواڵییەکاندا، تەنیا کەسێکی تر کە ئامادەیی هەیە لە شێوەی سەرە قسەکەرەکاندایە لەسەر سەتەلایت، خەڵکانێك کە لە ژینگەی هاوشێوەی هەزاران مایڵ دووردان.

جارێکیان کە من لە شاری (سیاتڵ)ەوە لە رێگەی سەتەلایتەوە لەسەر (سەر سی ئێن بی سی) بووم، یەکەم دەرفەتم بۆ رەخسا کە سەرێکی قسەکەر بم. هەرکاتێك کە کەسێك دەبینیت لە هەواڵەکاندا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکرێت و چوارگۆشەیەکی بچوکی رواڵەتی لەسەر شاشەکە پیشان دەدرێت، لە واقیعدا ئەوان لە ناو ستودیۆیەکی بچوکی نزیك هەر شوێنێکن کە رێك بکەوێت. بۆ یارمەتیدانی بینەران تا لەمە تێبگەن، پۆستەرێکی کارتۆن بە رەسمی شوێنێکەوە کە ئەوانی لێن، لە پشتیانەوە دادەنێت بۆئەوەی بۆی بچیت کە ئەوان لەکوێن. تۆ قەت لەوە تێناگەیت کە ئەو ستودیۆیانە چۆن چۆنین، بەشێکی ئەمەش لەبەرئەوەیە کە زۆر بێ تامن (بۆ نموونە ئەو پۆستەرە هەڵواسراوە). قسکردن لەناو یەکێك لەوانەوە

Scanned with CamScanner

خراپترە لە تەحەدییەکانی ستودیۆی سەرەکی، چونکە تەنانەت ناتوانم ئەو خەڵکەش ببینم کە وا دادەنرێ قسەیان بۆ دەکەم. تۆ تەنیا لە ژوورێکی بچوکدا گیرت خواردووە کە ئەوەندەی ئاودەستی پاسەوانێك خۆشە، لەکاتێکدا کە کامێرا ئاراستەی روخسارت کراوە. ئەگەر ئەو بەرنامەیەی کە من تیایدام بۆ پەخشی راستەوخۆ چەند دۆلارێکی زیاتری پێوە نەبێ، تەنانەت ناتوانم ڤیدیۆی ئەو شتەش ببینم کە وێنەگرتنەکەی تۆمار دەکرێت. هەموو ئەو شتەی کە بەدەستی دێنم، هێدفۆنێکە کە بەرهەمهێنەرێك کە قەت نەمبینیووە و ناتوانم بیبینم زیاتر پێم دەڵێت کە چاوەڕوان بم، لەکاتێکدا کە بەبێ هەستییەوە لە رووناکییەکانەوە رادەمێنم. بۆم دەرکەوتووە کە جۆرێکی تایبەتی شڵەژان هەیە کاتێك لە ژوورێکدا بەتەنیا چاوەڕێیت بەڵام دەزانیت کە لە هەر چرکەیەکدا تۆ لە سەرانسەری وڵاتدا پەخش دەکرێیت. ئەو وێنەیەی دواتر، پیشانی دەدا چی دەبینیت کاتێك کە سەرێکی قسەکەریت.



Scanned with CamScanner

نهێنیی وتاردان بۆ کۆمەڵە ئامادەبوویەك بەبێ ئەوەی لە واقیعدا کەس لەوێ بێت، بریتییە لە لەبیرخۆبردنەوەی ستودیۆ و فەرامۆشکردنی کامێراکان. لە مێشکی خۆتدا بچۆرە شوێنێك کە تیایدا تۆ بۆ دوایین جار قسەت بۆ گروپێکی ئارەزوومەند، نەرم و نیان و زیندوو کرد و ئەو ستایلی رەفتار و تامەزرۆییە بگونجێنە. وا قسە بکە کە هەمان خەڵکی ئامادەبوو گوێ دەگرن و تۆ حاڵت باش دەبێ. پێشکەشکارە مەزنەکان یارمەتیت دەدەن تا بە بەخشینی وزە و پشتیوانی بە تۆ، تەنانەت بە کردنی سوکە پرسیارێك یان دووان، ئەمە بکەیت. هەموو ئەوانەی دەچنە سەر تەختەی شانۆ، ئەقڵیەتێکیان هەیە کە کاتێك هەموو شتێکی تر لەدەست دەردەچێت بەکاری دێنن و هەر ئەمەشە فریایان دەکەوێت. زۆر وەکو وتاردانی گشتی، لە ئەزموونی وێنەگرتنی کەناڵی سی ئێن بی سی-یەوە فێربووم کە تەنیا دەبێ لایەنە شڵەژاوەکەی مێشکم بکوژێنمەوە و بەوە پێبکەنم کە تەواوی شتەکە چەندە سەیر بووە. بەهاتنم بۆ بەرنامەکە تیکتەکەم کڕی- دەبێ ئەوەندەی بکرێ شت لە ئەزموونەکە بەدەست بێنم.

سەیری وێنەی دواتر بکە، وێنەکە چەندە سەیر دیارە، کەچی یارمەتیدەرە. شتێك هەبێ سەیری بکەیت نەك نیگای تێرمینەیتەر ئاسای کامێرا، فێڵێکی باشە بۆ یارمەتیدانت تا ئاسودە دیار بیت.

Scanned with CamScanner



بە درێژایی ئەو مانگەی کە بە چوون و هاتن لە سیاتڵەوە بۆ نیویۆرك پێمچوو بۆ تۆمارکردنی ئەڵقەکان (تێکڕای پێنج جار)، زۆربەی تەحەدییەکانی چوونە سەر تەلەڤزیۆنم کۆنترۆڵ کرد. کاتێکی خۆشم بەسەر برد. مەبەستم ئەوەیە، چۆن دەکرێ بەسەری نەبەم؟ تەواو هەستێکی وەکو (چارلی)م هەبوو لە فیلمی (چارلی و کارگەی شوکولاتە) جگە لە تیکتە ئاڵتونیەکەم کە پیشانی دام چۆن بەرنامەی تەلەڤزیۆنی، نەك نوقڵ، بەرهەم دەهێنرێت.

لە دەرەوەی پێڕەکەی خۆم خەڵکانی دانسقەم ناسی و وەکو هاوتای خۆم گفتوگۆ و مشتومڕم لەگەڵ کردن. بەڵام لەسەروو هەموو ئەمانەوە، چوونەناو بابەتەکانەوە بۆ پێنج ئەڵقە، دەرفەتێکی دەگمەنی بۆ رەخساندم کە لەگەڵ هەر ئەڵقەیەکی یەك سەعاتیدا خۆم باشتر بکەم، شتێك کە خەڵکێکی کەم ئەوەندە لەسەر تەلەڤزیۆن دەمێننەوە تا ئەنجامی بدەن. لەم رۆژانەدا، من ئاسودەم بەوەی

Scanned with CamScanner

کـه دەتـوانم لەگـەڵ شـەپۆلەکەدا بـڕۆم گـرنگیش نیـە چـی ڕووەدات- چ لەسـەر تەلەڤزیۆن یان لە دەرەوەیدا.

هـەر زوو، ئاسـۆی چوونەسـەر تەلـەڤزیۆنی نیـشتمانیم بـۆ دەرکـەوت، لـە بەرنامەیەکدا جگە لە (کەسی هـەرە داواکـراوی ئـەمریکا) یـان (جێـری سـپرینگەر) جۆرێك لە فەخر بوو، تەنانەت ئەگەر بە جۆرێك لە جۆرەکان دۆخەکەم بشێواندایە. زۆربەی خەڵکی تەنانەت دەرفەتی ئەوەشیان بۆ نارەخسێ کە هەڵەی بینراو ئەنجام بدەن. رێك پـێش هـەر تۆمـارکردنێکیش ئـەو دوایـین جـارەم لـەبیرە کـە تەماشـای تەلەڤزیۆنم کردووە: گـۆڕینی خێـرای کەناڵـەکان، تێپەڕانـدنی بەرنامـە جیاجیاکـان، خواردنەوەی چەند بیرەیەك و بەشێوەیەکی سەرەکی خەوبردنەوە. ئەوەم بیر خۆم دەهێنایەوە کە گـرنگ نیـە چـەند ملیـۆن کەسـی دەشـێ تەماشـا بکـەن، زۆربـەیان ئەوەندە بایەخ نادەن بەوەی کە چەندە گەمژە یان زیـرەك دەردەکـەوم. مـن تـەنیا یەکێکم لەو خەڵکانەی تر لەسەر تەلەڤزیۆن لەهەمان کاتدا. ئەوەی کە بەلای منەوە وەکو شەرمەزاریی کارەساتبار دیارە، لەوانەیە لەلایەن ئەوانیترەوە دەستبەجێ بیر بچێتەوە، یان لەوانەیە تەنانەت تێبینیش نەکرێت. یان ئەگەر ئەو شتەی من دەیڵێم تاقەتی خەڵکی ببات، ئـەوا کەناڵەکـە دەگـۆڕن. کەواتـە چـی؟ ژیـان هـەر دەڕوات و زۆربەی هەرە زۆری جیهان هەرگیز باکیان پێ نیە.

تێکست پیشاندەر (و دەرخکردن) خراپن

تەگەرەیەك هەبوو کە هەرگیز پێم کۆنترۆڵ نەکرا. من دوژمـنی وتـاردانی گـشتیی خۆمم ناسیووە و قسەپێبڕەکان یان هۆڵە سەختەکان نـین. بـەڵکو ئـامێری تێکـست پیشاندەرە. تا ئەو کاتەی نەچوومە بەرنامەی (بزنسی نوێسازی)، هەرگیز بە راستی تێکست پیـشاندەرم نـەبینیبوو. تـەنیا لەبارەیانـەوە بیـستبووم. بـە شـێوەیەکی ئەومژاوی لەوە حاڵی ببووم کە ئیشیان چیە. بەڵام سەرپڕایزی گەورە ئەوەیـە کـە

Scanned with CamScanner

لەگەڵ کامێراکاندا یەکخرابن. کاتێك تۆ چاو دەبڕیتە زوومی کامێراکە، کە بە مەبەستی ئەنجامدانی شتی وەکو بی رۆڵ ئاراستەت کراون، تۆ ئەو وشانە دەبینیت کە وادادەنرێ بیانڵێیت، لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەچن وەکو پێشەکییەکەی فیلمی (جەنگی ئەستێرەکان). لەم حاڵەتەدا، دێڕەکانی من رستەی بەرەوپێدانی کورت بوون بۆ بەرنامەکە. شتی پڕوپوچی وەکو "نوێسازی ئایندە وەردەچەرخێنێت" یان "بەرەوپێشچوونەکان لە هەرکاتێکی پێشوو گرنگترن". ئەو قسە لێڵە کوڵکنانەی کە ئەگەر زیاتر لە پێنج چرکە بیریان لێ بکەیتەوە بێ مانان. ئەمە ئەو جۆرە شتەیە کە بەهۆی وتنی یان نوسینی لە کتێبەکانیاندا، گاڵتە بە خەڵکی تر دەکەم. بەرهەمهێنەرانی بەرنامەکە رێگەیان پێداین تا دەستکاری و کۆپی بۆ پێشەکییە واقعییەکان بکەین، بەڵام لە رۆژی یەکەمدا کات نەبوو، بۆیە رێك ئەوەمان خوێندەوە کە ئامادە کرابوو.

بۆم دەرکەوت کە من ئەو پارچە دایەلۆگە پرۆڤەنەکراوانە دەڵێمەوە، دەمتوانی ئەو کاریگەرییانە فەراهەم بکەم کە بەرهەمهێنەران دەیانویست (ئامانجەکە بریتی بوو لە نەستەق و جوڵێنەر)، بەڵام بە زمانێك کە زۆر بێزارکەر نەبێ. کێشە نیە. من لە دەربڕینی ڕەمەکیانە باشم...یان پێم وابوو وەهام.

کاتێك لە رۆژی یەکەمدا بە پۆشاکی تەواو رەشەوە لە کافتریای سی ئێن بی سی راوەستام، چاوم بڕیە روناکییەکان و کامێراکان، فشارم هێنا بۆ رازیکردنی هەموو ئەوانەی لە دەورمن (و بۆئەوەی ئەوەندەی بکرێ زوو لەسەر تەختەی شانۆکە دابەزم) چاوم بڕیە کامێرا...و بە تەواوی قوڕم گیرا. لەبری ئەوەی کە ئەفرێنەر و رەسەن بم، لە راستیدا رێك ئەو تێکستەم وت کە لە تێکست پیشاندەرەکەدا هەبوو. بە راستی نەمدەویست ئەمە بکەم- ئەمە پڕوپوچتریش دیار بوو لەوەی کەوێنام کردبوو. بەڵام نەمتوانی بوەستم. لەماوەی ئەم ئەڵقەیەی وێنەگرتنی (بی رۆڵ)دا، دەرفەتی ئەوەم هەبوو کە پێنج دێڕی جیاواز بڵێم، دێڕێك بۆ هەر ئەڵقەیەك. و

Scanned with CamScanner

لەبەرئەوەی رێگەیان دام چەند دیمەنێکم هەبێ و تاوەکو کۆتایی ئاسودەتر بووم، هەوڵمدا شتێکی تر بڵێم کە لە تێکست پیشاندەرەکەدا نەهاتووە. خێرا لە مێشکمدا پرۆژەم کرد بۆئەوەی دەرخی بکەم. تەواوی هێزەکانی تەرکیزی خۆم بەکارهێنا و بە ساردییەوە رستە ڕەمەکییەکەم نوسی. کاتێکیش دەرهێنەرەکە هاواری کرد "ئاکشن!"، چاوم بڕیە کامێراکە و سەرم سوڕما، لەوەی کە رێك ئەو شتەم وت کە لەسەر تێکست پیشاندەرەکە هاتبوو. لەوانەیە ئەقڵیشم سست کرابێت. دەتتوانی تەواوی ناوەرۆکی (*) لەو شتەدا دابنێیت و وشە بە وشە تا کۆتایی بمخوێندایەتەوە. وێنەی دواتر من لەسەر تەختەی شانۆکە پیشان دەدات.



تێکست پیشاندەرەکان لەلایەن زۆرێك لە بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانەوە بەکاردەهێنرێن، لەوانەش پەخشی هەواڵەکان. ئەمە هۆکارێکی ترە بۆ ئەوەی کە من گومانم وابێ زۆرێك لە هەواڵ خوێنەرەوەکان، بە دەنگێکی رۆبۆت ئاسای دووری

Scanned with CamScanner

نەناسراوەوە وەکو یەك دیار بن. بە هەبوونی تێکست پیشاندەرێك لەبەردەمتدا، قورسە رەمەکی قسە بکەیت، قورسە هەڵوەستە بکەیت و لە سەروو ئەمانەشەوە، قورسە سروشتی بیت. لەوانەیە ئەگەر من نوسینەکە خۆم بینوسم یان باشتر بپرژێمە سەر ناسینی بەرهەمهێنەرەکان، هەستێکی جیاوازم لەبارەی ئەم شتانەوە هەبێ. بەڵام ئەمە ئەو بەشەی قسەکردنی واقیعی بوو لەسەر تەلەڤزیۆن کە هاتە رێگەم. هیوادارم رۆژێك لە رۆژان دەرفەتی ئەوەم بۆ بڕەخسێ کە ترابیەکی تر بدەمەوە لە کۆنترۆڵکردنی ئەو شتانە. لە ئێستادا، هەر کاتێك تەماشای تەلەڤزیۆن دەکەم و چاو دەبڕمە چاوەکانی ئەو خەڵکەی لەبەردەم کامێرا قسە دەکەن، هەموو ئەو شتەی کە دەتوانم بری لێبکەمەوە ئەو وشانەن کە تێدەپەڕن، وا دەخوێنرێنەوە وەك بڵێی هی خودی خۆیانن.

Scanned with CamScanner

بەشی هەشتەم

ئەو شتانەی خەڵکی دەیڵێن

من لە (سیدنی)ی ئوسترالیام لە ساڵی ٢٠٠٦دا و تازە شتێکم پێشکەش کرد کە پێم وایە وتارێکی گورچکبڕ بوو. ئامادەبووان بە نوکتەکانم پێکەنین و خۆشییان لە بەسەرهاتەکانم بینی و بیرۆکەکانم نیشانەکانیان پێکا. لەوە باشتر نەدەبوو و بەو خۆشییە سەرخۆش بووم. لە سەکۆیەکە باز دەدەمە خوارەوە و (کۆری) کە یەکێك لە رێکخەران، بە تامەزرۆییەوە پێم دەڵێت "تۆ نایاب، تەواو بێ وێنە بوویت!" شانم هەڵتەکاند وەك بڵێی من لەوە خاکیترم کە پیاهەڵدان قبوڵ بکەم. بە نغرۆبوون لەناو شەپۆلی گەرمی خۆبینیمدا، بە خۆشحاڵیەوە لەگەڵ کۆری وەستام و کەوتمە تەماشاکردنی وتاربێژی دواتر. دەردەکەوێ کە خراپە. تەمومژاوی و لێڵە، بیرۆکەکانی شێواون و پێدەچێ ئامادەبووان ئامادەی رۆیشتن بن. هاوخەمی خۆم بۆ کۆری دەردەبڕم– دەزانم چەندە نامۆیە قسە لەگەڵ وتاربێژدا بکەیت کاتێك شکست دێنێت. کاتێك وتاربێژەکە تەواو دەبێت و لەسەر سەکۆیەکە دێتە خوارەوە، لەلایەن کۆرییەوە رێك وەکو من سڵاوی لێدەکرێت. ناتوانم سەیر بکەم، بەڵام دەمەوێ ئەمە بکەم: ئەمە وەکو رووداوێکی پێکدادانی ئۆتۆمبێلە بە شێوەی کارەبایی. پاشان گوێم لە کۆرییە دەڵێت "تۆ نایاب، تەواو بێ وێنە بوویت!" رێك ئەو ستایشەی کە بە منی وت. بە لەبەرچاوگرتنی یاساکانی سروشت لەم

Scanned with CamScanner

گەردوونەدا، ئەستەمە هەردووکمان هەمان خاڵمان تۆمار کردبێت. لەوانەیە من شایەنی ئێف (دەرنەچوون) و ئەویش شایەنی ئەی (یەکەم) بووبێت، بەڵام هیچ مێشکێکی سەلامەت ناتوانێ بە یەکسان خاڵمان بۆ دابنێ. لەو چرکەساتەدا، بۆم دەرکەوت کە ئەو شتانەی خەڵکی دەیڵێن زۆرجار مانایەك دەگەیەنێ کە پێچەوانەی ئەو مانایەیە کە تۆ پێت وایە هەیەتی. لەم حاڵەتەدا "تەواو بێ وێنە" بەو مانایە نەبوو کە من لە بنەڕەتدا بێ وێنەم. ئەمە تەنیا هاندانێکی پاش محازەرە بوو کە کۆری پێشکەشی هەر وتاربێژێکی دەکرد، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەدائەکەی. ئەگەر داتایەکم داوا بکردایە بۆئەوەی بزانم چۆن بووم، دەبووایە لە شوێنێکی تر بۆی بگەڕێم.

چۆن دەزانی کە چەندە باشی لەوەی کە دەیکەیت؟ رەنگە لە بەڕێوەبەرەکەتەوە، یان رەنگە لە هاوکارەکانتەوە. بەڵام من بەڕێوەبەرم نیە– هیچ کەسێکی سەر تەختەی شانۆ نیەتی. ئاسانترە کە بزانیت چەندە باویت، بەڵام ئەمە بە هەمان واتای باشبوون نایەت. و لەبەرئەوەی خەڵکی شێوازی تایبەت بەخۆیان هەیە بۆ پەسەندکردن، ئەوەی کە بۆ کەسێك باشە بۆ یەکێکی تر باش نیە. لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە، خەڵکی لە دەربڕینی رەئیدا خراپن. ئێمە زۆرجار سەرنج دەخەینەسەر رووکەش ("ئەو قەمیسەت بینی؟") یان رەئیەکانمان لە ژێر کاریگەریی هەستی ئەوانیتردایە. جاروبار، کەسێك سکاڵای ئەوە دەکات کە من چەند جارێك زمانی شڕ بەکاردێنم، ئەگەرچی پەیوەندیدارە و لە رۆحی شتەکاندایە. هەروەها رەئیدان شتێکی خودییە، بەو مانایەی کە رستەی "تۆ بێ هاوتا بوویت"ی کەسێك یەکسانە بە "خراپ نەبوو"ی کەسێکی تر. من بەڕێوەبەرێکم هەبوو کە، کاتێك دیزاینی بۆ شتێك پیشان دەدرا، دەیگوت "باشە، خراپ نیە". بەلای ئەوەوە، ئەمە ستایشێکی بەرز بوو.

Scanned with CamScanner

ئەگەر پلانەکانم بۆ (ئای فۆن)ی ٢٠٠٩ لە ساڵی ١٩٩٥دا پیشان بدایە، لەوانەبوو بڵێت "خراپ نیە". ئەو بە بەراورد بە شتێکی نموونەیی وەها حوکمی ئەدا ئەوەندە مەزن بوو کە کەس نەیدەتوانی لێشی نزیك بکەوێتە چ جای ئەوەی پێیبگات. لەبەرئەوەی من چەند ساڵێك ئیشم لەگەڵیدا کرد، فێربووم پێوانەی ئەوە بکەم کە دەیگوت، مانای راستەقینە لە قسە رەقەکانی دەربهێنم (دڵنیام ئێوەش هەمان شت بەرانبەر ئەو کەسانە دەکەن کە دەیانناسن). بەڵام وەکو وتاربێژێك، پێوانەکردن قورسە. رەئی لەلایەن ئامادەبووانەوە رێککەوتنێکی یەکجارەیە- یان دەتوانی لێی تێبگەیت یان ناتوانیت.

جارێکیان پاش ئەوەی محازەرەیەکم لە پەیمانگەی ماساشوسێتس بۆ تەکنۆلۆژیا پێشکەش کرد، لەکاتێکدا کە لە ناوەڕاستی بازنەیەك لە خەڵکی ئارەزوومەند وەستابووم بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان، خوێندکارێك دەستی هێنایە پێشەوە. لاپتۆپەکەی بە توندی خستە بەردەمم، بە دەستەکەی تری پەنجەی خستە سەر هەموو ئەو شتانەی کە پێی وابوو من تیایاندا هەڵەم کردووە. ئاشکرایە، دڵی خۆش بوو بەوەی رەئی خۆی دەخستەڕوو، پێدەکەنی، تەواو لە ئامادەباشیدا و پڕ جۆش بوو. ئایا باش بوو کە محازەرەکەم بایەخدانێکی وەهای جوڵاند، یان خراپ بوو کە ئەوەندەی شت دۆزیبووەوە پێی وابوو کەموکورتی ئەوەی وتوومە پیشان دەدات؟ وەڵامی کورت: من پێم وایە تەنیا هۆش پێدانێکی کەم بەو واتایەیە کە شتێکی بەهادارت ئەنجام داوە. بەڵام هەڵبڕینی بەهاکە کارێکی ئاسان نیە.

نوسینی کتێب، محازەرەدان، یان کردنی هەر شتێکی بایەخدار دەتخاتە پێگەیەك کە زووزوو گوێبیستی رەئیە ناکۆکەکان بیت. یەکێك دەڵێت بەرز قسە بکە، ئەویتر دەڵێت نزمتر. تەنانەت هەندێ جار رەئیەکە پەیوەندی بە ئیشەکەتەوە هەر نیە- تۆ تەنیا ئامانجێکی ئاسانیت بۆ هەر ژەهرێك کە لە کەڵەکەبووندا بووە لە ژیانیاندا. تۆ تەنیا یەکەم شتیت کە خەڵکی لە پێگەیەکدا بینیویتیانەوە بۆ حوکم لەسەردان

Scanned with CamScanner

پـاش رۆژانێـك لـە کەوتنەبـەر حوکمـدانی رەق و زبـری ئـەوانیتر. ئـەوان دەیانـەوێ ناخیان هەڵڕێژن و هەموو بەسەر تۆ بڕێژن، بەتایبـەت ئەگەرچـی تـەنیا لـە شێوەی رەئیەکیشدا بێت کە دەشێ تیایدا نەناسراو بن.

بەڵام زۆربەی جار، خەڵکی پەیامی تێکەڵاو ئاراستە دەکەن. خەڵك هەبووە پێیان وتووم ئەو ڤرکشۆپەی وتوومەوە بێ وێنـە بـووە و پاشـان پرسـیارێکی کـردووە کـە هەنوکە حەوت جار وەڵامم داوەتەوە. محـازەرە هـەبووە لـە بێدەنگییـەکی تـەواودا کۆتاییم پێهێناوە، کەچی لە راپرسیەکەدا بەرزترین خـاڵم تۆمـار کـردووە. هـەروەها چەپڵەی گەورەم بۆ لێدراوە لە شوێنێك کە پاش تەواوبوونم کەس نەیویست قسەم لەگـەڵ بکـات. رەئیـدان لـە ژیانـدا و لـە وتاربێـژیی گـشتیدا سەرلێـشێوێنەرە. دەستەیەکی ناوبژیوان نیە وەکو ئـەوەی کـە لـە یارییـەکانی ئۆلۆمپیکـدا هەیـە، نـە کاغەزێکی تۆمارکردنی خاڵەکان یان عەلبەیەکی پاڵـەوانێتیش لەئارادایـە. تـۆ تـەنیا خۆتیت بۆئەوەی کام رەئیانە گرنگن، لەوەش گرنگتر، جیاوازییەکانی نێوان ئەمـەی کە هەستت چۆنە لەبارەی ئەوەی کـە کردووتـە و پێدەچـێ ئامـادەبووان هەسـتیان چۆن بێ، یەکلایی بکەیتەوە.

بەڵام بەر لەوەی ئەمە هەڵبڕین، راستییەکی گرنگ هەیـە بیـزانین، کـە لـە رێگـەی ئەم بارودۆخەی خوارەوە بە باشترین شێوە شرۆڤە دەکرێت.

وێنـای ئـەوە بکـە کـە تـۆ لـە محازەرەیـەکی پرۆفیـسۆر (مۆکـسلی)ت لـەبارەی ئایندەی نەژادی مرۆڤ، کە سەرۆکی بەش و گەورەی توێژینەوەکانی نەژادی مرۆییـە لە زانکۆی خۆبەزالزان. و، بەداخیشەوە، دەردەکەوێ کە دکتۆر مۆکسلی کاریسەیە. تاقەتپڕوکێنەرێکی تەواوە. هیچ لەبارەی ئامادەبووانـەوە نـازانێ. پڕیـەتی لـەخۆی، پەیوەندیی بینایی بەرقەرار ناکات، بە هەڵوەستەی بـێ سـنوورەوە قـسە دەکـات و هەر ئێ ئێ و ئمە ئمیشیەتی و تەنیا و تەنیاش لـە لاپـەڕەکانی پاوەرپۆینتەکەیـەوە شت دەخوێنێتەوە. رۆبێکـی پەڵـە پەڵـەی پلنگـی لەبەردایـە کـە چـەند هەفتەیەکـە

Scanned with CamScanner

نەشۆراوە و تەنانەت ئەوەندە دووریش دەڕوات کە بۆ ماوەی پێنج خولەك باسی کێشە تەندروستییەکانی سەگەکەی بکات. لەوانەیە ئەمە خراپترین محازەرەیەك بێت کە لە تەواوی ژیانتدا ئامادەی بووبیت. محازەرەکە کۆتایی دێت و تۆ بە خێراییەکی بەرچاوەوە بەرەو دەرگاکە رادەکەیت.

لەپڕ بۆت دەردەکەوێت کە چاکەتەکەت لەسەر کورسییەکە جێهێشتووە، بۆیە رووت وەردەگێڕیت تا بگەڕێیتەوە. کاتێك دەگەڕێیتەوە، دکتۆر مۆکسلی-ی تۆقێنەر رێك لە پشتتەوەیە. بە خەندەیەکی گەورەوە، دەستەکانی لەسەر شانت دادەنێت و پرسیار دەکات "ئێ، پێت چۆن بوو؟" دەزانیت کە کتومت دەتەوێ چی بڵێیت. ئایا دەیڵێیت؟

ئەگەر تۆ وەکو زۆربەی خەڵکی بیت، ئەوا راستگۆ نابیت. بە دڵنیاییەوە منیش هەروا دەبم. راستگۆ بوون وتوێژێکی درێژی بەدواوە دەبێت یان هەست بریندار دەکات، کە من نامەوێ هۆکاری هیچ کامێکیان بم. من بوومایە دەمویست بڕۆم و خێراترین رێگەش بۆ ئەم کارە ئەوە دەبوو کە نەرم و نیان بم. لەوانەیە تۆ خۆت لە پشت پیاهەڵدانی گوماناوییەوە خۆت بشاردایەتەوە، "جێ سەرنج بوو" یان "باش بوو". لەوانەیە تۆ بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانە سەرت بلەقێنیت و خەندە پیشان بدەیت، بەو هیوایەی کە رابکەیت. کاتێك پاش پێشکەشکردنەکەی، قسە لەگەڵ کەسێکی سەر تەختەی شانۆ دەکەن، زۆربەی خەڵکی شتی جوان، سادە و پۆزەتیڤ دەڵێن.

سەرەنجام، هەزاران وتاربێژی خراپ ئیشی خۆیان دەکەن لەژێر ئەو رواڵەتەدا کە شتێکی باشیان ئەنجام داوە. گرێی رەئیدان بۆ وتاربێژان دەشکێنرێت و هەروا بە سانایی قەت پێیان نەوتراوە ئەدائیان باش نەبووە (بە شێوازێکی دۆستانە بەڵام پێداگرانە و روون)، تەنانەت کەمتر لەوەش پێیان وتراوە دەتوانن خۆیان چاك بکەن. وەکو گۆرانیبێژان لە قۆناغەکانی سەرەتای (ئەمێریکان ئایدڵ) کە بە

Scanned with CamScanner

دڵنیاییەوە ناتوانن باوەڕ بکەن کە نابنە (ویتنی هیوستن) یان (فرانك سیناترا)یەکی تر، زۆرێك لە خەڵکی لە بڵقی نکوڵیدا دەژین. ئەوان بایی پێویست گوێبیستی پیاهەڵدانی نەرم و نیان بوون کە بە سەلامەتیەوە هەر راستییەکی ئازاربەخش فەرامۆش بکەن دەردەبڕدرێت. تەنانەت لەوانەیە بە توندیش وەڵام بدەنەوە، بەمەش ئەگەری ئەوە کەم دەکەنەوە لە ئایندەدا رەخنەی تریان لێبگیردرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە چەندەش حەز دەکەین قسە بکەین، لە هەردوو حاڵەتی راستگۆبوون لەگەڵ ئەوانیتر و گوێگرتنی کراوە کاتێك ئەوانیتر لەگەڵماندا راستگۆن، شکست دێنین.

هۆکارێك کە بۆچی تەواو راستگۆ نین ئەمەیە، نامانەوێ قسەڕەق دەربکەوین. وای بۆدەچم کە لە محازەرە وێناکراوەکەی دکتۆر مۆکسلیی خۆتدا، تۆ یەك چەپڵەی قایمی بۆ لێبدەیت. ئەمە بۆ چیە؟ گرنگ نییە کەسەکە ئەدائی چۆنە، ئێمە بە پیاهەڵدانی هەوڵەکانی، تەنانەت لە بەرانبەر ئامادەیی بۆ هەوڵدانیشی رێزی لێدەگرین. کردنی ئەمە شتێکی بەڕێزانەیە و کاتێکیش خەڵکانێکت بینی کە هیچ ستایش دەرنابڕن، ئەوا بڕوات وایە رۆح زلن، بەدەر لەوەی وتاربێژەکە چەندە باش یان خراپ بووە. دەبێ کەسەکە لە محازەرەکەیدا چەندە خراپ بێ بۆئەوەی سفر چەپڵە وەربگرێ؟ قەت نەمبینیووە ئەمە رووبدات. و لەبەرئەوەی زۆرێك لە خەڵکی چەپڵە بە رەزامەندیەك دەبینین بۆ ئەمەی کە باشیان کردووە، هەمیشە لە خۆ ڕازی دەبن. ئەوان لە سەکۆیەکە دێنە خوارەوە، پرسیار لە دۆستێك دەکەن "چۆن بووم؟" پێیان دەوترێ "باش بوویت" و دەڕۆن.

تەنانەت ئەگەرچی تۆ خەڵکانێك بدۆزیتەوە کە رەئی راستگۆیانەت بدەنێ و تۆش بە وریاییەوە گوێی بۆ شل بکەیت، تەحەدییەکە تەواو نابێ. دەردەکەوێ کە، ئێمە هەموومان بە ئاسانی خەڵەتاوین.

Scanned with CamScanner

وانە فێڵبازەکانی دکتۆر فۆکس

لە ساڵی ١٩٧٣دا، توێژەران لە زانکۆی (ساوزەرن کالیفۆرنیا) گریمانەی ئەوەیان کرد کە رەئی خوێندکاران لەبارەی مامۆستاکانیان بنەماکەی پوچە. بۆ پشکنینی گریمانەکە، تاقیکردنەوەیەکیان ئەنجامدا. گرێبەستیان لەگەڵ ئەکتەرێك کە "نایاب و سەنگین دیار بوو" کرد بۆئەوەی محازەرەیەك پێشکەش بکات. ئەوان سی ڤیەکی خەیاڵی بەڵام کاریگەریان دایە و پێیان وت دوولایەنە قسە بکات، قسەی هاودژ و سەرچاوەی بێ مانا دەربڕێت. ئەکتەرەکە پێی وترا کاریزمایی و سەرگەرمکەر بێت، بەڵام بە ئەنقەست هیچ بەڵگەیەکی واقیعی فەراهەم نەکات، بۆ نموونە پشت بەو کتێب و توێژینەوانە ببەستێت کە بوونیان نیە. ئەکتەرەکە (واتە دکتۆر فۆکس) محازەرەیەکی یەك سەعاتی پێشکەش کرد کە پرسیار و وەڵام و مشتومڕێکی نیوسەعاتیشی بەدواداهات رێك هاوشێوەی پێکهاتەی زۆربەی محازەرەکانی زانکۆ. پاشان، ١١ ئامادەبوو، کە تەنیا خوێندکاری کۆلێژ نەبوون بەڵکو شارەزای بوارەکەش بوون، راپرسیان کرا بۆ وەرگرتنی رەئیان. خشتەکە لیستی ئەنجامەکان پیشان دەدات.

پرسیار	رێژەی سەدیی پەسەندکردن
ئایان روون بوو؟	٥٠
ئایا دیار بوو کە بایەخ بە بابەتەکە ئەدات؟	١٠٠
ئایا بایی پێویست نموونەی هێنایەوە؟	٩٠
ئایا بەشێوەیەکی باش رێکخراو محازەرەکەی پێشکەش کرد	٩٠
ئایا بیرکردنەوەتی بزواند؟	١٠٠
ئایا بابەتەکەی بە شێوازێکی سەرنجڕاکێش گەیاند؟	٩٠
ئایا هیچ لە بڵاوکراوەکانیت خوێندووەتەوە؟	٠

Scanned with CamScanner

داتای پەیوەست بەم توێژینەوەیە دەگمەنە، چونکە تەنیا ١١ بەشدار هەبوون و لەبەر هۆکاری جیاجیا رەخنەی لێگیراوە. هەرچۆنێك بێت، من ئەنجامگیرییەکە بەهەند وەردەگرم. یەکەم، ئەم نمرانە زۆر باشن. هەر وتاربێژێك بە بینینی نمرەی وەها شانازی دەکات. و لەبەرئەوەی ئەم پرسیارانە هاوشێوەی ئەوانەن کە لە راپرسییەکانی کۆنفرانسەکاندا بەکاردەهێنرێن، پێدەچێ لێرەدا خەلەلێك هەبێت. چۆن دەکرێ ئەکتەرێك وا بە ئاسانی ئەو خەڵکانە فریو بدات کە پرۆفێشنالن لە هەمان بواردا؟

ئەنجامگیریی ئاسان ئەوەیە کە خەڵکی خراپن لە سۆراخکردنی شتی درۆ، کە لەوانەیە راست بێت. وەڵامێکی جێ سەرنج بەڵام ناڕێکتر ئەوەیە کە، بۆئەوەی لە وتاردانی گشتیدا باش بیت، تەنیا پێویستە بزانیت چی دەکەیت. پێم وایە ئەمەیان وانیە. لەوانەیە ئەکتەرەکە زۆر چڕوپڕتر لە زۆربەی وتاربێژە گشتییەکان خۆی ئامادە کردبێت. ئەمەی کە متمانەپێکراو دەرچوو بە رێکەوت نەبوو- ئەو خۆی ماندوو کردووە و پرۆڤەی کردووە تا بەو شێوازە دەربکەوێت. پێم وایە ئەکتەرەکە کاتێکی کەمتری پێویست بوو تا محازەرەیەکی رێك و پێك پێشکەش بکات. بگرە، ئەم تاقیکردنەوەیە پاڵپشتی ئەوە دەکات کە وتاربێژ هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەنجامدانی شتێکی باش و راستگۆیانە.

ئەم توێژینەوەیە، بەهەمان شێوە دەریدەخات کە ئەو شتەی خەڵکی لە محازەرەکانی دەوێ جیاوازە لەوەی کە دەڵێن دەیانەوێت یان رێکخەران لەوانیان دەوێ کە بیانەوێ. نوسەرانی توێژینەوەکە ئاماژە بەمە دەکەن:

"توێژینەوەی کاریگەریی واتنەوتنەوە قورسە، چونکە دەبێ لە هەڵسەنگاندنەکەیدا ژمارەیەکی زۆری فاکتەر لەبەرچاوبگیردرێن. لەوانەش کە رووننن، پەروەردە، باکگراوندی کۆمەڵایەتی، زانین لەبارەی بابەت، ئەزموون و کەسایەتی وانەبێژەکە. وا دەردەکەوێ کە وانەبێژ بە ئاوێتەیەکی رێك و پێکی ئەم فاکتەرانە و هی تر کاریگەر بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە ئاوێتەیەکی وەها کەمێك زیاتر لە توانای وانەبێژ بۆ رازیکردنی خوێندکارانی لێبکەوێتەوە، بەڵام مەرجیش نیە ببێتەهۆی فێرکردنیان".

Scanned with CamScanner

ئەوەی کە من لەو وتەیە هەڵیدێنجم ئەمەیە کە خەڵکی چاوەڕوانیی کەمیان لە زۆربەی مامۆستاکان هەیە. کاتی گوێگرتن بۆ محازەرەیەك، زۆربەی خەڵکی تەواو بەوە دڵخۆشن کە تەنیا سەریان گەرم بکرێت (زۆرجار سەرگەرمبوون لە سەروو ئەوەوەیە کە خەڵکی چاوەڕوانن بەدەستی بێنن لە هەر محازەرەیەکدا). فێربوون، وەکو منداڵ یان پێگەیشتوو، زۆرجار بەشێوەیەکی تۆقێنەر تاقەتبەرە، دروستکردنی پێکەنین بە درێژایی پرۆسەی فێربوون، دیارییەکە. هەبوونی مامۆستای جێ سەرنج و خۆشەویست بەهەمان شێوە دەگمەنە و زۆریش خۆشە، هەرچەندە بەشێوەیەکی تەقلیدی وا دەبینرێ کە ناڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە توانایان لەوەدا کە وانەی شتێکت پێ بڵێن. لەهەر کام لەو حاڵەتانەدا بێ، وتاربێژ دەتوانێ ئامادەبوویەکی زۆر رازی بکات بەبێ دابینکردنی بەڵگەی زۆر، بەو مەرجەی کە سەریان گەرم بکات و بایەخدانیان بجوڵێنێت. کۆمیدییەکی باش هەڵبدەرە ناو کۆنفرانسێکی ئەکادیمیی تاقەتبەر و وێڕای نەزانیی تەواوی لەمەڕ بابەتەکە، گرەو دەکەم لە رەئیپێداندا نمرەیەکی سەروو ئاسایی بەدەست دێنێت.

لە ئەزموونی نەتوانینی ئەنجامدانی ئەمەدا، دەتوانم بڵێم هێشتنەوەی ئامادەبووان بە سەرگەرمبوویی و بایەخدەرێتی بۆ ماوەی سەعاتێك، تەواو قورسە. هەر کەسێك بتوانێ، ئەوا شایەنی رێزە. بەڵام ئەمە هەمان دەسکەوتی وتنەوەی شارەزایەتییەك یان گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی ئیلهامبەخش نیە. باشترین مامۆستاکان سەرگەرمی وەکو رێگەیەك بەکاردێنن بۆ گەرموگوڕکردنی وانەوتنەوە، نەك تەنیا وا لە خوێندکارەکان بکەن پێبکەنن.

وانەی تر کە لە دکتۆر فۆکسەوە وەریگرین ئەمانەی خوارەوەن:

-متمانەپێکردن لە خانەخوێکەوە دێت. ئەگەر خانەخوێ بڵێت "ئەمە شارەزایەکە لەبواری هیندا"، ئەوا خەڵکی بڕوا دەکەن. خەڵکی دەیانەوێ لەسەر بنەمای ئەوەی کە چۆن و لەلایەن کێوە وتاربێژەکە دەناسێنرێ، متمانە ببەخشن. ئەگەر دکتۆر فۆکس لە سوچێکی ڕەمەکیی شەقامێك هەمان محازەرەی پێشکەش کرد، بەبێ پاڵپشتیی کۆنفرانسێکی پرۆفێشناڵی گەورە یان ئەندامێکی سەنگینی کۆمەڵەیەك، ئەوا فەرامۆش دەکرێت. تاقیکردنەوەکەی دکتۆر فۆکس دەشێ وەکو

Scanned with CamScanner

توێژینەوەیەك لە چۆنێتی حوکمدانمان لەسەر متمانەپێکراوی لەقەڵەم بدەین نەك ئەمەی چۆن حوکم لەسەر وانەوتنەوە دەدەین.

-رووکەشەکان حسابن. دکتۆر فۆکس رۆڵەکەی زۆر باش بینی و وەکو وتاربێژێك، پێویستە هەمان شت بکەیت. رواڵەتت، رەفتارت، شێوازی وەستانت و سەرنجت گرنگن. هەر کۆمەڵە ئامادەبوویەك چاوەڕوانیی شتی رووکەشی دیاریکراو دەکات و ئەگەر تۆ پێیان بگەیەنیت، بەشەکەی تری ئیشبەکەت ئاسانتر دەبێ. چەندەش متمانەپێکراو بیت، ئامادەبووانیت بەهەمان شێوە لەسەر ئاراستەگیریی لۆکاڵیی نیشانە رووکەشەکانی متمانەپێدان حوکمت لەسەر دەدەن (بۆ نموونە کاتێك لە کۆمپانیای سۆفتوێری سلیکۆن ڤاڵی وتار ئەدەیت، قات لەبەر مەکە و رۆبە پەڵە پەڵە پلنگییەکەت بەلاوەنێ کاتێك لەگەڵ بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بانکەکانی شاری نیویۆرك قسە دەکەیت).

-تامەزرۆیی گرنگە. لەو ساتەوە کە دەمت ئەکەیتەوە، لە کۆنترۆڵی تۆدایە کە چەند وزە بە ئامادەبووانت دەبەخشی. هەر شتێکی تر دەشێ ببێتە خەلەل، بەڵام من هەمیشە رووەدەکەمە تامەزرۆبوون بۆئەوەی کەس قەت نەتوانێ پێم بڵێت وەکو پێویست خۆم ماندوو نەکرد. چەندە زیاتر وا دەرکەوێ کە مشور دەخۆم، ئەوەندەش زیاتر ئەگەری هەیە خەڵکانی ئامادەبوو مشوری دۆخەکە بخۆن. یەکێك لەو فاکتەرانەی کە لە تاقیکردنەوەکەی دکتۆر فۆکس-ەوە ئاماژەی گەیاند ئەوەیە کە بەخشینی وزەی زۆر هەمیشە یارمەتیت دەدات. بە تامەزرۆ بوون و گرنگیدانی قووڵ لەبارەی ئەوەی کە دەیڵێیت، لەوانەیە بەهایەکی زیاتر لەو وتاربێژە کەم وزە، سارده فەراهەم بکەیت کە ١٠ ئەوەندەی تۆ دەزانێت. ئەگەری زیاترە کە تۆ هۆشی ئامادەبووان لای خۆت بهێڵیتەوە، کە هەموو شتێکی تر ئاسان دەکات.

بۆچی زۆربەی هەڵسەنگاندنەکانی وتاربێژ بێ کەڵکن

زۆربەی رێکخەران هەرگیز خۆیان بەوەوە ماندوو ناکەن رەئی لە ئامادەبووان وەرگرن و ئەوانەشی کە دەیکەن، زۆرجار ناگاتە دەست وتاربێژەکان. ئەمە مایەی شەرمە، چونکە زۆر گونجاوترە بۆ رێکخەران تا رەئییەکان بە وتاربێژەکان

Scanned with CamScanner

بگەیەنن، دواجار ئەوان بانگیان کردوون وتار بدەن، بۆیە بەشێوەیەکی تەکنیکی، وتاربێژان ئیش بۆ خانەخوێکە دەکەن. بەڵام بەهۆی سەرقاڵبوونیان بەو رادەیە، رێکخەران هەمیشە داتای کۆکراوە ناگەیەننەوە بە وتاربێژ. ئەوان داوا لە وتاربێژە باشەکان دەکەن بگەڕێنەوە و باقیەکەی جێ بهێڵن بۆ خۆیان بۆئەوەی وێڵ بن بەدوای ژیانیاندا.

هەندێکیان رەئییەکان رادەست دەکەن و ئەو خشتەیەی خوارەوە نموونەی راپۆرتێك بۆ وتاربێژێك لە کۆڕێکدا پیشان دەدات. ئەمە داتای راستەقینەی کۆڕێکی راستەقینەیە و وتاربێژەکەش من بووم.

کۆڕ	وا لە شتەکان بکەیت رووبدەن
زۆر ناڕازیم	١
تا رادەیەك ناڕازیم	٣
بێ لایەن	٢٩
تا رادەیەك رازیم	٥٨
زۆر رازیم	٣٨
تێکڕای وەڵامەکان	١٢٩

لە یەکەم نیگادا، ئەمە باش دیارە. لە رواڵەتدا ٥٨ لە ١٢٩ کەس کە وەڵامیان داوەتەوە "تا رادەیەك رازی بوون" ئەمە زۆر خراپ دیار نیە. تەنانەت نمرەی "زۆر رازیم" لە ٣٨ کەسی تر بەدەستهێناوە. بەڵام نمرەبەندیی "بێ لایەن" لە ٢٩ کەسەوە نرخی نیە. پێم باش بوو بەزۆر بڕیار بدەن– ئەگەر دڵنیا نەبوونایە لە هەڵوێستیان، من بە ناڕازی هەژمارم دەکردن. یان لەوانەیە سەرخەویان شکاندبێت. لە راستیدا زانینی ئەو داتایە شتێکی بێ وێنە دەبێ: چەند کەس لەماوەی

Scanned with CamScanner

محازەرەیەکدا خەو بردنیەوە؟ (ئەمە ئامارێکە کە حەز دەکەم لە هەموو محازەرەکاندا بیزانم، بەتایبەت لە زانکۆکاندا).

بەڵام تاکە خاڵێکی هەرە گرنگی داتا ئەوەیە کە نمرەکانم چۆن لەگەڵ هی وتاربێژەکانی تردا بەراورد دەکرێن. بەبێ ئەمە، ئەم رەئیدانە کەڵکی نیە. لەوانەیە نمرەکانم لە هەموو نمرەکانی تر خراپتر بن لە مێژووی وتاردانی ئەم دامەزراوەیەدا. یان لەوانەشە باشترین بن. ئەستەمە بزانیت. ئەی ئەو کابرایەی کە زۆر ناڕازییە؟ ئایا ئەو گرنگ بوو؟ لەوانەیە ئەو جێگری سەرۆکی بەشەکە بێت بۆیە رەئیەکەی لە هی ئەوانیتر گرنگتر بێت. یان ئایا ئەویش، وەکو بەڕێوەبەرەکەی پێشووم، هەمیشە لە هەموو شتێك ناڕازییە؟ لەوانەیە هیچ نمرەیەکی تری جگە لە "زۆر ناڕازیم" دانەنابێت. یان لەوانەیە کەوتبێتە ژوورێکی هەڵەوە و پێی وابووبێت من لەسەر بابەتە دڵخوازەکەی قسە دەکەم، کە لە دەرەنجامە ترسێنەرەکەدا هەر ئاماژەشم پێنەکردووە. خوێندنەوەی ئەو راپۆرتە زیاتر لە تاریکیدا دەمهێڵێتەوە.

بەکەڵکترین رەئیدان ئەو شتە دەگەیەنێ کە خەڵکی ناڕازی هیوادارن من بە شێوازێکی تر بمکردایە و شتێك کە خەڵکی رازی دەیانەوێ دڵنیایان بکەمەوە جارێکی تر دەیکەم. تەنانەت ئەگەر هەر ١٢٩ کەسەکە بیانوتایە لەسەروو زۆر ناڕازییەوەن و بە کۆی دەنگ رازی بوونایە لەسەر یاسایەك بۆ رێگرتن لەوەی جارێکی تر وتاربدەمەوە، نەمدەزانی کە ئەو شتە چیە کە ئەوانی نابەدڵ کردووە. هەر کە تانەلێدانەکەم شوێنی خۆی بگرتایە و مۆڵەتم پێبدرایەتەوە جارێکی تر وتار بدەمەوە، دەبووایە تەنیا پێشبینی بکەم لەوەدا کە چ گۆڕانکارییەك ئەنجام بدەم بۆئەوەی جاری داهاتوو باشتر بم.

بێگومان، ئەو کاتەش، لەبەرئەوەی ٥٠٠ کەس لەناو ژوورەکەدا بوون، ئەو ٣٧١ کەسەی تر وتارەکەی منیان پێ چۆن بووە؟ قەت نازانم. لەبەرئەوەی تەنیا کەمینەیەکی ئامادەبووان فۆرمی راپرسیی وتاربێژ پڕ دەکەنەوە، وەڵامەکان

Scanned with CamScanner

بەشێوەیەکی گشتی نوێنەرایەتی سەرەوە و خوارەوەی چەماوەی رەئیدان دەکەن. ئەوانەی کە بەشێوەیەکی پڕ جۆش کەیفیان پێت دێت یان رقیان لێتە بەباشترین شێوە نوێنەرایەتییان کردووە چونکە پڕجۆش و خرۆشترین بوون بۆ پەشداریکردن. زۆرینە مام ناوەندەکە بە کەمترین شێوە نوێنەرایەتییان کردووە. لەبەرئەوەی راپرسییەکان چاڵی رەشن- کەس پێی ناوترێ کە کتومت کێ دەیادخوێنێتەوە و چۆن کاردەکەنەسەر ئایندە- هۆکارێکی لاواز هەیە بۆ زۆربەی خەڵکی تا ئەوەی کەدەیڵێن بەشێوەیەکی هۆشمەندانە بیڵێن.

بە بێ دەست پیاهێنانێکی ژیرانە و لەسەرخۆ بە داتاکەدا، ئاسانە ئەوە بە خراپ لێکبدەیتەوە کە وتاربێژەکە چۆن کارێکی باشتری ئەنجام بدایە. زۆربەی کات، پرسیارەکانی ناو راپرسییەکان بە شێوەیەکی هەڵە دادەڕێژرێن، خراپ لێکدانەوەیان لێ دەکەوێتەوە جار گرنگ نییە کێ رەئی دەدات.

بڕوانە هەندێ لەو رەئیدانە راستەقینانەی کە وتاربێژان پێویستیانە:

-وتارەکەم چۆن بوو بە بەراورد بەوەی ئەوانیتر؟

-چ گۆڕانکارییەك لە هەمووی زیاتر وتارەکەمی باش دەکر؟

-چ پرسیارگەلێکت لێ چاوەڕێ دەکردم وەڵامیان بدەمەوە و وەڵامم نەدانەوە؟

-چ بێزارکەرییەکم هێنایە رێگەت کە بەوهۆیەوە ئەوەم پێنەگەیاندی کە پێویستت بوو؟

گرنگ نیە چ داتایەك بۆ وتاربێژ دابین دەکرێت، ئاسانە و کراوەیە تەنیا پرسیار لە خەڵکی ناو ئامادەبووان بکەیت کاتێك دواتر دەیانبینیت. کاتێك کەسێك بە رێزەوە پێت دەڵێ "کارێکی ناوازە بوو!" بڵێ "سوپاس، بەڵام چۆن دەمتوانی باشتری بکەم؟" وایان لێبکە لە دڵخۆشکەرییەکان رەت ببن و بۆ ساتێك بیر بکەنەوە. بزنسکارتەکەتیان پێبدە بۆ هاندانیان تا درێژە بە مشتومڕەکە بدەن. پاش کۆڕەکە، ئەو پرسیارانەی پێشوو لە خانەخوێکەت بکە و بزانە چ داتایەکت پێ

Scanned with CamScanner

دەدات. ئەگەرچی ئەو داتایەکیشی لە ئامادەبووانەوە لا نەبێت، دەتوانێ رەئی خۆیی بڵێت، کە دەشی بەهەمان شێوە بەهادار بێت.

پێویستە وتاربێژ لەگەڵ ئامادەبووانداا بگونجێ

چی روویدەدا ئەگەر، لە ساڵی ١٩٤٢دا، گرێبەستم لەگەڵ مۆسۆلینی بکردایە تا لە لەندەن وتار بدات؟ موسۆلینی وتاربێژێکی پڕ جۆش و لەوانەیە نایابیش بووبێت. بەڵام پێت وایە ئەنجامی راپرسییەکانی چۆن دەبوو؟ لەبری هەڵسەنگاندنی مۆسۆلینی، تاکە شتێك کە نمرەکانی راپرسییەکە پیشانی دەدا، ئەوەیە کە رێکخەرەکە نەیتووانیووە وتاربێژەکە لەگەڵ ئامادەبووانداا بگونجێنێت. دەشێ وتاربێژان رووبەڕووی شکست ببنەوە ئەگەر داوایان لێکرا قسە بۆ ئەو خەڵکە بکەن کە رقیان لێیەتی یان لەسەر بابەتێك بدوێن کە گرنگی پێنادەن. جارێکیان من لە (کوپەر یونیەن) قسەم کرد کە زانکۆیەکی دەستبەژێری بەناوبانگە لە شاری نییویۆرك کە هەموو خوێندکارەکانی زەمالەی تەواوەتی وەردەگرن. من لە گەشتێکدا بووم بۆ برەوپێدانی یەکێك لە کتێبەکانم. ئەو وتارەی ئامادەم کردبوو لەبارەی هەموو ئەو کەموکورتییانەوە بوو کە دەشێ لە پرۆژەکاندا دروست ببن و ئەمەی کە چۆن رێبەرێکی ژیر دەست و پەنجەیان لەگەڵدا نەرم دەکات. بابەتێکی باش بوو و من چەند جارێك بەباشی پێشکەشم کردبوو. بەڵام کاتێك گەیشتم، تێگەیشتم کە ئامادەبووەکانم بە تەواوی لە قازەکان پێکهاتوون: کەمتر لە ١٨ ساڵ و ١٩ ساڵان بەبێ ئەوەی هیچ ئەزموونێکی جیهانی پێگەیشتووانیان هەبێت. مانگی ئۆکتۆبەر بوو، بۆیە پێدەچوو پێنج مانگێك بێت ئامادەییان تەواو کردبێت. چەند خولەکێك پێش ئەوەی دەست بکەم بە وتاردان، خێرا بۆم دەرکەوت کە من مۆسۆلینیم لە لەندەن. ئەگەر شتێکی توند و زبرم ئەنجام نەدایە، ئەوا فەرامۆشیان دەکردم یان قسەیان پێدەبڕیم وەك بڵێی کەسێکی تاقەتبەر، دەست پێنەگەیشتراو،

Scanned with CamScanner

بەڕێوەبەر لە جۆری فاشیلم- رێك بەو شێوەیەی کە پێویست بووایە لە نۆزدە ساڵیمدا لە محازەرەیەکدا لەبارەی ژیان لە جیهانی بزنسدا دابنیشتمایە.

وتاربێژێکی لێهاتوو دەبێ پرسیار لە خانەخوێکەی بکات "دەتەوێ چ کاریگەرییەکەم لەسەر ئامادەبووان هەبێت؟" خانەخوێیەکی باشیش بە وردی بیر لە وەڵامەکەی دەکاتەوە. ئەگەر وا نەکات، ئەوا لەوانەیە وتاربێژ بە باشی بتوانێ درك بەمە بکات، یان بایی پێویست لەگەڵ ئامادەبووانـدا کارلێك بکات بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەمەی کە دەیانەوێ چی لە خودی ئەو محازەرەیە بەدەست بێنن. زۆربەی کات خەڵکی داوایان لێدەکرێت قسە بکەن، ئەوانیش دەڵێن بەڵێ بەبێ ئەوەی بزانن بۆچی داوایان لێکراوە یان چاوەڕێ دەکرێ چ بەدەست بێنن.

لە ماوەی وتاردانەکەمدا لە (کوپەر یونیەن)، ئەوپەڕی هەوڵی خۆممدا تا تێگەیشتنم لە جیهانی پێگەیشتووان بێتەوە یاد ئەو کاتەی کە ١٨ ساڵان بووم. بۆ لاپەڕەکانی پاوەرپۆینتم بەلاوە نا، بەسەرهاتێکی کەسیم لە ئەزموونەکانم گێڕایەوە ئەو کاتەی کە لە مایکرۆسۆفت ئیشم دەکرد و کردمە سوعبەت کە چۆن لەسەر مەسعەدە (بیلۆ گەیتس)م بینیووە و پێم وتووە چۆنی، ئەویش پشتگوێی خستووم. ئەمە چەند پێکەنینێکی مام ناوەندی هێنایەکایەوە. تۆزقاڵێك لە رێزم بەدەست هێنا و گۆڕیم بۆ پرسیار و وەڵامێکی راستەوخۆکە سەعاتێکی خایاند. بەختم هەبوو کە لەم شتە دەرچووم، ئەگەر لە سەرەتاوە هەندێ پرسیاری بنچینەییم لە خانەخوێ بکردایە، ئەوا هەر لە دەستپێکەوە خۆم ئامادەکردبوو.

هەندێ جار ئامانجەکە نەگونجانێکی دەست ئەنقەستە. خانەخوێکە وتاردانێکی پڕتەحەدی دەوێت کە رەئی وەها بە گوێی خەڵکی دابدات کە نەیانەوێ گوێبیستی بن بۆئەوەی توڕەیان بکات. ئەمە قەینا، بەو مەرجەی کە لانی کەم وتاربێژ و خانەخوێکە رێککەوتبن و هەر راپرسییەك کە بکرێ رەچاوی ئەمە بکات. رازیبوون شتێك زۆر جیاوازە ئەگەر ئامانجەکە وروژاندن بوو نەك بە تەنیا قایلکردن.

Scanned with CamScanner

ئەمە ئاماژە بە تەحەدییەکی راستەقینە دەکات لە هەڵسەنگاندنی وتاربێژاندا. هەر کەسێك بێت کە بانگهێشتی کەسێك دەکات بۆ وتاردان بۆ خەڵك، دەبێ یەکلایی بکاتەوە کە:

١-(ڕێکخەرەکە) چی لە وتاربێژ دەوێ.

٢-ئامادەبووان چیان لە وتاربێژ دەوێ.

٣-وتاربێژ چی لەبارەیە بیکات.

ئەگەر ئەو سێ شتە بە باشی ڕێك نەخران، ڕاپرسییەکە هەمیشە کێشەی دەبێت (بۆ نموونە، موسۆلینی لە لەندەن). ئەگەر بەباشی ڕێکخران، ئەو پرسیارانەی کە بەکاردێن بۆ هەڵسەنگاندنی وتاربێژ دەبێ بەئاشکرا بن.

هەر لایەنە لە لایەنەکان- وتاربێژ، ئامادەبووان و ڕێکخەر- دەبێ ئەوە بزانێ کە وتاربێژ هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ. ئینجا وتاربێژ لە پێشدا دەزانێت و دەتوانێ خۆی ئامادە دەکات، وەکو دکتۆر فۆکس، بۆئەوەی هەرچییەك لە توانایدا بێ بیکات بۆ بەدەستهێنانی نمرەی باش لەو هەڵسەنگاندنانەدا. ئامادەبووان لە ڕاپرسییەکاندا بە دەگمەن لە ڕاپرسییەکاندا قسەیان لێ وەردەگیردرێت، بەڵام دەبێ یارمەتیی ڕێکخەر بدەن تا پرسیارەکان دابڕێژێت.

پرسیاری باشتر بۆ خستنەڕووی ئامادەبووان بریتین لە:

-ئایا ئەمە بەکارهێنانێکی باشی کاتەکەت بوو؟

-ئایا ئەم محازەرەیە بۆ ئەوانیتر پێشنیار دەکەیت؟

-ئایا نیازت وایە شتێکی جیاواز ئەنجا بدەیت لە دەرەنجامی ئەم وتارەدا؟

-ئایا ئیلهامی پێبەخشیت یان هێناتیە جۆش و هانی دایت؟

-تا چ ڕادەیەك کەیفت بە وتاربێژەکە هات؟

-بابەتەکەی وتاربێژەکەت تا چ ڕادەیەك پێ جەوهەری بوو؟

Scanned with CamScanner

ئەو دوو پرسیارەی کۆتایی، تەنگژەکەی دکتۆر فۆکس لەبارەی ئەمەی کە وتاربێژان چەندە دڵگیرن لەبەرانبەر ئامادەبووان هەست دەکەن تا چ رادەیەك وتاربێژەکە ماددەی پێشکەش کردوون، یەکلایی دەکاتەوە. ئەگەر تۆش بە راستی دەتەوێ بەهای وتاربێژ بزانیت، هەفتەیەك یان مانگێك دواتر پرسیار لە خوێندکارەکان بکە محازەرەیەك کە دەشیا پێنج خولەك پاش کۆتایی هاتنی بێ هاوتا یان تاقەتبەر دەربکەوێ، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن دواتر بەهایەکی جیاوازی هەیە بەلای خەڵکیەوە. ئەگەر ئامانجەکە گۆڕینی رەفتاری خەڵکە لە دوورمەودا دا، دەبێ تاووتوێی کاریگەرییە دوورمەوداکانی هەر محازەرەیەك یان کۆرسێك بکەیت کە خەڵکی بەشداری تێدا دەکەن.

ئەو رەئیەی کەسانی شارەزا کە هەر ئێستا دەتوانی بەدەستی بێنیت

چەندەی وریاین لەوەی کە رەخنەی توند ئاراستەی خەڵکی تر بکەین، تەنانەت لەوەش کە ئاراستەمان بکرێت ترسمان زیاتر دەبێ. هەرچۆنێك بێت، ئەمڕۆکە زۆر ئاسانە رەئی لەبارەی وتاردانی گشتییەوە بەدەست بێنیت. لە راستیدا، تۆ هەر ئێستا دەتوانیت ئەمە بکەیت:

١.کامێرایەکی ڤیدیۆ بەدەستەوە بگرە.

٢.تێبینییەکانت هەڵدەوە یان لاپەڕەکانی پاوەرپۆینتەکەت بکەرەوە بۆ وتارێك کە دەیزانیت (وتاری گێتسبێرگ زۆر کاریگەر دەبێ ئەگەر بتەوێ).

٣.لە حاڵەتی وتاردانداا ڤیدیۆیی خۆت تۆمار بکە.

پێنج خولەك باش دەبێ. وێنای ئەوە بکە کە کۆمەڵە ئامادەبوویەکت لەسەر دیوارەکەی بەرانبەرت هەیە، کە دەبێ پەوەندیی بینابیان لەگەڵدا بەرقەرار بکەیت و دەست پێبکە. پاشان دانیشە، دەشتوانی لەگەڵ ئەو خواردنەوە کحولیەی کە حەزت لێیەتی (یان سێڤن)، و تەماشا بکە. سەرباری ئەوەی کە ئەمە کردنی ئاسانە، زۆربەی خەڵکی، تەنانەت ئەوانەش کە دەڵێن وتاردانی گشتی گرنگە و

Scanned with CamScanner

دەیانەوێ تیایدا باشتر بن، ئامادە نین بیکەن. زۆر تۆقێنەرە بەلایانەوە. کە من بۆ ئەمە دەڵێم، دووڕوویت. ئەگەر تۆ زۆر لەوە دەترسیت کە خۆت لە حاڵەتی قسەکردنا ببینیت، چۆن چاوەڕێی ئەوە دەکەیت ئامادەبووان تەماشات بکەن؟ ڕێسا ئاڵتونیەکە پیادە دەبێ: داوا لە خەڵکی مەکە گوێ لە شتێکت بگرن کە تۆ گوێت لەخۆت نەگرتووە. هەر بیکە و تەواو. ئەگەر هی ئەوە نیە تەماشای بکەیت، شانازی بکە بەوەی کە تۆ وتارێکی کارەساتبارت بەسەر خۆتدا سەپاندووە نەك ئامادەبووانی بێگوناه. تۆ دەتوانیت ڤیدیۆکە دیلیت بکەیت. خۆ ناتوانیت سەعاتێك لە کاتی بەفیڕۆچووی ژیانی خەڵکی دیلیت بکەیت.

ئێمە هەموومان رقمان لە دەنگی خۆمانە. شێوەی لوتمان یان شێوازی داهێنانی قژمان دەپشکنین بە شێوازگەلێك کە زۆربەی خەڵکی نایکەن. وێڕای ئەمەش، ئەمانە شتگەلێکن کە گۆڕینیان قورسە. ئەوە شتی ترە – چەندە بڕوابەخۆ دیاریت، بیرۆکەکانت چەندە ڕوونن، هەر ناڕێکییەکی لاوەکی زمانی جەستەت یان وشەکاریت– کە لە بنەڕەتەوە چاککردنیان ئاسانترە.

ئەگەر کەیفت بەوە نایە کە دەیبینیت، کورتتری بکەرەوە. ٣٠ چرکە قسە بکە– بابەتێکی ریکلام ئاسای کورت– و پرۆڤەی لەسەر بکە تا ئەو کاتەی کە بە باشی دەیکەیت. پاشان بۆی زیاد بکە. ئەگەر شتێك بە بەردەوامی هەستێکی پوچت لادروست دەکات، لایبە و دووبارەی بکەرەوە. هەر جارەی کە شتەکە پیادە دەکەیت هەمیشە باشتر دەبیت، تەنانەت ئەگەرچی پێچەوانە دیار بێ.

من تەماشای ڤیدیۆی هەر وتارێك ناکەم کە پێشکەشی دەکەم، بەڵام ئەگەر لە ماوەی وتاردانێکدا هەستم باش نەبوو، یان شتێك زۆر بەباشی بەڕێوە بچێت، دەگەڕێمەوە و تەماشای دەکەم. کاتێك ڕەئیدان لەلایەن ڕێکخەرێکی کۆڕەوە بەدەست دێنم کە لێکدانەوەی قورسە، لەگەڵ ڤیدیۆ تۆمارکراوەکەدا بەراوردی دەکەم. هەمیشە دەمەوێ هەستم لەوەی کە چۆن بووە بەلامەوە بەراورد بکەم

Scanned with CamScanner

بەوەی کە بە راستی بەلای ئامادەبوونەوە چۆن بووە. وەرزشکارانی پرۆفێشنال پشت بە تەماشاکردنی فیلمی یارییەکانیان دەبەستن بۆ ئەوەی ببینن بە راستی چی روویداوە (فرێد هیچ بەرگری نەکرد) لەبری ئەوەی کە پێیان وایە چی روویداوە (فرێد لۆمەی تەواوی تیمەکە دەکات لەبەرانبەر بەرگری نەکردندا). کاتێك تۆ چالاکییەکی چڕوپڕی وەکو وەرزش یان وتاردان ئەنجام دەدەیت شتێکی زۆر لەئارادایە کە دەکرێ بە تەواوی ئاگادار بیت چی روودەدات بەو شێوەیەی کە روودەدات. تەکنۆلۆژیا بەکاربێنە بۆ ئەوەی پیشانت بدات بە راستی چیت کردووە. ئەگەر لەوە دەترسیت رەخنە لە خۆت بگریت، ڤیدیۆیەکە ئامادە بکە و پیشانی هاوڕێیەکی متمانەپێکراوتی بدە کە پێت وایە رەئیەکی راستگۆیانە و بونیادنەرت پێ دەڵێت. بیرت نەچێت کە کامێرای ئینتەرنێت ئامرازێکی کە وتاربێژانی درێژایی مێژوو دڵخۆش دەبوون هەیانبووایە. شتێکی سادە، خێرا، هەرزان و تایبەتە. تۆ دەستبەجێ دەتوانی رەئی خەڵکی نزیك یان دوورەدەست وەرگریت، کە لە هەر کاتێکی تر ئاسانتری دەکات کە ئەوە ئەزموون بکەیت ئامادەیی لەناو کۆمەڵە ئامادەبوویەکتدا چۆن چۆنیە.

Scanned with CamScanner

بەشی نۆیەم

کلاج هاوڕێتە

پاش ساڵانێك لە توێژینەوەی تیۆرەی فێربوون، زانستی چۆنێتی فێربوونمان، دەتوانم ئەمەتان پێ بڵێم: بەشی زۆری ئەو شتەی کە پێویستە بیزانیت بە ئاسانی لەو شتەوە فێری دەبیت کە من لە ساڵی ١٩٨٩دا بەسەرم هات کاتێك خەریك بوو سێ کەس بکوژم.

لەناو لیستی درێژی ئەو شتە زۆر پڕوپوچانەی کە نابێ لە ژیاندا بیانکەیت ئەمانە هەیە: پێچکردنەوە بەلای چەپدا رووەو سێ سایدێك کە لە ترافیك نزیك دەبێتەوە، لە سەروەختی تاقیکردنەوەی شۆفێری لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا، لە شاری نیویۆرك، لە ئۆتۆمبێلە کۆنەکەی داپیرەتدا، لە قەرەباڵغترین کاتی رۆژدا، لەکاتێکدا کە لەپڕ دەرك بەوە دەکەیت قەت پرۆڤەت لەسەر ئەوە نەکردووە بەرەو ناو ترافیك پێچ بکەیتەوە. لە ساڵی ١٩٨٩ش بە ئەنجامی کارەساتباری چاوەڕوانکراوەوە ئەمەم کرد. کەمتر لە خولەکێك بەر لەوەی تاقیکردنەوەی شۆفێری بکەم، کاتێك پرسیارم لێکرا بەلای چەپدا پێچ بکەمەوە، لە پشت ئەو ئۆتۆمبێلەی کە لەبەردەمم بوو چاوەڕێم کرد و پاشان جوڵەیەکی زیرەکانەم کرد: کتومت لاسایی کرداری ئەو ئۆتۆمبێلەم کردەوە. بەڵام ئەو (فۆرد موستانگ)ی کە بەدوایەوە بووم چەند چرکەیەك خێراتر لە (هۆندا سیڤیك)ەکەی داپیرەم بە یەکتربڕەکە رەت بوو.

Scanned with CamScanner

لەکاتێکدا کە ئەو ترافیکەکەی سەر ڕێگای بڕی و بەرەو خوارەوەی ڕێگاکە دەڕپەڕی، ڕاستەوخۆ خۆم لە ڕێگای شاحینەیەکی (ماك)ی خێرای ١٨ تەگەریدا بینییەوە.

ڕوخساری واق وڕماوی شۆفێری شاحینەکەم لەیادە کاتێك ستۆپی گرت. تۆڕە نەبوو- کاتی ئەوەشی نەبوو. لەبری ئەمە، تەرکیزی خستبووە سەر خۆپارێزییە هەڵچووەکەی، ئینج بە ئینچی ئامرازی ئیستۆپەکەی بەکاردەهێنا بۆئەوەی بزانێ بڕێکەکانی تا چەند کاریگەرن. لە هەمان کاتدا، بەڕێز (دینکۆ)ی دوو چڵە ئێسقانی تاقیکەرەوەی شۆفێرییەکەم لە سەکنەکەوە دەیقیژاند. ئەمە هاوارێکی کچانەی شۆك، ترس و هەڵچونی دەستەوسانانە بوو لە بینینی ئەو شاحینەیەی کە ڕێك بەرەو ڕووی دەهات. ئەو فایلەی پێش چەند خولەکێك چاوی تێبڕیبوو بەرەو داشبۆردەکە لەدەستی دەرپەڕی، کاتێك قسەیەکی لەدەم دەرچوو کە من تێی نەگەیشتم. وێڕای ئەوەی هۆکاری پشێوییەکە بووم، بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن بێ دەنگ بووم. دواجار، پێشتر شتی وام نەکردبوو. لەوانەیە پێچکردنەوە بەلای چەپدا هەمیشە هەستێکی لەو شێوەیەی بەخشیبێت.

شاحینەکە، پاش ئەوەی بەرەو ناو یەکتربڕەکە خلیسکا و چەند سندوقێکی بارەکەی بەردایەوە ناو جادەکە، چەند پێیەك دوور لە سوچی ڕاستی دەعامیەکەی من وەستا، دەعامی ئۆتۆمبێلەکە بە تەواوی لە سایدەکەی ئەودا بوو. یەکتربڕەکە گیرا و ترافیك بەتەواوی لە هەردوو ئاراستەکەوە وەستا. بەزوویی هاوار و پەنجە ڕاکێشان دەستیپێکرد، بە شێوەیەك لە شێوەکان زیاتر لەبەرانبەر شۆفێری شاحینەکەدا بوو و ئەویش، وەکو هەموو نییویۆرکییە باشەکان هاواری دەکردەوە. من خێرا ڕۆیشتم، تەواو ئاگادار نەبووم لەوەی کە چەندە نزیك بوو لە پێکدادانێکی بەرانبەریەکدا سێ کەس بکوژم. زۆر سەرگەردان بووم کە تێنەگەیشتم لەوەی بۆچی تاقیکەرەوەکە تەنیا ٩٠ چرکە پاش ئەوەی تاقیکردنەوەی شۆفێرییەکە دەستی

Scanned with CamScanner

پێکردبوو پەلەی بوو بگەڕێتەوە بۆ سەنتەری تاقیکردنەوەکە. هاواری کرد لای چەپ، لای راست، لای چەپ. لە شوێنی پارك کردنەکەدا، کە بەڕێز دینکۆ بە دەرپەڕاندنی ئۆتۆمبێلەکە قیژاندی، دواجار بۆم دەرکەوت لە تاقیکردنەوەکە کەوتووم. بۆ چەند هەفتەیەك تا توانیم جارێکی تر تاقیکردنەوەکە بکەمەوە، بەسەرشۆڕی لەناو خێزان و هاوڕێیاندا ژیانم بردە سەر- کە هەموویان بە یەکەم ترایی لە تاقیکردنەوەکە دەرچووبوون.

بەشێوەیەك لە شێوەکان، دووەم جار دەرچووم. کاتێکیش گەیشتمە ماڵەوە، ئاسودە بووم لەوەی هەموو ئەو شتەم تێپەڕاند، براکەم جیای کردمەوە و وتی "دەبێ تۆ فێری لێخوڕینی ئۆتۆمبێلی گێڕ عادی بیت". کە من بەدڵنیاییەوە وەڵامم دایەوە "شتی وا مەحاڵە". گەمژە نەبووم. دوایین شتێك کە دەمویست هەوڵدان بوو بۆ فێربوونی شتێکی تری پەیوەندیدار بە لێخوڕینەوە. (هەوڵدان بۆ فێربوون ئەگەری شکست دەهێنێتەکایەوە). تازەش لە کارەساتێکی تاوانکارانەی نزیکی گەورە هاتبوومەوە سەرخۆ. خوێندکاران هەمیشە زیاتر لە مامۆستاکانیان لەبەردەم مەترسیدان، کە یارمەتیدەرە بۆ روونکردنەوەی رەفتاری لاسارانەی خوێندکاران. ئەوان لە شکست دەترسن، یان لەوەی رەخنەیان لێبگیردرێت و لەبەردەم پۆلدا شەرمەزار ببن، بۆیە ئەوان یەکەم جار مامۆستا رەت دەکەنەوە. مامۆستایانیش، کە هۆکاری رەفتاری زۆرجار تۆتالیتاریانە و شکستخواردووانەیانە، بە شێوەیەکی ناکۆکئامێز، تۆقیون لەوەی خوێندکارەکانیان فەرامۆشیان بکەن. لە حاڵەتی منیشدا، بە زانینی ئەمەی کە ئەو هاوڕێ و پێگەیشتووانەی کە فێر نەبوون چۆن گێڕ عادی لێبخوڕن، نەمدەویست سەرکێشیی بۆ شکستی زیاتر بکەم.

بەڵام ئەو سوور بوو لەسەری. پێی وتم متمانەی پێبکەم. و لە خوارەوە شەقامەکە بەرەو (هۆندا پرێلود ١٩٨٤)ەکەی چووین، کە لەناو ئەوانەی هاوڕێکانماندا جوانترین ئۆتۆمبێلێك بوو. ئەو پرێلودە هەموو ژیانی بوو. ئەو منی

Scanned with CamScanner

خسته شوێنی شۆفێر و سویچەکەی خسته شوێنی سلفەکەوە. ئەی من چیم کرد؟ دەستم برد بۆ دەرگاکە رابکەم. ئەوە شتێکە کە خەریك بیت دەعم بە ئۆتۆمبێلی داپیرەت بکەیت، بەڵام ئەگەر دەعم بە ئۆتۆمبێلی براگەورەکەت بکەیت، بۆ تەواوی ژیانت تەمبێت دەکات. دەستم کرد بە پۆزش هێنانەوە- زۆر سەرقاڵم (درۆ)، ماندووم (درۆ)، پێیەکانم دێشن لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەی پێشووم (درۆیەکی خراپ)- بەڵام بەر لەوەی شتێکی باش بە مێشکمدا بێت، ئەو ئەم وشە بەنرخانەی درکاند: "کلاج هاوڕێتە".

چۆن دەکرێ کلاج هاوڕێم بێت؟ ئەو ئامرازە سەیرەیە کە تەقریبەن کەس لەوانەی دەمناسین سەریان لێدەرنەدەچوو. کلاج هۆکاری ئەوە بوو کە ئەو کوڕانەی هەوڵیاندابوو فێری گێڕ عادی ببن بەناو گەراجی قوتابخانەی ئامادەییدا تەناشیان دەکرد، ئۆتۆمبێلەکانیان لێ دەکوژایەوە لەکاتێکدا کە تەماشاچیەکان پێدەکەنین. کلاج شتێکی ئەهریمەنی بوو، شتێك بۆ لێ ترسان. کلاج هاوڕێم بێت، بێ مانا بوو. چیتر، بەڕێز دینکۆ هاوڕێمە؟ تاقیکردنەوەی داخڵبوونی کۆلێژ هاوڕێمە؟ " پرسیارم کرد "بۆ خاتری خوا تۆ باسی چی دەکەیت؟"

ئەویش وتی "متمانەم پێبکە، کلاج هاوڕێتە. بۆ یارمەتیدانت لەوێیە. ئەگەر گیر بخۆیت، تەنیا تا بنەوە پێی پیا بنێ و کێشەت نابێ. ئەگەر ئەمە بزانیت، فێربوونی گێڕ عادی قورس نیە". بۆ کاتێکی زۆر سەیرم کرد. ئایا ئەمە فێڵێکە؟ بەڵام براکەم ئەمەی نیە. بە تایبەتی بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی. منیش لە شوێنی شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەیدا بم. بۆیە، لەبەر خۆمەوە وتم "باشە، لەوانەیە کلاج هاوڕێم بێت. با بزانین چی روودەدات".

لە ماوەی پاش نیوەڕۆیەکدا، ئیتر من گێڕ عادیم لێدەخوڕی. تەنانەت بە سەلامەتی بەلای چەپدا رووەو ترافیك پێچم کردەوە. من یەکەم کوڕ بووم توانیم ئەمە بکەم و فێر بووم زۆر خۆشم بوێت ئیتر لەو رۆژەوە گێڕ عادی لێدەخوڕم.

Scanned with CamScanner

براکەم چ جادوویەکی هەیە کە مامۆستایانی شۆفێریم نەیانبوو؟ پێش ئەوەی ئەمە هەڵبڕین، دەبێ تاووتوێی ئەوە بکەین کە بۆچی وانەوتنەوە تەقریبەن مەحاڵە و چۆن ئەو شتەی ئەو دەستی کەوتووە دەگمەنە.

بۆچی وانە وتنەوە نزیکی مەحاڵە

من بەگومان لە وانە وتنەوە ئەگەرچی ئەم ئیشە دەکەم بۆ بژێوییەکەم. بۆ هەر مامۆستایەکی باش کە تۆ لە ژیانتدا هەتبووە، بەدەست چەندیانەوە ناڵاندت؟ ئایا دەڵێیت ڕێژەی باش بۆ خراپ ١ بە ٥ بوو؟ ١ بە ١٠ بوو؟ تەنانەت لەو بەسەرهاتەی سەرەوەی مندا، من بە دەست گەورەترین شکستی سێ مانگی ڕێنمایی پرۆفێشناڵی لێخوڕینەوە ناڵاندم، سەرباری ئەوەش کە باوکیشم فێرکەرێکی نیوەکاتیم بوو و هێشتا ئامادەیی تاقیکردنەوەیەکی لێخوڕینی کرداریم تیا نەبوو. یان لەوانەیە شکستم تیایاندا خواردبێت. هەرچۆنێك بێ، زۆربەی هەوڵەکانی وانە وتنەوە شکست دێنن. سەرزەنشتی مامۆستاکان بکە، سەرزەنشتی خوێندکارەکان بکە، یان سەرزەنشتی هەردووکیان بکە، بەڵام زۆربەی هەوڵەکان کەس ڕازی ناکەن.

من بە شێوازی جیا جیا وانەم وتووەتەوە. کۆرسی وەرزی خوێندنی زانکۆ، سێمیناری درێژایی ڕۆژ، وۆرکشۆپی نیوە ڕۆژ، خولی وانەوتنەوەی تایبەت، محازەرە، وانەبێژیی کارمەند لەسەر کارەکەی، تەنانەت وتاری لۆمەکردن لەناو باڕی سەرخۆشەکاندا و دەتوانم بڵێم ئەگەرەکانی فێربوون لە هەر بارودۆخێکدا لاوازە. لە هەر ساتێك لە هەر ژینگەیەکی فێربووندا، کە تیایدا کەسێك "وانە دەڵێتەوە" و کۆمەڵە خەڵکێك "فێر دەبن" گرەو دەکەم کە ٥٪یان خەوتوون و ٢٥٪یان بیر لە سێکس دەکەنەوە. ٣٠٪یەکی تر خەیاڵیان بە تەواوی بۆ لای شتێکی تر دەڕوات. لەو ٤٠٪ەی کە دەمێنێتەوە، هەندێکیان کەوتوونەتە هۆڵێکی هەڵەوە و ئەوانیتر بە مێسج و ئیمەڵ هۆشیان پەرت دەبێت. لەو ڕێژە سەدییە بچوکەی خەڵکیش کە بە ڕاستی هۆشیان لەسەر قسەکانە، چەندیان لەوە تێدەگەن کە مامۆستا دەیڵێت؟

Scanned with CamScanner

چەندیان رۆژی دواتر لەبیریان دەمێنێت؟ و لەوانەش، چەندیان تەنانەت هەوڵ دەدەن ئەوەی فێری بوون لە ژیانیاندا پیادەی بکەن؟

پێویستە هەموو مامۆستا سەرکەوتووەکان ئەو چوار پرسیارە گرنگەی خوارەوە رەچاو بکەن:

-چەندیان تێدەگەن؟

-چەندیان دواتر بیریان دەمێنێت؟

-چەندیان هەوڵ دەدەن وانەکە لە جیهانی واقیعیدا پیادە بکەن؟

-چەندیان سەرکەوتوو دەبن؟

ئەگەر تۆ بکەویتە خۆت بۆ هەوڵی وانە وتنەوە، چ بە شێوەی محازەرات، کۆرس، یان تەنانەت نوسین، ئەوا قورسترین و پروکێنەرترین شتێك کە کەسێك بتوانێ لەگەڵ خەڵکی تردا بیکات، ئەنجام دەدەیت. فیلمی وەکو (دێد پۆوێتس سۆسایەتی)ی ئەکتەر رۆبن ویلیامز یان (ستاند ئەند دیلیڤەر)ی ئەکتەر ئێدوارد جەیمز ئۆلمۆز تەماشا مەکە. ئەم فیلمانە، ئەو نەگبەتی و بێزارییە پیشان نادەن کە لە پۆلەکانی تر رووبانداوە کە تیایاندا مامۆستایانی تاقەتبەر و ساردکەرەوە رۆژ لەدوای رۆژ لەدوای رۆژی تەواو پروکێنەر، خوێندکارانی هۆش پەرتبوو نائومێد دەکەن. نە ئەو هەموو ئەزموونە خراپانەش پیشان دەدەن کە مامۆستایان بەرگەیان گرتووە و بە زەحمەت لێی دەرچوون تا ببنە ئەو مامۆستا زیرەکە (نیمچە خەیاڵی)یانەی کە فیلمەکان بەرجەستەی دەکەن. قەت بیرت لەوە کردووەتەوە بۆچی مامۆستایانی قوتابخانە ئەوەندە بێ تاقەت، ئەوەندە دڵڕەق، ئەوەندە داهێزراون لە ژیاندا؟ ئەوان بەم شێوەیە دەستیان پێنەکردووە. وتنەوەی وانەی هەر شتێك ساڵ لەدوای ساڵ، لەکاتێکدا کە تەماشای ئەوە دەکەیت ژمارەیەکی زۆری قوتابیان کۆشش دەکەن لە وانەکانت تێبگەن، رۆحت دادەخورێنێت و هیچی لێ وەبەر نایەت جگە لەوەی ئەو خۆشەویستییەت بژاکێنێت کە هەر لە سەرەتاوە

Scanned with CamScanner

تۆی خسته ناو پیشەی وانە وتنەوەوە. زۆربەی مامۆستایانی قوتابخانە تەنانەت دەرفەتی ئەوەشیان نیە کە دابهێزرێن: ٥٠٪ی مامۆستایانی قوتابخانە لە ئەمریکا لە پێنج ساڵ زیاتر بەردەوام نابن. لە ئەمریکا، زۆربەی مامۆستایان لەوە کەمتریان دەدرێتێ کە شتێکی زۆر ئەنجام بدەن.

چۆن دەتوانی وانەی هەر شتێك بە هەر کەسێك بڵێیتەوە

شتێکی زۆر خۆشیش لەم رووەوە هەیە: کاتێك کاریگەر بوو، وانەوتنەوە یەکێکە لە ئەزموونە هەرە پڕ پاداشتەکان. بینینی ئەمەی کە ئەو بیرۆکەیەی روونت کردووەتەوە کەسێك تێیدەگات و سەرکەوتووانە پیادەی دەکات، وەکو هیچ خۆشییەکی تر نیە لە ژیاندا. تەنانەت زانینی ئەمەی کە تۆ لە ١٠٠ کەس بە پێنج کەس گەیشتوویت، شایەنی نائومێدیی نەگەیشتنە بە ٩٥ەکەی تر. ئەگەر ئەو رۆژە دەرنەکەوتیتایە، تەنانەت بەو پێنج کەسەش نەدەگەیشتی. لەوانەشە ئەو کەسەش کە پەیدا ئەبوو بۆ وتنەوەی وانەکە ئەگەر تۆی بڕەواندایەتەوە ئەوا تەنیا بە سێ کەس یان هیچ کەس دەگەیشتی. هەندێ جار لە ژیاندا، ٥ لە ١٠٠ لەسەرو ئاساییەوەیە. سەرباری ئەمەش، ئەلتەرناتیڤێك نیە بۆ تەحەدییەکانی وانەوتنەوە- ئەگەر تۆ بتەوێ بیرۆکە و زانین بگەیەنیت، ئەمە تاکە یارییەکە لە گۆڕەپانەکەدا.

وێڕای گومانگەرایی و لێهاتوویشم لە ئاماری بێتامدا، بڕوام وایە کە هەر کەسێك دەتوانێ وانەی هەر شتێك بە هەرکەسێك بڵێتەوە. بەڵام مەبەستم بە مانایەکی دیاریکراوە. ئەگەر تۆ دوو کەسی تا رادەیەك زیرەکی خۆتەرخانکردووت هەبێت، یەکێکیان بایەخ بە وانەوتنەوە بدات و ئەویتریان بیەوێ فێر بێت، ئەوا دەشێ شتێکی گەورە رووبدات. بیر لە ئوستاد و شاگرد، ئامۆژگار و قوتابی بکەرەوە. بۆ فێربوون، ژمارە بچوکەکان براوە دەبن. سەرکەوتنی ئەم شێوازی یەك بە یەکە بەدرێژایی مێژوو سەلمێنراوە. زۆرێك لەوانەی کە بە بلیمەت لە چاو تەمەنی خۆی

Scanned with CamScanner

ناودەبرێن، لەلایەن هاوڕێیەکی خێزان یان دایك و باوکێك فێرکراون (ئەنیشتاین، پیکاسۆ و مۆزارت هەموویان لەم بابەتەن). بەڵێ، ئەوان بەهرەیەکی بێ وێنەی بنچینەییان هەبوو، بەڵام هێشتا لەلایەن خەڵکانێکەوە کە خۆیان تەرخان کردبوو بۆ فێرکردنیان، بەشێوەی تایبەت وانەیان پێ دەوترا. وانەوتنەوە ئینتیمای ئەقڵە و تۆ ناتوانیت ئەمە بەدەست بێنیت ئەگەر پێویست بکات بە ژمارەی گەورە ئیش بکەیت.

ماتماتیکی بنچینەیی پشتگیری ئەو گریمانەیە دەکات. ئەگەر من محازەرە بە ٥٠٠٠ کەس بڵێمەوە، ناتوانم لەبارەی هیچ کامیانەوە بزانم. خەڵکی ستایلی فێربوونی جیاجیایان هەیە و کاتێك من قسە بۆ کۆمەڵە ئامادەبوویەکی ٥٠٠٠ کەسی دەکەم، دەبێ تێکڕای ئەو جیاوازییانە بخەملێنم. دەتوانم گشتاندن بکەم و خەملاندنی باش ئەنجام بدەم، بەڵام من وزەکەم بە سەرتاسەری گروپەکەدا دابەش دەکەم. هەندێ لە وانەبێژان لەم خەملاندنانەدا باشن و چەمکەکانیان لەگەڵ ژمارەی گەورەی خەڵکدا هەماهەنگە. ئەم خۆشبەختە کەمانە لە کۆمیدییەکان و سەرگەرمکەرەکان پێك دێن. بەڵام بەشی زۆری، تەنیا کە ئامادەبووان بچوك و بچوکتر دەبنەوە– ١٠٠، ٥٠، ٥، و لەوانەشە تاکە خوێندکارێك– هێزی راستەقینەی مامۆستا دەردەکەوێت. تۆ دەتوانی کاریگەری بخەیتە سەر گروپێکی ٥٠٠٠ کەسی. دەتوانیت سەریان گەرم بکەیت. دەتوانیت شێوازی نوێ بۆ بیرکردنەوە یان ئایدیای نوێ بۆ لەبەرچاوگرتنیان بخەیتەڕوو، بەڵام ناتوانیت شارەزایەتییان فێر بکەیت یان ئەزموونێکی کەسییان پێبدەیت. براکەم نەیدەتوانی وانەی فێربوونی لێخوڕینی گێڕ عادیم پێ بڵێت ئەگەر وانەی بە ٤,٩٩٩ کەسی تریش بوتایە. زۆر بۆی زەحمەت دەبوو تا لەهەمان کاتدا لە کوشنی سەکنی هەر کام لە ئۆتۆمبێلەکاندا دابنیشێت و تەماشا بکات هەریەکەمان چی دەکەین، چ جای ئەوەی کە ئەو هۆشە تایبەتە بدا بە هەر یەکێك لە ئێمە کە پێویستمانە بۆ فێربوونی شتێکی تازە.

Scanned with CamScanner

بە گروپێکی بچوك، مامۆستایەکی باش دەتوانێ تاووتوێ هەر خوێندکارێك بکات و دەستنیشانی ئەوە بکات چی دەزانێ، چی بەلاوە گرنگە و لە چی دەترسێ. لەسەر بنەمای ئەو زانینە، مامۆستاکە هەندێ گۆڕانکاری دەکات بۆ چاککردنی ئەگەرەکانی سەرخستنی خوێندکارەکانی بەسەر ئەو چوار تەحەدییەی کە پێشتر ریزم کردن. ژمارەیەکی بچوکتری خوێندکاران بۆ مامۆستای ئاسانتر دەکات کە رێبەرێکی وەلامدەرەوەی چالاك بێت، زۆرجار محازەرەدان بۆ کۆمەڵێکی گەورەی ئامادەبووان وا لەسەر وانەبێژی پێویست دەکات کە رستێك وانەی وشك و لەپێشدا پێناسەکراو بڵێتەوە گرنگیش نییە چەند ژمارەیەکی کەمی خوێندکاران تێدەگەن. وانەبێژان زۆر حەز دەکەن بە دەریایەکی ١٠٠ روخساری بڵێن "پرسیارتان هەیە؟"، وەك بڵێی ئەو خەڵکەی کە هەست دەکات تێناگات ئامادەن لەبەردەم ئەوانیتر کە پێدەچێ تێگەیشتبێتن، خۆیان شەرمەزار بکەن. ئەمە گردبوونەوەیەك نیە کە بۆ ئاڵوگۆڕێکی قوڵی یەك بەرانبەر یەك دیزاین کرابێت، کە شتێکی هەمیشە پێویست بووە بۆئەوەی وانەوتنەوە رووبدات.

سێ شت هەن کە براکەم کردی و هەرکەسێك کە هەوڵی وانەوتنەوە بدات دەبێ بیانکات و سەیر نیە کە کردنیان لەگەڵ ژمارەی بچوکی خوێندکاراندا ئاسانترە:

١.چالاك و سەرنجڕاکێشی بکە

٢.بە بەرچاوڕوونییەك دەست پێبکە کە بایەخدانی خوێندکار بجوڵێنێت

٣.خۆت بگونجێنە لەگەڵ چۆنێتی کاردانەوەی خوێندکار بۆ ژمارە یەك و ژمارە دوو.

لایەنە باشەکە ئەمەیە: پیادەکردنی ئەم رێسایانە هەمیشە کاتێکی زیاتری دەوێ. لایەنە خراپەکە ئەمەیە: هەر کاتێك کە بەسەری دەبەیت، ئاکامی هەیە.

چالاك و سەرنجڕاکێش

زۆرجار ئەم وتەیە باس دەکرێت و زۆریش باشە:

Scanned with CamScanner

"دەبیستم و بیرم دەچێتەوە. دەبینم و بیرم دێتەوە. دەیکەم و تێدەگەم".

ئەمە وتەی (کۆنفۆشیۆس)ە، بەڵام وەکو چۆن لەگەڵ زۆر وتەی بەناوبانگدا دێتەوە، زۆرجار لەلایەن خەڵکی تری بەناوبانگەوە –وەکو بێنجامین فرانکلین و ژان پیاژە– وتراوەتەوە کە لەبری ئەمە زۆرجار وتەکە دەدرێتە پاڵ ئەوان. سەیرە کە، سەرباری ئەوەیە کە ئەم ئایدیایە هەزاران ساڵ کۆنە و پشتیوانییەکی تامەزرۆیانەی لەلایەن خەڵکی زیرەکەوە لێدەکرێت، وتاربێژێکی گشتیی کەم ئەم ژیرییە پیادە دەکەن. هۆکارەکەشی ئەمەیە: وانەوتنەوە چەندە قورسە، بەخشینی شت بە ئامادەبووان تا بیکەن، زۆر قورستریشە.

باشترین توێژینەوە لەسەر فێربوون دەڵێت وەرچەرخانی پێویست بریتییە لە گۆڕین لە سەنتەرێتی مامۆستاوە رووەوە مۆدێڵی سەنتەربوونی ژینگە. زۆربەی مامۆستاکان تەرکیز دەخەنەسەر پلانەکانی وانەیان: چی بخرێتە ناو محازەرەکانیان، چ کتێبێکی مەنهەج یان سۆفتوێرێك بەکاربێنن، یان لە ژوورەکەدا لە کوێ بوەستن. مامۆستا سەنتەری گەردوونە. لە بەرانبەردا، باشترین مامۆستایان تەرکیز دەخەنەسەر پێویستییەکانی خوێندکار. ئەوان کۆشش دەکەن بۆ هێنانەکایەی ژینگەیەك کە تیایدا هەموو ئەو پارچانەی خوێندکاران پێویستیانە– ئاسودەیی هەست، ئاسودەیی جەستەیی، سۆراخکاریی فیکری– لەهەمان کاتدا بوونیان هەیە. دەبێ مامۆستا لەسەر رێگاکە لابچێت. لەبری ئەوەی ئەستێرە بێت، زەمینەخۆشکەرێکە کە یارمەتی خوێندکاران دەدات ئەزموون وەرگرن. مامۆستا دەتوانێ لە رێگەی راهێنانەکان، گەمەکان و تەحەدییەکان کە تیایدا رۆڵی پاڵپشت دەبینێت نەك رۆڵی سەرەکی، ئەمە پیادە بکات.

دۆناڵد بلای لە کتێبەکەیدا بەناوی (کەڵکی محازەرەکان چیە؟) ئامۆژگارییەك دەخاتەروو:

Scanned with CamScanner

"ئەگەر دەتەوێ وانەی شارەزایەتییەکی رەفتاری بڵێیتەوە، دەبێت لە یەکێك لە قۆناغەکاندا خوێندکار پیادەی بکات. ئەگەر مەشق بە وەرزشکاران دەکەیت ١٠٠ مەتر رابکەن، دەبێت لە ساتێك لە ساتەکانی ئەو مەشقەدا پراوەی ١٠٠ مەتر راکردن بکەن...لەوانەیە تۆ وا بیر بکەینەوە کە ئەم پرەنسیپە روونە. بەڵێ بۆ خەڵکی ئاسایی وایە. بەڵام ئەمە لەلایەن زۆربەی ئەو خەڵکە زیرەکەی کە سیستەمی پەروەردەییمان بەرهەمی هێناون قوت نادرێت".

بەلای ئەو خەڵکەوە کە ساڵانێکیان بە هەوڵدان بۆ ئەوە بەسەر بردووە کە ببنە وتاربێژی گشتیی مەزن، ئەمە دژە لەگەڵ هەموو ئەو شتەی بڕوابەخۆبوونی بە زەحمەت بەدەستهاتوویان بەرجەستەی دەکات. ئەوان لە کۆششدا بوون کە سەنتەری هۆش و سەرنج پێدان بن و شانازی دەکەن بەو شارەزایەتییە جیاجیایانەی بۆ کردنی ئەم کارە بەدەستیانهێناوە. ئەمەش روونی دەکاتەوە کە بۆچی زۆرێك لە پرۆفیسۆر و ئوستادە مەزنەکان کە وانەبێژی بێ وێنەن، بە جۆرێك لە جۆرەکان مامۆستای کارەساتبارن. کاتێك "خوێندکارەکان"یان تەخەروج دەکەن، نازانن چۆن شتێك کە لە محازەرەکەوە گوێبیستی بوون پیادە بکەن. بە لەبەرچاوگرتنی بلیمەتیی وانەبێژەکە، خوێندکارەکان وایدادەنێن کە خۆیان کێشەکەن و مل دەدەن.

هەموو چارەسەرەکانی ئەم کێشەیە بەوە دەست پێدەکات کە مامۆستا ئاسودەیە بە کردنی هەموو شتێك جگە لە وانەبێژی. یەکێك لە ئەگەرەکان بریتییە لە دروستکردنی راهێنان بۆ خوێندکارەکانت تا شارەزایەتیی دیاریکراو پراوە بکەن، پاشان دابەشیان بکە بۆ گروپی بچوك بچوك بۆئەوەی بتوانن هاریکاری بکەن و ئەو بیرۆکانەی لە محازەرەکاندا روون کراونەتەوە بەسەر ئەو بارودۆخانەدا پیادە بکەن کە هاوشێوەن لەگەڵ ئەوەی لە جیهانی واقیعیدا رووبەڕووی دەبنەوە. براکەم لە چرکەساتی یەکەمەوە شتێکی دروستی ئەنجامدا: ئەو لە شوێنی شۆفێردا داینام.

Scanned with CamScanner

هەر شتێك كە دواتر رووبدەدا دەبووایە لە رێگەی منەوە رووبدات، بە ڕێنمایی ئەو. خەڵكی قەت خەویان لێناكەوێت ئەگەر لە چەقی ئەزموونەكەدا بن.

تەنانەت بە ئامادەبوونی كۆمەڵی گەورە گەورەش، رێگان هەن بۆ بانگهێشتكردنی خەڵكی تا رێگەت بدەن بزانیت كاتێك تێناگەن. لە كتێبە نایابەكەی (كێن بەین)دا بەناوی (باشترین مامۆستایانی كۆلێژ چی دەكەن)، ئەو بەسەرهاتێكی پرۆفیسۆر (دۆناڵد ساری) دەگێڕێتەوە كە پسپۆڕی بیركارییە لە زانكۆی كالیفۆرنیا كە پرەنسیپی ("كێ باكی پێیەتی؟") بەكاردێنێت. لە یەكەم رۆژی دەرسدا، پرۆفیسۆر ساری بە خوێندكارەكانی دەڵێت دەتوانن هەر كاتێك بێت ئەم پرسیارە بكەن و ئەویش ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدات تا رووبی بكاتەوە چۆن هەر شتێكی لێڵ كە باسی دەكات پەیوەندی هەیە بەوەی كە بۆچی هاتوونەتە ناو ئەم كۆرسەوە. ئەگەر تۆ ئامانجت ئەوەیە بایەخدانی خەڵكی بپارێزیت، مۆڵەتیان پێبدە پێت بڵێن كاتێك گرفتی بەردەوامبوونیان لەگەڵتدا بۆ دروست دەبێت و خەریكە دادەبڕێن. وتاربێژێك كە دەیەوێ وانە بڵێتەوە دەبێ ئەم جۆرە پرسیارە وەكو نیشانەیەكی شكست نەبینێت، بەڵكو وەكو دەرفەتێك بەدی بكات. ئەوان زانیاریی هاوكات بەدەست دەخەن لەبارەی ئەمەی كە لانی كەم كەسێك دابڕاوە و ئەگەر كەسێك دابڕابێت، ئەوا لەوانەیە ئەوانتریش هەروا. ئەگەر تۆ رەئی راستەقینەت دەوێ لەبارەی ئەمەی كە چۆن بابەتەكەت باشتر بكەیت، پاش دەرسەكە ئەو كەسە بدۆزەوە و لێكۆڵینەوە بكە: ئایا شێوازێكی تر هەیە بۆئەوەی تێیبگەیەنیت؟ تۆ هیچ لەدەست نادەیت ئەگەر ئەم پرسیارە سادەیەك لە خوێندكارێك بكەیت "چی بكەم بۆئەوەی ئەم وانەیەت بۆ كاریگەرتر بكەم؟"

یەكێك لە تاكتیكەكان بریتییە لەوەی مێشكی ئەندامانی ئامادەبووت نەكتیف بكەیت تەنانەت ئەگەرچی جەستەشیان وا نەبێت. مۆخی ئێمە (دەمارەخانەی ئاوێنەیی)یان تێدایە و هەرچەندە بەتەواوی نازانین ئەمانە چۆن كار دەكەن، ئەمانە

Scanned with CamScanner

کاردانەوە پیشان دەدەن ئەو کاتەی کە خەڵکێك دەبینین شتگەلێك دەکەن کە ئەگەر خۆشمان بمانکردایە ئەوا رێك بەو شێوەیە دەمان کرد. بۆیە کاتێك هەندێ کەس کە تەماشای یاریی کۆتایی یانەکان دەکەن، لەگەڵ جوڵەکانی لێدانی تۆپ و بازدانی گۆڵچی بۆ تۆپەکە، لەگەڵیاندا دووبارەی دەکەنەوە. کاتێك خەڵکی تەماشای یارییەکی فوتبۆڵ دەکەن (یان بکوژێك بە تەورێکەوە)، ئەوا دەمارەخانەکانیان رێك بەو شێوازە تەوژمی دەماری دەگوازێتەوە کە هی کەسی یاریکەر یان کەسی راوەدوونراو لەلایەن تەوربەدەستەکەوە دەیگوازێتەوە. ئەمە دۆزینەوەیەکی شۆك ئاسا بوو بەلای زاناکانەوە، بەڵام ئەمە واتابەخشە ئەگەر مێشکی چالاکیگەرامان لەبەرچاو بگرین. تەنانەت کاتێکیش کە ناچالاکە- بۆ نموونە، لە ریزی پشتەوە هۆڵی محازەرەیەکدا لە تەوەزەلیدا تەپیووە- مێشکمان ئەوەندە تامەزرۆی چالاکبوونە، ئەوا وەڵامی جۆرە دروست و گونجاوەکەی ئەنگێزە دەدەنەوە. دەوترێت حیکایەتبێژە باشەکان ئامادەبووان داگیر دەکەن، لەوانەیە دەمارەخانەکان بەشێك بن لەوەی کە روودەدات. ئەگەر تۆ بەسەرهاتی پەیوەندیدار و مەزن بدۆزێتەوە بۆ گێڕانەوە یان لە کورتە فیلمەکاندا پیشانی بدەیت، ئەوا دەتوانیت وا مۆخی خەڵکی بکەیت بەشێوەیەکی چالاك تەوژمی دەماری بگوازنەوە، تەنانەت ئەگەرچی هەر لەناو ئامادەبوواندا دانیشتبن.

بە بەرچاوڕوونییەکی جێی بایەخ دەست پێبکە.

کێن بەین لە کتێبی (باشترین مامۆستایانی کۆلێژ چی دەکەن) دەڵێت:

"مامۆستایان بەڵگەی ئەوەیان هێناوەتەوە کە خوێندکاران ناتوانن فێربن بیربکەنەوە، شی بکەنەوە، بیروڕا ئاوێتە بکەن و حوکم بدەن تا ئەو کاتەی کە راستییە بنچینەییەکانی رشتەکە "دەزانن". خەڵکی لەم قوتابخانە فیکرییەدا جەختیان لە گەیاندنی زانیاری کردووەتەوە تا ئاستی کردنەدەری هەموو چالاکییەکانی تری وانەوتنەوە. ئەوان بە دەگمەن چاوەڕێی ئەوە لە

Scanned with CamScanner

خوێندکارەکانیان دەکەن کە بیر بکەنەوە (کە وا دادەنرێت پاش ئەو کاتە بێت کە "بابەتەکە فێر بوون"). لە تاقیکردنەوەکانیاندا، ئەم مامۆستایانە زۆرجار بۆ بیرهێنانەوە یان ناسینەوەی سادەی زانیاری (بۆ نموونە لەبارەی تاقیکردنەوەی فرەهەڵبژاردن) بەدواداچوون دەکەن".

ئەگەر لەبری فێربوون لە براکەم، کۆرسێکم لەسەر لێخوڕینی ئۆتۆمبێلی گێڕ عادی وەربگرتایە، وانەبێژەکە فێر دەکردم کە گێڕ عادییەکان چۆن کار دەکەن، مێژووی گێڕ عادی، بۆچی پێنج گێڕیان هەیە، ناوەکانی هەر بەشێکی داشبۆردەکە و هیتر. زۆرجار ئەوەی کە لە قوتابخانە فێرمان دەکرێت، لە روانگەیەکی ئەکادیمی و تیۆریی جیهانەوەیە. مامۆستایان و ئەکادیمییەکان ئەو کەسانەن کە حەز دەکەن دیراسەی شت بکەن، بۆیە بە شێوەیەکی سروشتی هانی خوێندکارانیان دەدەن تا ئەوانیش دیراسەی بکەن، لەوانەش ئەو شتانەی کە بە کردن باشتر فێر دەکرێن نەك سەعی کردن.

تەرکیزخستنەسەر راستییەکان و زانین بۆ مامۆستای ئاسان دەکات تا کۆنترۆڵ هەر بمێنێت و لە چەقی ئەزموونەکەدا بمێنێتەوە. لە واقیعدا، توانای کردنی شتێك تەنیا پەیوەندییەکی سنووورداری هەیە بە بڕی ئەو زانینەی تۆ هەتە. تەنیا لەبەرئەوەی کە مامۆستایەك ناوی هەموو ئەو شتانە دەزانێت بەو مانایە نییە کە ئەمە بەهایەکی بۆ خوێندکارەکە یان ئەو شارەزایەتییە هەیە کە خوێندکارەکە لەوێیە بۆ فێربوونی. ئەگەر کۆرسێکم لەسەر فێربوونی گێڕعادی وەربگرتایە، دوور نەبوو چەند هەفتەیەك پێش چوونە ناو ئۆتۆمبێل بێت، یان چەند مانگێك تا ئەو کاتەی کە تاقیکردنەوەی کۆتایی دەکەم کاتێك دەمتوانی بیسەلمێنم دەزانم چی دەکەم. لەبری ئەمە، لە یەکەم خولەکی رۆژی یەکەمدا، براکەم خستمیە کوشنی شۆفێر و لەوێوە وانەوتنەوەکەی دەستپێکرد.

Scanned with CamScanner

دەستەواژەی "کلاج هاوڕێتە" تاهەتایە لەگەڵمدا دەمێنێتەوە. کاتێك دەنوسم، کاتێك پلانی وۆرکشۆپێك دادەنێم و تەنانەت پێش ئەوەش کە بچمە سەر سەکۆ بۆ پێشکەشکردنی محازەرەیەك، لەبەرخۆمەوە دەیڵێمەوە. ئەمە بیرم دێنێتەوە کە هەمیشە ڕێگەیەك هەیە- ئەگەر ئەو شارەزایە بم کە پێم وایە- بۆ دانانی ڕێچکەیەك بۆ هەر کەسێك بۆ سۆراخکردنی بابەتێك یان شارەزایەتییەك. ئەگەر نەتوانم ئەو ڕێچکەیە دابنێم، لە بابەتەکەم تێناگەم بەو ڕادەیەی کە خودی خۆم پێی وایە.

دۆزینەوە و سادەکردنەوەی بەرچاوڕوونییەکان پێویستی بە خاکیبوون هەیە، شتێك کە بە دەگمەن هی شارەزاکان و وتاربێژانی گشتییە. مەعریفەی بەزەحمەت دەستکەوتووت لە مێشکی خۆتدا بهێڵەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا بیرت بێت کە هەستێکی چۆنت هەبوو کە تەواو تازەکار بیت. بەدەستهێنانی ئەو هاوسەنگییە، دەگمەنە، بەڵام هەر ئەو شتەیە کە مامۆستایەکی مەزن دەخاتەوە. دیارە کە براکەم بە شێوازی پڕ زەحمەتی کۆن فێری بەکارهێنانی گیڕ عادی بووە. لەبری گواستنەوەی ئەو نەگبەتییە بۆ من، لەبری پیادەکردنی ئەو ناڕەحەتییە بەسەر مندا کە سروتێکە دەبێ هەموو شۆفێرەکان بەرگەی بگرن، نەگبەتییەکەی خۆی کردە دڵخۆشی و گەشانەوەی من. وانەوتنەوە کردارێکی هاوخەمانەیە. کردارێك کە سەرلێشێوان دەگۆڕێت بۆ ڕوونی، خراپ دەکاتە چاك. کاتێك بە باشی جێبەجێکرا و بەرچاوڕوونییەکان نەك تەنیا لەلایەن مامۆستاکانەوە بەڵکو لەلایەن خوێندکارانیشەوە ئەزموون کرا، دەبێ هەر کەسە هەستێکی خۆشی هەبێ لەوەی کە ڕوویدا. سەیرە کە ئەمەی ئەزموونی فێربوون شتێکی خۆشیبەخش بێت، لە ڕۆژێك لە سیستەمەکاندا دەگمەنە.

Scanned with CamScanner

خۆت بگونجێنە لەگەڵ چۆنێتی وەڵامدانەوەی خوێندکاران

ئەگەر ئەو کاتەی سواری ئۆتۆمبێلەکەی براکەم دەبووم، بمقیژاندایە، دەبووایە چی بکات؟ ئەگەر وەکو زۆرێك لە وتاربێژەکان رەفتاری بکردایە، ئەوا لەسەر وانەکەی بەردەوام دەبوو، قسەت گرفتەکەمی نەدەخوێندەوە. خەڵکی لە محازەرەکاندا خەو دەیانباتەوە یان لە بۆشاییەوە رادەمێنن، بەڵام وتاربێژان هەر لەسەر رێڕەوی بەردەوام دەبن. ئەوان دەتوانن لەگەڵدا ئەو دۆخەدا هەڵبکەن، چونکە محازەرەکان ئەزموونێکی ناچالاکن بۆ ئامادەبووان.

بەڵام ئەگەر تۆ پەیڕەویی ئامۆژگاریی من بکەیت و پرۆسەی فێربوون بۆ خوێندکارەکانت چالاك بکەیت، ئەوا بە جۆرێك لە جۆرەکان وەڵام دەدەنەوە. ئەمەش ئەو کاتەیە کە ئیشە راستەقینەکەت دەست پێدەکات. ئەگەر ئەو بەرچاوڕوونییە زیرەکانەیە گریمانەییەی کە تۆ پێشکەشت کردن بێتاقەتیان بکات، یان لەو رامێنانە تێنەگەن کە تۆ داتڕشتووە، ئەو کاتە چی؟ تەحەدیی وانەوتنەوە دەبێتە چاودێریکردنی خوێندکاران، زانینی چۆنێتی وەڵامدانەوە و هەموارکردن بۆ گونجان لەگەڵ پێویستییەکانیاندا.

تەنانەت لەکاتی محازەرەداندا، ئەم چەمکانە شێوازی ئیشکردنی تۆ دەگۆڕن لەکاتێکدا کە تۆ لەبەردەم هۆڵەکەدا وەستاویت. دەبێ تۆ محازەرەکانت بونیاد بنێیت بۆئەوەی بشێت لە ساتی جیاجیای وتاردانەکاندا پرسیار لە خۆت بکەیت:

-ئایا ئەوان هەنوکە ئەم راستییە یان وانەیە دەزانن؟

-ئایا پێویستیان بەوەیە کە ئەم خاڵە بە شێوازێکی جیاواز روون بکەمەوە؟

-ئایا ئەوان بە زانیاریی رووپۆش بوون و پێویستیان بە ناوبڕێك یان پێکەنینێك هەیە؟

-ئایا زۆر لە خۆیان رادەبینن و پێویستیان بە تەحەدییەك هەیە؟

Scanned with CamScanner

تەنانەت ئەگەرچی نەتوانیت ئەو شتانەش بخەیتە ناو پلانەکەتەوە، هیچ شتێك رێگەت ناگرێت لە پرسیارکردن لە ئامادەبووانیت، چەند رۆژێك پاش محازەرەکە (چ لە رێکەی رێکخەری کۆڕەوە یان لە رێگەی کاغەزێکی بەشداریکردن لە محازەرەکەتدا کە تیایدا تۆ ئیمەیڵەکانیان کۆ دەکەیتەوە):

-ئایا ئێستا کە دەچنەوە سەر کارەکانیان هیچ پرسیارێکی نوێیان هەیە؟

-ئایا هیچ لەو شتانەیان بەکارهێنا کە تۆ وتت؟ چی رووویدا؟

-لەبەرئەوەی دەچنەوە سەر کارەکانیان یان ناو ژیانیان، ئایا ئێستا بابەتێك هەیە کەهیواداربوون بپرژێیتە سەری؟

-ئایا دەتوانن رێگاگەلێك بخەنەڕوو بۆئەوەی ئەو ئەزموونەی لەگەڵ تۆ هەیانبوو چالاکتر و سەرنجڕاکێشتری بکەن؟

ئەگەر تۆ سۆراخی ئەو ئاماژگارییە بکەیت، بۆت دەردەکەوێت وانەوتنەوە بە باشی ئەستەمە بەبێ فێربوونی شتێك بە درێژایی رێگایەکە. مامۆستایانی باش ئەوەندەی قسە دەکەن گوێش دەگرن، بابەتەکەیان لەسەر بنەمای ئەوەی کە دەیبیستن چاك دەکەن و تاووتوێ ئەوە دەکەن ئاخۆ ئەو کاریگەرییانەی هەبووە کە هیواداربوون هەیبێ. مامۆستایەکی بێ تاقەت رێك ئەو کەسەیە کە بیری چووەتەوە دەبێ بەردەوامبێ لە دۆزینەوەی رێگاگەلێك بۆ فێربوون لە خوێندکارەکانیەوە، تەنانەت ئەگەرچی تەنیا فێربوونی ئەوە بێت لە کوێ وەکو مامۆستا نائومێدی کردوون.

Scanned with CamScanner

بەشی دەیەم

دانپیانانەکان

ئەگەر دەتەوێ بزانی وتاربێژێك چەندە باشە، تەماشای بکە کاتێك هەمان محازەرە دوو جار پێشکەش دەکات. من توێژینەوەم لە وتاربێژان و کۆمیدییەکان کردووە و روونە کە هەمان رۆتین سەدان جار ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی بە رێکی و دروستی ئەنجامی بدەن. ئەگەر دەتەوێ نهێنییەکانی هەر کەسێکی سەر تەختەی شانۆ بزانی، نمایش یان ئەدائەکەی دوو جار ببینە. پاشان بۆت دەردەکەوێ کە ئەو شتەی سازکراو دیارە بە راستی وایە. دەتەوێ ببینی ئاخۆ ئەو نوکتە سازکراوەی کردم شتێکی تایبەت بوو یان بەشێك بوو لە رۆتینی ستاندارد؟ بێگومان ئەگەر دووجار بمبینیت ئەمە دەزانیت.

پێشتر پرسیارەکەی تۆم بیستووە. ئەگەر لە بابەتەکەم بزانم، ئەگەری هەیە کە پرسیارەکەتم لەبەرچاو گرتبێت یان پێشتر لێم کراوە. کێشەکە ئەوەیە کە ناتوانم هەموو پرسیارانە وەلام بدەمەوە کە لەوانەیە بابەتەکەم بیخاتەڕوو. ئەمە شتێکی پرۆکێنەر دەبێت لەبەر چەند هۆکارێك کە لە سەرەتای کتێبەکەدا خرانەڕوو. بۆ سێیەم یان چوارەم جار کە محازەرەیەکم پێشکەش کردووە، ٧٠٪ی ئەو پرسیارانە گوێبیست بوومەتەوە کە لەوانەیە لەسەر بابەتەکە گوێبیستیان بم. بەلام هەموو پرسیارەکان پرسیاری باشن. لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا لەبەرئەوەی پێشتر بیستوومن

Scanned with CamScanner

بەو مانایە نیە کە وەڵامێکی مەزنم پێیە بۆیان، کەواتە من لە فێربووندام گرنگ نیە چەند جار کردوومە.

گرفتم هەیە لە بەرقەرارکردنی پەیوەندیی بینایی لەگەڵ هاوڕێیاندا. من ئاسودەم لە وتاردان بۆ قەرەباڵغی، بەڵام ئەگەر لە ماوەی وتاردانێکدا هاوڕێیانم ببینم، مێشکم دەیەوێ سوعبەتیان لەگەڵ بکات، لەگەڵ ئەوەشدا، غەریزەکانم دەزانن کە ئەمە ئارەزووگەرایانە دەبێ. حەز دەکەم هاوڕێیانم بێنە محازەرەکانمەوە، بەڵام کاتێك دەیانبینم بەشێك لە من سڕ دەبێت. تەواو دڵنیا نیم بۆ. لەوانەیە پێتان وابێت تاوەکو ئێستا ئەمەم چارە کردبێ، بەڵام وا نیە.

نیوەی کاتەکە تۆ هەنوکە ئەوە دەزانیت کە پێویستە بیزانیت. هەندێ جار خەڵکانی ئامادەبووی وتارەکانم بەشی زۆری ئەوە دەزانن کە دەیزانم. لەم حاڵەتانەدا، بەهای من بریتییە لەوەی ئایدیایەکی کۆنیان بیر بێنمەوە یان بیخەمە ناو کۆنتێکست (سیاق)ێکی نوێوە. دەزانم کە پێویست ناکات ئایدیای رەسەنم هەبن بۆ ئەوەی بەهام هەبێت. زۆرجار بەها لە شتێکدایە کە پێش ئەوەی بە شێوازێکی جیاواز بوترێتەوە، وتراوە، یان کەسێکی نوێ دەیڵێت کە لە توانایدایە ئەو راستییانە بڵێت کە شارەزا و بەناوداچووەکان نایتوانن. زۆرجار بیستنی پەیامێك لە نەناسراوێك قورسایی زیاتری هەیە بە بەراورد بە تیمێکی بەناوداچووانی شارەزا. بەڵام ناتوانم ئەمە بڵێم. ئەگەر بڵێم من بە ئەنقەست ئەو شتانەتان پێ دەڵێم کە پێشتر بیستووتانە لەبەرئەوەی پێویستە جارێکی تر بیبیستنەوە، ئەوا ئەمە زۆرخۆبەزلزانانە دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا، دەزانم کە ئەو ئایدیا کۆنانەی کە بەباشی دەخرێنەڕوو هێزێکی بێ وێنەیان دەبێ لە جیهانێکدا کە تیایدا هەر کەسە مێشکی پڕ بووە لە شتی نوێ.

گۆڕان تەنیا ئەو کاتە رووەدات کە کەسێك شتێکی جیاواز دەکات، کە محازەرەیەك نایتوانێت. زۆرجار من بۆ ئیلهامبەخشین و بۆئەوەی کە لەبارەی

Scanned with CamScanner

ئەوەی چۆن نوێسازییە مەزنەکان هاتنەبوون بەسەرهات بۆ خەڵك بگێڕمەوە، گرێبەستم لەگەڵدا دەکرێت. کێشەی ئیلهابەخشین ئەوەیە کە قورسە لەگەڵتدا هەماهەنگ بێ. ئەوەی کە لە هۆڵی محازەرە خۆشە، لەبەردەم بەڕێوەبەرەکەتدا هەستێکی سەیر و نامۆ ئەبەخشێ. دەبێ کەسێك محازەرە جێ بێڵێت، بگەڕێتەوە ناو جیهانی رۆژانەی و سەرکێشی ئەنجامدانی شتێکی جیاواز بکات بەو شتەی کە فێری بووە. هیچ وتاربێژێك ناتوانێ زامنی رووداني بەمە بکات. هەندێ جار بۆ ئەوە گرێبەستم لەگەڵدا دەکرێ کە وتار بۆ گروپێکی کۆرس بدەم لەکاتێکدا کە ئەو خەڵکەی لە هەمووان زیاتر پێویستیان بەوەیە گوێ بۆ پەیامەکەی من بگرن، لە شوێنێکی ترن. ئەمە خۆشە، بەڵام ئەمە گرفتێکە کە ناتوانم چارەی بکەم، چونکە بە دەگمەن رێ دەکەوێت ئامادەبووانی خۆم هەڵبژێرم.

خراپ بووبم یان باش، هەمان بڕە پارە وەردەگرم. زۆربەی گرێبەستەکانی وتاردان بڕگەیان تێدا نیە پەیوەندی بە ئەدائەوە هەبێت. ئاخۆ کاریسە بم یان بەشێوەیەکی بێ وێنە باش بم، هەمان بڕە پارەم دەدرێتێ. حەزم لەوە نیە. حەز دەکەم کە خراپ بووم پارەی کەم و کە باشیش بووم پارەی زیاترم بدرێتێ. هەروەکو دەردەکەوێ، لە کۆنفرانسەکاندا ئەنگێزەی کەم هەن بۆ نواندنی ئەدا. دەبێ پاداشت هەبێ بۆ باشترین وتاربێژان بە گوێرەی رەئی ئامادەبووان و مەشق پێشنیار بکرێت بۆ ئەوانەی باش نین. تاکە کۆنفرانسێك کە ئاگادارم بە گوێرەی ئەدائیان، پارە دەداتە وتاربێژان (یوزەر ئینتەرفەیس کۆنفرانسە) (□□□).

سێمیناری رۆژی تەواو بۆ مامۆستایان و خوێندکاران نەگبەتییە. زۆربەی توێژینەوەکان وەکو ژینگەی فێربوونی خراپ ئاماژە بە سێمیناری ٩ی بەیانی–٥ی ئێوارە، کات زۆر، کەم ناوبڕ، رۆژی تەواو، دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە هەر ئەو شتەیە خەڵکی لەگەڵیدا راهاتوون، بۆیە هەروایە. توێژینەوەیەك نیە بڵێت تۆ لە پرۆسەی فێرکردنی بەردەوامی هەشت سەعاتیدا زیاتر فێر دەبیت وەك لە شەش

Scanned with CamScanner

سەعاتیدا. لە راستیدا، بەڵگەی پێچەوانەی ئەمە هەیە. کات یەکسان نیە بە چۆنایەتی. ئەگەر تا ئاستێکی زۆر پڕ ئاڵوگۆڕ و کارلێك نەبێ، ناوبڕی ناوبەناوی نەبێ، لەسەر بنەمای بارودۆخەکانی جیهانی واقیعی نەبێ، ئەگەری نیە فێربوون و وەرگرتنی زۆر رووبدات. سێمینارەکانی ٩ی بەیانی بۆ ٥ی ئێوارە پڕوکێنەرن، دەبێ ئەنجامی ئەزموونێکی گەورەی وانەوتنەوە هەستێکی وزەبەخش بدات. سێ ماوەی ٩٠ خولەکی یان چوار ماوەی ٦٠ خولەکی، بە ناوبڕی زۆرەوە، رێگای پەسەندی منە بۆ بەڕێوەبردنی ئەزموونێکی رۆژی تەواو.

من کەسێکی تەنیایی خوازم. لەکاتێکدا کەیفم لە قسەکردن دێت لەگەڵ خەڵکانی مەشرەب خۆش و دۆستانە، بە تەنیا زۆر دڵخۆشم. بگرە، پێم وایە ئەو خەڵکانەی لەکاتی ئیشەکەیاندا لە چەقی سەرنجلێداندان– وەکو کۆمیدییەکان، مامۆستایان و وانەبێژەکان– لە دەرەوەی تەختەی شانۆ و سەکۆدا بەشێوەی تێکڕایی هێمنترن.

ئەوان، وەکو من، لەکاتی ئیشکردندا بەشی زۆری وزەی کۆمەڵایەتییان دەردەدەن. ئەگەر تۆش بۆچوونێکی جێ سەرنجت هەبێ، زۆر پێبکەنیت و بوتڵێك شەرابی خۆش بێنیت، خۆشحاڵ دەبم لەگەڵتا بدوێم. بەڵام هەموو شتەکان یەکسانن، من لەگەڵ کتێبێکی باش و دیدێکی جوان زۆر دڵخۆشم.

من هەموو ئەو شتانە دەبینم کە دەیانکەیت. دەزانم ئەو کاتەی کە سەیری لاپتۆپەکەت دەکەیت. دەزانم کە یاری بە مۆبایلەکەت دەکەیت. دەتوانم بزانم کە بەدرێژایی کاتەکە سەیری کوێ دەکەیت. لە هۆڵێکی باشدا کە ریزی کورسییەکان بەرزبوونەتەوە، دەزانم چەند جوتە چاو لەسەر منن. نامەوێ تۆ ئەمە بزانیت. پێویستم بە رەئیە لەسەر ئەوەی ئەدائم چۆنە. بەڵام دەتوانم بزانم کێ گوێ دەگرێت، کێ خەیاڵی دەڕوات، کێ ئەو شتە وەردەگرێ کە دەیڵێم و کێ پێی وایە دەبەنگم. تەنانەت زۆرجار دەتوانم پێشبینی ئەوە بکەم کێ یەکەم پرسیار دەکات،

Scanned with CamScanner

کێ دەیەوێ بێتە پێشەوە بۆئەوەی قسەم لەگەڵ بکات بەڵام زۆر شەرمنە و کێ هیوادارە هەر نەهاتبووایە.

گرنگ نیە چەندە رقت لەم کتێبەیە یان حەزت لێیەتی، لەوانە نیە ببیتە وتاربێژێکی گشتیی باش. لەوانەیە ریکلامی ئەم کتێبە بەڵێنی ئەوەی پێدابیت دەبیتە وتاردەرێکی باشتر ئەگەر بیخوێنیتەوە. پێم وایە ئەمە راستە بە مەرجێك: پرۆڤە بکەیت (کە دەزانم زۆربەتان نایکەن). زۆربەی خەڵکی تەمەڵن. منیش تەمەڵم. وای بۆدەچم تۆش تەمبەڵ بیت. هەمیشە کەموکورتیی وتاربێژانی گشتیی باش لەئارادا دەبێ لە جیهاندا، گرنگ نیە چەندە زۆر کتێب هەن لەسەر بابەتەکە. ئەمە شارەزایەتی ئەدائە و ئەدائیش واتە پرۆڤە- و ئەمە هۆکارێکە وای کرد لەنوسینی ئەم کتێبە نەترسم.

هەندێ جار وتار بۆ کۆماندۆ ئەدەم. ئیمتیازێك هەیە لە زانینی شتێك کە ئامادەبووان نایزانن، بە مەرجێك ئەو ئیمتیازە- هەرچەندە پوچە- بمهێنێتە پێکەنین. لەوانەیە من پێویستم بە چارەسەری زیاتر بێت، بەڵام پێم وایە کردنی شتی بچوکی وەکو ئەمە ژیان خۆش دەکەن. منیش پێدەکەنم، کەواتە ئیش دەڕوات. ئەگەر لەبەرنەکردنی جلی ژێرەوە وات لێناکات پێبکەنیت، کەواتە مەیکە. بەڵام شتێك بدۆزەرەوە کە هەمیشە وات لێدەکات پێبکەنیت. هەرچیەکی وەها کە بیکەم بۆئەوەی خۆشی ببینم، لە بەرژەوەندیی ئامادەبووانداییە، تەنانەت ئەگەرچی نەشزانن بۆچی خۆشی دەبینم. ئەگەرچی نوکتە تایبەتەکەش لەسەر ئەوان بێت، سوودی لێدەبینن.

پێم باشە بۆ ماوەی سەعاتێك پرسیار و وەڵام پێشکەش بکەم نەك محازەرە. ئەمە پێچەوانەی زۆرێك لەو وتاربێژانەیە کە دەیانناسم. پرسیار و وەڵامم پێباشترە چونکە راستەوخۆیە. هەرشتێ دەشێت رووبدات. ناتوانم هەروا رێك بچمە لاپەڕەیەکی تر، دەبێ وەڵام بدەمەوە و بیر بکەمەوە. ئەگەر کۆمەڵە ئامادەبوویەکی

Scanned with CamScanner

زیندووم لەبەردەمدا بێت، یان تەنیا قەرەباڵغییەك بێت کە ئامادەیە پرسیار راستەوخۆ و شێلگیرانە بکات، ئەمە هەمیشە ئەزموونێکی باشە. رقم لە پرسیار و وەڵامی مردووە چونکە نەك تەنیا من بێتاقەت دەبم، بەڵکو ئامادەبووانیش هەروا. پرسیار و وەڵامی مەزن، لەیادنەچوو، جوڵێنەر و زۆربەی ئەو توخمانەی تێدایە کە خەڵکی هیوای بۆ دەخوازن کاتێك دێنە کۆڕ و بۆنە راستەوخۆکانەوە. بەڵام زۆرێك لە خەڵکی داوای بەرنامەیەك دەکەن. هەست دەکەن فێڵیان لێکراوە کاتێك تەنیا پرسیار و وەڵام بێت. ئەمە بەو مانایەیە کە پێشکەشکردنی محازەرە پێویستە دان و ستانێك بێت لە رازیکردنی ئەو خەڵکەی کە دەیانەوێ بەشێوەیەکی ناچالاك گوێ لە محازەرە بگرن و جوڵاندنی ئەوانە کە دەیانەوێ بێنە ناو بابەتەکەوە و بیکەنە وتوێژێکی دڵرفێنی گەورە.

من یەکێکم لە خراپترین خوێندکارەکانی جیهان. رقم لە محازەرەیە. زۆر قورسە بۆم کە دانیشم و گوێ لە یەکێك بگرم کە محازەرە پێشکەش دەکات. ئەگەر وتاربێژێکی باش ببینم، ئەوا پێم باشترە کە بچم لاپەڕە ئینتەرنێتییەکەی بخوێنمەوە یان کتێبەکەی بکڕم نەك ئەمەی کە گوێ لە تەواوی وتارەکەی بگرم. پێم باشترە قاوەی بۆ بکڕم یان ئاڵوگۆڕی ئیمەیڵ بکەین کە تیایدا اتصال دوولایەنەیە. ئەگەر نەتوانم ئەمە بکەم، ئەوا پێم باشترە بچمە هۆڵەکە و وتوێژ لەگەڵ کەسێکی تر ئەنجام بدەم، لە دەرەوە لەسەر فریزەکە دانیشم و سەیری هەورەکان بکەم، یان پیاسەیەك بکەم، هەموو ئەو شتە ئەکتیڤانەی کە تیایاندا ئەقڵم دەتوانێ کارلێك بکات یان سەربەست بێت لە ڕامان. ناکۆکئامێزیی ئەمە تەواو بە سەرگەرمکەر دەبینم: من وتاربێژێکم کە بەشێوەیەکی سەرەکی گوێگرتنی لە وتاربێژی پێ باشتر نیە.

هۆش پێدان شتەکان خۆش دەکات. ئەگەر من هیچ نهێنییەکم هەبێ بۆ سەرگەرمکەرێتی، ئەوەیە کە من توێژینەوەی دەستەڕیی شانۆییم کردووە. لەوێوە

Scanned with CamScanner

فێربووم کە چۆن ببینم و چۆن گوێ بگرم. گاڵتە و گەپ و پوونبینی لە هۆشپێدانەوە دێن نەك لە بەهرەیەکی تایبەتەوە. پاش ئەوەی من توێژینەوەم لە دەستەڕی شانۆیی کرد، شارەزایەتییەکانی وتاردانم بەشێوەیەکی دراماتیکی بەرەو باشی چوون و دیدم بۆ ژیان گۆڕانی بەسەرداهات. ناتوانم زۆر پێداگری بکەم لەوەی کە کۆرسێکی دەستەڕیی شانۆیی بخوێنیت.

دروستکردنی پەیوەندی هەموو شتێکە. ئەمە یەکجار زۆر ئامۆژگاریکەرانەیە، بەڵام ئارەزوومەندانی دانایی ئەرکیانە شت بگێڕنەوە و ئاڵوگۆڕ بکەن. (ئی ئێم فۆرستەر) دەنوسێت "تەنیا پەیوەندی بەرقەرار بکە!...تەنیا پەخشان و سۆز رابەڵ بکە و هەردووکیان ستایش دەکرێن و خۆشەویستی مرۆیی لە بەرزترین بەرزاییەکانیدا دەبینرێ". خۆشویستنی ئایدیاکان خۆشویستنی دروستکردنی پەیوەندییە. هەربۆیە ئەو خەڵکانەی ئەوانیتر دەدەنە بەر لێزمەی مەعریفە، بە راستییە زانستییەکان ترس دروست دەکەن، مانا نیازکراوەکان دەشێوێنن و نموونەکانیان بژار دەکەن، رق لێهەڵگرتنیان ئاسانە. ئەمانە لەدژی بەرەوپێشچوونیان ئیش دەکەن. "تەنیا پەیوەندی" ئامۆژگارییەکی گەورەیە. ئەگەر نەزانیت لە رێگەی وشەکانتەوە پەیوەندی لەگەڵ چیدا بەرقەرار دەکەیت، ئەوا زۆر لەوە خۆپەرستتریت کە درکی پێدەکەیت.

ئاسانترین رێگا بۆئەوەی جێ سەرنج بیت، راستگۆبوونتە. خەڵکی بە دەگمەن ئەوە دەردەبڕن کە بە راستی هەستی پێدەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە ئەو شتەیە خەڵکی لە هەموو شتێك زیاتر ئارەزووی دەکەن. ئەگەر تۆ راستییەك بڵێیت کە زۆربەی خەڵکی لە وتنی دەترسن، ئەوا تۆ پاڵەوانیت. ئەگەر تۆ راستگۆ بیت، ئەنانەت ئەگەر خەڵکی ناکۆك بن، ئەوا سەرنجیان رادەکێشیت و لە گوێگرتنت بەردەوام دەبن. دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا یان بە جوڵاندنی بایەخدانیان بە ئایدیاکانت یان بە پیشاندانی ئەمەی کە تۆ چەندە بایەخیان

Scanned with CamScanner

پێـدەدەیت، دەسـت پێـدەکات. چـەندە راسـتگۆتر بیـت، هـەردووکیان خێراتـر رووەدەدەن. ئـەو رەئیـەی کـە زۆربـەی وتاربێـژان پێویـستیان پێیـەتی ئەمەیـە "راستگۆتر بە". واز لە خۆ شاردنەوە و خۆدەرخستنەوە بێنە و تەنیا راستی بڵێ.

ئەگەر کەیفت بە ئایدیاکان دێت، قسەکردن و نوسین دەرەنجامی سروشتین. تۆ لەبەرئـەوەی یـان قـسەیان کـردووە یـان نوسـیوویانە لـەبارەی بیرمەنـدانی مـەزنی مێژووەوە دەزانیت. یان کەسێك بە مۆڵەت یان بێ مۆڵـەتی ئـەوان نوسـیویەتی یـان قسەی کردووە لەبارەی ئەو شتانەی کە کردوویانە. هیوادارم رۆژێـك لـە رۆژان بیمـە بیرمەندێکی گەورە و دەزانم رێگـا بـەرەو ئەمـە قـسەکردن یـان نوسـینە. دەربـڕینی ئایدیاکان زۆرجار تاکە رێگەیە بـۆ تێگەیـشتنی تـەواو لـەوەی کـۆ ئایـدیاکان چـین و زانینی ئەمەی کە بە راستی بیری لێدەکەیتەوە چیە. دەربڕین، فێربوون لە رەخنەی ئـەوانیترەوە ئاسـان دەکـات و مـن دڵخۆشـم بـەوەی کـە گەمـژە دەربکـەوم ئەگـەر لەبەرانبەردا شتێك فێر بم کە بە هیچ رێگەیەکی تر فێری نـەدەبووم. مـن بـە هـەموو جۆرە ئایدیایەکی جۆرەهـا بـواری جیاجیـا سەرسـامم. مـن بـە شـێوەیەکی شـێتانە سوپاسـگوزارم کـە بـژێویم وەکـو قاچاغـچییەکی ئایـدیاکان دەسـت دەکـەوێت. هیواداریشم لە تەواوی پاشماوەی ژیانمدا بتوانم هەر ئەمە بکەم.

Scanned with CamScanner

تێبینییەکانی پشت پەردە

ئەو شتە بچوکانەی شارەزاکان دەیکەن

کاتێك تۆ بۆ بژێویت شتێکی قورس ئەنجام دەدەیت، شتە بچوکەکان جیاوازیی گەورە دروست دەکەن. هەر ئیمتیازێکی جێ متمانە کە دەتوانم بەدەستی بێنم، ئەوەیانە کە هەمیشە بەدەستی دێنم. بە درێژایی ساڵانێك، بەسەر ئەوانەدا هاتووم کە دەشێ بۆ هەر کەسێك یارمەتیدەر بن، بەدەر لەوەی کە چەندە وتار دەدەیت. هەندێکیان پێویستیان بە یارمەتییە لەو شوێنەوەی قسەی تیادا دەکەیت، بەڵام زۆربەیان تەنیا پێویستیان بە گەیشتنەجێی زوو و هەندێ کاتی زیادەیە.

مۆنیتەری دڵنیایی

بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵە ئامادەبوویەکدا، دەبێ ئەوەندەی دەکرێ پەیوەندیی بینایی بەرقەرار بکەم. بەڵام ئەمە تەحەدییە کاتێك لاپەڕەکانم لە پشت منەوە لەسەر شاشە پیشان دەدرێن. بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە ئامادەبووان ئەوە دەبینن کە پێم وایە دەیبینن، دەبێ بە شێوەیەکی ئاسایی خۆم وەریگێڕم و بڕوانمە شاشەکە یان لە پشت مینبەرەکە بمێنمەوە و چەندایەتی جوڵە و کارلێکم لەگەڵ ئامادەبووانـدا سـنووردار بکـەم. رێگەچارە بریتییە لەوەی کە پێی دەوترێت (مۆنیتەری دڵنیایی). ئەمە لە پێشەوەی تەختەی شانۆدا دادەنرێ و رێك ئەوەم پیشان دەدا کە لەسەر شاشە گەورەکە دیارە کە ئیمتیازێکی گەورەیە. سەیری وێنەکە بکە.

Scanned with CamScanner



پێش هەموو شتێك پێویست ناكات رووم وەرگێڕم بۆ بینینی ئەوەی كە چی لەسەر لاپەڕەكانم هەیە، ئەمە رێگرە لە هەڵەی تازەكارانەی پشتكردنە ئامادەبووان. دووەم، دەتوانم سیلەچاوم بەكاربێنم بۆ جەختكردنەوە لەوەی كە چوون لە لاپەڕەكەوە بۆ لاپەڕەیەكی دی جێبەجێ بووە بەبێ روانینی راستەوخۆ لە شاشەكە. بە ریمۆت كۆنترۆڵێك، دەتوانم تەقریبەن لە هەر شوێنێك بم كە دەمەوێ و لە گەرمەی قسەكردنمدا، بەبێ ئەوەی هەستی پێبكرێت لاپەڕەك هەڵدەمەوە. پاوەرپۆینت و كینۆت هەردووكیان تایبەتمەندیی وتاردانیان هەیە كە دەتوانن وا لە مۆنیتەری دڵنیایی بكەن كە نەك تەنیا لاپەڕە هەنوكەییەكە بەڵكو وێنەی بچوكی لاپەڕەیەكی تر و تەنانەت هەر تێبینییەكیش پیشان بدات كە ئامادەت كردووە.

Scanned with CamScanner

سەعاتی هەژمارکردنی پێچەوانە

قورسە لەکاتی وتاردانـدا سۆراخی کـات بکـەیت. لەهەمانکاتـدا شـتی یـەکجار زۆر هەیە کە بیر خۆتی بهێنیتەوە لەوەی کە چێکی کات بکەیت و ئەوە بخـەملێنیت کـە چەندت کات ماوە لەکاتێکدا کە وتار ئـەدەیت. لەبـەر ئـەم هۆکـارە، زۆرجـار کـۆڕە گەورەکان زۆرجار سەعاتێکی هەژمارکردنی پێچەوانە لەپێشەوە لە نزیـك مۆنیتـەری دڵنیایی دادەنێن. هەندێ لـەم سـەعاتانە بەهـەمان شـێوە سـێ گلۆپیـان لەسـەرە– سوور، زەرد و سەوز– بـۆ زانـینی ئەمـەی کـە چـەندە کـات مـاوە. سـەوز چـۆنێتی دەستپێکردنتە، زەرد پیشانی دەدات کە چوار پێنج خولەکت مـاوە و سـوور مانـای ئەوەی کە کات تەواو بووە. تـۆ پێویـستت بـە تـەکنۆلۆژیای سەرسـوڕهێن نییـە بـۆ ئەنجامدانی ئەمە. رێکخەرە باشەکان بە پێی گونجاوی، نیـشانەی کاغـەزین پیـشان دەدەن کە لێ نوسراوە "١٠ خولەك"، "٥ خولەك" و "کۆتایی پێبێنـە". بێگومـان، وتاربێژان دەتوانن خۆیان ئەمە جێبەجێ بکەن ئەگەر ریمۆت کۆنترۆڵێکی دروستیان پێ بێت.

ریمۆت کۆنترۆڵ

ناوبەناو، وتاربێژێك دەبینیت کە ئەوەندە بێ ئاگایان لە بـەهای ریمـۆت کـۆنترۆڵ کە لە چەقی تەختەی شانۆکەوە بەرەو مینبەرەکە دێت و دەچێت، تـەنیا لـە پێنـاو هەڵدانـەوەی لاپەڕەکانیـدا. ئەمـە پێـی دەوترێـت "بازنـەی مـەرگی لاپـەڕە"، ئـەو بازنەیەی کە بەهۆی هەر چوون و گەڕانەوەیەکی وتاربێژ دروست دەبێ. مـن جارێـك لە جاران لەو کەسانە بووم. رقم لە کۆنترۆڵ دەبووەوە، چونکە پێم وابوو تـەنیا بـۆ خۆدەرخستنن، فرۆشیارە ساختەچیەکان بەکاری دێنن. بەڵام بە تێپەڕبوونی ساڵان بۆم دەرکەوت کە ئیشکردن بەبێ ریمۆت کۆنترۆڵ زۆر گەمژانەیە. بـەبێ کۆنترۆڵێـك،

Scanned with CamScanner

دەبووایە هەرکاتێك کە دەمویست لاپەڕەکانم شتێك بکەن، ماوسەکە یان کیبۆرد بدۆزمەوە و لەو کاتەدا، تەرکیزم لەسەر ئامادەبوونمەوە دەچووە سەر کەلوپەلەکانم. هەرکاتێك سەرنج بخەمەسەر کەل و پەلەکانم نەك پەیامەکەم، هەڵە دەکەم. بە درێژایی ٢٠ بۆ ٣٠ لاپەڕە، دەشێ کاری زیادەی دروستکردنی چکەی دەبەنگانەی نەویستراوی ماوس، هەر ڕەوگەیەك کە تاوەکو ئەو ساتە بە زەحمەت بونیادم ناوە بکوژێت.

هەبوونی کۆنترۆڵ لەناو دەستتدا سەربەستییەکی تەواوت پێ دەبەخشێت. تۆ دەتوانیت هەرچیەك دەتەوێ هەر کاتێك بێ بیکەیت– بە سەر سەکۆیەکەدا بێیت و بچیت، بچیتە ناو قەرەباڵغییەکەوە، لە پشت مینبەرەکەوە بوەستیت یان چەند بیرۆکەیەك لە ریزی دواوەوە بخەیتەڕوو (بەڵام هەمیشە لای ستاف تەکنیکی جەخت بکەرەوە، بۆ نموونە لەوەی کە مایکرۆفۆنە وایەرلێسەکان ئیش دەکەن ئەگەر سەکۆیەکە جێ بێڵیت). تەنانەت ئەگەرچی تۆ ئەو شتانەش نەکەیت، جەستەت دەزانێت کە دەتوانیت و سنووربەندییەکی تری نابێت کە نیگەرانی بێ. ریمۆت کۆنترۆڵەکان بە ٢٠–٤٠ دۆلارن. بۆ دانەیەکت نەبێت؟

شت لابە بۆئەوەی ریزی پێشەوە پڕ بکەیتەوە

ریزی پێشەوە لە محازەرەکاندا وەکو دوورگەی بەرمودا وایە. کەس ناوێرێت لەوێ دابنیشێت لەترسی ئەوەی بەشێوەیەکی شەرمەزارکەرانە سەری بکرێتەسەر یان نەتوانێ رابکات. بەڵام هەروەکو لە بەشی چوارەمدا باس کراوە، من قەرەباڵغییەکی چڕم دەوێت، دەبێ لەو شوێنەش کە منی لێم خڕ بووبێتنەوە، واتە لە نزیك سەکۆیەکە. ئەمە بەو مانایەیە کە ریزێکی پێشەوەی پڕ لە بەرژەوەندی مندایە. من زۆرجار کتێب لەگەڵ خۆمدا دێنم بۆئەوەی لە پرسیار و وەڵامەکاندا بیانبەخشمەوە، بەڵام ئەگەر ریزی پێشەوە بەتاڵ بێت، کتێبی بەلاش پێشکەشی هەر کەسێك دەکەم کە ئامادەبێت بێتە پێشەوە. ئەمەش هەمیشە کاریگەری دەبێ،

Scanned with CamScanner

زۆرجار سەرگەرمییە بۆئەوانەی کە لەوە تەمەڵترن کە بجوڵێن و ئامادەبووان کەمتر وەکو هەڕەشەیەك لەبەرانبەرمدا بەدیار دەخات. (سەرسەختترین، ترسناکترین خەڵك کەمتر زیانبەخش دەردەکەون کاتێك بەدوای شتی بەلاشدا وێڵن). چەندەی نیگەران بم لە پێشکەشکردنی وتارێك، ئەوەندە ئەگەری زیاترە کە کتێب لەگەڵ خۆمدا بێنم. (وێنەی دواتر من بە بەستەیەك لە کتێبەوە پیشان دەدات).



ئەگەر تۆ خۆت کتێبت نیە، هیچ شتێك ڕێگریت لێناکات لەوەی ئەو کتێبە باشانە بکڕیت کە کەسێکی تر نوسیونی لەبارەی ئەو بابەتەی کە تۆ وتاری لەسەر پێشکەش دەکەیت و ئەمانە ببەخشیتەوە (١٠٠ دۆلار پارەیەکی باش خەرجکراوە ئەگەر شڵەژانت کەم بکاتەوە و قەرەباڵغیەکە شل و نەرم بکات). کاریگەرییەکە هەر هەمان شت دەبێت. نەچیت زبڵ و زاڵ ببەخشیتەوە. ئەگەر شتی هەرزانبەهای وەها پێشکەش بکەیت کە کەس نایەوێت، ریزی پێشەوەت بە بەتاڵی دەمێنێتەوە و تۆ بە

Scanned with CamScanner

دەست تەپۆلکەیەك لە شتی نەویستراوەوە گیر دەخۆیت کە تەنانەت ناتوانرێ بشبەخشرێنەوە.

مایکرۆفۆنەکەت بشارەوە (و قەمیسی یەخەدار بکەرە بەرت)

زۆربەی کۆرەکان مایکرۆفۆنی وایەرلێس بەکاردێنن، کە پێویستی بە قردێلەیەکی یەخە هەیە. من ئارەزوومەندی جل و بەرگی کەشخە نیم بۆ محازەرەدان (رێگای باشتر هەن بۆ پیشاندانی رێز بۆ ئامادەبووان)، بەڵام قەمیسی ئاسایی باشترین، جێ متمانەترین شێوازن بۆ پێوەبەستنی ئەو مایکرۆفۆنانە. لەسەر بلوز یان تی شێرتێك، مایکی قردێلە قوماشەکە دێنێتەوە یەك کە بەئاسانی تێبینی دەکرێت. ئامانجی مایکی وایەرلێس ئەوەیە کە ئەوەندەی بکرێ شاراوە بێت.

بۆ ئاسانکردنی ئەمە، دەبێت هەمیشە وایەری مایکرۆفۆنەکە بخەیتەژێر قەمیسەکەوە لەبری ئەوەی کە رێگە بدەیت لە سەرەوەڕا بێت و بچێ. ئەمەش لەبەر دوو هۆکار. کە هەروا لە دەرەوە بیهێڵیتەوە خراپ دیارە و هۆش پەرتکەرە. دووەم، ئەگەر تۆ بە دەستەکانت قسە بکەیت، وەکو من، ئەو وایەرە جوڵاوەیە تەنیا گرفت دروست دەکات. لە کاتی خستنەڕووی بیرۆکەیەکدا، من پەنجەی ئەسپێ کوژەم بەر وایەرەکە کەوتووە و مایکرۆفۆنەکەم بردووە بە هەوادا و بووەتەهۆی ئەوەی ژاوەژاوێکی بەرزی هەراسانکەر لە بڵندگۆکەوە دروست بکات. لە وێنەی دواتردا جیاوازییەکە بەدی بکە.

Scanned with CamScanner



پێویستمان بە باجە قێزەونەکان نیە

ئەگەر تۆ لەسەر تەختەی شانۆ بیت، دەتوانی گریمانەی ئەوە بکەیت کە پێویستت بە باجێك نیە ناوی خۆتی لەسەر نوسرابێت. خەڵکی دەزانن کە تۆ کێیت. تۆ ئەو کەسەی کە مایکرۆفۆنەکەت لایە. کۆڕ رێکخەرە باشەکان درك بەمە دەکەن بەرلەوەی وتاربێژەکان بچن و بیریان بێننەوە کە ئەو باجە لابەن.

مینبەر لە بەرانبەر سەکۆدا

ئەمە سکاڵایەکە لەناو جۆرەکانی شانۆدا، بەڵام سەکۆ ئەو شتەیە کە لەسەری دەوەستیت. مینبەر ئەوەیە کە لە پشتی دەوەستیت. ئەگەر دەتەوێ هاوڕێیانی وتاربێژی گشتیت هەراسان بکەیت، ئاماژەی پێبکە هەرکاتێك کە دەڵێن سەکۆ کاتێك مەبەستیان مینبەرە.

Scanned with CamScanner



کامێراکە رێکبخە

لەم رۆژگارەدا زۆرێك لە وتاردانەکان بە ڤیدیۆ تۆمار دەکرێن، کە بەو مانایەیە رەنگە ئامادەبووانی راستەقینە ئەو قەرەباڵغییە نەبێ کە لەبەردەمتایە. لەبری ئەمە، ئەمە ئەو خەڵکەیە کە لە مانگ و ساڵانی ئایندەدا لەسەر ئینتەرنێت تەماشات دەکەن. خەڵکێکی زۆر زیاتر لە ئینتەرنێتەوە تەماشای وتارەکانی (تێد)یان کرد وەك لەوەی لە کۆنفرانسەکاندا ئامادەبوون لە کالیفۆرنیا. ئەگەر تۆ زیرەك بیت ئەوا بە باشی مامەڵە لەگەڵ کامێرامانەکەتدا دەکەیت. دەتوان هەر شتێك بکەن بۆئەوەی گەمژە دەبکەویت، بۆیە لەگەڵیاندابە. پرسیار لە ناویان بکە، داوای ئامۆژگارییان بکە و وەکو خەڵك مامەڵەیان لەگەڵدا بکە نەك کارەکەر. کاتێك خۆت ئامادە

Scanned with CamScanner

دەکەیت، بابەتەکەت و لاپەڕەکانت وەها ئامادە بکە کە بینەری ئینتەرنێتیش لەبەرچاو بگریت. زۆرجار ئەو خەڵکەی کە لە ئینتەرێتەوە تەماشا دەکەن، هیچ زانیارییەکیان نیە لەبارەی ئەوەی کە شتەکان بەشێوەی راستەوخۆ چەند باش یان خراپ بوون (زانیاری لە پەخشی ناراستەوخۆ یان قەرەباڵغییەکی سەخت لە ڤیدیۆدا بزر دەبێ، کە بەو مانایەیە لەوانە هەندێ جار لە کاتی واقعیدا شکست بێنیت، بەڵام لە ئینتەرنێتەوە زۆر باش دەربکەویت). کاتێك ستیفن کۆلبێرت لە ئێوارەخوانی رۆژنامەوانیی سەرۆك پێشوو (جۆرج دەبلیو بوش)دا قسەی کرد، کارەسات بوو. هۆڵەکە رقیان لێی داگرت. بەڵام لەسەر ئینتەرنێت ریکۆردێکی گەورەی تۆمار کرد.

چۆن بیرۆکەیەك بخەیتەڕوو

لە رێگەمدا لە نەرویجەوە بەرەو ماڵەوە لە حوزەیرانی رابردوودا، لە فڕۆکەخانەی (دولس)ی نێودەوڵەتی لە واشنتۆن لامدا. بە هەبوونی چەند سەعاتێك بۆ بەفڕۆدان، سەرگێژەکەم لە خۆمدا نەهێشت، لەو تاکە جێگە ئاسودەبەخشەی کە دۆزیمەوە دانیشتم لە نزیك مێزی خزمەتگوزاریی کڕیاری (یونایتد ئێرلاینز). لەناکاو ئەو وتوێژەم کەوتە بەر گوێ کە لە نێوان رێبوارانی تورە و ستاف خزمەتگوزاریی هێڵی ئاسمانی یونایتد ئێرلاینز لە ئارادابوو. هەرچەندە سەرەتا بە دەمەقاڵێکەیان هەراسان ببووم، بە زوویی کەیفم بەو دایالۆگانە هات. هەر دوو خولەك جارێك، درامایەکی تر نمایش دەکرا– رێبوارانی هەراسانکراو داوای شتێکیان دەکرد کە نەیانبوو بەڵام دەیانویست: شوێنی باشتر، خاترگرتن، یان تیکتی ژەمەکان. هەندێ جار ئەوان، پاچ چەند سەعاتێك گیرخواردن لە فڕۆکەخانە، تەنیا هەوڵیان ئەدا بگەڕێنەوە ماڵەوە. پاش چەند سەعاتێك رووبەڕووبوونەوە، درکم بە سێ رێگە کرد کە تیایدا خەڵکەکە کەیسی خۆیان خستەڕوو:

Scanned with CamScanner

١.یونایتد ئێرلاینز لە هەڵەدایە

٢.من تایبەتم و شایستەی شوێنێکم

٣.من تورەم و دەبێ تۆ دڵم رابگریت

ئەگەر ئەرستۆ لەگەڵ من لەم فڕۆکەخانەیەدا گیری بخواردایە، پاش تێڕامان لەوەی کە بۆچی کەسی تر جبەی لەبەردا نیە، ئەوا درکی بەو لیستە دەکرد. ئەو سێ بۆچوونە لەگەڵ ئەوەدا دەگونجێن کە زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر گەلاڵەی کردن بۆ چۆنێتی خستنەڕووی بیرۆکەیەك. لەو رۆژگارەدا، ئەمە پێی دەوترا بەلاغەت: لە هەر کەیسێکی دیاریکراودا، توانای بینینی ئەو ئامرازانەی کە هەن بۆ قایلکردن. زۆربەی خەڵکی لەمڕۆدا تەنیا بەکارهێنانە هەرە سنووردارەکەی وشەکە دەزانن، هەروەکو لەم پرسیارە بەلاغیەدا (پرسیارێك بۆ کاریگەرییەکەی ئاراستە دەکرێ: "پێت وایە دەمەوێ تەواوی رۆژەکە لە فڕۆکەخانەی دوڵس گیر بخۆم؟").

بەڵام دیارە یۆنانییەکان لەمڕۆدا هەموو ئەو تاکتیکانەیان بەکارهێناوە کە ئەمڕۆ لەلایەن پارێزەرانی دادگا، ریکلامە بازرگانییەکان، وتاربێژانی دینی و هەرکەسێکی تر کە هەوڵ دەدات بیرۆکەیەك بخاتەڕووی کەسێکی تر بەکاردەهێنرێن. لە روانگەی بەلاغییەوە، لیستی پێشوو بەم شێوەیەی خوارەوە روون دەکرێتەوە:

١.لۆگۆس: لۆژیك

٢.ئێتۆس: کارەکتەر

٣.پاتۆس: هەست

بە رەچاوکردنی ئەم لیستە، ئەو کۆمەڵە ئامرازە تاقیکراوەت لەبەردەستدایە بۆ خستنەڕووی بیرۆکەیەك. هەر خاڵێك کە دەیخەیتەڕوو، بەسەرهاتێك کە دەیگێڕیتەوە یان پرسیارێك کە ئاراستەی دەکەیت یەکێك لەو سێ بڕگەیە بەکاردەهێنێت و زۆرجار زیاتر لە یەکێك لە هەمان کاتدا. وتارە باشەکان پشت دەبەستن بە وردبوونەوە لەوەی کە کام بۆچوونە باشترین کاریگەری بۆ کۆمەڵە

Scanned with CamScanner

ئامادەبوویەکی دیاریکراو هەیە. بە داخەوە، لەو رۆژەدا لە دولس، گوێم لێ نەبوو هیچ کام لە رێبوارەکان کەیسەکەی بباتەوە. هەموویان رویان وەرگێڕا. هەندێ جار رێگای بردنەوە لە ئارادا نیە، گرنگیش نیە چ تاکتیکێك بەکاردێنیت (لەم رووەشەوە، بەرتیلدانێك هەبوو، ژنێکی گەنج دەستیکرد بە گریان و پیاوێکی کەتەش لە نائومێدیدا کۆڵەپشتەکەی دا بەزەویدا). هەروەکو چۆن هەندێ رۆژ هەیە هەمان شت لەگەڵ لە ئامادەبووانتدا رووەدات، تۆ باشترین بیرۆکەکانت دەخەیتەرو و ئەوان بە دە فلسی قەڵب نایانەوێ.

بەڵام کاتێك بەڵگاندنێك لە وتاردانێکدا کاریگەری دروست دەکات، هەموو پرەنسیپەکان لە بەلاغەتەوە دێن. من ئەو ماوەیەی کە لە ماڵەکەم لە ناوچەی (کوینس)ی نیویۆرك لە گەشەکردندا بووم، بەلاغەتم زانی. ئێمە پێمان نەدەوت بەلاغەت، تەنیا پێمان دەوت نانی ئێوارە. زۆربەی شەوان، لەکاتێکدا کە سەرقاڵی نان خواردن بووین، لەبارەی جەنگی سارد، تیمی (یانکییەکان)، ماناکانی وشە جیاجیاکان و ئەمەی کە سەلامەترین شوێن کوێیە لەکاتی جەنگی ناوکیدا، مشتومڕمان دەکرد. کاتێکیش شت تەواو جەبوو قسەی لەسەر بکەین، مشتومڕمان لەسەر شێوازی جیاجیای مشتومڕکردن دەکرد. باوکم زۆر حەزی لە مشتومڕکردن بوو و بە دەگمەن دانی بەوەدا دەنا کە بەهەڵەداچووە، تاکتیکی بەلاغیی جیاجیای بەکاردەهێنا بۆ خۆرزگارکردنی. ئەمە خێزانەکەمی شێتگیر دەکرد، بەڵام وانەی تەواوی بێ وێنەی بە من بەخشی لەبارەی بەلاغەتی پراکتیکییەوە.

زۆرێك لە دەستەواژە ناسراوەکانی ریکلامی مۆدێرن تەنیا پیادەکردنی سادەی جۆرێك لە بەلاغەتن. دەستەواژەی بەناوبانگی "بەڵام بوەستە، زیاترمان هەیە" کە لە زۆرێك لە ریکلامە بازرگانییەکاندا هەیە، پێی دەوترێت (دیریمێنز کۆپولاتیۆ) کە بە مانای خستنەپاڵێك کە دەپچڕێنێت، وەرگێڕدراوە. فێڵی وەکو وتنی "ئایا تۆ ئەوەندە گەمژەیت؟" کە تەرکیز لەسەر مشتومڕ لادەدات و تەحەدای کارەکتەری

Scanned with CamScanner

کەسەکە دەکات، پێی دەوترێت (ئاد هۆمینێم)، کە بە مانای هێرشکردنەسەر کەس دێت. ئەمە فێڵێکە، چونکە تەنانەت کەسانی گەمژەش دەتوانن جاروبار قسەی زیرەکانە بەکاربێنن و بە پێچەوانەشەوە.

بە داخەوە وتاربێژانی گشتی هەموو کاتێك بەلاغەت بەکاردەبەن. وەستاندنیان لەم کارە قورسە. لەبەرئەوەی ئامادەبووان زۆربەی کات هەر گوێ دەگرن و بە دەگمەن چاوەڕووی ئەوەیان هەیە وتارێك ببڕن، بە هاتنی ئەو کاتەی کە تەواو دەبێ، ئەگەری ئەوە زیاترە بڕۆنەوە ماڵەوە نەك ئەمەی پرسیار لە شتێك بکەن کە پێش ٢٠ خولەك وتراوە. وتاربێژان دەتوانن بە ئەنقەست شت بشێوێنن، گومڕاکەر بن و تەنانەت درۆی شاخداریش بکەن و زۆربەی ئامادەبووان شتێکی وەها ناکەن کە بیانوەستێنن- تەنانەت ئەو خەڵکانەش کە لە وتاربێژەکە زیاتر لەبارەی بەلاغەت یان بابەتەکە دەزانن. زۆرێك لەو بیرۆکانەی کە لە وتارەکاندا دەخرێنە ڕوو بێ بنەمان، فریودەرن یان لە سەرەوە تا خوارەوە هەڵبەستراون. ئەمە شتێکی خەمناکە. پڕکردنەوەی فۆرمەکانی رەئیدان و نوسینی ئیمەیڵ بۆ خەڵکەکە و پرسیار کردن لەوەی چیان وتووە، هەموو ئەو شتەیە کە ئێمە دەتوانین بیکەین.

یەکێك لەو کتێبە هەرە بەکەڵکانەی تاکتیکی بەلاغی کە من تێبینیم کردووە بریتییە لە (سوپاس بۆ مشتومڕکردنت) لەلایەن (جەی هەینریچس) نوسراوە. باشترین سەرچاوەش لەسەر بەلاغەت کە پێشتر قەت لە کتێبێکی وتاردانی گشتیدا نەخراوەتەڕوو، بریتییە لە فیلمی سینەمایی (خانووی ئاژەڵان). دوو وتار دەگرێتەخۆ کە دەبێ هەموو وتاربێژانی گشتی تاووتوێی بکەن. لە یەکەمیاندا (ئۆتەر) بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە وازهێنان لە برایەتییەکەیان یەکسان دەکات بە نائەمریکی بوون و لە دووەمیاندا، بلوتۆ و ئۆتەر گروپە برایەتییە نائومێدبووەکە قەناعەت پێدێنن بەوەی کە ئەوان تەنیا ئەو کەسانەن کە بە راستی شتی پڕوپوچ ئەنجام دەدەن.

Scanned with CamScanner

لەودیو ئەم راسپاردانەوە، بەلاغەت بابەتێکی زۆر لەوە گەورەترە لێرەدا جێگەی بێتەوە، لەبری ئەمە، تاکتیکی سادەتر بۆ خستنەڕووی بیرۆکەکانت دەخەینەڕوو. ئەمەش بە جەختکردنەوە دەستپێدەکات.

ئێستا رستە بێ قافیەیە بە دەنگی بەرز بڵێ:

من بڕوام وایەکە دەبێ لەمڕۆدا هەموو خەڵکی مافی پێکەنینیان هەبێت.

ئەگەر بە دەنگی ئاسایی قسەکردنت بیڵێیت و ئێمە هێڵکاریی ئەوەمان کرد کە تا چ ئاستێك جەختت لەسەر هەر وشەیەکی دیاریکراو کردووەتەوە، ئەوا وەکو لە وێنەکەدا دیارە، لە شێوەی هێڵێکی یەك ئاستی یەکسانی جەختکردنەوە وشەکان دەربڕدراون.



هەر بەو شێوەیەیە کە خەڵکی دەدوێن کاتێك شڵەژاون- هەموو شتێك رێك و هاوتان. تەنانەت ئەگەر بەرزیش بن، هەر وشەیەك بەشێوەیەکی یەکسان بەرزە. لەوانەیە ئەوان خەریکی قسەکردن بن لەبارەی کۆتاییهاتنی سەرسوڕهێنی فیلمێك یان دەرخستنی نهێنیی ئامادەکردنی کۆکاکۆلا، بەڵام وزەی سروشتییان بۆ بابەتەکە لە چۆنێتیی وتنی ئەوەی کە دەیڵێن، ئاراستە ناکرێت.

ئێستا جارێکی تر هەمان رستە بڵێرەوە، بەڵام جەخت بخەرەسەر ئەو وشەیەی کە لەناو کەوانەکەدایە. ئەو وشەیە دووجار بە دەنگی بەرز و دووجاریش بەشێوەی هاوتای وشەکانی تر بڵێرەوە:

من بڕوام وایە کە دەبێ لەمڕۆدا (هەموو) خەڵکی مافی پێکەنینیان هەبێت.

وێنەی هێڵکارییەکەت بەمشێوەیەی خوارەوە دەبێت:

Scanned with CamScanner



تۆ وزە دەخەیتە ناو رستەکەوە و ئەو وزەیە جۆرێکی تری مانا دروست دەکات. تۆ تەنیا بە گۆڕینی جەختکردنەوەیەی دەیخەیتەسەر وشەیەك، دەتوانی ئەو بیرۆکەیەی کە دەیخەیتەڕوو بگۆڕیت. هەوڵ بدە ئەو رستانەی خوارەوە بڵێیتەوە، جارێکی تر جەخت بخەرە سەر ئەو وشانەی لەناو کەوانەکاندا نوسراون، دووجار بەدرێژایی رستەکە و دووجار بە دەنگی بەرز:

– من بڕوام وایە کە دەبێ لەمڕۆدا هەموو خەڵکی مافی پێکەنینیان هەبێت.

– من (بڕوام وایە) کە دەبێ لەمڕۆدا هەموو خەڵکی مافی پێکەنینیان هەبێت.

– من بڕوام وایە کە دەبێ لەمڕۆدا (هەموو) خەڵکی مافی پێکەنینیان هەبێت.

– من بڕوام وایە کە دەبێ لەمڕۆدا هەموو (خەڵکی) مافی پێکەنینیان هەبێت.

– من بڕوام وایە کە (دەبێ) لەمڕۆدا هەموو خەڵکی مافی پێکەنینیان هەبێت.

– من بڕوام وایە کە دەبێ لەمڕۆدا هەموو خەڵکی (مافی) پێکەنینیان هەبێت.

– من بڕوام وایە کە دەبێ لەمڕۆدا هەموو خەڵکی مافی (پێکەنین)یان هەبێت.

– من بڕوام وایە کە دەبێ لەمڕۆدا هەموو خەڵکی مافی پێکەنینیان (هەبێت).

زۆرێك لە وتاربێژان جەختکردنەوە لە گۆڕ دەنێن. یان لێی بێباکن، هەر بەشێوەیەکی رەمەکی بەکاری دەهێنن. ئەوان لەبەرانبەر خستنەکاری وزەدا لەوەی کە چۆن قسە دەکەن، خاڵ بەدەست دێنن، بەڵام شتێکی سەرلێشێوێنەرە کە بۆچی ئەوە ئەکەن کە ئەیکەن. ئەمە باشترە لەوەی کە رێك و راستەوخۆ بیت، بەڵام تا رادەیەکی زۆر نا. ئامانجەکە بریتییە لە بەکارهێنانی جەختکردنەوە بۆ ئاسانیی زۆرترین روونکردنەوەی هەر بیرۆکەیەك.

Scanned with CamScanner

تۆ دەتوانیت گوێ لە وتاربێژێك بگریت و هەر رستەیەك کە دەریدەبڕێت دابەش بکەیت بەسەر ئەو بڕگانەدا کە جەختیان لێدەکاتەوە. ئەو شێوەی جیاوازی جەختکردنەوە بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە دووبارەکردنەوەی وشە، هەڵوەستە، ئاماژەکردن بە دەستەکانی یان تەنانەت قسەکردن بە چرپە. سیستەمێکی تەواوی زانیاری هەیە وتاربێژێکی باش دەیخاتەڕوو کە زۆرێك لە خەڵکی تێبینی ناکەن. ئەمە لە لاپەڕەکاندا نیە. نە لە بیرکردنەوەشدایە. بەڵکو لە گەیاندنی هۆشمەندانەی هەر رستەیەکدایە کە دەیڵێت. وتاربێژە باشەکان رستێك لە شێوازی جەختکردنەوەیان هەیە کە بەدیکردنیان ئاسانە ئەگەر سۆراخیان بکەیت، کە هەر شتێکی تری وتاردانەکەیان باشتر دەکات.

هەرچۆنێك بێت، هەروەکو لە ژیانیشدا هەروایە، ئەو خەڵکەی کە فەرهەنگێکی وشەی گەورەیان هەیە زۆرجار سوورن لەسەر تەڕوبڕ بوون هەر کاتێك پێویست نەبێ. ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر وتاربێژانی گشتی نە مایکرۆفۆن و نە کامێرای ڤیدیۆیان نەبوو. دەبووایە زۆر کاریگەر بن تەنیا بۆئەوەی زۆربەی ئەو خەڵکەی کە تەماشایان دەکەن بتوانن بیانبینن و بیانبیستن. بەڵام ئەمڕۆکە هەرکەسێك کە زۆر دوور دەڕوات، تەنیا ساختە دەردەکەوێت وەك بڵێی خۆیان دەنوێنن نەك وتار بدەن (وتاربێژانی دینی بەدناون بەوەی کە ستایلێکی وتاردان بەکاردێنن کە چیتر پێویست نیە بە لەبەرچاوگرتنی داهێنانی مایکرۆفۆن). زۆرجار لە رادەبەدەر دراماتیك بوون ئامانجی پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکدا دەکوژێت.

بێدەنگبوون بیرۆکەکانت دەخاتەڕوو

زۆربەی خەڵکی کاتێك قسە دەکەن "ئمم" و "ئێی" دەڵێن. ئەمانە پێیان دەوترێت (دەنگە پڕکەرەوەکان) و زۆربەی جار ئەم دەربڕینانە بۆئەوە بەکاردەهێنین تا شوێنی خۆمان لە وتوێژەکاندا پڕ بکەینەوە. تۆ زەمینە بۆ ئەو

Scanned with CamScanner

تۆ دەتوانیت گوێ لە وتاربێژێك بگریت و هەر رستەیەك کە دەریدەبڕێت دابەش بکەیت بەسەر ئەو بڕگانەدا کە جەختیان لێدەکاتەوە. ئەو شێوەی جیاوازی جەختکردنەوە بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە دووبارەکردنەوەی وشە، هەڵوەستە، ئاماژەکردن بە دەستەکانی یان تەنانەت قسەکردن بە چرپە. سیستەمێکی تەواوی زانیاری هەیە وتاربێژێکی باش دەیخاتەڕوو کە زۆرێك لە خەڵکی تێبینی ناکەن. ئەمە لە لاپەڕەکاندا نیە. نە لە بیرکردنەوەشدایە. بەڵکو لە گەیاندنی هۆشمەندانەی هەر رستەیەکدایە کە دەیڵێت. وتاربێژە باشەکان رستێك لە شێوازی جەختکردنەوەیان هەیە کە بەدیکردنیان ئاسانە ئەگەر سۆراخیان بکەیت، کە هەر شتێکی تری وتاردانەکەیان باشتر دەکات.

هەرچۆنێك بێت، هەروەکو لە ژیانیشدا هەروایە، ئەو خەڵکەی کە فەرهەنگێکی وشەی گەورەیان هەیە زۆرجار سوورن لەسەر تەڕوبڕ بوون هەر کاتێك پێویست نەبێ. ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر وتاربێژانی گشتی نە مایکرۆفۆن و نە کامێرای ڤیدیۆیان نەبوو. دەبووایە زۆر کاریگەر بن تەنیا بۆئەوەی زۆربەی ئەو خەڵکەی کە تەماشایان دەکەن بتوانن بیانبینن و بیانبیستن. بەڵام ئەمڕۆکە هەرکەسێك کە زۆر دوور دەڕوات، تەنیا ساختە دەردەکەوێت وەك بڵێی خۆیان دەنوێنن نەك وتار بدەن (وتاربێژانی دینی بەدناون بەوەی کە ستایلێکی وتاردان بەکاردێنن کە چیتر پێویست نیە بە لەبەرچاوگرتنی داهێنانی مایکرۆفۆن). زۆرجار لە رادەبەدەر دراماتیك بوون ئامانجی پەیوەندیکردن لەگەڵ خەڵکدا دەکوژێت.

بێدەنگبوون بیرۆکەکانت دەخاتەڕوو

زۆربەی خەڵکی کاتێك قسە دەکەن "ئمم" و "ئێی" دەڵێن. ئەمانە پێیان دەوترێت (دەنگە پڕکەرەوەکان) و زۆربەی جار ئەم دەربڕینانە بۆئەوە بەکاردەهێنین تا شوێنی خۆمان لە وتوێژەکاندا پڕ بکەینەوە. تۆ زەمینە بۆ ئەو

Scanned with CamScanner

خەڵکەی قسەیان بۆ دەکەیت خۆش دەکەیت تا بزانن تۆ قسەکانت تەواو نەبووە. کاتێك وتاردەدەیت، ئەمە پێویست نیە چونکە تۆ تاکە کەسیت کە مایکرۆفۆنت لایە، لەگەڵ ئەوەشدا هەرچۆنێك بێت ئەمە هەر دەڵێین، زیاتریش لەبەرئەوەی کە ئێمە لە بێدەنگی دەترسین. وەستان لەبەردەم ژوورێکدا کە پڕە لە خەڵك لەکاتێکدا کە هیچ ناکەین، هەستێکی زۆر نامۆ ئەبەخشێ. رێگای ئاسان، ئاسودە و سروشتیش بۆ خۆلادان لەو هەستە ئەوەیە کە قەت رێگە نەدەیت بێدەنگی دروست ببێت- هەر بۆشاییە مردووەکە بە "ئممم" پڕ بکەیتەوە. ئەمە خراپە. هیچ شتێك بەقەدەر نەبوونی بێدەنگی هێزی تۆ ناکوژێت.

بێدەنگی بناغەیەکی وزە لە هۆڵەکەدا بونیاد دەنێت. هەندێ جار کە هۆڵەکە بێدەنگە، خەڵکی هۆشی زیاتر ئەدەن بە بەراورد بەو کاتەی کە قسە دەکەیت (راستییەك کە زۆر کە نایزانن چونکە زۆر خۆیان ماندوو دەکەن تا رێگە لە بێدەنگی بگرن کاتێك دەدوێن). ئەگەر تۆ بە بەردەوامی هەواکە بە قسە پڕ بکەیتەوە، گوێچکەکانی ئەندامانی ئامادەبووان و مێشکیان هەرگیز پشوویەك نادەن. ئەگەر ئەوەی کە دەیڵێیت جێ سەرنج و قایلکەر بێت، پێویستیان بە چەند چرکەساتێك دەبێت لەنێوان رستەکان و بیرۆکەکاندا بۆئەوەی هەرسی بکەن. هەروەها، زۆرێك لە خەڵکی تێبینی دەنووسن، ئەگەر چی لە مێشکی خۆیاندا ئەمە بکەن و بۆ کردنی ئەمەش پێویستیان بە کاتە. پڕکردنەوەی بۆشاییەکە بە (ئممم) رێگر دەبێ لەمە. ئەگەر گوێ لە کۆمیدییە دیارەکان بگریت، ٣٠-٢٠٪ی کاتەکەیان لەبەردەم مایکرۆفۆندا بە بێدەنگی بەسەر دەبەن، زۆرجار تەنیا بۆ ئەوەی رێگە بە ئامادەبووان بدەن پێبکەنن و خۆشی لە دوایین شت کە وتراوە وەربگرن، یان ناوبرێکی هەماهەنگ دابین بکەن بۆ زەمینەسازیی ئەو شتەی دواتر کە دەیڵێن.

زاراوەی تەکنیکی بۆ ئەوەی کە رووەدات کاتێك زانیارییەکی یەکجار زۆر دەدرێتە ئامادەبووان- تەنانەت ئەگەرچی لەشێوەی دەنگە پڕکەرەوەکانیشدا

Scanned with CamScanner

بێت- پێی دەوترێت (دەستێوەردان). کاتێك خاڵی (ئەلف) هێشتا لە مێشکی ئامادەبوواندا دەزرنگێتەوە و تۆ بە خاڵی (ب)وە بەسەریاندا دەدەیت، ئەوا حەتمەن بەشێك لە خاڵی (ئەلف)یان بیر دەچێتەوە. کاتێکیش کە هەوڵ دەدەن لەوە رابمێنن کە هەنوکە لە خاڵی (ب)دا وتت، و تۆ بە وتنی "ئممم"ەوە هێشتا وا پیشانی دەدەیت کە قسە دەکەیت، ئیعازی ئەوەیان پێناگات کە خاڵی (ب) تەواو بووە و دەتوانن هەرسی بکەن.

دۆناڵد ئەی بلای لە کتێبی (کەڵکی محازەرەکان چیە؟) ئەم ئامۆژگارییە دەخاتەڕوو:

"بێدەنگی لەنێوان تێبینییەکانی مامۆستادا بەشێکی گرنگە لە محازەرە. بێدەنگی کات دابین دەکات بۆ جێگیرکردن و بیرکردنەوە. تەوقیتەکانیان پێویستی بە شارەزایەتیی ئەکتەر هەیە. ئەمانە پاش پرسیارە بەلاغییەکان یان ئەو کاتەی کە پرسێك خراوەتەڕوو بەسوودن. بەو مەرجەی کە هۆشیان بەرقەرار بووبێت، لەوانەیە وا پێویست بکات ئەم بێدەنگییانە لە چارەکی سێیەمی محازەرەکەدا درێژتر بن کە تیایدا دەستێوەردان زیاترینە. رەنگە دەستێوەردان هۆکاری سەرەکیی بیرچوونەوە بێت لە محازەرەکاندا، بەتایبەت ئەو کاتەی کە محازەرە زۆر خێرایە".

فێربوونی ئەمەی کە چیتر نەڵێیت "ئمم" تەنیا یەك شتی پێویستە: پرۆڤە. ئەو خەڵکەی کە بەبێ ئەوەی بڵێن "ئمم" قسە دەکەن بەو شێوەیە لەدایك نەبوون. ئەوانیش وایان کردووە و ئیشیان لەسەر ئەوە کردووە کە لەو خووە بێنە دەرەوە. ئەگەر تۆ دڵنیا نیت لەوەی ئاخۆ دەیکەیت یان نایکەیت، ئەوا بە ئەگەرێکی زۆر دەیکەیت. زۆرێك لە سیاسییە بەناوبانگەکان، ئەستێرەکانی هونەر و بەڕێوەبەرانی جێبەجێکار گوێلێگرتنیان قورسە بەهۆی دەنگە پڕکەرەوەکانەوە. ئەم گرفتە ئاسانە، چونکە چارەکردنی، رێگایەکی بێ مەترسیی سادەیە بۆئەوەی هەموو وتاردانەکانت باشتر بکەیت.

Scanned with CamScanner

ئەی ئەگەر وتارەکەدا کارەسات بوو

چ ئەوەی ئەو وتارەی کە ئامادەی دەیکەیت یان ئەوەیان کە پێشتر پێشکەشت کردووە، کارەسات بێ، ئەوا پەیوەندی بەخۆتەوە هەیە.

لەکاتێکدا کە هەندێ لە کتێبەکانی وتاردانی گشتی لیستی درێژی شتە بچوکەکانیان تێدایە، ئەمە لیستی کورتی شتە گەورەکانی منە. ئەگەر وتارێك ببینم کە پێم وابێ خراپە، ئەوا لەبەر یەکێك لەم هۆکارانە یان زیاتری خوارەوەیە.

بۆچی لەوانەیە وتارەکەت خراپ بێت

ئەمە یەکەم جارتە

کەس نایەوێت یەکێکی تازەکار نەشتەرگەری مۆخی بۆ بکات. کاتێك تۆ دەچیتە بەردەمی هۆڵێك، وەکو کەسێك رەفتار مەکە کە قەت پێشتر نەچووەتە بەردەمی هۆڵ، ئەگەرچی بەڕاستیش وابێت. ئەو خەڵکانەی کە بە لاپتۆپەکانیانەوە گیریان خواردووە، سەریان لەوە شێواوە کە کۆنترۆڵەکە چۆن ئیش دەکات، یان ئەو کەسەی کە زۆرترین کات بە سەیرکردنی لاپەڕەکانیەوە بەسەر دەبات لەکاتێکدا کە پشتی کردووەتە ئامادەبووان، پیشانی دەدەن کە یەکەم جاریانە. هیچ ئامادەبوویەك نایەوێ هەست بکات کە کێڵگەی تاقیکردنەوەی تۆیە تا ئەو کاتەی کە بەشێوەیەك لە شێوەکان تاقیکردنەوەکەت سەرگەرمیان دەکات (کە لەوانەیە نەیانکات).

چارە: پرۆڤە بکە تا هەست دەکەیت باشە. هەر شتێك کە پلان بۆ داناوە لە وتاردانەکەتدا، پرۆڤەی لەسەر بکە. ئەگەر بگەیتە لاپتۆپ، کۆنترۆڵ یان پرۆگرامێکی سۆفتوێری نوێ، کاتێکی زووتر تاقییان بکەرەوە. وتاردانێکی مەشق لە هۆڵەکەدا جێبەجێ بکە بۆئەوەی لەگەڵ بۆشاییەکەدا رابێیت. زۆریش خۆت

Scanned with CamScanner

ماندوو بکە لەسەر گواستنەوەکانی نێوان لاپەڕەکان و بیرۆکەکان، چونکە ئەمە زۆرجار ئەو شتانە ناهێڵێت کە وا دەرتدەخەن هەرگیز پێشتر وتارت پێشکەش نەکردووە (بڕوانەی بەشی دوو).

تۆ کیسەڵێکی تریاکیت

کیسەڵەکان خاون. کیسەڵە تریاکییەکانیش هەر خاون، بەڵام بەهەمان شێوە پێشبینی نەکراویشن. ساتمە دەکەن، دەوەستن و چیتر بە هێڵێکی راست ناڕۆن. هەوڵدان بۆ رۆیشتن بەدوای کیسەڵێکی تریاکیدا یەکجار زۆر پڕوکێنەرە. ئەگەر ریتمی وتاردانەکەت ناڕوون بێت یان دڵنیا نەبیت بەرەو چ ئاراستەیەك رێ دەکەیت، ئەوا تۆ کیسەڵێکی تریاکیت.

چارە: ریتمێك دابین بکە کە ئامادەبووان بتوانن بەدوایدا بڕۆن. با ریتمێکی یەکڕەنگ، سادە و پێناسەکراوت هەبێت. کاتەکەت بەسەر ژمارەی ئەو بیرۆکانەدا دابەش بکە کە دەتەوێ بیانخەیتەڕوو و کاتێکی یەکسان بۆ هەریەکەیان تەرخان بکە. دەشتوانیت هەر بیرۆکەیەك بۆ خاڵی لاوەکی دابەش بکەیت کە بەهەمان شێوە دەبێ ریتیمی سادە و روونیان هەبێ بۆ سۆراخکردن. لیستە ١٠ خاڵییە سەرەکییەکان و پرسیارە زۆر ئاراستەکراوەکان، رێکخستنی ئاسانن بۆ بەکارهێنان، چونکەی ریتیمی سروشتی بۆ وتارەکەت دەهێننەکایەوە (بڕوانە بەشی شەشەم). کەس تۆ تەوقیت ناکات، بۆیە ئەگەر هەندێ لە بیرۆکەکان پێویستیان بەوە بێ کە درێژتر بن، ئەوا ئاسایی. تەنیا ئەوە بزانە کە ریتمەکەت نەك تەنیا بۆ خۆت بەڵکو بۆ ئامادەبووانیشت روونە.

تەومژاوییوونی بەلاغەتی شکاوی دوولایەنە !

خەڵکی حەز دەکەن زیرەك دەربکەون. حەز دەکەین گەورەترین ئەو وشانە بڵێین کە دەیانزانین و ئاڵۆزترین زاراوەکان بەکاربێنین. بەکارهێنانی ئەمانە وامان

Scanned with CamScanner

لێدەکان هەست بکەین زیاترین. کاتێکیش بەهۆی کۆمەڵە ئامادەبوویەك دەترسین، هەروەکو زۆرێك لە پرۆفیسۆر و شارەزاکان بە رووونی وەهان، زیاتربوون وەکو باشترین بەرگری دەردەکەوێت. کێشەکە ئەوەیە کە حەز ناکات هەست بکات گەمژەیە. بۆ هەر رێگایەکی راشکاو و رووونی وتن، ١٠ ملیۆن رێگای تەمومژاوی و خراپ هەیە. ئەگەر تۆ یەکێك لەو ١٠ ملیۆنە هەڵبژێریت، ئەوا گرنگ نیە وات لێدەکات چەندە شانازی بە خۆت بکەیت کە تەمومژاویت، وا لە ئامادەبووانت دەکەیت خەیاڵ رۆیشتنیان دەست پێبکات. ئێستا وتارەکە لەبارەی ترستەوە لە خستنەڕووی بیرۆکەیەکی رووون، نەك ئەزموونی ئامادەبووان. نابێ ئیشە قورسەکە لە ملی ئەوان بێ، دەبێ لە ملی تۆ بێ. تۆ بۆ ئەوە لەوێیت کە شت بڵێیت، قایل بکەیت، وانە بڵێیتەوە و ئەمە بەو مانایەیە کە دەبێ قەڵغانەکانی بەرگری لابەیت، رووون بیر بکەیتەوە و لەو ئاستەدا بیت کە ئامادەبووان دەیانەوێ.

چارە: بیرۆکەکانت رووون بکەرەوە. رێگای سادە و رووون بدۆزەرەوە بۆ خستنەڕووی بیرۆکەکانت. ئەگەر تۆ فیزیاناسێکی کوانتەم بیت یان ١٢ دکتۆرات هەبێ، لەوانەیە بەڵگاندن و وردەکارییەکانت زۆر ئاڵۆز بن. بەڵام دڵنیایت لەوەی کە هەر یەکێك لە ئامادەبووانیشت ١٢ دکتۆرایان هەیە؟ دەزانی بۆ لەناو ئامادەبووانداں و هیوادارن چی فێر بن؟ ئەگەر تۆ بۆئەوە قسە دەکەیت کە خزمەتی ئامادەبووانت بکەیت نەك خۆت، دەبێ هەر بیرۆکەیەك کە دەیخەیتەڕوو زۆربەی ئامادەبووانی هۆڵەکە تێیبگەن. لەوانەیە لەگەڵ بیرۆکەکانتدا کۆك نەبن و لەوانەیە جیاوازی بچوك تێبینی نەك، بەڵام دەبێ شتێکی کەم لە سەرگەردانی هەبێ لەبارەی بیرۆکەکانتەوە (بڕوانە بەشی ٥). ستیفن هۆکینگ لانی کەم هەوڵیدا لە (کورتەیەك لە مێژووی کات)دا هەموو شتێك رووون بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی کەمی خەڵك توانیان لە بەشی دووەم رەت ببن. ئەگەر ئەو بەهایەك ببینێت لە رووونکردنەوە بۆ ئەقڵە بچوکترەکان، تۆش دەتوانیت.

Scanned with CamScanner

تۆ سێکس دەکەیتە شتێکی تاقەتبەر

زۆربەمان زۆر حەزمان لە سێکسە. ئەمە راستییەکی سروشتییە، چونکە ئێمە سەر پێشینانی ئەو خەڵکەین کە پێویست بووە سێکس بکەن بۆئەوەی بمانگەیەننە ئێرە. ئەمە یەکێکە لەو ئەنگێزە هەرە بەرایییانەی کە ئێمە هەمانە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا دەشێت وتارێك لەبارەی سێکسەوە تاقەتبەر بێت. هەر کەسێك دەتوانێت بابەتێك بکوژێت لە رێگەی قسەکردنی یەك ئاوازی، سارد دەرکەوتن، هێنانەوەی نموونەی بێ تام و رەفتارکردن وەك ئەوەی کە باکی نیە بەوەی کە دەیڵێت. ئەگەر تۆ پرچۆش و خرۆش نەبیت لەبارەی پەیامەکەتەوە، چۆن چاوەڕێ دەکەیت ئامادەبووانت وەها بن؟

چارە: هەر لەسەرەتاوە گۆشەنیگایەکی جێ سەرنج بگرەبەر. ئەگەر تۆ بابەت یان بۆچوونەکە هەڵبژێریت، شتێکی جێ سەرنج هەڵبژێرە. هەڵوێستێك بگرەبەر، گۆشەنیگایەك بخەرەناو تایتڵەکەوە و با گەشە بکات بۆ ئەو بیرۆکانەی دەیانخەیتەڕوو. تەنانەت ئەگەرچی بابەتەکەت تەنیا سەرنجی خۆت رادەکێشێت، ئەگەر تۆ سۆزەکەت بەباشی دەربڕیت، ئامادەبووان دەیانەوێ تەنیا لەبەر تامەزرۆییەکەت لەگەڵتا بمێننەوە (بڕوانە بەشی ٦).

لاپەڕەکانت وام لێدەکەن رقم لێت بێتەوە

لاپەڕەکان مەترسیدارن. رێگای زۆر هەیە بۆئەوەی ئامادەبووان بە لاپەڕەکانت هەراسان بکەیت. لاپەڕە درێژو، لێوانلێو، سەرلێشێوێنەرەکان باون وێڕای ئەوەی کە چەند مەعریفەی کەمیش دەگەیەنن و چەند هۆشی وتاربێژان پەرت دەکەن لە خستنەڕووی بیرۆکەکانیان. زۆر جۆری زانیاری هەن کە ناتوانرێ لە وتارێکدا بخرێنەڕوو.

Scanned with CamScanner

ئێمە دۆکیومێنت، راپۆرت، وێبسایت و فیلمی سینەماییمان بۆ هۆکاری باش هەیە. کەس نایەوێ تکێستێکی ١٠ خاڵی لەسەر شاشەی پیشاندان بخوێنێتەوە. کەس نایەوێ هەڵوەستە و لێکدانەوە بکات بۆ ئەو هێڵکارییە داپاگرامە پەنجا بڕگەییەی دروستت کردووە. ئەمە ئامرازێکی هەڵەیە. ئەگەر لاپەڕەکان جەوهەری و روونترین، سادەترین رێگا نەبن بۆ خستنەڕووی بیرۆکەکەت (کە تەقریبەن هیچ کاتێك وا نین)، ژمارەیەکی کەمتریان بەکاربێنە. ئەگەر نیشانە یان وێنە یان هەر شتێکی تری ناو لاپەڕەکانت پاڵپشتی بیرۆکەکەت ناکات، ئەوا کاتی ئامادەبووانتی بەفێڕۆ داوە.

چارە: لەناو پاوەرپۆینتەکەدا دەست پێمەکە، بە بیرکردنەوە لەبارەی ئامادەبووانت و تێگەیشتنیان دەست پێبکە. وێنە و شتی بینراو بەکاربێنە بۆ پاڵپشتیی ئەو بیرۆکانەی کە دەتەوێ بیانخەیتەڕوو. ئەگەر تۆ بۆئەوەی نەترسیت تێبینی بخەیتەناو لاپەڕەکانتەوە، بە جۆرێك تیایاندا دابنێ کە کاریگەری خراپ نەکاتە سەر ئامادەبووان. یان لەبری ئەمە، پوختەیەك دابنێ کە لە وتارەکەتدا دەردەکەوێ، یان کۆمەڵە تێبینییەکی سادە لەگەڵ خۆتدا بێنە سەر سەکۆیەکە (بڕوانە بەشی ٥).

تۆ لە قەرەباڵغی دەترسیت

ئێمە هۆکاری باشمان هەیە بۆ ترسان لە ئامادەبووان. بەڵام ئەگەر ترس ئەو شتە سەرەکییە بێت کە تۆ لە کاتی قسەکردندا هەستی پێدەکەیت، ئەوا ئامادەبووان خۆشی نابینن یان هیچ فێر نابن. چاوتروکانت، خۆشاردنەوە لە پشت مینبەر و خێرا هاتن و چوون لەسەر سەکۆیەکە، هەمووی دەریدەخات کە تۆ لە ئامادەبووان دەترسیت، کە زیاتر وایان لێدەکات تەماشات نەکەن.

Scanned with CamScanner

چارە: رێگەیەك بدۆزەرەوە بۆئەوەی خۆشی ببینیت. شتی دیاری لەگەڵ خۆتدا بێنە بۆئەوەی ئامادەبووان گەرم و گوڕ بکەیت لەگەڵ خۆتدا و هەندێ بزەی ئاسانت دەست کەوێ کە لەوانەیە یارمەتیدەرت بێت بۆئەوەی ئارام بگریت. زوو لەوێ ئامادە ببە بۆئەوەی بتوانیت بە هەندێ لە ئامادەبووان ئاشنا ببیت، ئەمەش ترسێنەرێتییان کەم دەکاتەوە. ئەو بابەتانە هەڵبژێرە کە حەزت لێیانە، بۆئەوەی خۆشیی گێڕانەوە و باسکردنی لەگەڵ ئەوانیتردا وزەیەکی پۆزەتیڤت پێبدات بۆ پارسەنگدانەوەی ئەو ترسە سروشتییەی کە هەستی پێدەکەیت.

لیستی مام ناوەندی شتە بچوکەکان

ئەمانە بە دڵنیاییەوە شتی بچوکن، بەڵام خەڵکی رازیکردنیان قورسە. ئەگەر تۆ زۆر شتی بێزارکەر بکەیت و خەڵکی پێی بزانن، ئەوا لەوانەیە هۆشیان لە هەموو ئەو شتە باشانە پەرت بکات کە دەیانکەیت. کەس هەرگیز ئەو شتانەی بە تەواوی بنەبڕ نەکردووە، هەر بۆیە منیش ئەم لیستە دێنمە بەرباس. ئەگەر هەر شتێکی تر بە باشی بەڕێوەبڕوات، ئەوا لەبارەی ئەو شتانەوە زۆر نیگەران مەبە. بەڵام ئەگەر دەتەوێ لێهاتوو دەربکەویت و خۆت لەوە لابدەیت کە لەبەر هۆکاری رووکەش خەڵکی پەی بە پەیامەکەت نەبەن، ئەم لیستە بۆ تۆیە.

هیچ رێگایەك نیە بۆ تێبینی کردنی ئەو شتە بێزارکەرانە تا ئەو کاتەی کە سەیری ڤیدیۆ تۆمارکراوەکەی خۆت نەکەیت یان کەسێك نەبێت کە سۆراخی ئەو شتانە بکات لەکاتێکدا کە تۆ وتار دەدەیت.

-ئەم و ئێمە. ئەمانە شوێنگرەوەی زارەکین. کاتێك بەشێوەیەکی رەمەکی دەدوێیت مانایان هەیە، بەڵام کاتێك بۆ ئامادەبووانێك قسە دەکەیت، بێزارکەرن. دەتوانیت بەوەی کە تەنیا لە بێدەنگیدا هەڵوەستە بکەیت، خووەکە کۆنترۆڵ بکەیت. سەرەتا شتێکی شڵەژێنەرە کە لە هۆڵێکی بێدەنگدا لەبەردەم مینبەر

Scanned with CamScanner

بوەستیت، بەڵام جۆرێکی نوێی هێز دروست دەکات کە بەلاشە و هاتنی لە هەر کاتێکدا ئاسانە. کاتێك هۆڵەکە بێدەنگە، هەموو چاوەکان بۆ سەر تۆ دەگەڕێنەوە.

-هۆش پەرتکەرەکان و جوڵە خۆنەویستەکان. لەوانەیە ئەو ئاماژە بچوکانەی کە دووبارەیان دەکەیتەوە هۆش پەرتکەر بن. ئەگەر تۆ بەردەوام بیت لە دەستهێنان بە لوتتدا یان دەستت بخەیتە ناو و دەرەوەی گیرفانت، ئەمە دواجار هۆش لەسەر ئەوەی کە دەیڵێیت پەرت دەکات. جوڵەی خۆنەویستی من، چەندەی سەیریش دیارە، خوراندنی دووەم پەراسووی لای راستمە. کەمێك لەو وتارانەم وردبنەوە کاتێك قسە دەکەم، و ٣٠٪ی کاتەکە تێبینی ئەمە دەکەیت. نازانم بۆ وا دەکەم (رەنگە هێشتا جیناتی مەیمونی شەمپانزی لە مندا مابێت). ئێستا کەمتر لە پێشوو ئەمە دەکە، بەڵام هەندێ جار هەر دەیکەم.

-پشتکردنە ئامادەبووان. دەبێ هەمیشە خۆت بپارێزیت لە پیشاندانی پشتت بە ئامادەبووان. ئەگەر پێویستت بەوەیە سەیری لاپەڕەکانت بکەیت لەسەر شاشەکە، لە گۆشەیەکەوە ئەمە بکە بۆئەوەی ئامادەبووان هێشتا رووخسارت ببینن. ئەمەش هۆکارێکە بۆئەوەی کە مۆنیتەرەکانی دڵنیایی گرنگن.

-دووبارەکردنەوە. هەر یەکێك لە ئێمە دەستەواژەی خوازراوی هەیە کە زۆر بەکاریدەهێنێت، وەکو وتنی "دواجار..."، "هەربۆیە..." یان "لێرەدا..." بۆ ناساندنی هەر لاپەڕەك. هەمیشە رێگای جێگرەوە هەیە بۆ وتنی هەمان شت، بەڵام دەبێ یەکەم جار تێبینی ئەوە بکەیت کە کام دەستەواژانەن زیاد لە پێویست پشتیان پێ دەبەستیت.

-نەبوونی پەیوەندی بینایی. چاوەکانت کوان؟ وتاربێژە تازەکارەکان، سەیری پێڵاوەکانیان دەکەن، تەواوی ٦٠ خولەکەکە دەڕوانن هەمان کەس، یان چاو دەبڕنە هەوا. لانی کەم بڕوانە پشتەوەی قەرەباڵغییەکە بۆئەوەی ئامادەبووان وابزانن تۆ دەڕوانیتە کەسێکی تر. دۆخی نموونەیی ئەوەیە کە لە کاتی جیاجیادا بڕوانیتە

Scanned with CamScanner

بەشی جیاجیای هۆڵەکە، ئەوەندەش زۆر بخایەنێ کە سروشتی دیار بێ، تەنانەت ئەگەرچی هەرگیز بە تەواوی ئەو هەستە نەبەخشێ.

-ناتاسودەیی. هەندێ لە خەڵکی بەوە زۆر ئاسودەن کە دەستەکانیان لە گیرفانیاندا بێت. بەڵام زۆربەیان نا، کەواتە چی؟ هەر کەسە بەشێوەی جیاواز ئاسودەیی ئەزموون دەکات. ناوەرۆکی مەسەلەکە ئەوەیە کە دەبێ بایی پێویست سروشتی دیار بیت کە خەڵکی بتوانن تەرکیز بخەنەسەر ئەوەی کە دەیڵێیت و دڵخۆش دیار بیت بەوەی کە لەوێیت. ئەگەر بە بەردەوامی سەرنج بخەیتەسەر ئەو سوراحیە ئاوەی کە لەسەر مینبەرەکە دانراوە لە ترسی ئەوەی کە نەکەوێ، ئەوا ناتاسودە دیار دەبیت. کەواتە، لایبە. قات لەبەر مەکە ئەگەر ئەمە دڵتەنگت دەکات، بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی ئامادەبووان جل لەبەر بکە. هەمیشە ئەوەت لەیاد بێت کە چ شتێك ئاسودەترت دەکات. ئەگەر تۆ کاتێك تەرخان نەکەیت بۆ هەناسەدان یان هەڵوەستە کردن بۆ ئەوەی خەڵکی لەوە رابمێنێت کە هەنوکە وتت، گرنگ نیە هێزەکانی نکوڵیکردنت چەندە کاریگەرن، تۆ هێشتا وتاربێژێکی ئاسودە نیت.

-ساردوسڕ بوون. یەکێك لەوانە بنچینەییەکانی بەسەرهاتی دکتۆر فۆکس لە بەشی هەشتەمدا ئەوەیە کە تامەزرۆیی گرنگە. چەندە زیاتر دیاریێ کە بایەخ ئەدەیت، تەنانەت ئەگەرچی هیچ مانایەکیش نەدەیت بەدەستەوە، خەڵکێکی زیاتر دەیانەوێ لەوە تێبگەن کە تۆ هەوڵ دەدەی بیڵێیت. خەڵکێکی کەم بە سۆزەوە وتار دەدەن. ئەوان پێیان وایە بەسۆز بوون، بەڵام بەلای ئامادەبووانەوە ئەمە تەنیا تا رادەیەك گەرم و گوڕ دەبێت. تەماشای ڤیدیۆی وتاربێژێکی بەسۆز بکە، وتاری ("من خەونێکم هەیە"ی مارتن لوتەر کینگ نموونەیەکی باشە) و پاشان تەماشای ڤیدیۆی خۆت بکە. تێبینی لەسەر ئەوە بنوسەرەوە کە چۆن جیاوازییەکان نەهێڵیت لەکاتێکدا کە هێشتا هەر خۆتیت.

Scanned with CamScanner

-داتای بەسەرچاوە کراو. ئەگەر توێژینەوەیەك ئیقتیباس کرا (لێی دەرهێنرا)، ئەوا باشترە کە لە شوێنێك ئیقتیباس بکرێت. وتنی "توێژینەوەکان دەریانخستووە کە..." بەڵام نەتوانینی ناوهێنانی لانی کەم سەرچاوەیەك، بەو واتایەیە کە تۆ شت هەڵدەبەستیت یان بە راستی نازانیت باسی چی دەکەیت.

-ناپەیوەندیدارە بەم خەڵکەوە. هەبوونی گریمانەی راست و دروست لەبارەی ئەمەی کە کێ لەناو قەرەباڵغییەکەدایە، دەیانەوێ چی بزانن و پێویستیان بە گوێبیستبوونی چیە؟

ئەو زانیارییەی کە بە بەلاش دەستت دەکەوێت

ئەگەر تۆ وتارێك لە ماوەی پێنج خولەکدا پێشکەش دەکەیت و کاتت نیە ڤیدیۆیی خۆت تۆمار بکەیت، هێشتا دەتوانیت زانیاریت دەست کەوێت. وەکو یاسایەکی گشتی، ئەوەی کە خەڵکی دەیکەن گرنگترە لەوەی کە دەیڵێن یان لەسەر فۆرمی رەئیدان دەینووسن (و پەیوەست بەوەی کە چۆن راپرسییەکە بونیادنراوە، لەوانەیە هەرچۆنێك بێت بێ سوود بێ، بڕوانە بەشی ٨).

ئەگەر ئامادەبووانم یەکێك لەو سێ شتانەی خوارەوە بکەن، ئەوا دەزانم لانی کەم شتێکی راستم ئەنجام داوە:

-پەیوەندیی بینایيم لەگەڵدا دروست بکەن. هەر کەلتوورێك ئەتیکێتێکی جیاوازی لەبارەی زمان، ستایش و تەنانەت پرسیارکردن هەیە، بەڵام پەیوەندیی بینایی، شتێکی جیهانییە. تاقیکردنەوە: ئەگەر تۆ بڵێیت، "١٠ ملیۆن دۆلار دەدەمە هەرکەسێك کە پێنج چرکە بڕوانێتە من" و لە یەکەوە تا پێنج بژمێریت، ئەوا هەموو جارێ ١٠٠٪ی هۆشی ئامادەبووانت دەچێتەسەر. کەواتە ئەگەر ئەوەی کە دەیڵێیت بایی پێویست جێ سەرنج بێت دەشێ جەنگ دژی ئەو خەڵکانە ببەیتەوە کە یاری وەرەقە (سۆڵیتێر) لەسەر مۆبایلەکانیان دەکەن، لەسەر لاپتۆپ خەریکی تایپن،

Scanned with CamScanner

یان خەیاڵ دەیانباتەوە. شتێکی باشە کە هەر ١٠ خولەك جارێك هۆشی ناو هۆڵەکە بونیاد بنێیتەوە تەنیا بۆ دەسکەوتنی بنچینەیەك لەمەڕ ئەو کەسەی کە هێشتا لەگەڵتایە. خەڵاتێك ببەخشە یان پرسیارێکی لابەلا بکە بۆ هێنانەوە سەر سکەی هۆڵەکە.

-ئەوان پرسیار دەکەن یان کۆمێنتێك ئاراستە دەکەن. هەموو جۆرە رەئیدانێك باشە. تەنانەت ئەگەرچی بۆ وتنی ئەوەش بێت کە چەندە کارەساتیت، ئەمە بەو مانایەیە کە ئەوەندە مشوریان هەبووە کە فۆرمەکە پڕ بکەنەوە یان ئیمەیلێکت بۆ بنووسن. هە هەوڵێك بدرێت بۆ کاردانەوە بەرانبەرت، جار رەخنە بێت، پرسیار بێت یان تێبینی، نیشانەیەکە بۆئەوەی کە بابەتێکی راستت هەڵبژاردووە و ئەوەندە هۆشی ئامادەبووانت بەلای خۆتدا راکێشاوە کە کاردانەوەیەك بجوڵێنیت. ئەگەر ئەوان ئامۆژگاریت بدەنێ یان شتێکت بۆ راست بکەنەوە، سوپاسیان بکە، تەنانەت ئەگەرچی لەگەڵیشیاندا هاوڕا نەبیت. ئەمە نیشانەی رێزە کە کەسێك لەناو ئامادەبووانت هەر لە بنەڕەتدا وزەیەکی بۆ تۆ تەرخان کردووە.

-خانەخوێکانِ جارێکی تر بانگت دەکەنەوە. هەندێ جار رەئیدانی رێکخەری کۆڕ لە هی ئامادەبووان جیاوازە، بەڵام پێوانەی کرداری ئەوەیە کە ئەگەر جارێکی تر بانگ کرایتەوە، ئەوا لە هەموو ئەو کەسانەی تر کە لە کۆڕەکەدا وتاریانداوە باشتر بوویت.

چی بکەیت کاتێك شتێك رووودەدات

لەبەرئەوەی تەواوی وتاردانی گشتی جۆرێکە لە ئەدا، لەوانەیە شت رووبدات و رووشدەدات، گرنگیش نیە چەند لێهاتوویت. ئەم لیستە لە ئەزموونەکانی خۆمەوەیە و لەو وتوێژانەشەوەیە کە لەگەڵ وتاربێژە کۆنەکانی تر ئەنجامم داوە. ئەمە

Scanned with CamScanner

سەرچاوەیەکی بەکەڵکە بۆ بچوککردنەوەی ئەو ترسانەی کە هەیە، یان بۆ زانینی ئەمەی کە ئەگەر تۆ بویتایە و شتێکی وەها رووبیدایە چیت دەکرد.

قسەت پێدەبڕن

قسەپێبڕەکان دەگمەنن. کاتێك رووەدات، ئامادەبووانیش ئەوەندەی تۆ پێی پەستن. ئەمە لە بەرژەوەندی خۆت بەکاربێنە. ئەگەر تۆ لەگەڵ قسەپێبڕێکدا دەستەویەخە بوویت، زۆرجار خراپ دیار دەبیت، بەڵام ئەگەر ئامادەبووان بخەیتە لای خۆت ئەوا شتەکان بە خێرایی کۆتاییان دێت.

چۆن رێگری بکەیت:

-رێساکانی چۆنێتی کارلێککردنی ئامادەبووان لەگەڵ تۆدا، دابنێ. ئەگەر دەتەوێ پرسیارەکان بۆ کاتی کۆتایی هەڵبگیردرێن، وا بڵێ، یان ئەگەر هەر کاتێك ئاراستە بکرێن بەلاتەوە ئاسایی بێ، با ئامادەبووان بزانن. تەنانەت سنوور بۆ تویتەر و ژوورەکانی چاتیش دابنێ. من هەمیشە ئیمەیڵەکەمیان دەدەمێ بۆئەوەی هەر کەسێکی ناو هۆڵەکە دەرچەیەکی لەبەردەمدا بێت بۆ وتنی هەر شتێك کە دڵنیا نیە ئاخۆ لەماوەی محازەرەکەدا گونجاوە یان نا.

چۆن وەڵام بدەیتەوە:

-هەمیشە بیرت بێت کە تۆ هێزت لە هەر قسەپێبڕێك زیاترە. ئەگەر مایکرۆفۆنەکەت لا بێت، تۆ تین و توانات پەیدا کردووە، ئەو نا. تۆ دەتوانیت دەنگی خۆتی بەسەردا هەڵبڕیت یان دەمکوتی بکەیت و ئەو ناتوانێت هیچ شتێك بکات بۆ وەستاندنت. ئەمە بە هیچ مانایەك شەڕێکی دادپەروەرانە نیە. هەر کە قسەپێبڕەکە درکی بەمە کرد، ئەوا خۆی خۆی بێدەنگ دەکات.

-موخاتەبەی هەر کەسێك بکە کە قسەی کرد و پێی بڵێ کە قسەکان یان پرسیارەکان هەڵگرێت بۆ کۆتایی. ئەگەر بەشێوەیەکی بەڕێزانە و هێمنانە ئەمە کرا،

Scanned with CamScanner

ئەوا کاریگەری دەبێت. ئەمە دەریدەخات کە تۆ راناچڵەکێیت و تۆ کێشەکە دەوەستێنیت بەر لەوەی کار لەکار بترازێت. تەنانەت ئەگەر کەسێکیش لەسەر حسابی تۆ نوکتەیەك بکات ئەوا مەیکە بە دەمەقاڵێ، بە رێزەوە داوای لێ بکە کە چاوەڕێ بکات تاوەکو وتاردانەکە کۆتایی دێت.

-ئەگەر تۆ بڕوات بەخۆت بێت، ئەوا دەتوانیت بە نوکتەیەك یان قسەیەکی سوعبەت قسەپێبڕەکە بێدەنگ بکەیت- بەڵام وریابە. ئەگەر تۆ لەمە نەزانیت، ئەوا دەچیتە ناو شەڕێکەوە کە لەوانەیە بیدۆڕێنیت. ئاسانە بە نوکتەکە پێبکەنیت تەنانەت ئەگەرچی لەسەر حسابی تۆش بێت. بڵێ، "ئەمە جوانە، سوپاس" بەڵام لەسەر وتارەکەت بەردەوام بە. ئەمە رێزێکی پێدەبەخشێت، لەکاتێکدا کە سەنگێك بە دەنگەکەی دەدەیت، بەڵام لە باڵادەستیدا دەتهێڵێتەوە.

-ئەگەر کەسێك بە رووتی لە سنوورەکە لایدابێت و خەڵکی تر پەست بکات، داوا لە رێکخەرەکە بکە یارمەتیدەر بێت. ئەگەر قەرەباڵغییەکە شەڕ بفرۆشێت یان بەشێوەیەکی نەگونجاو رەفتار بکات، دەبێ رێکخەرەکە ئامادە بێت هەنگاو بنێ. تۆ دەتوانیت داوا لە قسەپێبڕەکە بکەیت کە بڕوات ئەگەر نەتوانێ رێز لە رێساکانت بگرێ و دەبێ رێکخەرەکە یارمەتیدەر بۆ ئەم کارە ئەگەر پێویستی کرد.

هەر کەسەو سەری خستووەتەسەر لاپتۆپەکەی

هەر کۆمەڵە ئامادەبوویەك کەلتوورێکی هەیە و لە هەندێ لە کەلتوورەکاندا ئاسایە ئامادەبوو سەرنج بداتە هەر شتێك جگە لە وتاربێژەکە. ئەمە زۆرجار وزە لە وتاربێژ دادەماڵێت، بۆیە زۆرجار لە بەرژەوەندی وتاربێژدایە کە ئەوەندی بکرێ پەیوەندیی بینایی لە ئامادەبووان بەدەست بێنێت. هەندێ جار خەڵکی تەنیا تێبینی دەنووسن یان ئەو شتانە لەگەڵ ئەوانیتر دەخەنەبەر باس کە تۆ دەیڵێیت، کە بۆ تۆ باشە، بەڵام کاتی تر هەیە کە یاری سۆڵیتێر دەکەن یان دەچنە سەر

Scanned with CamScanner

خەتی ئینتەرنێت، کە باش نیە. دەبێ خەڵکی ناو ئامادەبووان سەربەست بن بۆ هەڵبژاردنی چۆنێتی گوێگرتنیان، بەڵام تۆش سەربەستیت بۆ کاریگەری خستنەسەر چۆنێتیی ئەو هەڵبژاردنە.

چۆن ڕێگر بیت:

-تۆ دەتوانیت داوای لە خەڵکەکە بکەیت لاپتۆپەکانیان داخەن. مەیسەپێنە- ڕێز لە مافیان بگرە بۆئەوەی هەر شتێك کە حەزیان لێیە بیکەن، بەتایبەت ئەگەر بۆ ئامادەبوون لە هۆڵەکەدا پارەیان دابێت. بەڵام دەتوانیت پێیان بڵێیت کە پێت وایە کارێکی باشتر ئەنجام دەدەیت ئەگەر هۆڵەکە هۆشی لە شوێنێکی تر نەبێ.

-هەندێ جار دەڵێم: "با ڕێکبکەوین. من تکاتان لێدەکەم کە بۆ ماوەی پێنج خولەك بە تەواوی ئاگاتان لێرە بێت. ئەگەر پاش پێنج خولەك بێ تاقەت بوویت، پێت وابوو من گەمژەم، یان پێت باشتر بوو کە وێب بکەیتەوە نەك گوێم لێ بگریت، ئەوا ئازادیت. لە ڕاستیدا، من بەلامەوە ئاساییە کە پاش پێنج خولەك هەستیت و بڕۆیت. بەڵام بۆ ٣٠٠ چرکەی یەکەم، تکایە هۆشی بەردەوامت لە من بێ". زۆربەی خەڵکەکە لاپتۆپەکانیان دادەخەن.

-بیرت نەچێ هەندێ کەس تێبینی لەسەر لاپتۆپەکانیان دەنوسنەوە. لەوانەیە ئەوان ڕاستەوخۆ شت لەسەر لاپەڕە ئینتەرنێتییەکەیان بنوسن یان ئەوەی کە دەینوسیت (تویت)ی بکەن کە ئەمەش ئامادەبووانت لەودیوی هۆڵەکەوە زیاد دەکات. لاپتۆپێکی کراوە هەمیشە بەو مانایە نیە کەتۆ فەرامۆش کراویت.

چۆن وەڵام بدەیتەوە:

-هیچی وەها نیە بیکەیت. تویتەر لەسەر لاپتۆپەکەت بکەرەوە، بیخەرە سەر شاشەکە و ساتێك لە نێوەندی وتارەکەت تەرخان بکە بۆ چاوخشاندن بە کۆمێنت و پرسیارەکاندا.

Scanned with CamScanner

-داوا لـه رێکخەرەکـه بکـه کـه تویتـەر یـان ژووری چـاتی کـۆڕ وەکـو رێگایـەکی بەدەستهێنانی باشترین پرسیار و کۆمێنتەکان لە کەناڵی دواوە بـۆ نـاو وتارەکـەت، چاودێری بکـات. رێگـه بـده ئامـادەبووان بـزانن ئەمـه رووودەدات و چـۆن دەتـوانن پرسیارێك بۆ رێکخەرەکه بنێرن.

کاته دیاریکراوەکەت لە ٤٥ خولەکەوە کەم دەکرێتەوە بۆ ١٠ خولەك

بەرنامەکانی کۆڕ هەڵـەیان تێدایـه و وتاربێـژانیش باجەکـەی دەدەن. دواخستن، دواکەوتن لە سەفەر یان کێشه لۆجیستییەکان، رێکخـەرانی کـۆڕ دەخەنـه پێگـەی سەختەوە که تیایدا هیچ رێگەچارەیەکیان نیه جگه لەوەی که کاتەکـەت سنووردار بکەن. ئەگـەر کاتـه دیاریکراوەکـەت درەنگـانی رۆژەکـه بـوو، لەوانەیـه ناچار بیت وتارێکی کورتتر پێشکەش بکەیت بۆ لەبەرچاوگرتنی کاتەکه.

چۆن رێگر بیت:

-ئەگەر رێکخەری کۆڕ نەبیت، ئەوا ئیشی تۆ نیه ئـەوانیتر پەیوەسـت بکـەیت بـه هاوکاتبوونەوە. ئەگەر تێبینی ئەوەت کرد که بەرنامەی کۆڕەکەت دەکەوێتـه دواوە و وتاردانەکەت دەکەوێته درەنگانی رۆژەکه، بـا رێکخـەرانی کـۆڕ بـزانن. پێـشنیاری ئـەوە بکـه کـه ناوبڕەکـه کـەم بکەنـەوە یـان داوا لـه ژمارەیـەك وتاربێـژ بکـه کـه هەریەکەیان چەند خولەکێك قەرەبوو بدەن نـەك ئـەوەی ناچـار بکرێیـت بـەرماوەی تەواوی رۆژەکه بگریته ئەستۆ.

چۆن وەڵام بدەیتەوە:

-ئەگەر پێویستت بەوەیه که وتارەکەت کورت بکرێتەوە، داوا لە رێکخەرەکه بکه که بتناسێنێت و بە ئامادەبووان بڵێت کـه هەڵـەی تـۆ نیـه بەرنامەکـه بـەلاوەنراوە. ئەمە لانی کەم سۆزێکی زیادەت لەلایەن ئامادەبووانەوە بۆ مسۆگەر دەکات.

Scanned with CamScanner

هەریەکێك لە ئامادەبووان رقی لێتە

رۆژ هەن کە تیایاندا میزاجی هۆڵەکە تەواو نیە و هەستێکی وات پێدەبەخشێ کە ئامادەبووان یان رقیان لێتە یان تەنیا دەیانەوێ دەمت داخەیت. لەوانەیە بەتایبەت ئەو کاتە هەستەکەت لادروست ببێت کە لەو وڵات یان کۆمپانیایانەی دەرەوە وتار دەدەیت کە تازە لەکارخستنی گەورەیان راگەیاندووە (بەڵام کەس ئەمەی بە تۆ نەوتووە). یان لەوانەیە تۆ بە راستی شتێکی گەمژانەت ئەنجام دابێت و بەشێوەیەکی دروست لەسەر ئەمە رقیان لێت بێت.

چۆن رێگر بیت:

-خانەخوێکەت رێنوێنتە. دەبێ پێت بڵێت ئەگەر شتێك هەبێت پێویست بکات بیزانیت،بۆ نموونە لەکارخستنی تازە یان هەواڵی تری ناخۆش کە رەنگە لە مێشکی خەڵکەکەدا بێت. ئەگەر تۆ ترست لێنیشتووە، دەتوانی پرسیار بکەیت، "ئایا شتێك هەیە بەم دواییانە رووبدابێت کە پێویست بکات بیزانم؟"

-زوو بگەرە ئەوێ. ئەگەر زوو بکەیتە شوێنەکە، ئەوا دەتوانیت خۆت بناسێنیت و لەگەڵ ئەو خەڵکە قسە بکەیت کە دەبنە ئامادەبووانی تۆ. هەستێکت پەیدا دەبێ لەبارەی ئەوەی کە چۆنن، لەوانەیە ئەمە چۆنێتی رووبەڕووبوونەوەت لەگەڵ گروپێکی گەورەتردا بگۆڕێت.

چۆن وەڵام بدەیتەوە:

-لە هەندێ رۆژدا تەنیا دەبێ بچیتە قاڵبی رۆبۆتێکەوە و وەها وتارەکەت پێشکەش بکەیت کە قسە بۆ خەڵکێك دەکەیت کە کەیفیان پێت دێت. تەنیا کارەکەت ئەنجام بدە و خەمی ئامادەبووانت نەبێ. ئەگەر رقیان لێت بێ، ئەوا رقیان لێتە، بەڵام مەکەوەرە داوی هەوڵدان بۆ گۆڕینی وتارەکەت وەکو راکردنێك لە ترسی ئەمەی کە کەیفیان پێت نایەت. کردنی ئەمە قورسە. بەشێوەیەکی

Scanned with CamScanner

نامەزرۆیانە لەگەڵ دۆخەکەدا بڕۆ لەپێناو ئەو چەند کەسەی کە لەوانەیە لەوە کەمتر کە بیری لێدەکەیتەوە رقیان لێت بێ.

-بابەتەکە کورت بکرەوە بۆ ئەوەی بەخێرایی بگەیتە پرسیار و وەڵامەکان. ئەگەر بەسەرهاتی ئیختیاریت هەن کە هەندێ جار دەیانگێڕیتەوە، ئەوا بیانگێڕەوە. چەندەی زوو بگەیتە پرسیار و وەڵامەکان، خێراتر دەتوانیت دەستنیشانی ئەوە بکەیت کە چ باسە. لە خراپترین حاڵەتیشدا، زووتر وتارەکەت تەواو دەبێ.

یەکێك لە کەسەکان لە پرسیارکردن ناوەستێت

ئەمە جۆرێکی بەڕێزی قسەپێبڕە و زۆر باوترە. هەندێ کەس درك بەوە ناکەن کە ئیمتیازەکانی پرسیارکردنیان خراپ بەکاردەبەن و ناتوانن تێبینی ئەوە بکەن کە ئەوەندەی تۆ قسە دەکەن. تەنیا دڵخۆش بە بەوەی هاوسەرگیریت لەگەڵ کەسێکی وادا نەکردووە- قەت هەلی ئەوەت بۆ ناڕەخسێت کە قسە بکەیت.

لە هەندێ حاڵەتدا ئەم کەسانە وەڵامی ئەو پرسیارانە ئەدەنەوە کە ئاراستەی تۆ دەکرێ چونکە پاڵنەریان بۆ کاریگەری خستنەسەر تۆ و ئەوانیتر، زۆر بەهێزە.

چۆن رێگر بیت:

-رێسا گشتییەکە ئەوەیە کە خەڵکی بۆ پرسیارکردن دەستیان بەرز دەکەنەوە و تۆ دیاری دەکەیت کێ قسە دەکات. ئەگەر تۆ بەردەوام بیت لە هەستاندنی هەمان کەس، خەتای کێیە؟

-ئەگەر خەڵکی بە هاوارکردن پرسیارەکان یان سەرنجەکانیان فڕێ بدەن، داوایان لێبکە کە یەکەم جار دەستیان بەرز بکەنەوە.

چۆن وەڵام بدەیتەوە:

Scanned with CamScanner

-بزانە کە ئامادەبووان رقیان لەو جۆرە کەسانەیە. ئەمانە هەراسانکەرن و زۆرجار وەکو نازدارەکەی مامۆستا دێنە بەرچاو، کە کەس کەیفی پێیان نایەت. چەندەی زووتر بێدەنگیان بکەیت، ئەوەندە ئامادەبووان دڵیان پێت خۆشتر دەبێ.

-تەنیا لەبەرئەوەی پرسیارێك کراوە بەو مانایە نیە کە ناچاریت وەڵام بدەیتەوە. پرسیار لە ئامادەبووان بکە، "چەند کەس لە ئێوە ئەم پرسیارەی بەلاوە گرنگە؟" ئەگەر تەنیا لایەکی ئامادەبووان دەستیان بەرز کردەوە، بە پرسیارکەرەکە بڵێ دوایی بێتە لات و ئەو کاتە وەڵامی ئەدەیتەوە.

-لە ماوەی ناوبڕێکدا، بە تەنیا لەگەڵ کەسەکەدا قسە بکە. لە بەرانبەر بەشداریکردنەکەدا سوپاسی بکە، بەڵام داوای لێبکە خۆی بگرێت لە بەرانبەر پرسیارکردنی زیاتردا بۆئەوەی ئەوانیتریش بتوانن هەلی بەشداریان هەبێ. وەکو ئەلتەرناتیڤێکی پرسیارکردن، ئیمەیڵەکەتی پێبدە.

پرسیارێك پەڕپوت دەکرێت کە بێ مانایە و ئاراستەکردنەکەی سێ خولەك دەخایەنێت

نیشانەیەکی ئاگادارکەرەوەی باشی ئەمە پرسیارێکە کە پێشەکییەکی ٦٠ چرکەیی هەیە. هەر کەسێك کە پرسیاری ئەوەندە درێژ بکات، بایی پێویست بیری نەکردووەتەوە کە تەنانەت پرسیارەکەش دابڕێژێت.

چۆن رێگر بیت:

-ئەمە سەختە. ئاگادارکردنەوەی خەڵك بۆ خۆلادان لە پرسیاری پەڕپوت لەوە دەیانڕەوێنێتەوە کە پرسیاری هیچ شتێك بکەن. وا باشترە کە وەڵام بدەیتەوە کاتێك و ئەگەر رووبدا.

چۆن وەڵام بدەیتەوە:

-داوای پرسیاری روون بکە، "مەبەستت ئەمەیە، یان ئەوەیانە؟" ئەگەر پێویستت بوو قسە بە خەڵك ببڕە. ئەگەر سەرگەردان دیاربوون، داوایان لێبکەن

Scanned with CamScanner

جارێکی تر بیر لە پرسیارەکەیان بکەنەوە لەکاتێکدا تۆ وەڵامی پرسیارێکی تر دەدەیتەوە. پاشان دواتر بگەڕێرەوە لایان. ئەمە سەپێنەرانەیە، بەڵام ئەگەر بەشێوەیەکی جادوویی ئەمە بکەیت، ئامادەبووان سوپاسگوزار دەبن.

-بزانە کە ئامادەبووانیش رقیان لەو جۆرە کەسانەیە. ئەوان بۆئەوە نەهاتوونەتە کۆڕەکەوە کە گوێ لە بەناوپرسیاری پەڕپوتی کەسێك بگرن. ئەگەر کەسێك بە پرسیارەکەیەوە ٣٠ خولەکی پێچوو و تۆ پێت وایە ناگاتە هیچ شوێنێك، تۆ تاکە کەسیت لە هۆڵەکەدا کە دەتوانێ هەرشتێك بکات لەبەرانبەریدا.

-ئەگەر تۆ قسەی پێ ببڕیت، ئیمەیڵەکەتی بیر بێنەوە و بڵێ پرسیاری درێژ ئاساییە- تەنیا لەم کاتەدا نەبێ.

-هەندێ جار خەڵکی دەیانەوێ بیرۆکەی خۆیان بخەنەڕوو، کە زۆر لە باش باشترە، بەو مەرجەی کورت بێت. هەمان ئامۆژگاری پێشوو بەسەر ئەمەشدا پیادە دەبێت.

پرسیارێکی مەحاڵت لێ دەکرێت

کە پرسیارێکی قورس نەتوانیت وەڵام بدەیتەوە ئاساییە. یاسایەك نیە کە بڵێت پێویستە تۆ وەکو وتاربێژێك هەموو شتێك بزانیت. کە تۆ قسە لەسەر بابەتێکی جێ سەرنج دەکەیت، هەڵبەت پرسیاریش دەبن کە ناتوانی وەڵامیان بدەیتەوە. پرسیارێکی زۆر هەبوون کە ئەنیشتاینیش نەیتووانی وەڵام بداتەوە. تەنانەت وتاربێژە زۆر بەتواناکانیش ناتوانن وەڵام ئەم پرسیارە بدەنەوە، "ئەو شتە چیە کە بیخەیتەڕووی وتاربێژانی زۆر بەتوانا کە نەتوانن وەڵامی بدەنەوە؟"

چۆن رێگر بیت:

Scanned with CamScanner

-تاکە ڕێگەچارە ئەوەیە کە وتارێکی ئەوەندە تاقەتبەر، یان زۆر لێڵ پێشکەش بکەیت کە نەتوانرێ پرسیاری ئەستەم ئاراستە بکرێت، چونکە ئامادەبووان نازانن باسی چیت کرد. ئەمە مەکە.

چۆن وەڵام بدەیتەوە:

-فێربە یەك قسە بڵێیت: "نازانم". وتنی ئاسانە. کە بیڵێیت دەستبەجێ نامریت.

-پرسیارەکە بنوسە یان داوا لە یەکێك بکە کە بە ئیمەیڵ بۆتی بنێرێت و بەڵێنی پێبدە کە وەڵامێکت بۆ دەنێرێتەوە.

-پرسیارەکە بخەرە ڕووی ئامادەبووان. لەوانەیە تۆ تاکە کەسێك نەبیت کە ناتوانێ وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە. ئەگەر لەناو ئامادەبووانیش کەس نەیزانی، ئەوا لانی کەم ئەوەندەی تۆ گەمژە دیارن. ئەگەر کەسێکیش بیزانێت، یارمەتی ئەو کەسەت داوە کە پرسیارە قورسەکەی کردووە بۆ ئەوەی وەڵامی دەست بکەوێ، ئەگەرچی وەڵامەکە لە تۆشەوە نەبووە.

مایکرۆفۆن دەشکێت

زۆرجار مایکرۆفۆنەکان تەنیا بەشێوەیەکی ڕێژەیی خراپ دەبن. کە دەستکاری دەکرێن خشە و دەنگی توندیان لێوە دێت. ئەمە زۆر هۆش پەرتکەرە بۆ ئامادەبووان و ئەوان لەبەرانبەردا سەرزەنشتی تۆ دەکەن. ئەگەر پاش یەك دوو خولەك گرفتە خۆی چارە نەکات، وایدابنێ کە مایکرۆفۆنەکە خراپ بووە.

چۆن ڕێگر بیت:

-لە خوداوەندی ئامێرەکانی ئەی ڤی (بیستراو/بینراو) بپاڕێوە.

-داوای پشکنینێکی دەنگ بکە بەر لەوەی وتار بدەیت.

- پرسیار لە کەس تایبەتمەندەکانی ئەی ڤی بکە ئاخۆ گرفتەکانی دەنگ لە ژوورەکەدا لە کوێدان.

Scanned with CamScanner

چۆن وەڵام بدەیتەوە:

-بزانە ئامادەبووانیش وەکو تۆ هەمان گرفت دەبیستن. هەندێ جار گرفتەکان تەنیا لە پێشەوەی هۆڵەکەوە دەبیسترێن.

-تیمی تەکنیکی بهێنە سەر کێشەکە. هە لەبەرانبەر ئەم کارەدایە کە پارەیان دەدرێتێ. چەندەی شەرمەزارکەرە بۆ تۆ، ئەگەر تۆ ئەوان بێنیت بۆ یارمەتیدان، ئامادەبووان دەزانن کە خەتاکەی بە تەواوی لە تۆ نیە.

-لە هۆڵە قەبارە مام ناوەندەکان (١٠٠ کەس یان زیاتر)، زۆرجار دۆخی دەنگ بایی ئەوەندە باشە کە خەڵکی بەبێ مایکرۆفۆنیش گوێیان لێت بێت ئەگەر باش بدوێیت. بچۆرە پێشەوە و لەوانەیە بتوانیت دەست پێبکەیت لەکاتێکدا کە تیمی تەکنیکی شتەکان چاك دەکات.

-باشترین کەرەستەی پرکەرەوە ئەوەیە پرسیار لە خەڵك بکەیت ئاخۆ هیوایان وایە چی فێر بن. یان پرسیار لە خەڵکەکە بکە ئاخۆ کێ کەمتر لە پێنج ساڵ لە ئیشە هەنوکەییەکەیدا ماوەتەوە دەست هەڵبڕێت. هەمیشە دەتوانن وەڵام بدەنەوە و ئەمە داتایەکی باکگراوندی بەسوودت پێدەدات.

-ئەگەر کۆڕەکە درێژ بوو، ناوبڕێك وەربگرە. خەڵکی حەزیان لە ناوبڕە. لەبری ئەوەی ناچاریان بکەیت تەماشای ململانێی تۆ بکەن لەگەڵ ئامێرەکاندا، پێنج خولەك بدە بە ئامادەبووان تا قاوەیەك بخۆنەوە یان بچنە دەستشۆر.

لاپتۆپەکەت دەتەقێتەوە

لە هەر کۆنفرانسێکدا، لانی کەم کەسێك هەیە کە کۆمپیوتەرەکەی گرفتی تەکنیکی هەیە. هەندێ لە کۆڕەکان ناچارت دەکەن کۆمپیوتەری سەر مینبەرەکەیان بەکاربێنیت بۆ بچوککردنەوەی گرفتەکان، بەڵام بە هەبوونی پرۆگرامەکانی پیشاندانی ڤیدیۆ و گرفتی فۆنت، هەندێ جار کێشەکە قوڵتر

Scanned with CamScanner

دەبێتەوە. ماکینتۆش بێت یان لاپتۆپ، هەموو کۆمپیوتەرەکان گرفتیان هەیە و هەر پرۆجێکتەرێکی پیشاندەری فایل لەسەر شاشە یان سیستەمێکی ڤیدیۆ تایبەتمەندیی جادوویی خۆی هەیە کە ئەو خەڵکە تەکنیکییەی بەڕێوەی دەبەن، نکوڵی لێدەکەن.

چۆن ڕێگر بیت:

-ئامێر و کەرەستەی خۆت بەکاربێنە

-کۆمپیوتەرە لاپتۆپەکان باوترن و من دڵنیام پەیوەست بە گونجاوێتی لەگەڵ پرۆجێکتەردا گرفتی کەمتریان هەیە. کێشەکە ئەوەیە کە لاپتۆپن.

-داوای پشکنینێکی ڤیدیۆ بکە بەر لە وتاردانەکەت.

چۆن وەڵام بدەیتەوە:

-پرسیاری گەورە ئەوەیە کەیێ دەستبەرداری لاپتۆپەکەت ببیت. دە خولەك خاڵی دابڕانی منە. ئەگەر پاش ١٠ خولەك، هێشتا دڵنیا نەبیت چی بکەیت، ئەوا بچۆرە سەر پلانی جێگرەوە.

-پلانی جێگەرەوە: بیرۆکە جەوهەرییەکانت بزانە (بڕوانەی بەشی ٥). بتوانە بە شێوەی لیستێك لە خاڵ بیاننووسیت. دانەیەکی کەمتر ڕەسمیی کورتتری وتارەکەت ئامادە بکە. دەستبەجێ مەڵێ "ئەگەر لاپەڕەکانم لا بووایە" یان "لە وتاری واقعیمدا..." ئامادەبووان باکیان نیە بەوەی دەشیا چی ببینن.

-با چاپکراوی لاپەڕەکانت لا بێت. خراپترین حاڵەت، ئەوەیە کە دەتوانیت ئەم لاپەڕانە وەکو تێبینییەکانت بەکاربێنیت.

هەڵەی تایپ لەسەر لاپەڕەکانت هەیە (نااا!) ئەمەیان ئاسانە. کێ بە هەندی وەردەگرێ؟ بە دڵنیاییەوە، جوانە کە ناوی خەڵکی بە دروستی دەربڕیت و هەوڵ بدەیت شتەکان بە کاملی بکەیت بۆ ئامادەبووانت، بەڵام هەڵە ئەنجام دەدرێن. جیهانی وێب، لاپەڕەی ئینتەرنێتی (بلاگ) و تویتەر هەمووانی بەخشندەتر کردووە

Scanned with CamScanner

لـه بەرانبـەر سـپێڵینگ (پیتـەکانی وشـە) و خاڵبەنـدی. ئەگـەر هەڵەیـەکی چـاپ گەورەترین هەڵەی تۆ بێت، ئەوا کارێکی زۆر باشت ئەنجام داوە.

چۆن رێگر بیت:

-با هاوڕێیەکت چاوێك بە لاپەڕەکانتدا بخشێنێت.

چۆن وەڵام بدەیتەوە:

-سوپاسی هەرکەسێك بکە کە دۆزیویەتەوە و تێبینییەك بنووسە بۆئەوەی چاکی بکەیت. پاشان تێپەڕە.

بۆ وتاردانەکەت دواکەوتوویت

لەبەر چەند هۆکارێك کە لە بەشی سێیەمدا روون کراوەتـەوە، دەشـێت ئەمـە بـە ئاسانی رووبدات ئەگەر تۆ لە شوێنێکی نوێ وتار بدەیت. لە راستیدا دواکـەوتن ئـەو کاتـە رووەدات کـە تـۆ پـلان دانانێیـت بـایی پێویسـت زوو بگەیتـە جـێ. دەتـوانی جەخت لەوە بکەیەوە کە ترافیـك، گەشـتە ئاسمانییـە درەنگـەکان، رێ لـێ غەڵـەت بوون و هەموو ئەو شتانەی کە دەبنـە هـۆی دواکـەوتن، زیانـت پـێ ناگەیـەنن، بـەو مەرجەی کە چەند سەعاتێك زووتر یان شەوێك پێشتر بگەیتە جێ.

چۆن رێگر بیت:

-زوو بگەرە ئەوێ. شەوی پێشتر گەشتە ئاسمانییەکـە ئـەنجام بـدە. گریمانـەی ئەوە مەکە کە جیهانی سەفەر بە کاملی ئیش دەکات، چونکە هەرگیز وا نیە.

چۆن وەڵام بدەیتەوە:

-لەو یەکەم چرکەساتەدا کە پێت وایە لەوانەیـە درەنـگ بکـەویت، تەلـەفۆن بـۆ رێکخـەرەکانت بکـە. لەوانەیـە ئـەوان بتـوانن کاتـە دیاریکراوەکـەت لەگـەڵ هـی وتاربێژێکی تردا ئـاڵوگۆڕ بکـەن. تـا زووتـر بـزانن، رێگەچارەی زیاتریـان دەبێـت و کەمتر رقیان لێت دەبێت.

Scanned with CamScanner

-کاتێك دەگەیتە جێ، گرنگ نیە چەندە دواکەوتوویت ساتێك وەربگرە بۆ خۆڕێکخستنەوەت. ئەگەر تۆ پەرش و بڵاو و ترساو بیت، لەوانەیە نەتوانیت کارێکی باش ئەنجام بدەیت. شایستەیە کە ٣٠ چرکە دوابکەویت بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە هێمنیت بۆ ئەو کاتەی کە لەبەردەستتدا ماوە بۆ وتاردان.

-پێش ئەوەی کۆتایی پێبێنیت، پێشنیاری مانەوەی زیاتر بکە بۆ هەرکەسێك کە پرسیاری بەدواداچوونی هەیە. هەرچۆنێك بێت ئەمە خویەکی باشە، بەڵام لەوانەیە سکاڵای خەڵکی لە بەرانبەر درەنگ گەیشتنتدا کەم بکاتەوە.

هەست دەکەیت نەخۆشیت

ئەمە شێوەیەکی حوکمدانە، چونکە هەرکەسێك بەشێوەیەکی جیاواز مامەڵە لەگەڵ نەخۆشیدا دەکات. هەندێ کەس دەتوانێ بەشێوەیەك بەرگەی سەرماخوردەگییەك یان سەرئێشەیەك بگرێ کە ئەگەر باسی نەکات ئەوا کەس نازانێ. کەسی تریش هەن ناتوانن بەهیچ شێوەیەك تەرکیز بکەن.

چۆن رێگر بیت:

-ئەگەر پێت وایە رۆژی دواتر وتار دەدەیت، شەوی پێشتر مەچۆرە دەرەوە بۆ خواردنەوە.

-رۆژی سێوێك بخۆ.

چۆن وەڵام بدەیتەوە:

-پرسیاری گەورە ئەوەیە کە ئاخۆ دەبێ هەڵیوەشێنیتەوە. ئەمە بە شێوەیەکی سەرەکی بەندە بەوەی کە رێکخستنەوەی کاتەکە چەندە قورسە. هەر کە هەستت بە نەساغی کرد قسە لەگەڵ خانەخوێکەدا بکە و با پێت بڵێن رێگەچارەکانی بەردەمت چین. بە لەبەرچاوگرتنی بژارەی بینینی محازەرەیەکی کرچ و کاڵ لەلایەن کەسێکی نەخۆشەوە یان رێکخستنەوەی کاتەکە بۆ بینینی محازەرەیەکی باش

Scanned with CamScanner

لەلایەن کەسێکی تەندروستەوە، زۆربەی ئامادەبووان ئەوەی دووەمیان پێباشترە. بەڵام ئەگەر رێککەوتننامەیەکی یەکجارە بێت، بۆ نموونە لە کۆنفرانسێك یان ئەگەر هەموویان تەنیا بۆ گوێبیست بوونی تۆ هاتبن، ئەوا ئەوەی یەکەمیان پێ باشترە.

-هەمیشە با پارچە ئەسپرینێکت پێبێت. ئەمە هەڵامەت یان سەرمابوونەکەت چارەسەر ناکات، بەڵام وات لێدەکات بۆ چەند سەعاتێك هەست بە باشتر بکەیت، تەنیا بۆ ئەو کاتەی کە وتارەکەت بەڕێبکەیت.

تۆ کاتەکەت تەواو دەبێ

ئەمە لەوە زۆر زیاتر رووەدات لەوەی کە خەڵکی زوو کۆتایی پێ بێنن. لەبەرئەوەی زۆربەی خەڵکی پراوەی ئەوە دەکەن کە رێك لە کاتی خۆیدا تەواو بن، کەمێك کورتهێنان، سەیر نیە.

چۆن رێگر بیت:

-ئەگەر بە دروستی وتارەکەت بونیاد بنێیت، دەبێ ریتمێکی پایەدار بە درێژایی وتارەکە هەبێ کە لە هەنگاوەکانی رۆیشتنت ئاگادارت بکاتەوە (بڕوانە بەشی ٦). ئەمە رێگر دەبێ لەوەی بۆت دەرکەوێ یەك خولەکت ماوە کە نیوەی وتارەکەت تەواو بکەیت.

-پراوە لەسەر ئەوە بکە کە کاتێکی کەمتر لەوەی پێت دراوە بەکاربێنیت.

-پلان دابنێ بۆئەوەی ٣٠-٢٠٪ی کاتە دیاریکراوەکەت بۆ پرسیار و وەڵام دابنێیت. ئەگەر کەمێك لە وتاردانەکەت تێپەڕێنیت، ئەوا دەتوانی هەندێ لە کاتی ئەو پرسیار و وەڵامە بخۆیت.

-ریمۆت کۆنترۆڵێك بەکاربێنە کە تەوقیتی هەیە.

-داوا لە رێکخەرەکەت بکە ئاگادارت بکاتەوە کاتێك ١٥ خولەك ماوە، یان ئەگەر یەك لەسەر سێی تێکڕای کاتەکات مابوو.

Scanned with CamScanner

چۆن وەڵام بدەیتەوە:

-گومڕا مەبە. ئەگەر ناتوانیت بابەتەکەت تەواو بکەیت، بینێ بەلاوە و تەرکیز بخەرە سەر ئامادەبووانت. ئەگەر سێ بەشت مابوو و کاتی تەنیا یەکێکیانت هەبوو، با ئامادەبووان دەنگ لەسەر ئەوە بدەن کام بەشەیان بێت.

-چۆنایەتی هەمیشە گرنگترە لە چەندایەتی. پەلە مەکە. هەمیشە ئامادەیی ئەوەت تیابێت کە دەستبەرداری بابەتەکەت بیت بۆئەوەی ئەو بابەتەی کە تۆ کاتت بۆی هەیە بەباشی جێبەجێ ببێت.

-پێشنیاری ئەوە بکە کە لاپەڕەکان لەسەر وێبسایەتەکەت دابەزێنیت بۆ هەر ماددەیەك کە تەواوت نەکردووە.

-پێشنیاری ئەوە بکە کە جارێکی تر بێیتەوە بۆ رووماڵکردنی ئەو بابەتەی کە ماوە و وەڵامی هەر پرسیارێکی بەدواداچوون بدەیتەوە کە خەڵکی هەیبێ.

فایلی بابەتەکەت لە ماڵەوە بیرچووە

ئەمەش رووداوەکە. رەنگە بۆ شوێنێکی هەڵە کۆپیت کردبێت یان فلاشەکەت لە دەستشۆری فڕۆکەخانە لەبیر چووبێت.

چۆن وەڵام دەدەیتەوە:

-فایلی لاپەڕەکانت لە سێ شوێن دابنێ، لەسەر فلاشێك کە پێت بێت، لەسەر لاپتۆپەکەت، لەسەر وێبسایتێك کە بە ئاسانی دەستت پێی بگاتەوە.

-لەبەر ترس، دانەیەکیش پرینت بکە. هەندێ جار ئەنەلۆگ لە دیجیتاڵ باشترە- ئەگەر کارەبا بکوژێتەوە و تۆ فلاش لایتێکت پێبێت ئەوا بێ گرفتیت.

چۆن وەڵام بدەیتەوە:

Scanned with CamScanner

-ڕێگای خێرا بریتییە لە داننان لەبەرانبەر ئامادەبوواندا. پۆزش بهێنەرەوە و داوای لێبووردن بکە و ڕێگایەك ساز بکە کە هەرچۆنێك بێت بۆیان بەسود بێت.

-فێڵی ئاسان بریتییە لە ئامادەکردنی لیستێکی ١٠ پرسیاری لە سەرەتای وتاردانەکەتدا، کە سەرنجی ئامادەبووان رابکێشێت و بە تۆرە وەڵامی هەریەکێك لەو پرسیارانە بدەرەوە. ئەوان چاوەڕێی فێربوونی چی دەکەن؟ لەوانەیە ئەمە ماددەیەکی باشتر دەربچێت لەوەی پلانت بۆ دانابوو.

ڕێکخەرەکانت شارەزای کۆنترۆڵن

هەندێ جار ئەو خەڵکانەی کە میوانداریت دەکەن پرسیار لە شتی پوچ دەکەن یان لەلایەن بەڕێوەبەرەکەیانەوە پێیان دەوترێت داوای ئەو شتانە بکەن. لەوانەش دیزاینی دزێو بۆ لاپەڕەکان، ئامۆژگاریکردنت بەوەی هەندێ شت هەیە نەیکەیت یان هەندێ بەسەرهات هەیە نەیگێڕیتەوە و زۆرجاریش، دەیانەوێ ئەو بەڵگەنامەیەی دەستبەرداربوون واژۆ بکەیت کە مافی بە ڤیدیۆکردن و وێنەگرتنی تۆ دەکەنە هی خۆیان.

تۆ وەکو وتاربێژێك، خزمەتگوزارییەك پێشکەش دەکەیت. تۆ دەتوانیت ئەو مەرجانە لابەیت یان رەفز بکەیتەوە کە کەیفت پێیان نایەت.

چۆن ڕێگر بیت:

-تۆ دەتوانیت هەر زوو با ڕێکخەرەکان رابگەیەنیت کە تۆ ناتەوێ ڤیدیۆکەت تۆمار بکرێت، یان مەرجی تر دابنێیت. وتاربێژانی پرۆفێشنالْ زۆرجار لاپەڕەی زانیارییان لایە دەیدەنە کۆڕ ڕێکخەرەکان و ئەو مەرج یان شتانەی تیادا ریز دەکەن کە نایکەن.

چۆن وەڵام بدەیتەوە:

Scanned with CamScanner

-بە رێزەوە روونی بکەرەوە کە بۆچی مەرجەکان لەدژی ئامانجەکانی تۆ دەکەونەوە. ئەگەر ڤیدیۆگرتن تووشی شڵەژانت دەکات، بە چاوپۆشیکردن لەوەی کە بۆچی، روونی بکەرەوە کە تۆمارکردنی ڤیدیۆ رەزایەتی ئەو خەڵکە کەم دەکاتەوە کە بە واقیعی لەناو ئامادەبوواندان.

-دیزانی لاپەڕەکان بە رێژەی ٩٥٪ پوچن. ئەمانە بۆ باشکردنی چۆنایەتیی لاپەڕەکانن، بەڵام هەمیشە لەسەر بنەمای پاوەرپۆینت دانراون، کە بەشێوەیەکی تەواو خراپ و دزێون. سازشێکی شایستە ئەوەیە کە لاپەڕەی تایتڵی ئەوان بەکاربێنیت، بەڵام هیچی تر نا.

-هەروا بە سانایی مەرجە سەپێنەرەکانیان لابە، دیارییان بکە و گرێبەستەکە بگەڕێنەرەوە. ئەمە زۆرجار بەشێوەیەکی تەواو پەسەندە.

-ئەگەر ئەوان سووربن لەسەر دەنگ یان ڤیدیۆ تۆمارکردن، داوای مۆڵەتی رێکخراوی (کریەیتڤ کۆمەنز) بکە بۆئەوەی بتوانیت لەلایەن خۆتەوە ڤیدیۆکە بەکاربێنیتەوە. ئەمە رێگەیان پێدەدات تا چیان بوێت بە تۆمارکردنەکە بیکەن، بەڵام بەهەمان شێوە مافی ئەوەش بە تۆ دەدات تا خۆت ڤیدیۆیەکە لەسەر وێبسایتەکەت یان یوتیوب پۆست بکەیت یان بیفرۆشیت. زۆر دادپەروەرانەیە کە داوای ئەمە بکەیت: تۆ تۆمارکردنێکی پرۆفێشنالانەت دەست دەکەوێت کە دەتوانی بەکاریبێنیتەوە و ئەوان هیچ نەبێ دەتوانن ڤیدیۆی تۆ تۆمار بکەن.

دۆڵابەکەت تەواو نیە

ئەمە زۆربەی کات بەسەر ئەوانەدا دێت کە لە یاریی کۆتایی تۆپی پێی ئەمریکیدا دەردەکەون. تەنانەت بەسەر خەڵکانی کەمتر بەناوبانگ لە (جانێت جاکسن)یشدا دێت، زۆر شتی نەگبەتانە دەشێت روو بدەن لەکاتی جل گۆڕینی کاتی نانی نیوەڕۆ یان لە دەستشۆرێکی گشتیدا.

Scanned with CamScanner

چۆن ڕێگر بیت:

-بە ڕێکخەر یان هاوڕێیەکی ناو ئامادەبووانت بڵێ کە سەیرێکت بکات بەر لەوەی دەست پێبکەیت.

-هەمیشە سەرێك لە دەستشۆرەکە بدە بۆئەوەی لە ئاوێنەکەوە سەیرێکی خۆت بکەیت. کاتی گونجاو ڕێك پێش ئەوەیە کە مایکرۆفۆنەکەت لێ ببەستن و پاش ئەوەیە کە لاپتۆپەکەت و ئامێرەکانت بە باشی ئیش دەکەن. سەیرێکی ددانەکانت بکە (سپیناخ باری نیە) و بڕوانە زریزەی پانتۆڵەکەت و چەند قسەیە لەگەڵ ئاوێنەکەدا بکە و وەرسوڕێ بەس بۆئەوەی بزانی چ باسە.

-یەکێك لە باشییەکانی زوو گەیشتنەجێ ئەوەیە کە مەترسی ڕژاندنی شتێك بەسەر خۆتدا نامێنێت.

چۆن وەڵام بدەیتەوە:

-ئەگەر تێبینی شتێك بکەیت کە دەتوانیت زیرەکانە چاری بکەیت، خۆت لە پشت مینبەرەکەوە بشارەوە بۆئەوەی ئەمە بکەیت. مینبەر زۆر گوناه دادەپۆشێ.

-بلوزێك یان جلێکی زیادە لەگەڵ خۆت بێنە تەنیا نەوەك شتێکی خراپ ڕوویدات. دەکرێ بلوزەکە بەسەر قەمیسەکەتدا لەبەر بکەیت یان لە کەمەرتی بئاڵێنیت و هەر شتێك دابپۆشێت کە بتەوێ بیشارێتەوە.

-بێگومان، ڕێگایەکیش بدۆزەرەوە بۆئەوەی مشوری ئەو شتە ڕووکەشانە بخۆیت کە ناتوانیت بیانگۆڕیت. نوکتەیەك بکە یان بەسەرهاتێکی خراپترین ئەزموونت بگێڕەوە، بەڵام لەسەرو هەموو ئەمانەوە، مەهێڵە بەهۆی پەڵەیەك، دڕاوییەك یان زریزەی کراوەوە سەرنجت لێبدرێت.

تەنیا پێنج کەس لەناو ئامادەبووان هەن

ژمارەیەکی جادوویی هەیە کاتێك ئامادەبووان ئەوەندە بچوکن کە چیتر ئامادەبووان نین بەڵکو گروپێکن. هەڵەکە ئەوەیە وا دەریبخەیت کە هێشتا

Scanned with CamScanner

قەرەباڵغییەکی گەورەیە و وتارێکی جوان پێشکەش بکەیت کە بۆ ئامادەبوونێکی زۆر ئامادە کراوە. ئەمە بێ سوودە. دەبێ بەتەواوی بیگۆڕیت.

چۆن ڕێگر بیت:

-با کاغەزێکی بەشداریکردنت لابێت. زۆربەی کۆنفرانسەکان بەشێوەیەکی گریمانەیی ئەمە دەکەن. دەبێ هەمیشە بزانیت چەند کەس ناویان تۆمار کردووە. ڕێژەی ئامادەنەبوون لە محازەرەکاندا زۆرە، زۆرجاریش نزیکی ٥٠٪یە. ئەگەر ١٠٠ کەس ناویان بۆ بەشداریکردن بنوسن، دەبێت چاوەڕێی ئامادەبوونی پەنجا کەس بکەیت.

-توێژینەوەیەك بکە. چەند کە لەو دواین کۆڕەدا ئامادەبوون کە لەم شوێنەدا سازکراوە؟ ئایا هۆکاری باش هەیە بۆئەوەی کە وایدابنێیت ماددەکەت خەڵکی زیاتر بەکێش دەکات؟

-خۆت بخەرەڕوو. دەبێ دوو شت ڕووبدات بۆئەوەی ئامادەبوونی زیاتر هەبن: پێویستە خەڵکی بایەخدەر لە وتارەکەت بەئاگا بکەیتەوە و پاشان پێویستیان بە هاندەر هەیە بۆئەوەی بێن.

چۆن وەڵام بدەیتەوە:

-تیۆرەی چڕی بەکاربێنە. ئەگەر تۆ لە هۆڵێکی گەورەدایت، هەمووان لەتەك یەکتریدا کۆ بکەرەوە. ئەگەر تەنیا پێنج کەسی لێیە، نیوە بازنەیەکی جوان دروست بکە بۆئەوەی وتوێژەکە سروشتی بێت.

-لاپەڕە ئامادەکراوەکانت بەلاوە بنێ. ئەگەری ئەوە لاوازە کە لەگەڵ گروپێکی بچوکدا باش بەڕێوە بچێت. بچۆرە دۆخی نارەسمییەوە و کۆڕەکەت بەوە دەست پێبکە کە لیستێکی پرسیارەکان ئامادە بکەیت بەو شێوەیەی کە پێشتر باسکرا. پاشان وەڵامیان بدەرەوە.

Scanned with CamScanner

چی بکەیت ئەگەر بارودۆخی تۆ لێرە نەبێت

لە راستیدا تەنیا یەك مانۆڕی دژە شکست هەیە. دەبێ هۆشت بخەیتە سەر ئەوەی کە رووەدات بۆئەوەی بتوانیت دواتر لای هاوڕێکانت باسی بکەیت. هەروەکو دواتر تێبینی دەکەیت، کارەساتە راستەقینەکان هەمیشە بەسەرهاتی گەورەیان لێدەکەوێتەوە کە دەتوانیت لای خەڵکی تر بیانگێڕیتەوە.

ناشێ لەمە خراپتر بکەیت

ئێمە هەموومان ئەو بەسەرهاتە گەورانەمان هەیە لەبارەی شتێك کە لە ژیاندا رووبداوە و بۆ هاوڕێیانی باس دەکەین. شتی خراپ رووەدات. ژیان هەر دەڕوات. دواجاریش ئەو شتەی کە خەمناك بووە دەبێتە خۆشی، لانی کەم بۆ هاوڕێیانمان. ئەم بەسەرهاتانە سوودیان هەیە، چونکە وا لەوانیتر دەکات هەستێکی باشتریان هەبێ لەبارەی ئەو شتانەی لە ژیانیاندا رووەدەن، تەنانەت ئەو کەسەش کە رووداوەکەی بەسەر هاتووە.

من ئەم لیستەم تەنیا بۆ یەك هۆکار ئامادە کردووە: بۆئەوەی هەموو کەسێك هەستێکی باشتری هەبێ. هەرچییەك بێ کە لێی دەترسیت، پێم وایە لەو شتانە خراپتر نابێ کە بەسەر ئەو کەسانەدا هاتووە. ئەمانە هەموویان وتاربێژی بەئەزموون و زیرەکن. مایەی شانازییە کە لیستەکە بخەمەڕوو و سوپاسگوزاری هەموو ئەوانەشم کە بەسەرهاتێکیان گێڕاوەتەوە.

کەس بە جۆرجی قسە دەکات؟

یەکێك لە خراپترین بەسەرهاتەکانم، هەر یەکەم بەسەرهاتم بوو. داوام لێکرا ئامادەی کۆنفرانسێکی (کاریەدەستانی باڵای حکومەت) بم لە جۆرجیا. درەنگانی ئێوارەکە گەیشتم و بردیانم بۆ خانوویەکی حکومەت بۆ خەوتن. شۆفێرەکە سەعات

Scanned with CamScanner

٧ی بەیانی منی گەیاند و ئێمە لە ٧:٣٠ دەرچووین و سەعاتێکمان پێچوو تا گەیشتینە فەرمانگەیەکی حکومی. کاتێك گەیشتم، ٥٠ گەورە کاربەدەستی حکومیم بەدی کرد، هەر لە سەرۆکی دادگای باڵاوە (و ئۆربەی ستاف دادگا) تا سەرکردەکانی پەرلەمان و نزیکەی ٢٠ نوێنەری ئۆفیسی سەرۆك. منیان لەسەرەوەی مێزەکە دانیشاند. وەرگێڕی بۆ من لێ نەبوو. سەرۆکی دادگا دەستی پێکرد– دوو رستە بە ئینگلیزی بۆ بەخێرهێنانی من و پاشان ٢٠ خولەك یان زیاتر بە جۆرجی قسەی بۆ ئامادەبووان کرد.

پاشان رووبکردە من و بە ئینگلیزی وتی "ئێستا دەمانەوێ وتارێکی یەك سەعاتی بدەیت و دەستوورەکانی ئەڵمانیا، فەرەنسا و ئەمریکا بە دیدێکی تایبەت بۆ جۆرجیا، بەراورد بکەیت".

دەزانم تۆ ئەو خەوە بینیووە. بەڵام ئەمەیان بە راستی بوو.

–لۆرێنس لێسیگ

پرۆفیسۆری یاسا، سکوڵی یاسای ستانفۆرد

***

چی بکەیت کاتێك تیمی سوات (تاکتیك و چەکی تایبەت) هاتن

مۆسکۆ، ١٩٩٧. من یەکێکم لەو چەند وتاربێژەی کە لە ریستۆرانێکی راقین کە لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەلکترۆنیاتی بەکاربەر سپۆنسەر کراوە. ژمارەیەك جێبەجێکاری گرنگ لە تۆکیۆوە هاتوون بۆ ئەو ئێوارەیە.

پاش ٣٠ چرکە لە وتاردانەکەم، دەرگاکان دەکرێنەوە و شەش کەس بە کڵاوی دەم و چاو داپۆشەرەوە و بە چەکی قورسەوە کە سەر بە ئۆمۆنن (هاوتای روسیی بۆ تیمی سواتی ئەمریکی) هاتنە ناو ژوورەکە. قسەیان نەکرد. منیش هەروا.

چواریان سوچەکانی ژوورەکەیان گرت لەکاتێکدا کە دووانیان راستەوخۆ بەرەو مێزێکی دوور رۆیشتن کڵاشنیکۆفەکەشیان بەدەستەوە بوو. لای مێزەکەوە

Scanned with CamScanner

پیاوێکیان گرت، هەڵیانستاند و لە ژووری نان خواردنەکە بردیانە دەرەوە. کەشەکە تەواو کپ بوو، چوارەکەی تریش دەرچوونە دەرەوە.
من وتارەکەمم تەواو کرد. جێبەجێکارە تۆکیۆییەکان قەت نەهاتنەوە بۆ مۆسکۆ.

-دان رۆم
نوسەری کتێبی (پشتەوەی دەسەسرەکە)

***

لە رێگەمدا بەرەو سەکۆیەکە شتێکی سەیر رووبدا
سالانێك لەمەوبەر، پاش شەوێکی درێژی سەرگەرمیی پێش کۆنفرانسێك، زیاد لە سنوور خەوتم و تەنیا چەند ساتێك بەر لەو کاتە هەستام کە دەبووایە وتار بدەم. نەك تەنیا سەرئێشەیەکی توندم گرتبوو، بە تەواوی دڵنیابووم کە هێشتا سەرخۆشم. لەو هۆتێلە دەرپەڕیمە دەرەوە کە تیایدا خەوتبووم، تۆقیم کە بۆم دەرکەوت، لە ساتێك لە ساتەکانی سەرکێشییەکانی شەوی پێشوودا قەمیسەکەم لەگەڵ تیشێرتێکدا لێ گۆڕابوو کە لێی نوسرابوو "وەکو کچ سێکس دەکەم". بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چەندە دواکەوتبووم و چەندەش لە هۆتێلەکەمەوە دووربووم، دەبووایە هەروا بڕۆم. بەر لە چوونەناو هۆڵی کۆنفرانسەوە، بڕیارمدا کە پێویستم بە جگەرەیەکە. چومە لای کچێکی جوان کە خۆشحاڵ بوو بەوەی دانەیەکم بداتێ. لەگەڵ ئەوەشدا، پاش هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵ، دەستبەجێ بۆم دەرکەوت کە توتنی تێدا نیە. بە شێوەیەك لە شێوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا وتارەکەم هەر پێشکەش کرد. خۆشبەختانە، ئەمە (ئێس ئێکس ئێس دەبلیو) بوو، کۆنفرانسێك کە بە گاڵتە پێ دەوترێت (پشووی بەهار بۆ بێ ئەقڵەکان) و زۆرێك لە ئامادەبووان چاویلکەیان کردبووە چاو بۆ داپۆشینی ئەوەی کە لە شەوی رابردوو لە شەوی رابردوو پێیانەوە مابوو.

Scanned with CamScanner

—دانا بۆید.

کچە بڵاگەر (خاوەن لاپەڕەی ئینتەرنێتی)ی میدیای کۆمەڵایەتی.

***

مردن بەهۆی محازەرەوە

یەکێك لەو بەسەرهاتە کەمانە لەبارەی محازەرەیەك کە کەسێك دەکوژێت راستەخۆ لە کتێبی پیرۆزەوە دێت.

"ئەوەی لای پەنجەرەکەوە دانیشتبوو پیاوێکی گەنج بوو بەناوی ئیوتیکوس کە لە خەوێکی قووڵدا نغرۆ دەبوو لەکاتێکدا کە پۆل هەر دەیوت و دەیوتەوە. کاتێك ئەو لە خەوێکی قوڵدابوو، لە چیرۆکی سێیەمیانەوە کەوتە سەر ئەرزەکە و بە مردوویی هەڵیانگرتەوە. پۆل دانەویەوە خۆیان هەڵدایە سەر پیاوە گەنجەکە و دەستەکانی لە ملی ئالاند".

لە ئاکتس ١٢-٢٠:٩

***

پیشاندانێکی بەڕێوەبەری جێبەجێکار تەقەی تێکەوت

لەکاتێکدا کە لە مایکرۆسۆفت ئیشم دەکرد، بە گەشتی ئاسمانی چووم بۆ تۆرۆنتۆ بۆئەوەی لەماوەی وتاری سەرەکیی (ستیف باڵمەر)دا بۆ پێشانگەی کۆمدێسکس (کەمپیوتەر دیلەر) لە کەنەدا پیشاندانێك بکەم. وا دادەنرا کە تەواوی پیشاندانەکە پێنج خولەك بخایەنێت. چوومە سەر سەکۆیەکە، کلیکم لەسەر دوگمەیەك کرد، ماشێنی پیشاندانەکە دەستیکرد بە رووناکیدان و وەستا و ١٥ چرکە دواتر لە سەکۆیەکە هاتمە خوارەوە.

ئەو هەموو پارە و کاتە لە ٤٥ چرکەی ریسوایی بەردەم خەڵك بەفیڕۆ درا. بێگومان رۆژی دواتر لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەی تۆرۆنتۆ وێنەی من و باڵمەری

Scanned with CamScanner

لەسەر بوو کە بەشێوەیەکی نائاسودە پێدەکەنین لەکاتێکدا کە من دەست و پێم بزر کردبوو. دڵنیام لەوەی کە حەزی دەکرد رایگەیاندن بڕیاری بدایە کە ٤٥ چرکەکەی من گرنگترین بەشی وتارە سەرەکییەکەی بووە.

-هیلێل کوپەرمان

جاکسۆنفیش.کۆم

***

هیچ شتێك مەخەرە سەر ئاگر

(لیۆنارد سەسکیند)ی بیست و پێنج ساڵان داوای لێکرا وتارێك لە پەیمانگەی توێژینەوەی پێشکەوتوو لە زانکۆی پرینستن پێشکەش بکات. لە ریزی پێشەوە جەی رۆبەرت ئۆپنهایمەر و براوەی نۆبڵ تی دی لی دانیشتبوون. سەسکیند گەنج بوو و دەترسا و کاردانەوەکەی لەرادەبەدەر توند و بەرگریکارانە بوو. ساڵی ١٩٦٥ بوو و لەو کاتەدا پرۆجێکتەری پیشاندەری لێڵ بەکار دەهێنران. فیزیاناسی بەناوبانگ مارڤین گۆڵدبێرگ پرسیارێکی کرد و لە هەوڵی وەڵامدانەوەیدا، سەسکیند بۆینباخە سوورەکەی کەوتە ناو ئەو پرۆجێکتەرەی کە بۆ وتاردانەکەی بەکاریدەهێنا و گڕی گرت. گۆلدبێرگ هەستایە سەر پێ و پەرداخێك ئاوی دەستدایە و ئاوەکەی بەسەروچاوی سەسکیند داکرد بۆئەوەی ئاگرەکە بکوژێنێتەوە.

***

کەس حەزی لە وێنەی رووتی لەپڕ نیە

لە ساڵی ٢٠٠٤ من وتارێکم لە (لقی نیوزلەندەی پرۆفێشناڵەکانی بەکارهێنان) پێشکەش کرد. ژوورەکە پڕ بوو لە ئارەزوومەندان، بەڕێوەبەرانی وێب، راوێژکاران و کارمەندانی کتێبخانە.

Scanned with CamScanner

بۆ پێناساندنی ئەندامانی شیمانەیی و نوێ لە رێکخراوەکە، کلیکم لەسەر پەنجەرەیەکی ئینتەرنێت کرد بۆ کردنەوەی وێبسایتەکە و چوونەسەر ئوپاس.ئۆرگ شتی ناپەسەندی وەکو سمت لەسەر شاشەکە دەرکەوتن لەگەڵ ناڵە نالّ و پێکەنین، پاش بزربوونێك، (یاهو)یەك بە ئالّت و ئێف فۆر، دەرکەوت. لەو کاتەوە، هەموو وتارەکانم خەڵکانێکی زۆر تیایدا ئامادە دەبوون، هەرچەندە بەشێکی گرنگی ئامادەبووان چاویلکەی تاریك لە چاو دەکەن. دەبووایە لەبری ئەو ناونیشانە، (ئوپاسۆك.ئۆرگ) لێ بدەم.

–زێف

زێف میدیا.کۆم

***

خەڵکی خەوتوو دەبینم

سەرەتاکانی ساڵی رابردوو، وتارێکم پێشکەشی (گروپێکی بەکارهێنان) دەکرد. لە ناوەراستی وتارەکەمدا بینیم هەندێکیان بەشێوەیەکی سارد و سڕە بزە دەیانگرێت. تەنانەت یەکێکیان کەمێك چووە دەرەوە بۆ ئەوەی خۆی هێمن بکاتەوە. لە ترسی ئەوەی کە پێکەنینەکە لە شێوازی وتاردانەکەم بێت، دەستم کرد بە پەلەکردن لە شتەکان و وتنی (هیوادارم ئەوەندەش تاقەتبەر نەبووبێتم) لە مێشکی خۆمدا. لە گەرمەی ئەو پێکەنینە ناوبەناوانەدا، گوێم لە هەناسەهەڵکێشانێکی قورس بوو. بە گەڕان بەدوای سەرچاوەکەدا، بۆم دەرکەوت کە کابرایەکی پیر بە راستی خەوتووە! وتم "ئۆهە، کەسێکی خەوتوومان لەناو دایە". بەم قسەیە ژوورەکە دایە قاقای پێکەنین و کابرای داماویان لە خەو هەڵساند. ئەویش بە شەرمەزاریەوە کۆڕەکەی جێهێشت.

بە راستی هەستم بە حاڵەتێکی نامۆیی کرد لە بەرانبەر تەواوی وتاردانەکەمدا. تەنیا داواکارم لە خوا کە ڤیدیۆکە لە شوێنێکی سەر ئینتەرنێت بڵاو نەکرێتەوە.

Scanned with CamScanner

-دانیەڵ

***

لە خراپترین حاڵەتدا تەقەت لێدەکەین

ببوورن کە زۆرێك لە بەسەرهاتەکانی من نهێنین. بەڵام ناوەرۆکەکە هەر هەمان شتە: وتاردان لە هەر جۆرە دامەزراوەیەك کە لەوپەڕی پارێزگاریی ئاسایشیدا بێت وەکو مۆتەکەیەك وایە. ئایا لاپتۆپەکەت تەکنۆلۆژیای (وای فای) یان شوێنی بلوتۆزی هەیە، کامێرای لەسەرە، ئەدی مایکرۆفۆنی لەگەڵدایە، شوێنی کارتی هەیە و چ سێرڤسێکی لەسەرە و هیتر..ئەگەر وایە ئەوا لە دەرگاکەی ئێمەوە نایەتە ژوورەوە. لە بنەڕەتدا، ئەگەر تەنیا ئامێرێکی سادەی بێ رایەڵ نەبێت ئەوا ناتوانین رێگە بدەین. هەروەها ناشتوانیت وتارەکەت لەسەر فلاشێك بهێنیتە ژوورەوە. (پی دی ئێف)ێکی لاپەڕەکانتمان بۆ مەیڵ بکە، پاشان ئێمە دەیپشکنین، لەسەر سێرڤەرێکی سەلامەت جێگیری دەکەین و پاشان تەکنیکییەکانمان لە ژوورێکی داخراوی بینایەکەدا بۆت رێك دەکەن. ئۆتۆمبێلەکەشت لە رووبەری چاودێریکراودا بەجێمەهێڵە، چونکە ئەو کاتە (لەباشتری حاڵەتدا) رووبەڕووی پشکنینێکی دەستکێشی لاستیك دەبیتەوە. ئەی لە خراپترین حاڵەتدا؟ لەوانەیە تەقەت لێبکەین.

-دامیان کۆنوەی

نوسەری (باشترین کردارەکانی کۆمەڵەی پێرڵ)

***

لۆمەی شەمەنەفەرەکان مەکە

ساڵانێك لەمەوبەر من هەڵسوڕاوێکی سەربەخۆ بووم، گرێبەستم لەگەڵ دەکرا بۆ کۆرس و وتاردان لەبارەی تەکنۆلۆژیاکانی مایکرۆسۆفت ئۆفیس و پرۆگرامسازی. بەیانییەك بە شەمەنەفەر لە گەشتدا بووم بۆ وتاردان بۆ گروپێکی نوێ و هیچ

Scanned with CamScanner

بارودۆخێك لە بەرژەوەندیمدا نەبوو. سیستەمی سکەی شەمەنەفەری هۆڵەندی بە کۆمەڵێك گرفتی جیاجیا بەرنامەکەی تێکدام، نەمتوانی لەکاتی خۆیدا و بەشێوەیەکی رێك و پێك بگەمەجێ. بۆیە نیوسەعات درەنگتر گەیشتم و لەبەرانبەردا داوای لێبووردنم کرد.

پاشان ویستم بە گێڕیانەوەی کۆمەڵێك نوکتە و سکاڵا لەبارەی سیستەمی سکەی شەمەنەفەری هۆڵەندی ئابڕووی خۆی بکڕمەوە. (پێم وابوو ئەگەر تاکە شتێك هەبێت کە ئامادەبووان یەکدەخات، هاوبەشیی خەمە).

بەداخەوە، دەرکەوت کە ئەم گروپە ئیش بۆ سیستەمی سکەی شەمەنەفەری هۆڵەندی دەکەن و لەلایەن ئەوانەوە نێردراون. ئیتر لەبەرچاویان کەوتم و قەت هەڵنەسامەوە.

–جێرگن ئاپێڵۆ

نوپ.ئێن ئێڵ

***

ئاگاداری وتارەکەت بە

لە شوباتی ٢٠٠٦دا لە لەندەنەوە بە هێڵی ئاسمانی یورۆستار بەرەو کۆڕی ساڵانەی (فۆسدێم) لە سەفەردابووم. دەبووایە وتاری کردنەوە لە هۆڵی مۆزیلا لە دامەزراوەی مۆزیلا پێشکەش بکەم. جیاکردنەوەی کۆمپانیا لە دامەزراوەکە لە ناوەڕاستی ٢٠٠٥دا بوو، بۆیە خەڵکی تامەزرۆ بوون بزانن ئایندەکە چۆن دەبێ.

گەیشتمە وێستگەی (پرۆکسل میدی) و بڕیارمدا بڕێك لە پارەی دامەزراوەکە پاشەکەوت بکەم بەوەی کە سواری میترۆ بم لەبری ئەوەی تاکسی بگرم. چوومە وێستگەی میترۆکە بۆئەوەی تیکت بکڕم. ماشێنی تیکتەکە سەرقاڵی کردم. پاش پێنج خولەك لە هەوڵدان، رووم وەرگێڕا و بینیم جانتا دوو تاییەکەم دزراوە. هەموو

Scanned with CamScanner

شتێکم لەدەستچوو، سوپاس بۆ خوا، جگە لەپاسپۆرت، جزدان و تیکتی گەڕانەوە کە لە گیرفانی چاکەتەکەمدابوون. بەڵام جانتا، جل و بەرگ و لاپتۆپەکەم- کە وتارەکەمی بۆ رۆژی شەممە تێدابوو- هەموویان بردران.

خۆشبەختانە، بایی ئەوەندە زوو گەیشتمە جێ کە کاتم هەبێ بۆ چوون بۆ دوکانی جل و بەرگ. بەڵام وتارە ٤٥ خولەکییەکە دەبووایە لە یادەوەریمەوە پێشکەش بکرێت. لەم رۆژانەدا هەمیشە تاکسی دەگرم بۆ هۆتێل.

-گێرۆ مارخام

گێرۆ.نێت

***

بۆچی ناتەوێ رووبەڕووی بۆنۆ بیتەوە

بۆ یەکەمین وتاردانی بەرفراوانم، دەبووایە لە پێشانگەی کۆمدێسکس (کەمپیوتەر دیلەر) وتار بدەم بەناونیشانی (بونیادنانی سیستەمە بازرگانییە ئەلکترۆنییە بەرفراوانەکان). ئەمە لە سەروەختی یەکەمین گەشەکردندا بوو، بەر لەوەی ئەمازۆن پلەی یەکەمی ریزبەندی بگرێت، لە سەروەختێکدا کە گرتنی پلەبەندی زۆر سەخت بوو. ئێمە سەرکەوتنمان بەدەست هێنابوو و خەڵکی دەیویست لەمبارەیەوە ببیستێت.

من بەرەو شیکاگۆ رۆیشتم بۆ پێشکەشکردنی وتارێکی نەوەد خولەکی لە هۆڵێکدا کە ١٢٠٠ کەسی دەگرتەخۆ. بەڵام بەتاڵ بوو، بۆیە خۆم رێکخست. لەکاتێکدا کە کاتی وتاردان نزیك بووەوە، دڵنیا نەبووم کە بۆچی هۆڵەکە پڕ نابێت. بەو ناوەدا رۆیشتم، سەیرێکی تابلۆکەم کرد و جەختم لە ژمارەی هۆڵ و کاتەکە کردەوە. تەنیا

Scanned with CamScanner

چەند کەسێك پەرش و بڵاو لە هۆڵەکە بوون. بیرم لەوە کردەوە کە ئەگەر شتێك رووبدابێت ئەوا دەتوانم درەنگ دەست پێبکەم.

کاتی دەستپێکردن هات و تێپەڕی...پێنج کەس لە هۆڵێکدابوون کە ١٢٠٠ کەسی دەگرتەخۆ! ئایا خەریك بوو شێت دەبووم؟ گوێم لە غەڵبەغەڵبی قەرەباڵغی بوو لە دەرەوە– کۆمدێکس ئەو ساڵە زۆر قەرەباڵغ بوو. بەرەو دەنگەدەنگەکە چوومە ڕاڕەوەکە و ئەوم بینی. لینوس تورڤاڵدز–ی دامەزرێنەری سیستەمی لینوکس. ئەو لە هۆڵێکی بەرانبەر هۆڵەکەی من وتاری ئەدا. ئەو هۆڵە پڕاوپڕ بوو کە خەڵکی کەوتبوونە ڕاڕەوەکەوە.

من گەڕامەوە بۆ هۆڵە ١٢٠٠ کەسییەکە، لەسەر لێواری سەکۆیەکە دانیشتم و وتارم پێشکەشی پێنج ئامادەبوو کرد.

–سکۆت هانسڵمان

***

تۆ بۆ هیچ کەسێك قسەی وەها ناکەیت

وەستان لەبەردەم ٣٠ خوێندکاری دوا ساڵی ئامادەیی زیرەك کە یەکەم ڕۆژی گەڕانەوەیان بوو لە پشووی کریسمەسی ساڵی ١٩٨٣ هەر لە خەیاڵمدا ئەمێنێتەوە. ئەو کاتە "تەباشیر"مان بەکاردەهێنا و من لەلای تەختەرەشەوە بووم و یەکێك لە وتارە هەرە بێ هاوتاکانم لەبارەی شیکردنەوەیەکی بیرکارییەوە پێشکەش دەکرد (پێم وایە ئەوەندەی خوێندکارەکان بێزار ببووم) هەرئەوەندەم زانی تەباشیرەکەم لێکەوتە خوارەوە. چەمامەوە بۆئەوەی هەڵیگرمەوە، بەڵام بڵێ چی؟ دەستبەجێ تڕێکم لەناو کڵاسەکە لێدا. ئەمە لە جۆری (بێدەنگ بەڵام کوشندە)ەکە نەبوو، بەڵکو زەڕەیەکی ڕاستەقینە بوو. بە ڕاستی نازانم چۆن هات. هەستامە سەر پێ و

Scanned with CamScanner

ڕووم کردە کڵاسەکە، ئەو هەموو ڕوخسارەم بینی کە لە ناباوەڕییاندا واقیان وڕمابوو. تاك شتێك کە بیرم لێدەکردەوە بیڵێم ئەوە بوو بڵێم "بمبوورن". پاشان هەموومان دامانە قاقای پێکەنین. هەڕەشەم لێکردن کە ئەگەر کەسێکتان تەنیا قسەیەك لە دەرەوە بگێڕێتەوە لە تاقیکردنەوەدا دەیخەم. بەڵێ، هەفتەی دواتر تاقیکردنەوە بوو. تەواوی ئەو وەرزەم بە بیربردنەوەی ئەم ڕووداوە بەسەر برد. کاتێك فەیسبووك پەیدابوو، کەوتمە دەمەتەقێ لەگەڵ کۆمەڵێکی خوێندکاری کۆنمدا بۆئەوەی بزانم بە کوێ گەیشتوون. بەڵێ، هەموویان ئەو ڕووداوەیان بیر خستمەوە. پێم وایە تاهەتایە لە مێشکیاندا چەسپابوو.

-مارتن یاربۆرۆ

***

بزانە لە کوێ دادەنیشیت

لە ساڵی ١٩٩٦دا، یەکەمین وتاری کۆنفرانسم لە ئۆرکشۆپێك لەبارەی (زانیاریی کوانتەم) پێشکەش دەکرد کە لە پەیمانگەی (سانتا فێ) ڕێکخرابوو لە نییو مەکسیکۆ. ٢٢ ساڵان و زۆر شڵەژاو بووم، چونکە شارەزایانی گەورەی کوانتەم لەناو ئامادەبووانـدا هەبوون. وتاردانەکە باش بەڕێوەچوو و گەیشتمە کۆتایی. ئامادەبووان چەپڵەیان لێدا و سەرۆك دەستیکرد بە پێشنیاری ئەوەی کە ناوبڕێك وەربگرین بۆ نانی نێوەڕۆ.

دەڵێم دەستیکرد بە، چونکە ئەوەی کە دەیگوت تەواوی نەکرد. هۆشی ئامادەبووان کەوتبووەسەر شوێنێکی تر، من بڕیارمدابوو پشوو بدەم. بەداخەوە، چووم لەسەر ئەو "مێز"ە دانیشتم کە پرۆجێکتەری پیشاندەری وتارەکەمی لەسەر بوو.

Scanned with CamScanner

دەڵێم "مێز" چونکە بە تەواوی لە مێزێك دەچوو، بەڵام چوار قاچی راگیرکەری نەبوو. لە راستیدا، تەنیا یەك پایە راوەستابوو، بۆیە هیچ شتێك بەشی سەرەوەی راگیر نەکردبوو. من لەسەر لێوارێك دانیشتم و تەواوی مێزەکە داڕما و پرۆجێکتەرەکە بە تەواوی بەسەر جەستەمدا کەوتە خوارەوە.

—مارتن نیلسن

***

تکایە وتارێکی نوێ پێشکەش بکە و لە ئێستاوە پێنج خولەکی بۆ دابنێ

لە شوباتی ٢٠٠٢دا، بانگ کرام بۆ پرۆژەی (تێد) بۆ قسەکردن لەبارەی پرۆژەی ئۆریۆن (ماشێنی فەزایی نێوان هەسارەیی پاش سپوتنیك، پێش ناسا). لە پرۆژەی تێد، هەر کەسێك ١٨ خولەك لەسەر سەکۆیەك وەردەگرێت— ئاوارتنیشی تێدا نیە. منیش ١٨ خولەکم هەبوو بۆ وتارەکەم. کۆنفرانسەکە ماوەیەکی کەم پاش ١١ی سێپتێمبەر بوو و هەموو سەرنجەکان لەسەر داگیکردنی ئەفغانستانی کۆنترۆڵکراوی تاڵیبان بوو. لەدوایین خولەکدا— رێك مەبەستیشم دوایین خولەکە— کریس ئەندرسن کە تازە دەبوو بە سەرۆکی تێد، (زوهرە یوسف)ی دەکردە یەکەم خانمی ئەفغانستان وەکو وتاربێژ. دەکرا من کاتەکەم کەم بکەمەوە بۆ هەشت خولەك؟ پێم وایە! کاتی دەستکاری لاپەڕەکانم نەبوو، بۆیە ٨٠م بەسەر ٤٨٠ چرکەدا دابەش کرد و ٦ چرکەم بۆ هەر تێپەڕبوونێکی لاپەڕە بۆ لاپەڕەکی تر دانا، چوومە سەر سەکۆیەکە و هەوڵمدا بەگوێرەی پلانەکە بڕۆم. رێك لە کاتی خۆیدا تەواوم کرد، بەڵام هیچی ترم لەبیر نیە.

—جۆرج دایسن

Scanned with CamScanner

***

سەیرێکی ئاوێنەکەت بکە

ساڵی رابردوو، وتاردانێکی سەر لەبەیانیم هەبوو لە فلۆریدا. لەبەر ئەوەی هەمیشە گەشتکەرێکی ئامادەم، پلانی گەشتە ئاسمانییەکەم بۆ رۆژێك پێشتر دانا. دوای ئەوەی لە چەند شوێنێك لاماندا، ٢٤ سەعات دواتر لە ئۆرلاندۆ نیشتینەوە. بە رووە پۆزەتیڤەکەیدا، من بە جانتایەکەوە سەفەر دەکەم. کۆمپیوتەرەکەم، جلوبەرگم و هەر شتێك کە پێویستم بوو لەوێدا بوو. لە رووە نیگەتیڤەکەیەوە، لە شوێنێکی نێوان (ناشڤیل) و (ئۆرلاندۆ) بۆم دەرکەوت کە لەکاتی گەیشتنمدا تەنیا چەند خولەکێکم دەمێنێ بۆ وتاردانەکەم لەکاتێکدا کە کاوبۆ و تی شێرتی سەفەرەکەم لەبەردابوو.

بە هاوکاریی بەردەستێکی هاوخەم، قژم داهێنا و مەکیاژم کرد، پاشان قاتەکەم لەبەر کرد و هەموو جوڵەیەکم لەو حەمامە بچوکەی ناو فڕۆکەکە ئەنجامدا تا خۆمم گۆڕی.

تەکسییەکەم بە دە خولە منی لە فڕۆکەخانەوە گەیاندە سەنتەری کۆنفرانسەکە. گەیشتمە شوێنەکە، خۆم رێکخست و بە خەندەیەکەوە رۆیشتم. بە درێژایی سەعاتێك بەردەوام بووم و وتارەکەم بە دێرە هەمیشەییەکەم کۆتایی پێهێنا : "دەزانن، پێویست ناکات شارەزایەکی تەکنۆلۆژی بن بۆئەوەی تەنانەت لە پرۆگرامی ئالۆزیش تێبگەن، تنیا دەبێ بزانی چۆن لێی دەکۆڵیتەوە".

دواتر ئامادەبووایەك هەڵیدایە "نا پێویست ناکات، بەڵام ئەگەر ئارەزوومەندێکی ستار ترێك بیت !"

Scanned with CamScanner

تێبینی ئەوەم کرد کە کابرا خەریك بوو لە سەکۆیەکە ئەکەوتە خوار ئەوەندەی پێبکەنێت. ئەو پەنجەی بۆ من راکێشا و پاشان ئاماژەی بە سنگی خۆی کرد.

سەیرێکی ڤیدیۆ سکرینەکەی پشت خۆمم کرد و بۆم دەرکەوت کە ئەو قەمیسەی بە پەلە لەبەرم کردووە هێڵکارییەکی لەسەرە– لەسەر شێوەی جل و بەرگی ئەکتەرەکانی زنجیرەی فەزایی ستار ترێك نەخشێنراوە.

–کاساندرا

***

بۆچی نابێت لە باڕەکاندا محازەرە پێشکەش بکەیت

فرۆکەکەم لە سەعات ٥:٠٥ی ئێوارە گەیشتە بۆستن، ماساشوسێتس و دەبووایە بۆ ٧ی ئیوارە لە باڕی (تۆمی دۆیل) بم لە کامبریج بۆ پێشکەشکردنی وتارێك. ٦:٥٩ ی ئێوارە گەیشتمە باڕەکە. شوێنەکە پڕ بوو لەو خەڵکەی کە لە کاتی نرخی داشێکنراوی مەشروبەوە خەریکی خواردنەوەن لە چاوەڕوانیی دەستپێکردنی کۆڕەکەی (ئیگنایت!)دا. لە ٧:٠٢ ی ئێوارە، بۆم دەرکەوت کە تا کۆمپیوتەرێك کە بتوانم بەکاری بێنم ماکینتۆشە، ماکینتۆشێك کە بە هیچ شێوەیەك ئیشی بە ریمۆت کۆنترۆڵەکەی من نەدەکرد. ناچار بووم لەسەر سەکۆیەکە بوەستم، لەگەڵ لاپتۆپی کەسێکی تر لەسەر پایەیەك و بە دەست لاپەڕەکانی پاوەرپۆینتەکە تێپەڕێنم.

بە هۆی دووریی سەکۆ بچوکەکەوە، باڕەکە درێژ دیار بوو و کزەبایەکی خراپ لە دەنگەدەنگ لەو سەرەوە دەهات. نەك تەنیا نەمدەتوانی بەباشی گوێم لەخۆم بێت، بەڵکو شێوەی تونێل ئاسای درێژی باڕەکە، هەموو ژاوەژاوی ئەو قەرەباڵغییەزۆرەی کە لە پشتەوە خەریکی خواردنەوە بوون ئاراستەی ئەو کۆمەڵە

Scanned with CamScanner

بچوکەی خەڵك دەکردەوە کە هەوڵیان دەدا گوێ بگرن. ئەمە هەمووانی دڵتەنگ کرد و زۆر ئارەزوومەند نەبوون لە گوێ لێگرتنم. لەبەرانبەردا، بەشی زۆری قەرەباڵغییەکە، تەنانەت ئەوانەی پێشەوەش، خەریکی وتوێژی خۆیان بوون، زۆرجاریش قسەیان لەسەر ئەو شتانە دەکرد کە من دەموتن. ئەنیا چەند خولەکێك رۆیشتبوو، لە ململانێی ئەوەدابووم هەست بکەم باڵادەستم، ژنێك قسەی پێبڕیم کاتێك وتم کریك و واتسن (دی ئێن ئەی)یان دۆزییەوە، بەبێ ئاماژە کردن بە رۆزالین فرانکلینی زیندەوەرزان کە زۆرجار فەرامۆش کراوە. من بایی پێویست بێتاقەت و پەست ببووم. نوکتەیەکم کرد لەبارەی ئەوەی کە ئێستا چۆن دەزانین فێمینیستەکان لەناو قەرەباڵغییەکەدا کەوتوونەتە کوێوە. نوکتەیەك کە تەنیا رووبەڕووی هوها بووەوە. ئیتر دۆخەکە بەرەو گلۆربوونەوە ئەڕۆیشت. چەندەی توانیم خێرا کۆتاییم پێهێنا.

چوومە ناو بارەکەوە و چەند بیرە و پێکی ڤۆدکام خواردەوە لە هەوڵی ئەوەدا کە ئەوەی کە رووبدا لەبیر خۆمی ببەمەوە.

چەند سەعاتێك دواتر، کۆڕی (ئیگنایت!) روو لە تەواو بوون بوو و منیش دواجار بێ ئاگایەکی سەرخۆش بووم، رێکخەرەکان دۆزیمیانەوە. داوایان لێکردم جارێکی تر وتار بدەمەوە.

لە بەرانبەر هەمان قەرەباڵغی لە هەمان ژوور و وەکو وتاربێژێکی رانەگەیەنراوی کۆتایی کۆڕەکە. شتێکم کرد کە جارێکی تر ئەنجامم نەدایەوە: وتم بەڵێ باشە. ئەوان کۆمەڵە هاوڕێیەك بوون کە نائومێد دیار بوون، و منیش سەروچاوم شێوابوو، بۆیە چۆن دەمتوانی بڵێم نا؟ چوومە سەر شەکۆیەکە، مایکرۆفۆنەکەم گرت و

Scanned with CamScanner

دەستبەجێ دەستم کرد بە قسەکردن لەبارەی...بیرم نایە چیم وتووە. کە لەوانەیە باشترین بووبێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دۆخە کە لە ئارادابوو.

-سکرۆت بێرکن

وتاربێژی گشتی

Scanned with CamScanner



لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

Scanned with CamScanner